KURDISTAN



# بابەت و وتووێژە و هونراوەکانی

## هاوڕێ کوێستان عومەرزادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

## بابەتەکان ................ لاپەڕەی ...................... ٦

١- زیاد بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و دژوار بوونی کیشەکان

٢- نامەی چوارەم

٣- نامەیەک - لە بەر خۆری دەم سپێدە

٤- ڕۆڵی ژنان لە کایەکانی ژیاندا

٥- لە یادی ٢٦ سەرماوزدا

٦- توندوتیژی دژ بە ژنان و ئاکامەکانی

٧- ئایا هەڕەشەکانی ئەسەد ڕۆژهەلاتی ناوین دەخاتە لەرزە؟

٨- ئەگەری ئالۆزتربوونی ڕۆژهەلاتی ناوەراست

٩- چارەسەری کێشەی کورد لە ناوەندە بریاردانەکانی نێودەوڵەتی دایە

١٠- نیازە گلاوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هێرش بۆ سەر قەندیل

١١- نامەیەک بۆ باوکم لە ساڵیادی کۆچیدا!

١٢- خەمۆکی ژنانی ماڵدار لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا

١٣- پێکهێنانی بەرە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان پێویستیەکی هەنوکەییە

١٤- هەشتی مارس وەک سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

١٥- بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد و بزوتنەوەی سەوز

١٦- گۆڕانکاریەکانی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستو ئێرانی تامەزرۆی سەرهەڵدان

١٧- بۆشاییو درزی نێوان پارتە سیاسیەکانو گەل

١٨- سەربەخۆیی یان فیدرالیزم بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان؟!

١٩- دیاردەی لەشفرۆشی و هۆکارەکانی

٢٠- کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پارتە سیاسیەکان
٢١- کۆماری ئیسلامی ئێران، شێرپەنجەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست
٢٢- سەنگسارو سێدارە دژی ژنان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا
٢٣- کوێستان عومەرزادە: هەستی نەتەوایەتی خەڵکی بۆ خەبات هانداوە
٢٤- سێدارە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا
٢٥- خۆسووتاندنی ئافرەتان لە پێناو چی!؟
٢٦- بزوتنەوەی سەوزو نارەزایەتیەکانی دوای هەڵبژاردن لەئیراندا
٢٧- زیاد بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و دژوار بوونی کیشەکان
٢٨- ژن لە ئەدەبیاتدا بەگشتی و لە شیعری کوردیدا بە تایبەتی (ژنی ڕۆژ هەلات)
٢٩- تێکچونی شیرازەی خێزان و هۆکارەکانی!
٣٠- ٢٥ نۆڤەمبەر و ئاورێک لە مەینەتیەکانی ژنان
٣١- ژن لەگێژاوی تەم ومژی پیاوسالاری و ڕەشەکوژیدا
٣٢- لە نیشتیمانی مندا چەندە بێمانایە مرۆڤ بەتایبەت تۆیی مێینە !!!!!!!
٣٣- کوێستان عومەرزادە: پرسی ژن یا خود کێشەی ژن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگای کوردی. د: رەحمان نەقشی
٣٣- ئاڵۆزی و ناکۆکیەکانی کاربەدەستانی ئێران پێش هەڵبژاردن
٣٤- با شتە جوان و پڕ بایخەکانی ڕۆژ ئاوا بکەینە کولتور لای خۆمان
٣٥- شکاندنی تابۆکانی بێ دەنگی
٣٦- ئایا ئێوە خۆتان بە فێمینیست پێناسە دەکەن، ئەگەر نا بۆ و ئەگەر نا بۆ ؟
٣٧- دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر زیندانیانی سیاسی ژن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

## هونراوەکان ................. لاپەڕەی ...................... ١١٨

١- ونم لە رووحی پیاوێکدا
٢- بەسەر بەژنی پێنج وەنەوشەی نیشتیمان دا
٣- پاییز!
٤- نیشتیمان!
٥- بێ تۆیی!!
٦- پڕم لە ئاڵۆزی با

٧- قەندیل

٨- نیزیک بە لێم

٩- بێ ئەو!

١٠- یار

١١- بێزارم

١٢- ماندووم،

١٣- نەورۆز ناکەم!

١٤- دیداری مانگ

١٥- من پیاوێکم خۆش دەوێت

١٦- خەونێکی سەوز

١٧- ژن و عەشق

١٨- لە نێو دەستەکانی تۆ

١٩- بەر لە شانزدەی سێ!!!

٢٠- یەکی چوار !!!!!!

٢١- چاوەڕوانی

٢٢- ئێوارە !!!!!

٢٣- دەست پێک!!!!

٢٤- ئێرە کوێیە!

٢٥- بۆ باوکم

٢٦- دڵی من

٢٧- نا کەومە سەر تەمی پەنجەی ئەو!!!!!

٢٨- لە بیرت چۆتەوە

٢٩- لێرە ماڵێک هەیە!!!!

٣٠- هەڵەبجە!!!!

٣١- ئەنفال

٣٢- لە هەیوانی دڵی مندا

٣٣- زامی قەڵا

٣٤- زامێکی هەمیشە سەوز!

٣٥- گیرانی مانگ
٣٦- لە هیچیان ناچێت...
٣٧- وەرە با بەیەکەوە بمرین
٣٨- ژنان لە نێو نووسیندا چەندە ڕەهان
٣٩- نۆڤەمبەری پڕ هەنیسک
٤٠- ژنێک دەبینم هەمیشە
٤١- ئەم هەموو تابوتی مردنە بۆ؟
٤٢- لە ژوورێکی پڕ لە خەیاڵ
٤٣- ژنانی پێشمەرگە
٤٤- ماندوو نابم!
٤٥- دڵدارییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ!
٤٦- هەڵوەرینی خەیاڵ
٤٧- خەیاڵ
٤٨- خەیاڵی ڕوح
٤٩- بۆ یادگارەکەی کۆمار

## دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر زیندانیانی سیاسی ژن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

دەستدرێژی سێکسی لەلایەن کوماری ئیسلامی ئێرانەوە وەک کردەوەو ئاڵەتێکی ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زیندانیانی سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێ. نیزامی ئیسلامی لەئێران هەموو شێوە سزایەک لەسەر ئازادی خوازان تاقی دەکاتەوە تا بەئەقلێەتی سیاسی نا سەردەمیانەی خۆی، ناچاریان بکات کەدان بەو تاوان و کردەوانەدا بنێن کە بەرپرسانی ئەمنیەتی دەیخاتە ئەستۆیان.

ئەگەر ئاورێک لە سەرەتاکانی بە دەسەڵات گەیشتنی مەلاکانی ئێران بدەینەوە دەبینین کە رژیم بە هەزاران کەسی لە رەخنەگران و بەرهەڵستکارانی خۆی بە تاوانی جۆراوجۆ لە سێدارەداوە. هەر چەند لەقۆناغی جیاوازی زەمانیدا، چەندین ریپۆرتاژ و هەواڵی بەبەڵگە و حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە شکەنجە لە زیندانەکانی رژیمدا بڵاوکراوەتەوە کە دەسەلمێنێ کردەوەکانی رژیم دژی جارنامەی مافی مرۆڤ بوون، بەڵام ئەوەی زۆرتر لەشێوازی ئەشکەنجەدا بەرچاوترە،دەست درێژی سێکسی بۆ سەر زیندانیانی سیاسی ژن و زەواجی بە زۆرەملی ئەو زیندانیانەیە لە گەڵ سەرباز و بەکرێگیراوەکانی دیکەی زیندانە. بەڵگەی هەرە گرینگ لە مەڕ ئەم تاوانە دژە مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی لە نامەی سەید عەلی مونتەزریدا قائم مقامی ئەو کاتی ئێران دەر دەکەوێ کەناوبراو بۆ خومەینی سەبارەت بە کێشەکانی وڵات نووسیبووی. ناوبراو لەنامەکەیدا لەخومەینی دەپرسێ: ئایا ئاگادارن کە لە زۆریەک لە زیندانەکانی وڵات دا دستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەر زیندانیانی کچ و ژن ؟ ئایا دەزانن کە لەلایەن بازجو و بەرپرسەکانی زیندانەوەجنێوی زۆر پیسی ناموسی بە زیندانیان دەدرێت؟

ژاڵەی ئەحمەدی پزیشک و توێژەر لە کتێبی ئینسۆکلۆپیدیای ژنان و کولتوری ئیسلامیدا ئاماژە بە ساڵەکانی ٦٠ تاکو ٦٦ ی هەتاوی دەکات و دەنووسێت کە لەو ساڵانەدا هەزاران زیندانی سیاسی دەستگیرکرابوون و لە زیندانەکانی ئەڤین وگەوهەردەشتدا دەستبەسەرکرابوون کە لە لایەن بەرپرس و کاربەدەستانی زیندانەوە دەستدرێژی سێکسی دەکرایە سەریان و دوایی لە سێدارە دەدران. دکتور ئەحمەدی هەروەها باسی ئەو ئەشکەنجانە دەکات کە لە ژێر ناو نیشانی شتنەوەی مێشکی زیندانیان دەکرا سەریان و زۆربەیشیان بەرگەی ئەو ئەشکەنجانەیان نە دەگرت و ناچار دەبوون زەواجی کاتی(سیغە) لە گەڵ کاربەدەستانی زینداندا پێک بێنن و ئەو کەسانەش کەسەری تەسلیمیان دانەدەنەواند و ملکەچی ئەو بریارانە نەدەبوون، هەوڵی خۆکوشتنیان دەدا و لەئاکامدا کۆتاییان بە ژیانیان دەهێنا.

پاش هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد، ئەو ئەشکەنجانە بۆ سەر زینددانیان پەرەی سەندووەو دەتوانین داستانی کەهریزەک وەک باشترین بەڵگەدوای هەڵبژاردن دەس نیشان بکەین. داستانی ئەشکەنجەو دەسدرێژی جینسی بۆ سەر زیندانیانی نارازی کەنەتوانرا حاشای لێبکەن و لەلایەن بەشێک لەدەسەڵاتەوە دانی پێدانرا. سەیرتر ئەوەیەکەوێنەو فیلمی ئەو دەسدرێژیانە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەردەوام بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام با بزانیین مەبەست لەو کردەوەی رژیمە چیە؟

هەروەک ئاگادارین لەسەروبەندی ساڵوەگەری کودەتای ٢٢ی جۆزەداندا، یەکێک لە ئامانجە شاراوەکانی بڵاو کردنەوەی ئەم راپۆرتانە، زەخت وفشار خستنە سەر ئەو خێزانە نارازیانەیە کە دەیانهەوێت لە خۆپێشاندنەکاندا بەشدار بن و پێش بە کچ و ژنەکانیان بگرێت. کوژرانی ندای ئاقا سوڵتان و چەند ئافرەتی دیکە بە دەست هێزەکانی رژیم کە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی رابردوودا بەشداربوون، نارەزایەکی زۆری لەناوخۆی وڵات و دەرەوەی لێکەوتەوە و بە رژیم سەلمێندرا کە گەلی ئێران بە کوشتنی ئافرەتان زۆر هەستیارن و دەبێتە هۆی تورەیی ئازادیخوازان وپێداگریان لە سەر خواستەکانیان. وێڕای ئەوەش لەناو کۆڕ و کۆمەڵەجیهانیەکاندا ئابروو و مەشرووعیەتی دەکەوێتە مەترسیەوە. بۆیە رژیم هەموو هێز و توانای خۆی تەرخان دەکا بۆ ئەوەی خەڵک لەو رێپێوانانەدا بەشداری نەکەن.

دکتۆر سەعیدی ماسوری کە خۆی ئێستا یەکێک لە زیندانیەکانی کۆماری ئیسلامیە، لە پەیامێکدا کەلەزیندان بۆ دەرەوەی ناردوە ئاماژە بە ئیعدام کردنی چالاکوانانی سیاسی کورد دەکات کە لە چەند رۆژی رابردوو دا لەسێدارەدران و دەڵێت: ئێمە لە سەربرین و سێدارە مەترسێنن!!! هەروەها لە درێژەی پەیەمەکەیدا ئاماژە بەو شکەنجانەدەکات کە زیندانیان رووبەرووی دەبنەوە و دەڵێت:لە راستیدا مەگەر مرۆڤ بۆ پاراستنی کرامەت و مرۆڤایەتی خۆی بێجگە لە تەحەمولکردن ودان بەخوداگرتن کارێکی دیکە دەتوانێت ئەنجام بدا!؟ کەسانێک کە لەو تاوانانە چاوی خۆیان دەنوقێن و خۆیان کر دەکەن سنووری مرۆڤ بوون و مرۆڤ نەبوون چۆن دەکێشن. ناوبراو هەر وەها دەڵێت هیتلێر هەزاران کەسی کوشت وهەزاران کەسیشی بریندار کرد ئەمەلەکاتێکدایە کەسانێک دەیان هەویست تێبگەن، بەوە تێگەیشتون کە هیتلێر تاقانەنیەو وتووێژ کاریگەری نەماوە!! دەبێ چەندەنرخ و هەزینەی ئەوشتە بدەین، بەهەر حاڵ من بەش بە حاڵی خۆم ئامادەم دوای ئەم پێنج کەسە، کەسی شەشەم بم کەلەسێدارەبدرێم و بۆ ئەو کارەش ئامادەم!

بەهارەی مەقامیش یەکێک لەو زیندانیانە بوو کە لە نامەیەکدا بە جوانی شرۆڤەی ئەو باردۆخەی کردبوو کە کەبە شێوەیەکی زۆر درەندانە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری. هەروەها مێهدی کەروبیش کە یەکێک لە کاندیدەکانی هەڵبژاردنی دوایین دەورەی خولی سەرۆک کۆماری بوو، زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کردارەی کاربەدەستانی زیندانەکانی رژیمی کرد و خوازیاری ئەوە بوو کە دەبێت لێکوڵینەوەیەکی جددی لەو کارە قێزەونە بکرێت.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم کە دەستدرێژی سێکسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شتێکی حاشا هەڵنەگرە و نکۆڵی لێناکرێت. بەڵام بڵاو کردنەوەی ئەو جینایەتە لە سەر و بندی ساڵرۆژی هەڵبژاردنەکاندا، هەوڵێکی رژیمە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و شکاندنی ئیرادەو کەرامەتی خەڵکی ئێران و لەئاکامدا سەرکۆتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێرنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێنیسانس – ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٠

## دیاردەی لەشفرۆشی و هۆکارەکانی

دیاردەی لەشفرۆشی یەکێک، لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەیە کە کۆمەڵگەو تاکەکانی ناو کۆمەڵگە پێیەوە دەتلێنەوە. ئەو دیاردەیە بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە بیر و باوەری ئاینی تێدا بەهێزە، ئەوە خسارەکەی زیاترە لەو کۆمەڵگەیانەی کە مەزهەب و بیرو باوەری ئاینی تێدا لاوازە. رۆژهەڵاتی ناوەراست ئێستا بۆتە یەکێک لەو ناوچانە کە ئەم دیاردەیە، تێیدا بەرادەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوە و خەڵکانی ئەم ناوچەیەش گرنگی پێدەدەن بەهۆی سەرکوتی غەریزەکانیان و هەڵکشانی تەمەنی پێکهێنانی ژیان هاوبەش و هەروەها نبوونی داهات و پیشە و کار بۆ زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە. زێدە لەوە، هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. سەرەرای ئەوە،نابێت ئەوەمان لە بیر چێت کە لەشفرۆشی هیچ کات پەیوەندی بە ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا یاخۆد پێشکەوتن و یان دواکەوتوی کۆمەڵگەکانەوە نەبووە و نیە، بەڵکوچەندین هۆکاری ئەساسی و ریشەیی خۆی هەیە.

لێکۆلینەوە و گەران بەدوای سەرهەڵدانی دیاردەی لەش فرۆشی کەئێمە دەمان هەوە لەو بابەتەداباسی لێوە بکەین وە یا خود راهکارێکی بۆ چارەسەری بدۆزینەوە و لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە، کارێکی قورسە و ئەوکارە نەتەنیا کاری کەسێک یان توێژەرێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەرپرسیاتی ئەو کارە لە ئاست رێکخراوەکانی ئافرەتانیش دانییە، بەڵکو هەوڵێکی جیدی دەوێت کە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان لە گەڵ دامەزراوەکانی دیکە، دەبێت هەنگاو جیدی پێکەوە بهاوێژن و بە توێژینەوە زانستیەکانیان لەسەر ئەو دیاردەیە، رەگ و ریشەی بدۆزینەوە و چارەسەری گونجاو و میکانیزمی پێویستی بۆ دابنێن.

ئەو دیاردەیە لە حەقیقەتدا لە ناو هەمووکۆمەلگاکانی جیهان بەدی دەکرێت و هۆکارەکانی بەپێی سروشت و کولتوری ئەم کۆمەڵگایە دەگۆڕدرێت، شتێکی دیکەش کەزۆر گرنگە ئەوەیە، کە بارودۆخی لەشفرۆشان و لەشکڕان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. ئەوەی کە زۆر زەق و بەرچاو و جیاوازترە لەو کۆمەڵگایانە کەم و زۆری دیاردەکەیە کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆردرێت، بۆنمونە ئەگەر سە یری ووڵاتانی ئەوروپا بکەین، دیاردەی لەشفرۆشی بەرێژەیەکی بەربلاو بوونی هەیە. لەشفرۆشان هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە بۆ چەند خاڵیک دەگێڕنەوە کە یەکێک لەو خالانە باردۆخ و ئاستی ئابووری ئەو کەسانەیە. خاڵی دووەم زۆر لەم کەسانەش تێروانینی جیاواز و یان خود خوێندنەوەیەکی تریان هەیە کە وە کوو پیشە یاخود وەک کار ئەم دیاردەیە هەڵدەبژێرن. خاڵێکی دیکە دەگێرنەوە بۆ ئارەزو و حەزیان بۆ ئەوکارە. هەروەها، خاڵێکی دیکە بۆئەوە دەگەرێتەوە کە زۆرێک لە لەشفرۆشان پێیان وایە کە دەتوانن بەهۆی ئەم کارەوە زیاتر خۆیان وەک

تاکێکی کۆمەڵایەتی نیشان بدەن، بەڵام هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا زۆر جیاوازترە بۆ نمونە ئەگەر وڵاتی ئێران بە نموونە بێنینەوە دەبینین کە دوای روخانی رژێمی پێشو ئەو دیاردەیە رۆژ بە رۆژ رێژەکەی بەرەو هەڵکشان دەچێت، باوەیکە کۆماری ئیسلامی خۆی بە حکومەتێکی ئیسلامی دەزانێت و لە ئیسلامیشداکاری لەشفروشی قەدەغە و حرام کراوە، رێژەی ئەو دیاردەیە بە رادەیەک زیادی کردوە کە حکومەت ناچار بووە کە حیلەی شەرعی بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش صیغەیە کە ئێستا لە زۆربەی شارەگەورەکانی ئێران نووسینگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەواتایەکی دیکە کۆمپانی بازرگانیان کردۆتەوە، چۆنکە بە هۆی ئەو ئیشە پارێ و دراوێکی زۆر دەچێتە گریفانی ئاخوندەکانی ئێران. سەرەرای ئەوە هەر لە ناو دام و دەزگەکانی حکومەتدا مافیای لەشفرۆشی بوونی هەیە، کە بە هۆی باندی تایبەت کە راستەو خۆ پیوەندی بە سپای پاسدارانەوە هەیە ئەو ژن و کچانەی کە بە هۆی کێشە و گرفتی خێزانی لە ماڵەوە دەرچوون و ئێستا لە ئێران بۆتە دیاردەیەک، دەستگیریان دەکەن و یان لە رێگەی باندەکانیانەوە کۆیان دەکەنەوە و بە وڵاتانی کەنداوی فارس و عەرەبی دەیانفرۆشن، کە ئێستا بۆتە کێشەیەکی گەورەبۆ خودی کۆمەڵگای ئێران. بە پێی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە کراون هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیە بۆ ئاستی ئابووری و یاساکانی ئیسلامی ئەو وڵاتەی دگێرنەوە.

بە پێی ئەو لێکولینەوانەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگەی وڵاتانی جیهان سەبارەت بەو دیاردەیە کراون ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی هۆکارەکان لێکچونێکی زۆریان هەیە.

لێرەدا، باسەیرێکی ئەم وولاتانە بکەین کە دیاردەی لەش فرۆشیان تێدا زۆرە، یەکێک لەو وڵاتانەی بۆ نمونە وڵاتی تایلەندە (Thailand) کە لە ساڵی ١٩٨٢ لێکۆڵینەوەیەک لەو کۆمەڵگەیە کرا، کە دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە نزیکەی ١ ملیۆن ژنی لەش فرۆش لەو کۆمەڵگەیەدا بوونی هەبووە.

هەروەها، لە شەری نێوان Amerika و Vietnam سەربازانی ئەمریکا ژن وکچانی ڤیتنامیان بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزوە سێکسیەکانیان بەکاریان هێنان بە تایبەت ژن و ئەو کچانەی ئەو بنەماڵانەی کە دەست کورت بوون. ئەم دیاردەیە وایکرد کە لەش فرۆشی زیاتر بێت لەو وڵاتەدا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لە ئەروپا (Europa) کراوە ئەم ژنانەی کە ئەم کارە دەکەن بەشی هەرەزۆریان لە وڵاتانی ئاسیاوەدێن وەکوو Vietnam، Thailand، Amerika، Afrika،Russland، بۆ نمونە، لە وڵاتی نۆروێژ کە دیاردەی لەش فرۆشی بەرچاوە، نزیکەی ٧٠٠ ژن و کچی لەشفرۆش هەن کە زۆربەیان لە وڵاتانی ئاسیاوەهاتوون، هۆکاری سەرەکی ئەوانە دەست کورتی و بار و دۆخی خەراپی بنەماڵەکانیانە کە ناچار دەکرێن ئەم پیشەیە هەڵبژێرن، تەنانەت بەشێکی زۆر لەو کەسانە مۆڵەتی کارونیشتەجێ بونیان لەم وڵاتە پێنەدراوە.

بە پێی سەر ژمێریەک کە لە وڵاتی ئیسپانیا (Spania) کراوە ١ ملیۆن ژنی لەشفرۆشی هەیە وە ٩٥% ئەوانە لەو کەسانەن کە لە دەرەوەی ئیسپانیا ڕا دێن، بە پێی ئامارێک، ساڵانە لەوڵاتانی Amerika, Afrika Rusland , نزیکەی ١ ملیۆن ژنی لەش فرۆش دەگوازرێنەوە بۆ vest-Europa. لە کوردستان هەر لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق ئەم دیاردەیە روی لەزیاد بوون کردوە، زۆربەی لەشفرۆشەکان لەو کەسانە پێک دێن کە لەدەرەوەی هەرێم و لە ناوچەکانی دیکەی ئێراق را دێن. بەڵام، بەداخەوە مێدیای کوردی ئەوەندە ئازاد نیە کە رێگەی هەبێت کە بوێرانە بەدوای ئەم دیاردەیە بکەوێت و توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بەو دیاردەیە بکرێت و رێگەی چارەسەری میکانیزمی گونجاو بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە و یان کەمکردنەوەی ئەنجام بدرێت.

کوردستان هیچ کات دیاردەی لەشفرۆشی تێدا بوونی نەبووە،ئەگەر چاو لە فەرهەنگی ووشە بکەین ئێمە زۆر بە زەحمەت دەتوانین کە وشەیەکی بۆ بدۆزینەوە، ئەو وشانەی هەشن یان لە تورکی و یان عەرەبییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی،بۆیە دەتونین بڵێین کە کورد یەکێک لە پاکترین و بە ئەخلاقترین نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، ئەوەش دەتوانیین لە خوێندنەوەی رۆمان و مێژوومان هەڵێنجین کە ژنی کورد هیچ کات ئامادە نەبووە بازرگانی بە لەش و جەستەی خۆیەوە بکات.نمونەی هەر بەرچاو ژنانی قەلای دمدمن کە بۆ ئەوەی بەردەستی دوژمن نەکەون خۆیان لە قەڵاکە فرێدا خوارەوە و بەم جۆرە کۆتایان بە ژیانیان هێنا.

بەڵام ئەوەی ئێستا لە کوردستان روودەدا دیاردەیەکە کە دەتوانین بڵێین لە دەر و دراوسێکانی وڵاتەکەمان هاتۆتە ناو کۆمەڵگای کوردەواری. بۆیە ئەرکی کۆمەڵناسانە لێرەدا ئەوەیە کە بە توێژینەوەکانیان لەو بارەیەوە، هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە بکۆڵنەوە و بۆ کەمکردن و ریشە کێش کردنی هەوڵێکی جیدی بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەی ٢٠١٠

## کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان و پارتە سیاسیەکان

بێ گومان هەرکومەڵگەیەک لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کێشە و گیر و گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە. لە راستیشدا نابێت ئەوە لە بیر کەین کە هەر یەک لەو کێشانەش هۆکارگەلێکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە دەتوانرێت بە بەرێوەبردنێکی دروست و زانستیانە، قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵین و سەرچاوەی ئەو کێشانە بدۆزینینەوە کە دەبنە ئاریشە بۆ کۆمەڵگە، بە دۆزینەوەی رەگی ئەو کێشانەش دەتوانین رێگەی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە و میکانیزمی پێویست و گونجاو لە گەڵ وەرگرتنی ئەزمون و وانە لە کۆمەڵگای وڵاتانی دیکە کە بە قۆناغی کۆمەڵگەی ئێمەدا تێپەربوون و بە بەراورد کردن لە گەڵ کلتوری کۆمەڵگەی خۆمان بۆ بن بڕ کردن یان کەمرەنگ کردنی ئەو کێشانە هەنگاوی پێویست بهاوێژین.

ئەگەر بمانهەوێت لە هەناوی کۆمەڵگایەک تێبگەین دەبێت خوێندنەویەکی زانستیانەمان هەبێت لە هەموو بوارەکاندا وەک، مێژوو، ئابووری، سیاسی، سسیۆلۆجی و فەرهەنگی و...،ئەو دەم دەتوانیین بە بەرنامەیەکی رێک و پێک جوان و بەرێوەبردنێکی دروست کۆمەڵگا بەو ئاقارەدابەرین کە دەمان هەوێت.

بە روانینێکی خێرا سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان لە ئێران بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگای کوردستان بە هۆی هەڵاواردنی لە لایەن کاربەدەستانی ئێران بە بەراورد لە گەڵ ناوند لە زۆر بواردا جیاوازە و رژیم نەیویستوە کە ئەم ناوچەیە چ لە بورای ئابووریدا چ لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا، هەروەها لە بورەکانی دیکەشدا گەشە بکات. ئەوەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆیان لەو ناوچەیە کە کوردستانە،بە لێپرسراو نازانن و تا بۆشیان کرابێت بونەتە هۆی دووبەرەکی خستنە ناو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، ئەوەش لە خۆیدا بۆتە ئەوە کە جەوێکی رەشبینی و بێ متمانەی لەو ناوچەیەدا دروست بێت کە لە ئەنجامیشدا تێنێشێکی زۆری لێکەوتۆتەوە.

کۆمەڵگای ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگایەکی زیندوو و لە حالەتی گەشەسەندن دایە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی چینی رۆژهەڵاتی کوردستان گەنجە و خوێندەوارن و ئەو لاوانەش بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاکەیان لە هیچ فداکاری و ئەرکێک کە لە سەر شانیان بوبێت دریغیان نەکردووە،هەر چەند لەو رێگەیەشدا رووبەرووی زۆر تەنگ و چەڵەمە بوونەتەوە، بەڵام نە بۆتە هۆی ئەوە کە میدان چۆڵ کەن، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوە کە بە ریفۆرم لە بیرو راکانیان ئەوەیەکی دیکە لەو پارچەیەی کوردستان پێ بگات کە توندو تیژیان تەجروبە نەکردوە و دوور بوون لە شەڕ و ئاژاوە، ئەوەش وای کردووە کە بە رادەیەکی زۆر توند و تیژی لە ناو ئەو جیلەی کۆمەڵگاکەمان کەم بێتەوە. ئێستا کۆمەڵگای

کوردستان بە بوونی ئەو لاوانە لە گەشە سەندنێکی بەر چاو دایە کە دەتوانیین لە هەموو بوارەکاندا، ئەوەهەست پێ بکەین. هەر لە راستای ئەوەشدا توانیویانە ویست و داخوازی نوێی سیاسی تەزریقی هەناوی کۆمەڵگا کەن کە وردە وردە دەبێتە خواستی زۆریەک لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان. ئەو ویست و داخوازیانەش بە ئاقارێکدا هەنگاو هەڵدەگرن کە تەنێش و توندوتیژی نەیانگریتەوە، هەر چەندە زمینەیەکی گونجاوی سیاسیش لە ئێراندا بوونی نییە، بەڵام بەو حالەش توانیویانە گەشە بکەن و تا رادەیەک خۆیان لە رێکخراوەکانی مەدەنی و N G O کاندا سازماندە یی بدەن و لە بوارەکانی زانستی و فەرهەنگی گەشەیەکی بەرچاو بکەن و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرن.

هاوکات لە خاڵی بەرانبەری ئەم جەریانە کە هەڵقولاوی هەناوی ئەم کۆمەڵگایەن جریان و رەوتێکی دیکەیە کە جیاوازترە لە گۆرەپانی سیاسەتدا، ئەویش پارتە سیاسیەکانی ئەو بەشەن لە کوردستان کە لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی دوڵەتی مەرکەزی لە بەرانبەر ماف و داواکانی گەلی کورد لەو پارچەیە لە دایک بوون و لوتکەی تەنش و توندو تیژیە خوێناویەکانی ئەم پارتانەش دەگرێتەوە بۆ سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی گەلان ئێران، لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کە ئامادە نەبوو خواست وداوکاریەکانی بە حەقی گەلی کورد بسەڵمێنێت، بە تێپەربوونی سێ دەهە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەو توندو تیژیانە هەر درێژەی هەیە و نە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە ماوەیەدا شوێن پێی خۆی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان بکاتەوە و نە پارتە سیاسیەکانی کورد بە شێوەیەی دەبایە و چاوەروانیان لێدەکرێت بە مانای ووشە شوێن پێی خویان قایم بکەن.

هەر لە راستای ئەو دوو رەوتەدا رەوتێکی دیکە بەرچاوە کە چالاکیەکانی زۆرتر بواری فەرهەنگی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیە، کە لەناو جەرگە و سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا خۆ دەنوێنێت، لە ناو سیستەمێکدا کە هەموو چالاکیەکانیان دەخاتە ژێر زەرەبینەوە و کۆمەڵگە ش لە هەموو بوراەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و... کۆنترڵ دەکات. بە کورتی روانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان دیدێکی ئەمنییەتیە، ئەو جۆرە روانگەیەش لە بێ متمانەیی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان سەرچاوە دەگرێت. بێ گومان ئەم دیدوبۆچونەی رژیم سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان ئاکامێکی گەڵێک خەراپی لێکەوتۆتەوە و چاوەروانیش دەکرێت کە ئەو روانگە ئەمنییەتییەی رژیم لە سەر کۆمەڵگای کوردستان زیاتر و تۆختر بێت.سەرەرای ئەو هەستە رەشبینیەی رژیم سەبارەت بە پانتای جوگرافیای سیاسی کوردستان کە باردۆخێکی بێ متمانەیی لە نێوان هەردوو لا دروست دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەش کە خەرجیەکی زۆری ئینسانی ومادی لێبکەوێتەوە.

درێژەپێدەری ئەو سیاسەتە شوم و هەستە رەشبینیەی کۆماری ئیسلامی نسبەت بە خەڵکی کورد بۆتە هۆی ئەوە کە لایەنێک لە کۆماری ئیسلامی سودی لێوەرگرن، ئەو لایەنەش بەردەوام خەریکی قەیران خوڵقاندنن لە کوردستانن، کە تەقینەوەکی

شاری مەهاباد و تەقەکردنی ئەم جارەی شاری سنە لە ئاکام و درێژەپێدەری ئەم سیاسەتەیە کە ئەم لایەنە پیرەوی دەکات. ئێمە دەتوانین لێرەدا ناوی ئەو لایەنە بە رانتی شەڕ ناوی بەرین. ئەو رانتە بەردەوام دەی هەویت جەوی کوردستان نا ئەمن بخاتە بەرچاو و لە شێواندنی باردۆخی ئارامی کوردستان رۆڵێکی گەورە دەبینێت.

بە سەرنجدان بەو رەوتانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن بەو ئاکامە دەگەین کە دوو دانە لەو رەوتانە (کۆماری ئیسلامی و پارتە سیاسیەکانی کوردستان) پاڵەپشتیەکی ماددی وبەرێوەبردنێکی ئامانجدار و بەهێزیان هەیە. لە بەرانبەردا رەوتەکانی دیکە کە نە پاڵپشتیەکی ئەوتۆیان هەیە و نە بەرێوەبردنێکی بەهێز و ئامانجدار لە ناویاندا بوونی هەیە.

لێرەدا بابەتەکەم کورت دەکەمەوە و دەخوازم بزانم کە لە ئاکامدا کام لەو رەوتانە زیاتر بە سوودن بۆ ئێستا و داهاتوی کوردستان. سەرەتا دەم هەوێت رانتی شەڕی ناو نیزامی کۆماری ئیسلامی و خودی سیستمی ئیسلامی بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی بوونی ئایدولۆژیەکی ئیسلامی و بەرێوە بردنی سیاسەتێک لەو راستایەدا، هیچ نەرم هەڵگرتنێک بە خۆی هەڵناگرێت، بە بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتە توانیویەتی هەموو جەو و فەزای سیاسی ئێران لێڵاوی کات لە هەموو بوارەکاندا توانیویەتی قەیران بۆ کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و بۆ کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی دروست کات. ئەگەر ئاورێک لە ساڵەکانی ٥٧ و ٥٨ ئێران بدەینەوە، دەبینین کە فەزای ئەو کاتەی کۆمەڵگای ئێران جەوێکی شۆرشی بوو و زۆرتر فەرمانەکان لە لایەن رێبەرانی شۆرشەوە دەدران، لە و سەردەمەدا فەزای عەقلانی بوونی نەبوو، تەنیا دەستورەکانی رێبەرانی شۆرش بە هێند وەردەگیران. نەبوونی تێگەیشتنێکی دروست و واقعبینانە بۆ خواستە رەواکانی گەلی کورد لەو سەردەمدا کۆمەڵگای کوردستانی خستە ناو گێژاوی قەیران و توند و تیژیەوە، هەروەها نبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن و ئیمکاناتی پێویست لە بڵاوکردنەوەی ئەو راستیانە و رووداوانەی کە لە کوردستان روودەدەن، بۆ هۆی ئەوە کە فەزایەکی بێ متمانەیی لە نێوان خەڵکی کوردستان و ناوندا درووست بێت، هەر ئەو بێ متمانەیەش بۆ هۆی ئەوە کە تەنش و دەرگیری زیاتر لەو ناوچەیە پەرە بستێنێت. لە نێوانەدا بە هۆی هەڵایسانی شەری عێراق و ئێران و فرۆشتنی نەوتێکی زۆر، بەدەستهێنای پوڵ و پارەیەکی زۆر لەو فرۆشتنە، چینێک لە ناو ئەو سیستەمەدا درووست بوو کە سوودێکی زۆری لە درێژەدانی شەڕدا پێدەبرا، بەو شێوەیە رانتی شەڕ دروست بوو. زۆرترین ئەندامانی ئەو رانتە بەرپرسانی سیاسی و ئەمنیەتی بوون کە بە درووستکردنی قەیران و گەورەکردنی ئەو رووداوانی کە ئەو کات لە کوردستان روویدەدا و بە ناردنیان بۆ ناوند قازانجێکی زۆریان دەهاتە دەست. ئێستاش ئەو رانتە هەر لە کوردستان و لە گۆرەپانی سیاسەتدا بوونیان هەر ماوە،هەروەها وردەوردە دەیان هەوێت کوردستان بگەرێننەوە دۆخی جاران تا بەو هۆیەوە بتوانن قازانجێکی باش بەدەست بێنن و پارەیەکی زۆر بخنە ناو گریفانیانەوە.

هەروەها، لە بەرانبەر رەوتی حاکم بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا پارتە سیاسیەکانی کوردستانن کە لە ئاکامی سیاسەتێکی هەڵەی کۆماری ئیسلامی هاتونەتە گۆرەپانی سیاسەت، هەرچەندە ئێستا ئەو پارتانە بە هۆی هەڵ و مەرجی ناوچەکە پەسیڤ بوون،بەڵام چاوەروانی ئەوە دەکرێت کە بە هۆی باردۆخی سیاسی کوردستان کە خوڵقێنەری سیستەمی حاکمە بە سەر کوردستان ئاگری شەرێکی دیکە بەرپێتە ئەم ناوچەیە. حزبە سیاسیەکانی کوردستان دەبێت لە باردۆخی ئێستا دا زۆر ژیرانە هەنگاو بهاوێژن و بە سیاسەتەکانیان، پیلانی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پوچڵ کەنەوە و خەڵکی کوردستانیش لەو پیلانانە هوشیار کەنەوە،چونکە لە بارو دۆخی ئێستادا کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە خوڵقاندنی هیچ قەیران و تەنشێکی دیکە نییە. ئێستا کە ئەو لایەنەی کە بە رانتی جەنگ ناسراوە زیاتر لە هەمیشە لە کەمینـدایە کە قەیرانێکی دیکە بخوڵقێنێت وفەزای کوردستان نائەمن کات، بۆیە ئێستا زیاتر ئەرکی پارتە سیاسیەکان قورسترە کە دەبێت مجاڵی هیچ شتێک بەو لایەنەی کۆماری ئیسلامی نەدەن و ئەوەی دوژمن پێی خۆشە بە پێچەوانەی ئەو بجوڵێنەوە.ئەرکی ئێستای پارتە سیاسیەکان هوشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستانە لە هەموو بوارەکاندا جا بە هەر رێگەیەکی مومکین کە بۆیان دەکرێت تا رێگە هەموار و خۆش بکرێت بۆ ئەو ئامانجانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە خەباتدان بۆ بەدەستهێنانیان. سەرەرای ئەوەش نابێت هیچ بەهانەیەک بدەنە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران کە بتوانێت فەزای سیاسی کوردستان لێلاویتر کات.

بە سەرنجدان بەو شتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان و بە لێخوردبونەوەیەکی ورد و زانستیانە سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئەمرۆی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت کە لە بەرانبەر ئەو دوو رەوتە (کۆماری ئیسلامی و ئەحزابی سیاسی کوردستان)، رەوتەکانی رۆشنگەری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە گۆرەپانی چالاکیدان لە کوردستان و بەو هەموو کۆسپ وتەگەرەی سەر رێگەیان توانیویانە لە ناو ئەو فەزا ئەمنیەتیەی کۆماری ئیسلامی گەشە بکەن و خواست و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان بێنە بەرباس و خویندنەوە، بۆیە پێویستە کە ئەو باردۆخەی کە ئێستا حاکمە بە سەر کوردستان وەک خۆی بمێنێتەوە و بەهانە بەدەست خوڵقێنەرانی قەیران نەدەین کە ئەمنیەتیتری کەن و چوارچێوەی مەیدانی چالاکی ئەو رەوتەانە تەنگتر کات، بەڵکو پێویستە لە هەموو بوارەکەوە پشتیوانی بکرێن و ئاستی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان لە هەر رێگەیک کە مومکینە بەررز کەینەوە و رێگەی هەر بهانەیەک لە دوژمن بگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## کۆماری ئیسلامی ئێران، شێرپەنجەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە گەڵ بەدەست گرتنی دەسەلات، هەموو ئەو بەڵێنیانەی خستنە پشت گوێ کە خومەینی پێش گەرانەوەی بۆ ئێران بە خەڵکی دابوون،سەرەرای پشتگوێ خستنی بەڵێنیەکان، بە شێوەیەکی زۆر درەندانەش بەر بۆ گیانی رۆشنبیران و کەسایەتیە ناودارەکان و دەنگی هەرکەسێک کە داوای مافی زەوتکراوی خۆی بکردبایە ئەوە بە گوڵلە وەلام دەدرایەوە، خومەینی هەر بەوەش رازی نەبوو گوایە تجروبەی پێویستی بۆ شۆرش نەبووە وشۆرشگێرانە مامەڵەی لە گەڵ باردۆخەکە و کەسانی ئازادی خواز و پارتەسیاسیەکانی ولات کە رۆڵێکی گرینگیان لە هاتنە سەرکاریان بینیبوو نەبوو، ئەو پێی وابوو دەبوایە هەرلەگەڵ بەدەستگرتنی دەسەلاتی، دەرگای هەموورۆژنامەکانی داخستبانایە و نکۆڵی بکردبایە، لەهەموو رۆڵی ئەحزابی سیاسی و هەموویانی بە زەبری شمشێر لە یەک حزبدا کۆکربانەوە بەناوی حزبوڵڵە.

لێرەدا واز لە شیکردنەوەی ئەو جەنایەت و تاوانانەش دێنم کە لەماوەی دەسەلاتدارەتیان بە سەر خەڵکی خێر لەخۆنەدیوی ئێرانیاندا هێناوە، کە کەمینە نەتەوە و ئاینەکان ئەوە زۆرترین پشکی ئەو جەنایەت و تاوانانەیان بەرکەوتوە،هەرلە جەنگی هشت ساڵەی ئێران و عێراق رابگرە تا دەگاتە بە سڕکردنی گەنجەکانی ئێران بە مادده سڕکەرەکان و شکاندی غروریان، هەروەها سەرەرای بەفیرۆدانی سەرمایەی ولات لە پێناو بەهێزکردنی بەکرێگیراوانی لە ناوچەکەدا تا هەرکات بیهەوێت لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریان بێنن، لە پڕچەککردنی سوپای بەدری عێراقەو رابگرە تا دەگاتە حزبەللەی لوبنان ودار و دەستە وپیوەندارەکانی دیکەیان و خۆ تێهەڵقوتاندنیان لە هەموو رووداوکانی ناوچەکە، بۆ نموونە:

هەفتەیەک پێش روخانی سەدام و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سەددام، هاشمی رەفسنجانی لە خوتبەی نوێژی هەینی تاراندا، ئەمریکای هوشیار کردەوە کە لەهێرشکردن بۆ سەر عێراق پاشگەز بێتەوە و گوتی" ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عێراق ئەوە لێی دەبێتە زڵکاوێک کە دەرچوونە دەری بۆ ناکرێت"، بۆدەرئەنجامی ئەو وتەیەی رەفسنجانی ئەوە دەتوانین بەشیکردنەوەیەکی رەمەکی لەو قسەیەی، ئەوە هەلێنجین کە دەستەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێش شەڕکە خۆیان بۆ ئاژاوەنانەوە لە عێراقدا ئامادە کردبوو، ئاغای رەفسنجانیش بەڵێنیەکەی بردەسەر، چونکە هەر وەک دەبینین کە لەو ماوەیەدا یەک رۆژ نەبووە کە تەقینەوەیەک لە ناو خاکی عێراقدا ئەنجام نەدرێت و قسەکانی ژنرالێکی ئەمریکای کە دەڵێت"نیوەی سەربازەکانمان بە دەست هەوادارانی کۆماری ئیسلامی کوژراون "ئەو بۆچونەم پشتراست دەکاتەوە، هەر هەفتێک دوای کشاندنەوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، چەندین تەقینەوە بە هێز چەندین شاری عێراقیان هەژاند کە کوشتەو

بریندارێکی زۆری لێکەوتەوە.

ئەوەی کە ئاماژەم پێدا تەنیا نمونەیەکی بچوک بوو، لەو دەستێوەردانە دەرەکیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوی کە منی نیگران کردووە وبۆتە هۆی ئەوەی کە بێ هەڵوێست نەبم لە پێناو هوشیار کردنەوەی هاووڵاتیانم لە ئێراندا، ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستیان داوتە یاریەکی گەورە بە چارەنووسی خەڵکی ئێرانەوە.

ئەگەر بۆ هەفتەیەک،هەواڵەکانی پەیوەندار بە ئێران بخوێنینەو وبەدواداچونیان بۆ بکەین ئەوە بە روونی بۆمان دەر دەکەوێت کە بەرژەوندپەرستان وخرافەپرستانی کۆماری ئیسلامی بەدوای هەڵایسانی شەڕێکی گەورەن لە ناوچەکەدا، لێرەدا سەرنجتان رادەکێشم بۆ چەند نموونەیەک لە وتەکانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ئەو هەفتەیەی داویانە کە دەلالەت لە هەڵگریسانی شەڕێکی بێ ئەمان دەکەن.

ئەحمەدی نژاد بە ئاشکرا رووی ووتەکانی لە ئیسرائێلە و دەڵێت" ئەگەر ئێوە دووسەد بۆمبی ئوتۆمیتان هەیە بۆ بەئێمەی رەوا نابینن کە بۆمبێکی ئوتۆمی مان هەبێت".هەروەها رێبەری کۆماری ئیسلامی بە راشکاوی دەڵێت" ئەگەر لەخۆتان رادەبین و هێرشمان بکەنە سەر ئەوە ئێمەش دەستەوستان راناوەستین و دوونیا ئاگرِ تێبەردەدەین"، هەروەها دەڵێت" ئەو شەڕە تەنیا لەچوار چێوەی سنوورەکانی ئێراندا نامێنێتەوە، بەڵکوو تەواو ناوچەکە دەگرێتەوە"، هەروەها بۆ هەڵایسانی ئەو شەڕە هەر رۆژەی تاقیکردنەوەی موشەکێک یان تەقەمەنیەکی پێشکەوتوو، نیشانی دوونیا دەدەن و یان گۆری بەکۆمەڵ هەڵدەقەنن بۆ ئەوەی سەربازەکانی ئەمریکایی تێدا بشارنەوە.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ ئەو وتەو کردەوەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین ئەوە بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی بەرەو فاجیعەیەک وشەڕێکی بێ ئەمان هەنگاو دەنێت.

ئەگەر خومەینی هەشت ساڵ شەرێکی خوێناوی درێژە پێدا و بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتە نگریسەکی خۆی دەیگوت" جەنگ بەرەکەتە'، بەڵام هەروەک شاهید بووین کە لە کۆتایدا ناچار بوو جامی ژهری بنۆشێت ونەیتوانی درێژەی پێبدا، بەڵام سەرئەنجام بۆ دامرکاندنی کینەو رقەکەشی هەر دوای ئاگرِ بەستەکەی بە گیانگرتنی هەزاران زیندانی هێور کردەوە، ئەو جەنایەتانەی کە خومەینی کردنی، هیچ کات مێژوو بیری ناچێتەوە.

ئێستاش خامنەی و ئەحمەدی نژاد دەیان هەوێت بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتیان جەنگێکی دیکە هەڵایسێنن کە دوکەڵەکەی ئەمجارە جیهان دەگرێتەوە. بەو وتەو کردەوانەیان، لەراستیدا جێگەی خومەینیان گرتۆتەوە و دەیان هەوێت بۆ شاد بوونی

ڕۆحی ئیمام ئەو بەڵێنیەی بێنەدی کەدەیگووت: ڕێگەی ئازادکردنی قودس بە کەربەلا داتێپەر دەبێت".

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە حالێکدا، پێداگری لە سەر بەرنامە ئوتۆمیەکەیان دەکەن کە هەموو دونیا یەک دەنگ بووە لە سەر پێشگرتن بە دەستراگەیشتنیان بە بۆمبی ئەتۆمی. بۆ نموونە ئیسرائیل بە مافی خۆی دەزانێت کە هەر کات بوونی بکەوێتە مەترسی بەرگری لە خۆی بکات وبۆ دوورکەوتنەوی ئەو مەترسیەش لەهیچ کردەوەیەک دەست نەپارێزێت. هەروەها باراک ئۆباماش بە ڕاشکاوی رایگەیاندووە کە ڕێگە بە ئێران نادەین کە ببێتە خاون چەکی ئەتۆمی. باراک ئۆباماش کە بۆ ئەوەی بیهەوێت بۆ جارێکی دیکە بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرێتەوە ئەوە هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ تا کۆماری ئیسلامی ئێران لەو ماوەیەدا نەتوانێت ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی.

ئەگەر ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە خەمی خەڵکی ئێران دابن و بەرژەوەندی وڵاتیان بەلاوە گرینگ بێت ئەوە دەبێت بە عاقڵانە و بە هوشیاریەوە بروانە داهاتوو، بەڵام مەخابن کە ئەوشتی بەلایانەوە گرینگ نییە خاک و بەرژەوەندی خەڵکە،بۆیە ئامادەن کە هەموویان بکەنە سوتەمەنی بەرژەوەندیەکانیان، ئەگەر بەرژەوەندی وڵاتیان بەلاوە گرینگ بایە ئەوە هیچ کات هەرەشەیان نەدەکردوو، خۆیان بە چەند دەستکەوتێکی تەقەمەنی پێشکەوتوو کە بۆ ئەو مەبەستەش هەموو سەرمایەی وڵاتیشیان لە سەرداناوە وەک قەڵ لەخۆبای و خۆیان فش نەدەکرد. بەجێگەی خەرجکردنی پوڵ وپارە لەو پرۆژانەدا ئەوا دەبایە خەرجی ئاوەدانی وڵاتیان بکردایە.

ئەوەی من پیشبینی دەکەم، بە پشبەستن بەو ڕووداوانە کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و بەو سیاسەتە چەوتانەی کە خامنەیی و ئەحمەدی نژاد پەیرەوی لێدەکەن، ئەوە بەرە شەڕێک ڕاماندەکێشن کە نەتەنیا خەڵکی ئێران دەبنە سوتەمەنی سەرەکی ئەو شەڕە، بەڵکو هەموو ناوچەکە و دوونیا دەگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## سەنگسارو سێدارە دژی ژنان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو شەش وڵاتانەیە، کە لە یاساکانی سزادا حوکمی سەنگسارو سێدارە، بوونی هەیە. دیارە حوکمی سەنگسار یان رەجم کردن دژی ئەوکەسانە بەکار دێت کە لە دەرەوەی ژیانی خێزانی وهاوبەشیان پەیوەندی سێکسیان هەیە بێجگە لە هاوسەرەکانیان.

بۆ داسەپاندنی سەزای سەنگسار بەسەر تاوانبار چوار شاهید پێویستە کە لە دادگادا شاهیدی بدات لەسەر ئەو کەسەی کە ئە وکردەوە ناشرعیەی لەدەرەوەی ژیانی خێزانی ئەنجام داوە، هەر کات دادوەری دادگا بۆی روون بۆوە ئەوە ئەو حوکمە بە شێوەی بەربارانکردنی تاوانبار بەرێوە دەچێت.

هەر چەند بەرێوەبردنی ئەو حوکمە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئیدانە کراوە و چالاکوانانی مافی مرۆڤ لە پێناو لابردنی ئەو سەزایە لە ناو یاساکانی سەزای کۆماری ئیسلامیدا، هەوڵی زۆریانداوە، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانیان لەو راستایەدا، بێ ئاکام ماونەو.هەرچەند لەو مەودایەدا چەندین کەمپەین بە ناوی یاسای بێ سەنگسار لەلایەن چەندین رێکخراوی ژنان و مافی مرۆڤ بەرێوە چوون، بەڵام تەنیا توانیان بۆ ماوەیەک ئەم سەزایە راگرن. هەر چەند لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خاتمی دا بە زەخت و فشارەکانی یەکیەتی ئەورووپا توانرا ئەو سەزایە رابگیرێت، بەڵام بەداخەوەدوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد، بە سەرۆک کۆمار دووبارە بەرێوەبردنی ئەم سزایە دەستی پێکردەوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ تاکو ئێستاش چەندین حوکمی سەنگسار بەرێوەچووە، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە حوکمی سەنگساری جەعفەری کیانی و مەحبوبەی مەحمەدی بکەم کە یەکەمیان لە تاکستان و دوەمیان لە شاری مەشهەد حوکمەکەیان بە شێوەی بەردباران کردنی تاوانبار بەرێوەچوو.

### سەنگساردو سیستیمی پیاو ساڵاری

کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی پیاوساڵارە وئاینی ئیسلامیش بۆتە کلتورێکی ئەو کۆمەڵگایە کە بە تێکەڵکردنی لە گەڵ سیاسەتی بەرێوەبردنی وڵات بۆتە کاتالیزۆرێک کە یاساکانی دژی ژنان بەهێزتر کردوە، لە دیدو روانگەی پیاوانی ئەم کۆمەڵگایە ژن وەک کاڵایەک وایە کە لە لایەن پیاو مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت. زۆریەک لەو یاسایانەی کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەرێوە دەچن دوورن لە مرۆڤایەتی، لە هەمان کاتدابەرێوەچوونی ئەو یاسا توندو تیژیانە کە بە میتۆدی

جیا جیا بەرێوە دەچێت، کاریگەری خەراپ بە سەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە جێ دەهێڵن. ئاشکرایە کە دیاردەی توند وتیژی لە هەر کۆمەڵگاو کولتورێکدا بە پێی سیاسەتی ئەو وڵاتە خوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکرێت، زۆر جار بەداخەوە دانانی ئەم یاسایانە بێ گویدان بە قانون و یاساکانی مافی مرۆڤ دەسەڵاتداران و بەرێوەبەرانی ئەووڵاتە یاسایەکی تایبەت بەپێی کلتوری سیاسی وڵاتەکەیان دادەنێن کە حوکمی سەنگساریش لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لەو چوارچێوەیە دەرناچێت.

ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاری ئێراندا سەرەڕای ئەوەی کە سزای سەنگساریان بەسەردا دەسەپێت، تووشی زۆر ئازارو ئەزیەتیش دەبنەوە تا کو پیاوان بتوانن، ژنان بۆ هەمیشە لە چوار چێوەی سیستیمی خێزاندا بهێڵنەوە و ژنانیش دەبێت ملکەچی هەموو ئەو شەرت و مەرجانە بن کە کۆمەڵگایەکی سونەتی بەسەریدادەیسەپێنێت.

لە کاتێکدا نیوەی زیاتری کۆمەڵگای ئێران، ژنان پێکی دهێنن،ئەو ژنانانەی کە لە بەرەو پێشەوەچوونی هەموو بوارو کایەکانی ژیان هاوشانی پیاوان لە هەوڵدان، هەروەها لە بەبەخێوکردنی منداڵ و بارهێنانیان رۆڵی سەرەکیان هەیە،لە رستیدا ئێستا ژنان لە هەر کۆمەڵگایەک جیا لە ئەرکی دایکایەتی لەبوارەکانی دیکەشدا وەک سیاسەت، ئابووری و فەرهەنگی ئەکتیڤن و لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکەیان لە هیچ ئەرکێک دریخی ناکەن، بەڵام بەداخەوە ژنان لە ژێر سایەی ئیسلام و حکومەتی کوماری ئیسلامی تووشی ئەو پەری رەنج و ناخۆشی و ئازاربونەتەوە، چونکە بەپێی یاساکانی ئیسلام ژن نیوەی پیاوە و لەو روانگەوە، دید وبۆچونی پیاو بۆ ژنان وەک کالایەکە کە چون پیاوان بیانهەوێت بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. تاکو ئارەزوو ویست و داخوازیەکانیان پێ دامرکێنەوە. بۆیە ئەرکی هەر مرۆڤ دۆستێکە کە بۆ کەم کردنەوەی ئەو ئازار و ئەزیەتانەی کە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار و ئاخوند سالارانەی لە ئێران لە سەژنانی وڵاتەکەمان پێرەوی دەکات، هەوڵ بدات.

تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم ئێستا دوو ژن بێ پەنای وڵاتەکەم لە چاوەروانی حوکمی زاڵمانەی کۆماری ئیسلامی ئێراندان و هەموو چالاکوانانی مافی مرۆڤ دەبێ پێش بەو حوکمە زاڵمانە بگرن و لەو پێناوەشدا دەبێت بە هەر رێگایەکی مومکین رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لێ ئاگادار کەنەوە:

١- خانم سەکینەی ئاشتیانی چاوەرێی بەرێوەچوونی حوکم بەسەرداسەپاوی سەنگساریەتی، ئەو شێوەیە گیان گرتنەی مرۆڤەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەگرێتەوە بۆ سەردەمی بەربەرییەت، رژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت بەزەیی بەدوو منداڵی هەتیوی ئەم ژنەشدا نایەتەوە و دەیهەوێت کە بێ دایکیان کات. زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا ئەوندە زۆر بووە کە هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان پێی قەبووڵ ناکرێت، هەرچەند ئەو زوڵم و زۆریە لە سەر ژنان زیاتر و

بەرچاوترە. ئێستاکە زۆربەی وڵاتانی جیهان حوکمی لە سێدارەدانیان لە قانون و یاساکانی وڵاتەکانیان هەڵگرتوە و ژیانی مرۆڤەکانیان لا بەنرخە.

٢- زینەبی جەلالیان کچە تێکۆشەرێکی کوردە کە ئێستا چاوەڕوانی پەتی سێدارە دەکات، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت تەواو خەڵکی ئێران نۆکەر و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی بن، لەو مەودایەشدا هیچ دەنگێکی رەخنەگرانەی پێ قەبووڵ ناکرێت. ڕق وکینەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران نسبەت بە خەڵکان وکەسانی ئازادیخواز و ڕۆشنبیر و سیاسی وڵاتەکەمان حاشا هەڵنەگرە. ئەو خانمە لە ڕوانگەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران دوو جار تاوانبارە: یەکەم کە زینەب کچە کوردێکە و ژنە، ژنانیش لە سیستەمی ئەو ڕژیمەدا هیچ بایخێکیان نیە ئەویش ئەگەر ئەو ژنە کوردبێت، دووەم ئەوەی کە زێنەب، هەڵگری بیرو ڕایەکە کە دوکانەکانی سێحر و جادوی کۆماری ئیسلامی پێێ قەبوول ناکرێت وچاویشی لە چاڵاوی جەمکەران نیە کە ڕۆژێک مێهدی لەو چاڵاوە سەر دەربێنێت و دادپەروەری بە بیرو بۆچونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە جیهاندا بەرێوە ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## هەستی نەتەوایەتی خەڵکی بۆ خەبات هانداوە

**ڕۆژهەڵات تایمز - دیمانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار دا تێپەڕ دەبێ و حزبەکوردییەکان لەم بەشەی کوردستان تووشی لێکترازان و دوور کەوتنەوە هاتوون و هیچ یەکگرتووییەک بە بزووتنەوەی کوردی لەم بەشەی کوردستانەوە نابیندرێ. بۆ خوێندنەوە و شرۆڤە کردنی ئەم بابەتانە دیمانەکەمان لەگەڵ خاتوو کوێستان عومەر زادە نووسەر و چالاکی مەدەنی ساز داوە.**

**ئا: جەمال نەجاری**

**پرسیار: ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی سیاسی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**کوێستان عومەرزادە**: دەتوانم بڵێم کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسیترین ناوچەی ئێرانە و لە هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا دەژین شعور و هوشیاری وە کولتوری سیاسی لەو بەشەدا لە چاو بەشە کانی تر لە پێشترە، بۆیە هەر ڕژیمێک کە لە ئێران دێتە سەر کار و جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، ناوچەی کوردستان دەخاتە ناو کەوانەوە و حسابێکی تایبەت بۆ ئەم ناوچەیە دەکات و هەوڵدەدات بە هەموو شێویەک ئیرادەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بخنە ژێر ڕەکیفی خۆیانەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئیرادەی کوردان ئەوەندە بەهێزە کە تاکو ئێستا هیچ ڕژیمێک لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەیتوانیوە چوک بە کورد دابدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هوشیاریە سیاسیەی کە گەلی کورد لە تەواو پارچەکانی کوردستان هەیەتی و بەرەو پێشەوەچونی سیاسی هەرکام لەو ناوچانەش ڕاستەوخو کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکە دادەنێت، بۆیە بەو پێشکەوتنە سیاسیانەی کە لە باشوور و باکووری کوردستان هاتونەتە کایەوە، کاریگەریەکی زۆریان لە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، بە شیوەیەک کە بگاتە ترۆپکی خۆی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستییە مانگرتنی گشتی ئەم دوایەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بەرهەمی هەڵکشانی ئاستی هوشیاری سیاسی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بوو.

**پرسیار: نەبوونی پارتە سایسیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند کاریگەری لەسەر جووڵانەوەی سیاسی لەم بەشەی کوردستان داناوە؟**

**کوێستان عومەرزادە**: ئەگەر ئێمە چاو لە رابردووی ئەم پارتانە بکەین کە لە رۆژهەلاتی کوردستان بوون و بۆ مافەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە تێکۆشان دا بون، نەیانتوانیوە لە روانگەی ئایدیۆلۆژیای خویانەوە کاریگەری بخەنە سەر تاکەکانی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان، بەڵکوو تەنیا هەستی نەتەوایەتی بووە کە خەڵکی بۆ خەبات هانداوە، ئەگەر سەیری ئەندامانی حزبەکان بکەین ئەوە بە جوانی بومان دەردەکەوێت، ئەوەی کە ئەو حزبانەش بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان دابراون، زیاتر لە واقع و باردۆخی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان دوور بوونەوە، کە ئاکامی ئەم دابرانەش ئەم پەرتەوازیەیە کە ئێستا پارتەکوردیەکان تێیکەوتوون و خەسارێکی گەورەی لە جوڵانەوەی سیاسی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانی داوە.

**پرسیار**: خوێندنەوەت بۆ بارودۆخی پارتە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان چییە کە ئێستا لە ژیانێکی کەمپ نشینی دا؟

**کوێستان عومەرزادە**: ئێمە دەبێت واقعبینانە بۆ راستیەکان بچین وژیانی کەمپ نشینی کە ئێستا ئەحزابی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان هەڵیان بژاردووە لە رووی ناچاریە و زۆرتر رەچاوی ئەو باردۆخە دەکەن کە باشووری کوردستان پێیدا تێپەر دەبێت، بەلام لەو ماوەیەش ئەحزابی کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان بێ بەرنامە بوون تەنانەت دەیان توانی زۆر کار بکەن کە نەیان کردووە، بەداخەوە نەیان توانیوە ئەندامەکانی خۆشیان بە ئسلوبێکی جوان و ئەکادمی و نەتەوەیی پەروەردە بکەن، بەڵکوو ئەنجامی ژیانی کەمپنیشینی بۆتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی حزبەکان تووشی نەخۆشی دەروونی بکات و بەجیگەی ئەوەی کە ئەنەرژی و پتانسێلەکانیان بەرانبەر بە دوژمن بەکار بێنن پێچەوانە بۆتەوە و بەرانبەر بە خودی خویان بەکاری دێنن، باشترین نمونەش ئەو جیابوونەوەی باڵەکانی کۆمەڵە و دێموکراتە کە ئەگەر لە کاتی جیا بوونەوەش ئاسایشی باشوری کوردستان دەخالەتی نەکردبایە ئەوە ئەنجامی خەراپتری لێدەکەوتەوە.

**پرسیار**: بەداخەوە حزبەکان یەکگرتووییان پێوە دیار نییە، پێت وایە نییە دەبێ لەم قۆناغەدا کورد لە ئێران دەبێ خاوەنی یەک گوتار بێت؟

**کوێستان عومەرزادە**: ئێستا رۆژهەلاتی ناوەراست، رەورەوێیەکی مێژووی تێپەر دەکات، کوردستانیش کە بە دڵی رۆژهەلات ناوین دێتە ئەژمار و لە رووی ستراتیژی و جوگرفیاوە بەلای زلهێزەکان و لە رووی سیاسیەوە زۆ گرینگە،نەک تەنیا ئێستا دەبێت کوردان لە رۆژهەلاتی کوردستان یەک بن بەڵکو دەبێت کوردان بە گشتی لە کێشە چارەنووسازەکان دەبێت یەک دەنگ و یەک رابن، باشترین وڵامدانەوەش بۆ ئەو باردۆخە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە.ئەگەر بینە سەر واقعی باردۆخی ئێران ئەوە ئێستا لە ئێران روو دەدات، هەلێکە بۆ کورد کە دەبێت خۆی بە هێز کات بو هەموو ئەو رووداوە چاوەڕوانکراوانەی کە بڕیارە لە داهاتوێکی نزیکدا روو بدات، رێبەرە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەبێت بیر لە

داهاتوی نەتەوەکەیان بکەنەوە، نەک خویان لە چوارچێوەی بەرتەسکی حزبایەتیدا بهێڵنەوە، دەبێت ریزەکانیان یەک خەن بۆ ئەوەی وەک رابردوو دووبارە مێژوو بەسەرمان دووبارە نەبێتەوە یان، باشترین کردەوەیەک کە ئێستا خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە رێبەرە سیاسیەکان چاوەڕوان دەکەن پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتویە.

**پرسیار**: لەنەبوونی حزبە سیاسییەکان، ئەرکی رووناکبیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەبێ چ بێت؟

**کوێستان عومەرزادە**: ئەرکی رووناکبیران رەوشەنگەرییە،ئەوەش تا ئەو جێگەی توانیبیان رۆشنبیران بە ئەرکی خویان هەستاون،بەلام ئەوەی لەو باردۆخەدا گرینگە دەبێت روناکبیران و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی زیاتر گەل لە بەرانبەر کێشە چارەنووسازەکاندا هوشیار کەنەوە، جا بە هەر رێگەیەک کە بۆیان دەکرێت نابێ لە ئەرکە نەتەوەیی و ئەخلاقیەی خۆیان کەمترخەمی بنوێنن.

**پرسیار**: بۆچی میدیای کوردی خۆی لە میدیای حزبیدا دەبینێتەوە؟ خەسارەکانی ئەمجۆرە میدیایە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**کوێستان عومەرزادە**: ئەرکی میدیا زانیاری بەخشینە بەرێگەیەکی راستگۆیانە و دوور لە چەواشەکاری، بەلام بەداخەوە میدیاکانی کوردی بوونەتە زورناژەنی ئەحزاب، تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیانیان دەکەنەوە و بەرنامە و پرۆگرامی خویانان تێدا بلاو دەکەنەوە دوور لە واقعی کۆمەڵگا، کە خەساری ئەم جۆرە راگەیاندانە دوور کەوتنەوە وبێ متمانەیی زیاتری خەڵکە و تا خۆیان لەو بازنەیەدا دەرباز نەکەن ناتوانن کاریگەری لە سەر رای گشتی خەڵک دابنێن. بەداخیشەوە زۆریەک لەو میدیایانە مێژووی کورد لە مێژووی حزبەکانیاندا بچووک دەکەنەوە لە رێگەی راگەیەندنەکانیانەوە کە ئاکامی گەڵێک خراپی لێدەکەوێتەوە.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە گۆڤاری راڤە ژمارە ١٧ بلاو کراوەتەوە.

٢٥ی جوولای ٢٠١٠

## سێدارە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

سێدارە جۆرە سەزایەکە کە لە یاسای بنەرەتی هێندێک وڵاتانی جیهاندا بوونی هەیە کە بە پێی بڕیاری یاسایی دادگاکانی گشتی و نیزامی و... ئەو وڵاتانەمافی ژیان لە مرۆڤێک دەستێنن. هەروەها قوربانیەکانی سێدارە دەتوانین بە دوو دەستە دابەش بکەین.

### یەکەم: قوربانییەکانی تاوانەکانی تایبەت

ئەو دەستە لە قوربانیەکانی سێدارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەهۆی تاوانێکی تایبەت دژی کەسانێکی دیکە تووشی تاوان بووبن و بە پێی یاسای ئەو وڵاتەسەزای لە سێدارەدانیان بە سەر دادەسەپێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بە بێ هۆ کەسێک بکوژێت و یان ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی یاسا پیوەندی سێکسی لە گەڵ ئافرەتێکی هاوسەردار هەبێت. ئەو یاسایانە لە وڵاتێکەوە بۆ وەڵاتێکی دیکە دەگۆردرێن.

### دووەم: قوربانیەکانی تاوانەکانی گشتی یان بیروڕا

ئەو دەستەلە قوربانیەکانی لە سێدارە ئەو کەسانە لە خۆ دەگرێت کە بە هۆی شێواز و جۆری بیر کردنەوەیان کە لە گەڵ سیاسەتدانەرانی وڵاتەکەیان و یان لە گەڵ دەسەڵاتی حاکم دژایەتی هەیە هەر وەک، ئەوکەسانەی کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە مەحارب دەناسرێن.

هەر وەک شاهیدین ودەبینین، زۆربەی ئەو کەسانە کە لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی مەلاکانی ئێران لە سێدارە دراون لە جۆری دووەم دەچن، هەر لە گەڵ هاتنە سەرکاریان هەزاران کەسیان لە خەڵکی ئازادیخوای ئێران کوشت،خەڵکی کوردستان هیچ کات ئەو تاوانانەیان بیر ناچێتەوە کە بە دەستووری خاڵخاڵی و بە فەرمانی خومەینی سەدان کەسی شورشگێر و ئازادیخوازی کوردستانیان بە توهمەتی دژایەتی لە گەڵ خواستەکانی نیزامی وەلایەتی فەقهی بەبێ دادگایکردن سەزای لە سێدارەدانیان بە سەر داسەپاندن ودەیان کەسیان بەبێ تاوان شەهید کرد.

لە سێدارەدانی ئەمجارەی ئازادیخوازانی کوردشتێکی تازە نییە بەڵکوو سەدان لاوی کورد بە تۆمەتی ناڕەوا دوور لە

پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە سێدارە دراون. فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ پارەکە راپۆرتێکی شێست لاپەری سەبارەت بە سەزای لە سێدارەدان لە ئێراندا بڵاو کردەوە لە ژێرناونیشانی ئێران؛ سەزای لە سێدارەدان؛ سیاسەتی دەوڵەتی، دروستکردنی ترس، کە زۆرلایەنی سەزای لە سێدارەدان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا خستبۆ ژێر لێکۆلینەووە.

شایانی سەرنجە کە بە پێی راپۆرتەکە، زیاتر لە بیست ناونیشانی تاوان لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە سەزای لە سێدارەدان دەیانگرێتەوە، سەرەرای ئەولقە لاوەکیانەش کە لێی دەبێتەوە. هەر بە پێی ئەم راپۆرتە زۆریەک لەو تاوانانە کە سەزای لە سێدارەدان دەیانگرێتەوە لە بنەرەتدا بە تاوان ئەژمار ناکرێن.

هەر ساڵ شاهیدی زیادبوونی ئەو وڵاتانەین کە یاسای دژەلەسێدارەدان پەسند دەکەن، بەڵام بەداخەوە لە کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێراندا رۆژ بە رۆژ ئاماری لە سێدارەدان لە بەرزبوونەوەدایە، کە دەتوانین بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە دوای وڵاتی چین پلەی دووەمی رێژەی لە سێدارەدانی بۆ خۆی تۆمار کردوە.

وەزارەتی دادپەروەری ئێران و یاسادانەرانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە مەزهەبی شیعە رۆژ بە رۆژ یاساکانی لە سێدارەدان سەختر و دژوارتر دەکەن، بە پێی ئەو یاسایانە، هەرکەسێک کە دژی بەرژەوەندیەکانی نیزامی ئیسلامی بجۆڵێتەوە حوکمی ئیعدامی بە سەردا دەسەپێنن بە تۆمەتی مەحارب کە وشەیەکی عەرەبییەو بە مانای شەرکردنی لە گەڵ خوا دێت، هەر وەک دەبینین و شاهیدین چەندین رۆلەو لاوی کورد بە کەڵک وەرگرتن لەم وشەیە سەزای مەرگیان بە سەردا سەپاوە، هەروەها هەموو ئەو کەسانەی کە ئەندام یان لایەنگری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی وڵاتن چی دەستیان دابێتە چەک و یان تەنیا رێکلامیان کردبێت و هەواداریان بوبێت ئەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئێسلامیدا رووبەرووی مەرگ بونەوە.

لە فەرهەنگی کۆماری سێدارەی ئێراندا، ئەوەی کە دژی یاساکانی مافی مرۆڤە بە رێوە دە چێت، لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، ترسو و تۆقاندن و ڕاونان و کوشتن و زیندانی و ئەشکەنجە و سێدارە بوونەتە کولتوری سیاسی ئەو رژیمەو هەمیشە بۆ سەرکوتکردنی ئازادیخوازان کەڵکیان لێوەر دەگرێت، بۆ یە لێرەدادەتوانم بڵێم کە لە سێدارەدانی لاوانی کورد لە ئێران هیچ کات گەلی کوردی پێ چاو ترسێن ناکرێت، چونکە سێدارەدان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا شتێکی تازە نیە و یەکەم جار و ئاخرین جاریشی نییە، بە لە سێدارەدانی لاوان بە پەتی سێدارە و لە ناوبردنی جەستەی فیزیکیان دوژمن وا دەزانێت کۆتایی بە ژیان و ئەو رێگەیە و ئامانجە دێنێت کە گرتبوویانە بەر، بەڵام دوژمن باش بزانیت کە خۆراگری وان لە ژێر ئەشکەنجەکانی ئەو دا و پەشیمان نەبوون لەو رێگەیەی گرتوویانە و بە بزەوە برەو دەمی مەرگ چوون هێزێکی دیکە دەبەخشنە لاوانی کوردو جیلەکانی دوای خۆیان هەر ئەو هێزەشە کە دەتوانێت چۆک بە کۆماری بێ هیز وترسینۆکی ئیسلامی

ئیراندابدات. لە سیایەتی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا، ترسو و تۆقاندن و ڕاونان و کوشتن و زیندانی و ئەشکەنجە و سێدارەی هێنایە ئاراوە و کردیە کولتوری سیاسی، کە واتادەتوانین بڵێین کۆماری سێدارە بەو شێوە ویستویەتی لە ماوەی ٣١ ساڵیدا دەسەڵات و سیاسەتی چەوتی خۆی بەسەر گەلانی ئێران دا بسە پێنێ.

ڕێژەی ئیعدام لەئیراندا خەتی سوری دەمێکە تێپەراندوە، بە تایبەت لە کوردستان، دەتوانم بڵێم کە پەتی سێدارە سمبوڵی ترسو بێ هێزی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بۆ مانەوەی خۆیان پەنای بۆ دەبەن،هەروەها لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بەوەبکەم کە لە سێدارەدان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هیچ کات سنوری تەمەنیشی بە لاوە گرنگ نەبووەو مناڵانیشی گرتۆتەوە.

ئەوەی کە لە خوارەوە هاتووە،ئامارێکی گشتی لە سێدارە دانە لە جیهاندا.

لە ساڵی ٢٠٠٧ - ١٢٥٢ کەس لە ٢٤ وڵاتدا ئیعدام کراون ، هەرو ەها ساڵی ٢٠٠٧ لە ٥١ وڵات ٣٣٤٧ کەس حوکمی سێدارەیان بۆ برایەوە ، وڵاتی چین بە پلەی یەک دێت لە سزای لە سێدارەداندا کە لە ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی ٤٧٠ کەسی لە سێدارە داون ،هەروەهالە ئێران لەساڵی ٢٠٠٩ - ٤٠٢ کەس لە سێدارە دران.

**١٥ی مای ٢٠١٠**

## خۆسووتاندنی ئافرەتان لە پێناو چی!؟

خۆسووتاندنی ئافرەتان یەکێک، لە گەورەترین ئەو کێشانەیە کە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردستان، پێیەوە دەناڵێنن، چەندە زۆریەک لە سەنتەر و ناوەندەکانی پشتگیری لە ئافرەتان لەو وڵاتانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هاتۆنەتە مەیدان، بەڵام ئاستی کار و چالاکیەکانیان لە ئاست ئەو کێشەیەدا، وەڵام دەرنین ودەبینین کە ئەو کێشەیە رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن دایە.

بەم دوایە، بەرێوەبەری گشتی بەهزیستی ئێران رایگەیاند کە خۆسووتاندنی ئافرەتان لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە، بە گوێرەی وتەکانی ناوبراو، زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی خۆدەسوتێنن تەمەنیان لە ژێری سی ساڵدایە، هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە لە پارێزگای ئیلام بە تایبەت لە شارەکانی دیوان و دیواندەرە ئەو دیاردەیە، هێڵی سووری تێپەراندووە. بە پێی ئەو ئامارە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆسووتاندنی ئافرەتان زیاتر لە ناوچەکوردنشینەکاندا دەبیندرێت کە جێگەی هەڵوێستە وتێرمانە، من بەش بەحاڵی خۆم تا ئێستا چەندین بابەتم لە سەر کێشەکانی ئافرەتان لە ماڵپەر و گۆڤارەکوردیەکاندا بڵاو کردونەتەوە و زۆر لە هۆکارەکانی خۆسووتاندنی ئافرەتانم لە کۆمەلگای کوردستاندا بە تایبەت لە باشووری کوردستان تێیاندا باس کردووە، بەڵام ئەوەی هانی دام کە ئەو بابەتە بنووسم ئەوەبوو کە ئەو کێشەیە ئێستا لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا زەق بۆتەوە، ئەویش رۆژهەلاتی کوردستانە. ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی بکەین دەبینین کە کومەڵگەیەکی سونەتی وعەشیرەیی و پیاوسالارە ولەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە، کە زۆربەی کێشەکانیش بۆ ئافرەتانی کورد لەو چوارچێوەیەدا دەسورێنەوە، بە گشتی دەتوانم بلێم کە زۆربەی هۆکارەکان یەک شتن لە هەر چوارپارچەی کوردستان.

لە بابەتەکانی پێشومدا زیاتر تیشکم خستبۆ سەر باشووری کوردستان، بەڵام لەو بابەتەدا دەم هەوێت باسی ئەو هۆکارانەبکەم کە ئافرەتانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەتتلێنەوە، هۆکاری سەرەکی خۆسووتاندنی ئافرەتان لە رۆژهەلاتی کوردستان توندوتیژی خێزانییە، سی ساڵ تێپەر بوون دوای هاتنە سەرکاری خومەینی و سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی رۆژ بەرۆژ ئەو تۆندوتیژیانە پەرەی سەندووە کە دەتوانین بەدڵنیایەوە بلێین کە لەو ماوەیەشدا کۆماری ئیسلامی زۆرتر خەریکی شەڕ بووە کە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بووە کە سایکۆلۆجی تاکەکانی ناو خێزان توشی بێ سەقامگیری و هەڵچون بکات. بەوواتایە دەتوانین بلێین کە شەڕەکان کاتالیزۆرێک بوون کە توانیویەتی توندوتیژی خێزانی پەرە پێبدات،

سەرەرای ئەو یاسا و قانونانەی هەڵاواردنی جنسییەتی بەدژی ژنان کە توند وتیژی خێزانی بەرادایەکی بەرچاو بردۆتە سەر.

یاساکانی نابەرانبەر لە نێوان پیاو و ژن لە یاسای بنەرەتی ئێراندا بوتە هۆی ئەوەی کە توندوتیژیەکانی خێڵەکی زیاتربێت هەر وەک دەبێنین لەو ناوچانەی کە یاساکانی خێڵ بەهێزترن توندوتیژی چەندین بەرانبەری ناوچەکانی دیکە زیاترن ئەو یاسایانەش دەبنە هۆی ئەوە کە کۆنفلیکت وتەنێش زیاتر پەرەبستێنێت.هەروەها بە پێی ئەو ئامارانەی کە ساڵی رابردوو لە ئێراندا بڵاو کرانەوە دەبینین کە پارێزگای ئیلام زیاترین رێژەی خۆسوتاندنی ئافرەتانی هەیە کە ساڵانە چوارسەد و سی کەس خۆ دەسوتێنن. زۆریەک لە پسپۆرانی ئەم بوارە باوەریان وایە کە خۆسوتاندنی ئافرەتان زۆرتر لە ناو چین و توێژی هەژار و کەم داهات و نەخوێندەواردا روودەدات، بەڵام بە باوەری هێندێکی دیکە ئەوە بە هۆکار نازانن و لەو باوەرەدان کە خۆسوتاندن لە هەموو توێژێکدا ئەگەری روودانی هەیە. بۆ نەموونە خانمێکی ئێرانی بە ناوی رووحی شەفیعی توێژینەوێکی لەوبوارەدا ئەنجامداوە وئاماژە بە کەیسێک دەکات کە لە ناوچەیەکی ئێران خانمێک دەی هەوێت لە مێردەکەی جیا بێتەوە، بەڵام ئەو خانمە نەیدەتوانی جیا بێتەوە چونکە هاوسەرەکەی نەی دەویست تەلاقی بدات، رۆژێک لە نەکاو دەچێتەوە ماڵ و مێردەکەی لە گەڵ ژنێکی دیکە دەبێنێت، دوای دەمەقاڵێکی زۆر خێزانی دەبێک نەفت بە سەر خۆیدادەکات و ئاگر لە خۆی بەردەدات. مێردەکەی هیچ هەوڵێک بۆ کوژاندنەوەی نادات تەنیا سەیری دەکات لەو کاتەدا تەنیا منداڵە چوارساڵەکەی ژنەکە شیلانگێک دێنە ئاوی بە دایکی دادەکات تا لە سووتانی رزگاری کات بەڵام، بەداخەوە دایکی فەوت دەکات، ئەو ژنە زانکۆی تەواو کردبوو، بەڵام هاوسەرەکەی بە موادی سرکەر ئاڵودەببوو. هەروەها خانمی شەفیعی باسی ئەوە دەکات کە خۆشکی ژنەکەش دوابەدوای ئەو رووداوە بە هۆی نەخۆشی خەمۆکی ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات. کە واتە دەتوام لێرە دا بڵێم کە خۆ سوتاندی ئافرەتان کە هەر وا ها لە کۆمەڵگای ئیمەدا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبیت وە بۆ تە کولتورێکی قێزە ون، هەتا ئەو ئافرەتانەی کە پە نا بۆ خۆ سوتاندن دەبەن ئەگەرلێکۆڵینەوە لەسە ئەم کارە بکریت هۆکار خۆ ساوتانەکەی دەگەریتەوە سەر ئەو ئەقلیەتە دەسەلات دارەی کە کۆ مەڵگا بە رێوە دەبات وە وای لی دەکا کۆمەلی کۆدی پی دەدات کە هەلسی بەم کارە، کە واتا دەکری بڵیین رێژەی ئەو ئافرەتانەی کە دەیان سوتێنین. من لێرەدا بۆ یە دەلێم دەیان سوتیننن چون بە دڵنیا یەوە گەر بێتوو بە دوا دا چونی لی بکریت وە هۆکاری خۆ سوتاندنیان دەگەریتوە بۆ ئەو فشارە روحی و جەستەیەی کە لییان دەکریت وە پەنا بۆ خۆ سوتاندن دەبەن وایان ئازار دەدەن کە هەسەت بە هیچ بونیک نەکەن وە تەنیا بیر لە ون بون بکەنەوە و بەس. بە داخەوە لە کۆمەلگای کوردیدا بە هەزاران کێسشە هەن کە ژنان بە هۆیان ئاگر لە جەستەیان بەردەدەن و کۆتایی بە ژیانیان دێنن چونکە هیچ رۆشنایەک شک نابەن کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنای بۆ بەرن. هەروەها حکومەتی کۆماری ئیسلامیش زۆر گرینگی بە چارەسەر کردنی ئەو کێشانە نادات تەنانەت لە رۆژنامەکانیش زۆر بە دەگمەن باسی لێوە دەکات چونکە ئەو کێشانە بە کێشەی خێزانی ناو دەبات.

نـزیکەی سـێ دەهەیە کە بە پێـی ئەوئامـارانەی کە کۆمـاری ئیسـلامی لە راگەیاندنەکانیـدا بـڵاو دەکـاتەوە پارێزگاکـانی کوردنشین زۆرترین ڕێژەی خۆ سووتـاندنیان تۆمار کردوە، بە پێی وتەی پسپۆران باشترین ڕێگە چـارە بـۆ کەمکـردنەوەی ئەو دیـاردەیە و کێشـە کـۆمەڵایەتیە، پەرەپێـدانی فەرهەنگـی پشـتیوانی لە ژنـان و تونـدوتۆڵکردنی ئەو یاسـایانەیە کە بـۆ بەرژەوەندی ژنان بەکار دێن، بەڵام بە داخەوە هەموو هەوڵەکـان لەو بـوارەدا لە چوار چێوەی کۆمـاری ئیسلامیدا بـێ ئـاکـام ماونەوە، چونکە رژێم دوژمنی سەرسەختی ئەو هەوڵ و چالاکیانەیە کە بۆ پشتگیریکردنی ئافرەتان ئەنجام دەدرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٠

---

## بزوتنەوەی سەوزو نارەزایەتیەکانی دوای هەڵبژاردن لەئیراندا

کاتێک هەڵبژاردن لەهەر وڵاتێک دەکرێ هێندێک گۆرانکاری سەرەکی و رواڵەتی لەسیستمی حکومرانی ئەو وڵاتانە رودەدا کەکاریگەری دادەنێت لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەئاکام دا بەستێنەکانی ژیان لەهەموو بوارەکاندا دەخاتەژێر رکێفی ئەو کاریگەریانەوە. ئەگەر ئاورێکی خێرا بەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەساڵی رابردوی ئیراندا بدەینەوە دەبینین کەئەو ساختەکاریانەی لەو پرۆسەیەدا روویاندا هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەبوو کە بۆ جارێکی دیکەمحموودی ئەحمەدی نژاد دەسەڵات بگرێتەوە دەست. قورسایی یان بەواتایەکی دیکەکودەتای باڵی پاوانخواز تا ڕادەیەک بوو کەخەڵکانی بەرهەڵسکار دژی سیاسەتەچەوتەکانی ئە حمەدی نەژاد[ چ لەناو خۆ و چ لەئاستی دەرەوەدا] بەلایەنگری لەموسەوی و خاتەمی و کەروبی برژێنە سەرشەقامەکان. داخوازی سەرەتایی لایەنگرانی بەرەی رێفورمخواز، لەسەر کار لاچونی مەحموود ئەحمەدی نژاد بوو. رەنگی سەوز سەرەتا وەکو سەمبولێک لەلایەن میرحوسینی مەسەوی دیاری کرا و ئامانج لەدیاری کردنی ئەو رەنگەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو باکگراوندەی کەسەید میرحوسینی موسەوی و محەمەدی خاتەمی هەیان بوو. هەر لەکەمپەینەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا لایەنگرەکانیان هاندەدا کەدەست بەندی سەوز و کوڵاو مل پێچی سەوز بەکار بێنن بەمەبەستی جیا کردنەوەی لایەنگرانیان لە ئەوانی تر. بەڵام هەر ئەو رەنگە دوای ساختەکاریەکانی هەڵبژاردن و خۆپیشاندانی لایەنگران بوو بە سەمبۆل و نمادی ئازادیخوازی ئەو بزووتنەوەیە. هەنووکەش زۆربەی ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو بزووتنەوە راگەیاندووە کە دەتوانین بڵێین بۆتەبزوتنەوەیەکی سەرتاسەری بۆ هەموو گەلانی ئیران. بەڵام لیرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە ئایا بەپشتیوانی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات، بزوتنەوەی سەوز دەبێتە ئەو چەترە کە هەموو گەلانی ئیران لەژێر خۆیدا کۆکاتەوە و لەئاکامدا ببێتەئاسۆیەک بۆ وەدیهاتنی هەموو داواکاریەکانی گەلانی ئیرا ن بەگشتی؟.

"لەراستی دا ئەو بزووتنەوە جەماوەریە مەزنەی کە هاتە ئاراوە، بەرهەمی سەرکوتکردنی داخوازیگەلانی ئێرانە کەبەدرێژایی سی ساڵ دەسەلاتداریەتی کۆماری ئیسلامی پەنگی خواردۆتەوە. داخوازیە تاکی، کۆمەڵایەتی، میللی و ئابووریەکانی خەڵکی ئێران کەسیستەم و کولتووری دەسەڵاتدارێتی کوماری ئیسلامی نەیتوانیوە لانیکەمی ئەو داخوازیانە بخاتە چوارچیوەی پراکتیکەوە."

ئەگەر بەکورتی چاوێک بەرابردوی رێبەرانی بزوتنەوەی سەوز لە ئێراندا واتە موسەوی و خاتەمی و کەروبی بخشێنین دەبینن کە ئەو سێ کەسە لەنزیکترین دۆست و یاوەرانی رێبەری پێشوی کۆماری ئیسلامی ئیران، واتە خومەینی دێنە ئەژمار

کە بەشێوەیەک دەتوانین بڵێن ئیمانێکی پتەویان بەچوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام بەو حاڵەش ئەو سێ کەسە لە لایەن خەڵکی ئیرانەوە بە ڕێبەرانی ریفۆرم خواز و میانەرەو دێنەئەژمار. ئەگەر کودەتا نەکراباو موسەوی ببوایەتە سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران، چاڵشێکی تایبەتی بۆ سیستەمی دەسەڵات داری لە ئیراندا درووست نەدەکرد. هەر وەها نەیدەتوانی قەیرانەسیاسی و ئابووریەکانی ئێران چارەسەر بکات یان لانیکەم گۆرانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەر دا بێنێ وجڵەوی ئەو قەیرانانە بگرێتە دەست. بۆ نموونە نەیدەتوانی کێشەی ئەتۆمی ئێران چارەسەر بکات. کێشەیەک کەکۆدەنگییەکی جیهانی بەدژی کۆماری ئیسلامی پێکهێناوە. هەموو وڵاتە زلهێزەکانی جیهان کۆکن لەسەرئەوەی کە نەهێڵن کۆماری ئیسڵامی بۆمبی ئەتۆم بەدەس بهێنێ. وێڕای ئەوەش هێڵی گشتی سیاسەتە ناوچەیەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ڕێبەری ئێرانەوە دیاری دەکرێ و سەرۆک کۆمار لەو بوارەدا ئیختیارێکی ئەوتۆی نیە. ڕەنگە هیچ کام لە موسەوی و خاتەمی و کەروبی پێش بینی ئەوەیان نەدەکرد کەدوای هەڵبژاردن بزوتنەوەیەکی گەورەی ئەوتۆ دژی سیاسەتەکانی ڕێبەری ئێران و ئەحمەدی نژاد سەر هەڵبداو ئەوانیش ببن بەخاوەنی ئەو بزوتنەوەیە. ئەگەرچی دوای هەڵبژاردن، سێ کەسی ئاماژەپێکراو، مل کەچی باڵی پاوانخواز نەبوون و نەرمشێکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە، بەڵام بەوەشەوە دەتوانین بڵێین ئەو سێ کەسەکە خۆیان بەرێبەری ئەو بزووتنەوەیەدەزانن، کەمترین ڕۆڵیان لەسازاماندەهی و ڕێبەر کردنی ئەو بزووتنەوەیە کە بە بزووتنەوەی سەوز خۆی پێناسەکردووە، نەبووە. لەراستی دا ئەو بزووتنەوە جەماوەریە مەزنەی کە هاتە ئاراوە، بەرهەمی سەرکوتکردنی داخوازیگەلانی ئێرانە کەبەدرێژایی سی ساڵ دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی پەنگی خواردۆتەوە. داخوازیە تاکی، کۆمەڵایەتی، میللی و ئابووریەکانی خەڵکی ئێران کەسیستەم و کولتووری دەسەڵاتدارێتی کوماری ئیسلامی نەیتوانیوە لانیکەمی ئەو داخوازیانەبخاتە چوارچیوەی پراکتیکەوە. لەراستیدا بزووتنەوەی سەوز بەرهەمی تێکۆشانی ئازادیخوازان و سەرجەم ئەو کەسانەیە کەباوەڕیان بەدیموکراسی و مەدەنیەت هەیە. بۆیە دەبینین زۆربەی نارازیەکان ئەگەرچی بەڕواڵەت خۆیان بەلایەنگری موسەوی و کەرووبی دەزانی بەڵام هیچ کات خۆیان لەچوارچێوەی دروشم و خواستەکانی موسەوی و کەروبیدا قەتیس نەکردووەو بەکردەوە نیشانیان دا کە لە گەل بنەماو ستراکتۆری کۆماری ئیسلامی دژایەتیان هەیە و هەڵبژاردن و کودەتایش تەنیا بەهانەو دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەگشتی بخەنەچاڵشێکی جیددیەوە. لەراستیدا دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی سەوز بەرهەمی ئازادیخوازانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتە نەک کەسێکی تایبەت و دیار!. دەبینین مێدیاکانی دەرەوەی وڵات ڕۆڵ و نەخشێکی بەرچاویان لەهاندان و سازماندەهی و ڕێکخستنی نارازیەکان گێڕا. بۆیەدەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی زۆریان هەوڵداوە و هەنووکەش هەوڵ دەدەن بۆ پەکخستنی ئەورێکخستنانە و بەردەوام پارازیت دەخەنە سەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندین و خیرایی ئینتەرنیتیش بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کردۆتەوە. بەڵام پرسیارێکی دیکە کە لێرەدا دێتەگۆرێ ئەوەیە گەلۆ بۆچی خەڵکی کوردستان بەشیوەیەکی بەربڵاو و عەمەلی ئاوێتەی ئەو بزووتنەوەیە نەبوون؟ ئەڵبەت نابێ نەخش و ڕۆڵی خوێندکارانی کورد بەکەم بگرین کەلەو پێناوەدا تەنانەت چەند شەهیدیشیان داوە، بەڵام دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی حیزبەکوردیەکان پشتیوانی خۆیان لەبزووتنەوەی سەوز دەربڕی، بەوەشەوە بەشداری خەڵکی کوردستان جگە لە شارەگەورەکان، بەشێوەی ئەوتۆ نەبوو.

کوردستانێک کەهەمیشە مەکۆی ئازادیخوازی و بەرخۆدان بووە و هەمیشەش بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە مامەڵەی لەکەل کراوە.

ئەڵبەت روون و ئاشکرایەکەخەباتی گەلی کورد، خەباتێکی مودێرن و سەردەمیانەبووەو ئامانجی ئەو خەباتەش چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکرات و سکۆلار لەئێرانێکی فرەنەتەوەدا بووەکەتێیدا هەموو گەلانی ئێران بەبێ جیاوازی بەمافەکانیان بگەن. هەر بۆیەدەکرێ بڵێن کەبزووتنەوەی ئازادیخوازی لەکوردستان تەمەنێکی درێژی هەیەو ئەگەرچی گەلێک خاڵی هاوبەشی لەگەل بزووتنەوەی سەوزدا هەیەبەڵام نەبەستراوەتەوەبەبزووتنەوەیەوە.

ئەگەر بزووتنەوەی سەوز خۆی لەچوارچێوەی بەرنامەکانی موسەوی و کەرووبیدا بەرتەسک بکاتەوە، واتەرفورم و گورانکاری رواڵەتی لەناو نیزامی کوماری ئیسلامیدا بکاتەئامانجی خۆی، نەتەنیا گارانتی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکرات و گەلی مسۆگەر نابێت بەڵکوو ئەزموونی سی ساڵ دەسەڵاتدارێتی ئەو نیزامەنیشانی داوەکە ئەو سیستەمە زەرفیەتی هیچ چەشنەئاڵوگۆڕ و هیچ گوڕانکارییەکی نییە. هەر بۆیەدەبێ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەئێران، پلان و بەرنامەو رێکارێکی جیدیتر و قووڵتر کەهەمان رووخانی یەکجارەکی ئەو نیزامەتووتالیترەیە، بخاتەرۆژەفی کاریی خۆیەوە. گاندی کاتێک باس لە وەدەرنانی دوژمن لە دەسەڵات دەکات دەڵێ: گرینگ ئەوەنیە تۆ چۆن چۆنی دوژمنەکەت لەدەسەڵات دەرکەی بەڵکو هونەرەی سیاسەت ئەوەیە کە بەرنامەیەکی لەبار و گونجاوت هەبێت بۆ بەرێوەبردن و ئیدارەکردنی دەسەڵات لە وڵاتدا کەتێیدا بتوانرێت دێموکراسیش بەمەفهومی خۆی بگات و لە هەمان کاتدا دەوڵەتی کوودەتا کۆتایی بەشانۆی خۆی بێنیت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٠

## لە یادی ٢٦ سەرماوەزدا

لەمێژوی و کاروانی خەباتی مرۆڤایەتی هەر گەلێکدا، ڕۆژی ڕووناک وو پڕشەنگدار هەن کە گەلی کورد بەدرێژای ژیان یادیان دەکات و ڕێزیان لێ دەگرێت. هەموو ئەو ڕۆژانە کە گەلی کورد بە خەبات و ماندووبوونی بەدەستهێناون و خۆڵقاندوونی مایەی شاانازین و نەوە ئەمەکناسەکانی ئەو گەلە بە ڕێزەوە یادیان دەکاتەوە. یەکێک لەو ڕۆژانە کە لەم وەرزەدا ڕوبەڕوی دەبینەوە ٢٦ی، سەرماوزە (ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان).

خەباتی گەلی کورد، خەباتێکە کە پیشمەرگە وەک هێزێکی سەرەکی دەوری بینیوە بە تاییەت لەو کاتانەی کە تاریکایی سوپای جەهل و تاریکی باڵی بە سەر نیشتیماندا کێشاوە، پێشمەرگە بۆتە چرایەک کە تاریکایی بە سوپای جەهڵ رامالیوە. ئەو مرۆڤە گیان لەسەر دەستە کە قەترە بە قەترە خوێنی جەستە ی کردۆتە سوتەمەنی ئەو چرایە و کردویەتیە دیاری بۆ گەل و نیشتیمانەکەی تا کو نەوەکانی داهاتوو لە ژێردا بحەسێنەوە و بە گەشاویی راگرن.

پیشمەرگە، ئەو مرۆڤە ئازا و لە خۆبوردیە کە بێ ئەوەی بۆ چرکەیەک بیر لە مەرگی بکاتە لەمەیدانی تێکۆشان و سەنگەردا تا دواهەناسەیی ژیانی بێوچان کۆلی نەداوە و هیچ بەربەست و سەختییەک چ لە شاخ یان لە شار بە هەوڵ و ئیرادەی پۆلاینی لە سەر ڕێگەی تێکۆشانی رابردووە و باوەری پتەویی بەو ڕێبازە هەبووە کە هەلیبژاردووە. بە کورتی پێشمەرگە ناسنامەی گەلێکی مەزلووم و ستەمدیدەیە کە بە کەمترین ئیمکانات بە گژ سوپای جەهل و خورافاتدا کە تا سەر ئێسقان بە جۆرها ئیمکانات پڕ چک کراون چۆتەوە و چۆکی پێ داهێناون.

هەر کات برین، خوێن، شەهیدو، ڕەنگی خاکی، بەرزای چیاو، کۆلەپیشتی، نانی رەقو، ڕەخت و تفەنگ، زەنگاڵ، قوم قومەی ئاو، مانگەشە و شەونەخونیم بیر دێتەوە، بالای بەرزی ئەو مرۆڤە گەورە و ساکارەم وئازادیخوازەمان دێنێتەوە یاد کە ژیان دەبەخشێت لە پێناو ئامانجێکی گەورەدا. گەورەیی پێشمەرگە واتا گەورەیی مرۆڤێک کە هەست بە زوڵم و ستەم دەکات ئەو ئینسانە ئازادیخوازەی کە خەون بە سەربەخۆیی و دیموکراسی و ژیانێکی ئاسودە بۆ خەڵکی و نیشتیمانەکەی دەبینێت. گەورەی ئینسان دەتوانیین لە پێشمەرگەدا مانای کەینەوە.

پێشمەرگە، ڕۆڵەی ماندوو نەناسەیی گەلەکەیەتی کە شە و ڕۆژ دەخاتە سەر یەک تا بە بیری تیژی و بە چەکی شان و بە شعوریی سیاسی دیفاع لەخاک و زێدەکەی بکات، ئەو هەڵۆ بەرزەی کە ستەم و بێ ڕێزی بە هاونیشتیمانانی و زمان

وکولتوری خۆی پێ قەبوول ناکرێت. ئەو مرۆڤێکە کە بەباوەر ئیمانێکی پاکەوە نای هەوێت لەبەرانبەر سەرکووتو زوڵم و زۆری دوژمندا بیدەنگ بێت.

پیشمەرگە، رۆڵەیەکی خاکی و هەڵۆ وپاسەوانی خاکەکەیەتی، فیداکارە لە پێناو نیشتیمان وزیدەکەی کە هەموو بندارو بەردێک بە لایەوە پیرۆزە. پێشمەرگە واتا ئازا، گیان فیدا، نەترس و بوێر.

ئەگەر لە مێژووی پیدابوونی ووشەی پیشمەرگە بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوی پێشمەرگە بۆ ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە کە کۆماری کوردستان تیدا لە دایکبووە،. کەواتا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو رۆژە دیاری کردووە بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و تێکوشانی لاوانی نیشتیمانی کە لە دوایدا بو بە ناوێک بۆ هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەی کە لە پانتایی کوردستان لە خەباتدا بوون بۆ دیفاع و بەرگری لە وڵاتەکەیان، واتا هەر رۆڵەیەکی کورد لەر هەر بەشێکی کوردستان بێت ئەگەر لە سەنگەری خەباتدا بێت ئەو نازناوەی پێدەبخشرێت، بەڵام ئایا کاتی ئەوەش نەهاتووە کە ٢٦ی سەرماوز وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرتاسەریکوردستان وەک رۆژێکی مێژوویی بەرەسمی بناسێندرێت.

بێ گومان ماڤی خۆیەتی کە ئەو رۆژە حەقی تەواوی خۆی پێ بدرێت بۆ ئەوەی کە هەموو ساڵێک بە رێز و شکۆوە یادی ٢٦ی سەرماوزە بکرێتەوە.

هیوادارم پەرلەمانی ناوچە ئازادکراوەکەمان ئەو شەرعیەتەی پێ ببەخشێت و وەک رۆژێکی مێژووی لە رۆژمێریی کوردستاندا تۆماری کات بۆ ئەوەی رۆڵەکانی داهاتووی ئەو گەلە بەرێزەوە یادی بەرخۆدانی ئەو رۆڵە ئازایانە بکەن کە ئەو رۆژەیان خۆڵقاندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١١

## توندوتیژی دژ بە ژنان و ئاکامەکانی

هەر کردوەیەک کە ببێتە هۆی ئازاردانی فیزیکی و رووحی کەسی بەرانبەر دەچێتە خانەی توندو تیژییەوە. بەڵام، کاتێک باس لەو توند و تیژیانە دەکرێت کە تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک پێیەوە دەتلێنەوە، زیاتر رەنگدانەوە بیر و فیکرانەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگەکانی پێنەگەیشتوو لە جەخزە و بازنەی خۆیاندا دەخولێتەوە و کۆمەڵگەش لە بەستەری چەقبەستووی خۆیدا دەهێڵێتەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرچاوە و بەرهەمی فیکری دیکتاتۆریانەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگاکانەیە کە لە ئاکامدا شەڕو توندو تیژی لێدەکەوێتەوە. بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم کە قوربانی سەرەکی ئەو توندو تیژیانە ژنانی ئەو کۆمەڵگایانەن. هەر یەک لەئیمە کەم تا کورتێک لەسەر مێژوی ئازارو ئەشکەنجەدان و سوکایەتیکردن و بچوکردنەوەی کەسایەتی ژنان و چەوسانەویان و پێشێلکردنی مافەکانیان چ لە خێزاندا یان لە کۆمەلگەدا بیستومانە یان بە چاوی خۆمان دیتومان و هەستمان بە ئازار و مەینەتیەکان کردوە، دەشزانین کە ئەو دیاردەیە کە بۆتە کولتور و کۆمەڵگای لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانی خواز بۆ کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار گۆریوە، بەتایبەت لەوکۆمەڵگەیانەی کە لە ئاست ئابوری، فەرهەنگی، هۆشیاری و رۆشنبیریەوە هەژارن. ووشەی توندو تیژی دەتوانێت بە زۆر شێوە پیناسە بکریت کە رەنگدانەوەی نیگەتیڤ لە سەر جەستەی و سایکۆلۆژی کەسی قوربانی جێدەهێلێت. بۆ نمونە، لیدان، سوکایەتی، ئازاردان، شکاندن، بەکەم وەرگرتن، بایکۆت کردن،فەرهەنگی، ئابوری، دەستریژی بۆ سەر جەستەی ژن، شکاندن،جنێودان،هەڵاواردن کە دەبنە هۆی ئەو کەسایەتی ژن بچوکبکرێتەوە و تووشی نەخۆشی خەمۆکی ببێتەوە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسی قوربانی بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە.

توند و تویژی، هەروەها دەتوانرێت وەک دیاردەیەک سەیربکرێت کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە رووبەرووی دەبنەوە. زۆر جار لە میدیاکان گوێبیستی جۆرها توندو تیژی دەبین، بێ ئەوەی لە هۆکار و سەرچاوەی ئەو توند و تیژیانە بکۆڵرێتەوە بەلام، ئایا هەر بیستنی بەسە؟ یان دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن لە فیکری ریگەچارە یەک بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو دیارده دابن کە وەک پەتا لە کۆلەڵگە بلا بۆتەوە کە هۆکاری سەرەکیشی بۆ کەم هوشیاری کەساکەن دەگەرێتەوە. بۆیە بە راشکاوی داتوانم ئاماژەی بەو خاڵە بکەم کە دەزگاکانی راگەیاندن هۆکاری بڵاو بوونەوەی تا چارەسەرکردن، چونکە بە پێی پێویست نەیانتوانیوە مامەڵەی زانستیانە لە گەڵ رووداوکاندا بکەن و تاکەکان لە ئاست مافەکانیان هوشیار کەنەوە.

پەرەسەندنی ئەو توندو تیژیانە پەیوەندی بە ئاستی کۆمەڵگە پیاوسالارەکانەوە هەیە کە تێیدا پیاوان شەرەف لە ناو دەلینگی ئافرەتدا دابینن، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، هەموو ئەو توند و تیژیانەی کە ئەنجام دەدریت تەنها لەبەر ئەوەیە کە

ئەو خێزانە کەسایەتی لە کۆمەڵگەدا لەککەدار نەبێت. بەپێی ئەو ئامارانە کە ساڵانە رادەگەیەندرێت، دەبینین کە ساڵ بە ساڵ ئەو توندو تیژیانە رێژەیان زیاد دەکات.

توندو تیژی دژ بە ژنان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئاستی ئەو توند و تیژیانە لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. بەو مانایا کە توندو تیژی لە وڵاتە دێموکراتەکانیش کە لە ئاستێکی باشی رەفای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانێک کە قانون و یاسا حاکمە، رێگە بە هیچ توند و تیژیەک نادرێت و مافی ژنان و پیاوان لە یاساکان مسەوگەر کراوە و لەوانەشە لە هێندێک بواردا مافەکانی ئافرەت لەو وڵاتانەدا زیاتر بێت لە مافەکانی پیاوان، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگا سونەتیەکان، یاساکان لەسەر بنەمای دین و مەزهەب دارێژراون کە لە زۆر بوارده دژیاتی هەیە لە گەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ.

لە کۆتایدا دەمهەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە توندو تیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگە گەشە نەسەندوەکاندا، بۆتە مۆتە و کابوسێک کە سەراپا مێشک و جەستەی ژنانی داگیر کردوە. بۆیە بۆ دەربازبوون لەو کابوسە ئەرکی ژنانە کە خۆیان لەو بەند و زنجیرە ئازاد بکەن و بۆ دەستەبرکردنی مافەکانیان شێلگیرانەتر بێنە مەیدان و کارێک بکەن کە یاساکانی مافی مرۆڤ شوێن ئەو یاسانە بگرێتەوە کە لە سەر بنەمای ئایینی یان خێڵەکی دارێژراون.

بۆ روونکردنەوە و وردبوونەوەی زیاتر لەو توندو تیژیانە بە پێویستم زانی ئاماژە بەو ئامارانە بکەم کە لە ساڵی ٢٠١٠ کەلەلایان بەریوەبەرایەتی توندو تیژی دژ بە ژیان لە کوردستان ئەنجام دراوە.

ئەوژنانەی کە لە پارێزگای هەولیر خۆیان کوشتوە ( ١٢) ژن کە تەمەنیان ١٨ بۆ ٣٠ وە باس لەوە دەکات کە ئەو خۆکشنە لە ٧٦% بە هۆی چەکەوە بوە ەر لە ٣٣% لە ریگە خۆخینکاندن.

هەروەها راپرتەکە باس لەوەدەکات کە هەر لە سالی رابریدودا (٢٦) ژن کوژراون، کە لەوانە ٥ یان بە بەبیانووی شەرەفو (١٧)شیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی کە بەسیی رۆر گرفتەکە دەگەریتەو ەبۆ مۆبایل، راپۆرتەکە ڕوونیشیکردووەتەوە، جگە لەکوژرانی ئەو ژنانە لەهەولێر، (٦٤، کە (٥٥%)یان بەهۆی ڕقی خێزانەکانیانەوە بووە، (٦٥%)ی ئەو ئافرەتانەی کە سووتاون شوویان کردووە، هاوکات (١٠٢) سەدو دوو ژنی تر بەهۆی قەزاو قەدەرەوە سووتاون.

لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوەشکردووە، ساڵی ڕابردوو (١١٢٣) سکاڵایان تۆمارکردووە، کە (٤٨%)یان تەمەنیان لەنێوان (١٩ بۆ ٣٠) ساڵیدابووە، (٦٣%)شیان هۆکاری سکالاکان دەگەڕێننەوە بۆ کێشەی نێواخێزانەکان.

ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەرێتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان ئاماژەی بەوەشکردووە، لەو ساڵەدا (٢٣٥ ئەشکەنجەدراون، کە (٨٥%)یان شوویانکردووە، (٦٦%)شیان هۆکاری ئەشکەنجەدانیان بۆکێشەی نێوان ژن و مێرد دەگەڕێننەوە، (٣٥ ژنی تریش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەر کراوەو کە (٦٠%)یان خوێندەوارن و (٧٨%)ی ئەو ڕێژەیەش، لەلایەن کەسانی دەرەوەی خێزان توندوتیژییان لەبەرامبەردا کراوە.

بەگشتی ئەو دۆسێیانەی کە ساڵی (٢٠١٠) لەو بەڕێوەبەرێتییە تۆمارکراون، (٧٤%)یان لەدادگا داخراون،

بەپێی ئەوئامارانە کە لە ساڵانە لە بەڕێوەبەرایەتی توندو رادەگەینرێت، هۆکاری جیاواز لە خۆدەگرن کە بۆ ریشەکێشکردنی ئەو دیاردەیە پێویستە بە باشی لە هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی هێمن و ئارام بەدی بێت کە دوور بێت لە هەرە جۆرە توند و تیژیەک.بەهیوای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دیموکراسیخواز و دوور لە هەرە چەشنە توندو تیژییەک. لەکۆتایدا دەم هەوی ئەوەبلیم کە توندوتیژی بۆتەمۆتەکە بەسەر پرچی ئالتونی ژنان بە خوێندەوارو نە خوێندەوارەوە، دەستێکی پڕ ترسە بۆسەر ژیانیان. بۆ ئاماری ڕێژەی توندوتیژیەکان کەڵک لەو سایتە وەرگیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کچی کورد – ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

---

## ئایا هەڕەشەکانی ئەسەد ڕۆژهەڵاتی ناوین دەخاتە لەرزە؟

گۆرانکارییەکانی جیهان بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی و باکوری ئەفریقا بە تایبەتی کاریگەریان خستۆتە سەر هاوکێشە سیاسیەکانی جیهان بە گشتی و ئەو وڵاتانەی کە بایەخێکی زۆریان هەیە لە هاوکێشەکانی دونیادا بە تایبەتی. هەموو ئەو ئاڵوگۆرانەی کە لەم دوایەدا ڕویانداا راستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ هاوکیشە سیاسی و ئابورییەکانیان ئاڵۆزتر وناوندە بڕیاردانەکانی نێودەوڵەتیان خستۆنەتە ژێر رەکیفی خۆیانەوە.

ئەگەر چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر مێژووی ئەو وڵاتانەدا بکەین کە شۆرشەکانیان لەو ماوەیەدا گەیشتنە ئەنجام و کۆتاییان بە حوکمرانی چەندین ساڵەی ئەو دیکتاتۆرانە هێنا کە بۆ ماوەیەکی زۆر جڵەوی دەسەڵاتیان گرتبۆ دەست و هەموو سامانی وڵاتەکانیان بە فیرۆدا بە مەبەستی مانەوەی خۆیان لە سەر دەسەڵات، بەڵام لە کۆتایی ئاکامی رووخانی ئەو دیکتاتۆرانەمان دیتن کە بە چ شێوەیەک دەسەڵاتیان لی سەندرایەوە و بەرەو لە ناوچوون هەنگاویان نا. ئێستاش هێندیک لەو دیکتاتۆرانە کە لەسەر دەسەڵات ماونەتەوە و بە زۆری دەیان هەوێت بە هەر نرخێک بیت درێژە بەدەسەڵاتی ستەمکارانەی خۆیان بدەن بێ ئەوەی تەجروبە و ئەزموون لە روخانی هاوتاکانی خۆیان لە ناوچەکە وەرگرن و بی ئەوەش کە گوێ لە ویست و داخوازیەکانی خۆپیشاندەران بگرن، دەیان هەوێت بە زۆر سیاسەتی ئیکسپایەرو سەرکوتکەرانەی خۆیان بە سەر خەڵکدا زیاتر داسەپێنن.

ئەگەر سەیر بکەین بەشێکی هەرە زۆری دیکتاتۆرەکان، لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەراستەوە سەریان هەڵداوە، ئەگەر لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە کە هۆکاری سەرەکیان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ دەبینین کە کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکی و ئەساسی لە پشتی خوڵقانی ئەو دیکتاتۆرانە بن کە لەوانەیە هێندێک، لەوهۆکارانە دەرەکی بن و هێندێکیش ناوەکی. هەر ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوەراست هیچ کات رووی ئارامی و هێمنی بە خۆوە نەبینێت و دیکتاتۆرێک بروخێت و یەکی دیکە بە شێوەیەکی دیکە لە جێگەی زەق بێتەوە.

زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست هەڵکەوتوون بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان کێشە و ئاژاوە بۆ وڵاتانی دەوروبەریان دەخوڵقێنن تاکو کێشە ناوخۆیەکانی خۆیان بەرنە دەرەوەی سنوورەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش یارمەتی ئەو گروپانە دەدەن کە هۆکاری شەڕ ئاژاوەن لە ناوچەکەدا وپشتیوانی لە سیستمێکی دیکتاتۆری دەکەن. وە ک دەزانیین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەو نێوەدا دەورێکی گرینگ دەبینێ لە خوڵقانی ئاژاوە و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی، پاڵەپشتی هەموو ئەو گروپانە دەکات کە دەورێکی سەرەکیان هەیە لە ئاژاوەگێری لە

ناوچەکەدا، لەو ناوەندەدا حکومەتی سوریا کە پێگەیەکی ستراتیژی و جوگرافی و ژیئۆپۆلیتیکی گرینی هەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران لەو روانگەوە بایخێکی زۆر بە حکومەتی بەشاد ئەسەد دەدات بۆ پێشبردنی سیاسەتە چەوتەکانی لە ناوچەکەدا. کۆماری ئیسلامی لەو رێگەیەوە (رژیمی بە شاد ئەسەد) زۆر یەک لە ئامانجە سیاسی و کلتوریەکانی لە ناوچەکدا دەپێکێت، بۆ نموونە یارمەتی مادی و مەعنەوی هەموو ئەو گروپە ئیسلامی و جیهادیانە دەدات کە رۆڵێکی گرینگ دەبینن لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا، لەوانە حیزبولای لوبنان و حەماس لە فەلەستین و جەیشی مەهدی و سوپای بەدر لە عێراق کە هەر کات پێویست بکات ئەوە ،کۆماری ئیسلامی بۆ پیش بردنی ئامانجەکانی وەک چەکێک بە کار دێنێ دژی بەر هەڵستکارانی. لەونێوەندەدا سوریا وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی کۆماری ئیسلامی، هۆکارێکی سەرەکی ئاڵۆزبوونی هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەیە ئەگەر رژیمەکەی بەشار ئەسەد بەو شێوەیەی ئێستا بەر هەڵستاکار و خەڵکە راپەریوەکەی وڵاتەکی خۆی سەرکووت کات و لەو راستایەشدا دەستێکی دەرەکی بی هەوێت بەشێوەیەکی راستەو خۆ دەست بخاتە ناو کارو باری حکومەتەکەی بەشاد ئەسەدەوە، ئەوە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین و بەدوور نازاندرێت کە ئەگەر هێرشێک لە شێوەی هێرشەکەی ناتۆ بۆ سەرلیبیا لە سوریا روو بدات و وڵاتانی رژئاواوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەست بخەنە کاورو باری سوریاوە،ئەوە ناوچەکە بە شێوەیەکی چاوەروانەنەکراو ئاڵۆزی و پشێوی بە خۆوە دەبینێت. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە خۆی بە هاوپەیمانێکی سەرەکی سوریا دەزانێت و بوونی خۆی لە درێژەدانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەبینێت ئەوە بە شێوەیەکی راستەو خۆ یارمەتی حکومەتەکەی باشاد ئەسەد دەدات و دەبێتە لایەنی سەرەکی شەڕەکە، لەو نێوەشدا بەکرێگیراوەکانیان وەک حیزبولاو حەماس راکێشی ئەو شەڕە دەکرێن وشەڕێک لە دژی ئیسرائیل هەڵدایسێنن و ئەو کات ئاڵۆزیەکی بەرفراون سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. لە هەمانکاتدا هەموو هاوکێشە سیاسی و ئابورییەکان دەگۆردرێن، بە شێوەیەک نرخی نەوت لەبازارەکانی جیهاندا بە رێژەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە و گرژی و ئاڵۆزیەکی چر سەرتا سەری جیهان دادەگرێت.

ئەگەرهەڵوێستەیەک لە سەر وتارەکەی ئەم دوایەی، بەشآر ئەسەد سەرۆکی حکۆمەتی سوریا بدەین، دەبینین کە هەڕەشەکانی جیدین ، سەرەرای ئەوەی دەتوانیین ئەوەی لە وتارەکەی هەڵێنجین کە لە ناوچوونی حکومەتەکەی نزیک بۆتەوە، بەو مەبەستەش بۆ درێژەدانی دەسەڵاتەکەی ئەوەی پێویست بێت دەیکات ئەگەر شەڕیش بێت.

بۆیە دەبێت وڵاتانی زلهێز هەرەشەکانی ئەوم دواییەی بەشاد ئەسەد زۆر سیاسیانە و بەهێند وەربگیرێن تا کو بتوانرێت بە شێوەیەکی دور لە توند و تیژی حکومەتەکەی بە شآد ئەسەد ناچار بکرێت کە واز لە کوشتنی هاوولاتیانی بێنێت و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەسەڵاتەکەی جێبەهێڵێت. تاکو جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوەراست لەو ئاژاوە و ئاڵۆزیە بپارێزرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – رێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## ئەگەری ئاڵۆزتربوونی رۆژهەڵاتی ناوەراست

رۆژهەڵاتی ناوەراست هەمیشە لە درێژای مێژوودا، گۆرەپانی یەکلاکەرەوەی کێشەکان بووە. هەر لە شەری ئیمپراتوریەکانەوە بگرە تا ئێستا، ئەو ناوچەیە بە هۆی هەڵکەوتەی ژئۆپولیتی و ستراتیژیەتی جێگەی بایخی زلهێزەکانی جیهان بووە. هاتنە سەرکاری حکوومەتەکانی دیکتاتۆر و نەبوونی شفافیەت و متمانە و دواکەوتووی و ناهوشیاری خەڵکانی ئەو ناوچەیە، کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە، بە چەشنێک هەر بیست یان سی ساڵ لە مێژووی سەد ساڵەی ئەو ناوچەیە ئێمە شاهیدی شۆرشێکی جەماوەری لە یەکێک لە وڵاتانی هەڵکەوتوو لەو ناوچەیە بووین، بەڵام بەداخەوە بە هۆی بێ پلانی و نەبوونی هەدەفێکی ئامانجدار دیکتاتۆرێک رووخاوە و دیکتاتۆرێکی دیکە لە جێگەی زەق بۆتەوە.

دەتوانین بەراشکاوی ئاماژە بەوە بدەین کە هێنانی سەرکاری دیکتاتۆرەکان لە هەناوی ئەو کۆمەڵگایانە سەرچاوە دەگرێت، بەو مانایە کە خەڵکانی ئەو ناوچەیە بەدیهێنەری ئەو دیکتاتۆرانەن کە حکومرانیان دەکەن. ئەگەرچی کەسانێکیش هەن کە دژی ئەو دیکتاتۆرانە دەوەستنەوە، بەڵام بەداخەوە دەنگی ئەوانە زۆر کزە و زۆر درەنگ، زۆرینەی خەڵک لەو بۆچوون و ئامانجەکانیان تێدەگەن. بۆیە ئەگەر ئێستا وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقا دەستیان داوەتە شۆرش و لە هێندێک لەوانە شۆرشەکانیان سەرکەوتووە، ئەوە بەو مانایە نییە کە بتوانن دێموکراسی بە مانای ووشە مومارسە کەن. سەرەرای ئەوە، پرۆسەی دێموکراسی پێویستی بە زەمان و کات هەیە کە زۆرینەی خەڵک بتوانن لەوە تێبگەن کە دێموکراسی راستەقینە بە بێ هەڵاواردنی دین و سیاسەت نایەتە دیت، سەرەرای ئەوە دەبێت زمینە خۆشبکرێت بۆ ئەوەی یاساکانی مافی مرۆڤ جێگەی یاسا شەرعی و ئاینەکان لەو وڵاتانە بگرێتەوە، بەڵام لە وڵاتانەوە کە ساڵانێکی درێژە لە ژێر سایەی دیکتاتۆرەکانیان دا ژیاون ئەستەمە بە ماوەیەکی کورتخایەن ئامانجەکانیان بێتە دیت.

وڵاتانی ئێران و تورکیە هەر کامیان ئێستا بە شێوەیەکی راستە و خۆ دەست لە کار و باری ئەو وڵاتانە وەردەدەن کە شۆرشیان بە ئاکام گەیشتووە و یان خەریکە با ئاکام بگات. هەر کام لە وڵاتانە رۆڵی ئیمپراتوریەکانی سەفەوی و عوسمانی دەگێرن کە هەر ئەو رۆڵگێرانەیان ئاکامی باشی نە بۆ خۆیان نە بۆ ئەو وڵاتانەی خەڵکی وەزاڵەهاتوویان ویستوویانە یان دەیان هەوێت لە ژێر حوکمی دیکتاتۆرەکان بێنە دەر. دەستتێوەردانی تورکیا و ئێران زۆر بە ئاشکرایی لە وڵاتی سوریا دا دەبینرێت. ئەگەری زۆری هەیە کە هەر ئەو دەستێوردانە ببێتە هۆی ئەوە شەرێکی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی ناویندا هەڵگریسێت، کە هیچ کەس ناتوانێت داهاتوو و پانتایی ئەو شەرە پێشبینی کات. سەرەرای ئەوە چاودێری پێشووی ئاژانسی وزەی ناوەکی بە راشکاوی رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی دەتوانێت تا کۆتایی ٢٠١٣ دەستی بگاتە چەکی ناوەکی،

کە ئەوەش نیگەرانییەکی زۆری بۆ کۆمەڵگەی جیهانی دروستکردووە، دوور نییە کە وڵاتانی جیهانی بۆ پێش گرتن لەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەنگاوی پراکتیکی بهاوێژن. هەروەها کێشەی فەلەستین بە بانگەوازی مەحموود عەباس لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی ناوتەوە قۆناغێکی نوێ و حساسیەتێکی دروستکردووە بە چەشنێک کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە راشکاوی رایگەیاند کە دژی ئەو بۆچوونەی مەحموود عەباسە، هەروەها رایگەیاند کە فەلەستین وڵاتێکە کە سنوورەکەی لە نەهرەوە تا بەحرە. هەر ئەو بۆچوونەی ڕێبەری ئیسلامی ئێران، ڕێبەرانی ئیسرائیلی خستە ناو کردەوەیەکی بەرگری زیاتر لە جاران. جیا لە کێشەی فەلەستین و شۆرشی وڵاتانی عەرەبی، چونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کێشەکانی ئەو وڵاتە لە جاران قوڵتر دەکاتەوە و دووریش نییە کە دەستێوەردانەکانی وڵاتانی ناوچەکە لەو وڵاتەدا، شەرێکی تایفی دەستپێبکات کە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەراست بگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## چارەسەری کێشەی کورد لە ناوەندە بریاردانەکانی نێودەوڵەتی دایە
## نەک لە پایتەختی وڵاتانی داگیرکەر

کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیا و ژئۆپۆلۆتیکەوە بە درێژای مێژوو جێگەی سەرنجی وڵاتە زلهێزەکانی دوونیا بووە.ئەگەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنینەوە دەبینین کە زۆربەی شارستانیەکان لە کەنار ئاوەکان لە دایکبوون و بە جیهاندا بڵاوبوونەوە. کوردستان بە هۆی سەرچاوکانی ئاوی شیرین وەک دجلە و فورات و سیروان و زێی بچوک و گەورەو و....، هەمیشە ئاوادانی تێیدا بوونی هەبووە و خاوەن پێگەی خۆی بووە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە و ....، زۆربەی ئاینە زەمینیەکان لەو ناوچەیە سەریانهەڵداوە وەک ئیزدی، مانی و زەدەشتی و...، کە هەرکام لەوانەش بۆ سەردەمانی خۆی جێی رێز و پەرەستیشی پەیرەوانیان بووە و خشتێک بوون کە خراونەتە ناو کلتور و فەرهەنگی جیهانییەوە. زۆربەی شەڕەکانیش بە هۆی ئەوەی سنووری کوردستان لە گەڵ یۆنان و دەروازەی وڵاتانی رۆژئاوایی بووە لەو ناوچەیەی روویداوە.دوای پێکهێنانی دەوڵەت و میللەت ئەو ناوچەیە جێی بایخی زیاتری پیدا کرد بۆ وڵاتانی رۆژئاوا. ئەو وڵاتانەش بە پێی بەرژەوەندی خۆیان رژێم و حکوومەت و دەوڵەتهایەکیان دەهێنانە سەر دەسەڵات کەتوانای پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان هەبانایە. ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەو وڵاتانە جێگەیەکی ستراتیژی بووە، چ لە روانگەی ئابووریەوە و چ لە روانگەی سیاسیەوە، بۆیە لە چەندین شوێنی ئەو ناوچانە کێشەهایەکیان خوڵقاند کە بتوانن هەمیشە لەو کێشانە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان دەسکەوتیان دەست کەوێت. کوردستانیش کە دەبێتە دڵی ئەو ناوچەیە بایخی زیاتری هەبووە بۆ ئەو رژێمانە و بە پێی بارودۆخی ناوچەکە یاریان با چارەنووسی ئەو گەلە کردووە. ئێمە ئەگەر زیاتر خورتبینەوە دەبینین کە هەر لە دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیەوە و بێ بەشکردنی کورد لە دەوڵەتیکی سەربەخۆ، کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە لە خەبات و بەرخۆدان دابوون تا بتوانن کیانێکی سەربەخۆ بۆ گەلەکەیان بنیات بنێین. بۆ بەدەست هێنانی رزگاری وسەر بە خۆیی و چارەسەری کێشە رەواکەی هەمووی رێگەکانی تاقی کردەووە تاکو بە ئامانجە سەرەکییەکەی کە رزگارکردنی نەتەوەکەی بوو بگات، بەڵام بەرژەوەندی وڵاتانی بەرژەوەند پەرست و زلهێز ئەو مافەیان لە گەلی کورد زەوت کرد. بەو واتایا کە کاتێک دوژمنانی کورد هەوڵیاندا بەربەست بۆ خەبات و بەرخۆدان و شۆرشی کوردان دروستکەن و جێگەی پێگەی خۆیان لەو ناوچە ستراتیژیکیەو پڕ بایخە بکەنەوە، یەکەم هەنگاو بیریان لە دابەشکردنی کوردستان کردەوە. بەم جۆرە خاکی کوردان لە نێوان زلهێزەکانی ئەو کاتە واتە هاوپەیمانانی ئەو سەردەمە فەرەنسا، ئینگلیز دەستی بەسەر داگیراو لە پیناو بەرژەوەندی خۆیاندا دابەش کرا. کۆمەڵێ پەیمانێک هاتنە ئاراوە هەر یەک لەو پەیمانانە خاڵ و باسی گرینگیان لەسەر خاکی کوردستان تێدابوو.لە پەیمان نامەی سیڤەر لە سالی ١٩٢٠وە بیگرە تا پەیمان نامەی لۆزانی ١٩٢٣. ئەو دوو پەیمان نامە زۆر کار یگەریان لەسەر خەباتی گەلی کورد هەبوو. وە هەر چەند

پەیماننامەی سیڤەر خاڵی پۆزۆتیڤی تیدا بوون بۆ ئەوەی کوردیش وەک گەلانی ناوچەکە ببێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ و بەم شێوە بتوانێت داکۆکی لە بوونی خۆی و فەرهەنگ و مێژوو و کولتوری بکات، بەلام بەداخەوە بە پەیماننامەی لۆزان هەموو ئەو خەونانەی کە لە پەیمانی سیڤەردا گەلالە کرابوون پوچەڵ کرانەوە.

بۆ باس کردن لە کێشەی کورد و چارەسەرەکانی، بێ گومان پێویستمان بەسێ فاکتۆری گرینگ و ئەساسی هەیە پیشتیوانی ناوەکی و دەرەکی و هەروەها سەرکردایەتیەکی کارامەو و بە هێز، تاکو بتوانن لە مەیدانی سیاسی ئەورۆکەی کوردان بۆ سەربەخۆیی یان دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ یان خۆت بۆ بەدەستهێنانی گشت مافە رەواکانی گەلی کورد رۆلیان هەیە. باس کردن لە سەر کێشەی کورد کە گەورەترین کێشەیە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، پێویستە بە شێوەیەکی زانستی ئانالیز بکرێت و چارەسەری گونجاویشی بۆ بدۆزرێتەوە. هەرچەند کێشەی کورد بە کێشەیەکی ئالۆزی رۆژهەلاتی ناوەراست دێتە ئاژمار، بەلام تا ئێستا لە ناوندە بریاردانەکانی نێونەتەویدا بە هێند وەرنەگیراوە و یان نەیانویستووە ئاورێکی خێرای لێبدەنەوە، چونکە لە روانگەی ئەوان ناوچەی جوگرافیای کوردستان بە ناوچەیەکی ستراتیژی و دڵی رۆژهەلاتی ناوەراست دێتە ئەژمار. بوونی کێشەش لەو ناوچەیە بەو شێوەیە لە قازانج و بەرژەوەندی ولاتە سەرمایەداری و ئیمپریالیستەکاندایە. بە بیرو بۆچوونی من هە روەک چۆن کوردستان بەدەستی دەوڵەتانی زلهێز پارچە پارچە و دابەشکرا و لە خاچ درا، ئاوش دەتوانریت بە سیاسەتێکی سەردەمیانە و ژیرانە، کوردان زیاتر دەتوانن سەرنجی ولاتانی بریار بەدەست بۆ لای کێشە چارەنووسسازەکەی خۆیانیاندا رابکێشن، سیاسەتێک دەبێت پیرەو کەن کە ئاسۆی ئومید بە سەرکەوتن زیاتر بکات و ئیرادەی کوردانێش بەهێزتر کات. ئەوەمان لە یاد بیت کە پرسی سەربەخۆی بۆ کوردان هەمیشە وەک پرسێکی هەستیارو چاوەنوس سازە، بەلام ئەوەی کە تا ئێستاشی لە گەڵ دابێت و خەبات و تێکۆشانێک کە کوردان زیاتر لە دەیان ساڵە بەردەوامن لە سەری زیاتر لە دەوری خۆدموختاری و فیدرالی لە چوارچیوەی ئەو ولاتانەدا بووە کە کوردستان بەسەریاندا دەبەشکراوە. ئەو رژیمانەی کە هیچ کات دانیان بە بوونی کورد دانەناوە و تا بۆیان بکرێت ولات و خاکیان بەرەو وێرانی و گەلەکەشیان بەرەو ماڵوێرانی بردووە. ئەو کولتوری سیاسیە ی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەرچوارپارچەکەی بەرێوەی دەبن نەیان توانیوە ببنە ئەو خاڵە هەستیارە کە هەموو ئازادی خوازێکی کورد ئاواتیانە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەو سیاسەتێکی نوێتر و سەردەمیانەتر هەنگاو بنێن. کێشەی کورد هەمیشە لە مەیدانی رۆشنبیری ورامیاریدا باسی لێوە کراوە، بەلام بەداخەوە لە نێوە بازنەیەکدا سوراوەتەوە.

ئەو ئاڵ و گۆرانەی کە وەکو شەپۆلیکی بە تەوژم ناوچەکەی گرتۆتەوە، کاریگەری لە سەر هەمووبوارەکانی ئابوری، سیاسی و رۆشنبیری داناوە. کەواتە کوردان دەتوانن لەو هەڵ و مەرجە کەڵک وەرگرن و ناو ماڵی خۆیان رێکخەن و بە پێ بەرژەوەندیان سیاسەتێک دابرێژن کە سەرنجی ولاتانی بریار بەدەست بۆ لای خۆیان راکێشن. وێرای لەبەر چاو گرتنی هێندێک بنەمای مرۆیی لەبواری سیاسەتدا، ئەوا بەرژەوەندی وەک قۆناغەکانی پێشوو، هۆکاری سەرەکی دەبێت بۆ

دیاریکردنی سیاسەتی وڵاتان و بەستنی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، بەچەشنێک دەکرێت ئەو وڵاتانەی کە تا دوێنێ بە هۆی بەرژەوەندی ڕامیاریی و ئابوورییانەوە دۆست و هاوپەیمانی یەکتر بوون ئەمڕۆکە ببن بە نەیارو ناحەز و دوژمنی یەکتر و بە پێچەوانەشەوە دوژمنانی ڕابردوو ببن بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمڕۆیی.

پێوەندی و پشتیوانی وڵاتانی زلهێزی وەک فەرانسەو بریتانیاو ئەمریکاو وڵاتانی دیکە لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دژی کورد، لە رابردو و ئێستا دا بەرژەوندیەکانیان بوون، بۆیە کوردیش دەتوانێت لاپەرەیەکی دیکە لە ژیانی سیاسی خۆی هەڵبداتەوە و بەرژەوەندی خۆی لە گەڵ وڵاتانێک بنیات بنێت کە بتوانن بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بپارێزن و پارێزگاری لێبکەن. ئەوەی زۆر گرینگە پشتیوانیەکی نێودەوڵەتیە کە کورد ئێستا دەبێت ئامادەکاری تەواوی بۆ بکات و خەبات وتێکۆشانی بە شێوەیەکی شارستانی بەرێتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی تاکو بتوانێت بەو مافانەی بگات کە لە درێژایی مێژودا لێی زەوتکراوە. بە هیوای ئەو رۆژە کە کوردیش وەک باقی نەتەوەکان خاوەن ئالا و وڵاتی خۆی بێت و بتوانێت پارێزگاری لە مێژوو و فەرهەنگ و کلتووری خۆی بکات و کۆتایی بە هەموو بێ عەدالەتیەک لەو ناوچەیە بێت و گەلانی ناوچەکەش بە ئاشتی و ئازادی و رێزەوە لە کەنار یەکتر ژیان بکەن و نەوەکانی داهاتوویان بێ رق و کینە پەروەردە کەن بە جۆرێک هیچ نەتەوەیەک دوژمنایەتی نەتەوە و گەلێکی دیکە نەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١١

## نیازە گڵاوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هێرش بۆ سەر قەندیل

وەک هەموومان دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە بەڕێوەبردن و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە تووشی قەیرانێکی قوڵ بۆتەوە. هەروەها بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش ڕۆژ بە ڕۆژ بە پێ داگرتن و خەباتکردنیان لە سەرمافەر ڕەواکانیان سورتر دەبن و لە خواستەکانیان نیزیک دەبنەوە، هەروەها بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلانی سوریە و خەباتی بەردەوامیان وردە وردە دەی هەوێت چۆک بە ڕژێمی دیکتاتۆری سوریە و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی دادات. هەموو ئەو هۆکارانە بونەتە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی کۆنترۆڵ و ڕۆڵی خۆی بە سەر ناوچەکەدا لە دەست بدات. لە یەک ووشەدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە سیاسەتکردنی ناوخۆ و دەرەوە تووشی شکەست هاتووە، بۆیە دەی هەوێت لە رووی نیزامیەوە کێشە بۆ دەرو و دراوسێکانی دروست کات جا چ لە ڕێگەی ڕاستە و خۆ بێت و یان لە ڕێگەی دەست و پیوەندار و بەکرێگیراویەکانی لە ناوچەکەدا.

دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گەڵ بزوتنەوی ئازادیخوازانەی گەلی کورد تازە نییە و هەر لە گەڵ بەهێزبوونی و هاتنەسەرکاری بە شێوەیەکی زۆر درەندانە ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازانەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوتکرد. هێرش وپەلاماردانی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بە بهانەی هێرش بۆ سەر بارگا و مەقەرەکانی گریلاکانی پژاک چەندین مانا هەڵدەگرێت.

• سەرەتا نیازی سەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هێرشبردن بۆ سەر قەندیل وناوچە سنوریەکان دەیهەوێت ئەفکار وبیر ورای خەڵکی ئێران بە لارێدا بەرێت و بەو شێوەیە بۆ ماوەیەک فکری خەڵکی ئێران لە کێشە ناوخۆیەکانی خۆی دوریان خاتەوە.

• نیازی دووەمی کۆماری ئیسلامی تێکشکانی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە بە گشتی. هەر وەک ئاگادارین هەر لە گەڵ دەستپێکی نارەزایەکانی گەلانی سوریە، گەلی کوردیش شان بە شانی گەلی عەرەب بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیەکانیان ڕژاونە سەر شەقامەکان، هەروەها لە باکوری کوردستانیش لە هەڵبژاردنەکاندا کوردان توانیان سەرکەوتنێکی بەرچاو تۆمار کەن کە هەرکام لەو سەرکەوتنانە، دەستەڵاتدارانی تورک وئێرانی تووشی شۆک کردووە و لەوە دەترسن کە داخوازیەکانی گەلی کورد بە گشتی ئەو سنوورە تێپەڕێنن و کۆنترۆڵکردنی گەلی کوردیان لە دەست بچێت. سەرەرای ئەو ئاڵوگۆریانەی کە بە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هاتووە. لە دواین گۆرانکاریەکانی ئەم دواییەدا شاهیدی ئەوە بووین کە ڕێکخراوەی

نێودەوڵەتی، سەربەخۆیی باشوری سودانی بە فەرمی ناسی و عومەر بەشیریش دانی بەو سەربەخۆیە داهێنا، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە سەر بەهێزبوونی ئیرادەی کوردان دا هەبوو. بۆیە تورکیا وکۆماری ئیسلامی ئێران بچوکترین دەسکەوت و سەرکەوتنی کوردان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بە مەترسی لە سەر خۆ و خاکیان ئەژمار دەکەن.

• کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت بە هەڵایسانی شەڕ لە گەڵ پەژاک، حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ چاوترسێن کات و ئەو پەیامەدەدا بە حکومەتی هەرێم کە نابێت زیاتر لەو چوارچێوەی کە ئێمە بۆت دیاری دەکەین تێی پەڕێنیت. کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ کات نەیویستووە کە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە بچێت و ئەو پێشکەوتنانەی ئێستا کە هەرێم لەو ساڵانەی بەخۆیەوە دیتوە، هیچ کات ڕژیمی ئێران چاوەڕێی نەدەکرد و ئەگەر دەیزانی هەرلە سەرەتاوە نەیدەهێشت پێ بگرێت. هەرچەند لەو ماوەیەدا توانی لە ڕێگەی دەست و پیوەندارەکانی کێشە بۆ حکومەتی هەرێم دروست کات و بەرەو قەیرانی بەرێت، بەڵام بە خۆشحاڵیەو ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامی سەری نەگرت، بۆیە ئێستا خۆی دەیهەوێت ڕاستە و خۆ ڕووبەرووی دەسکەوتەکانی هەرێمی باشوری کوردستان بێتەوە.

بەو کردەوە و کارەشی وچەندین ئامانج لەو ڕێگەیە دە پێکێت:

١- کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت ئەو ئیسلامیە سەلەفی و جیهادیانە بە دەرپەڕاندنی پژاک و پارتی کرێکارانی کوردستان لەو ناوچە سەر سنووریانە جێگیریان بکات، هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەیهەوێت هیز و ئیرادە بۆ ئیسلامیەکان و دار ودەست و بەکرێگیراوەکانی دیکەی لە ناو هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە و بەوشێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر ڕەکیفی خۆیەوە. بەکورتی دەیهەوێت ئەو شێوەی کە لە ئەفغانستان پیرەوی دەکات لە کوردستانیش کۆپی کات.

٢- ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەی هەوێت لەو ڕێگەوە حکومەتی هەرێم ڕاکێشێتە ناو جەنگێکی نەخوازراو.

٣- پەیامێکی روونی دیکەی ئەو شەڕە بۆ حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە لە چوارچێوە پیوەندیە دیپلۆماسیەکانیان لە گەڵ دونیای دەرەوە بە تایبەت لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائێل ئاگادار بن و هێلی سوور تێپەر نەکەن.

٤- پەیامێکی دیکەی ئەو شەڕە ترس ودڵەروکەنانەوەیە، لە ناو ئەو بازرگان و سەرمایەگوزارانەی کە سەرمایەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەخنە گەڕ.

سەرەرای ئەو نیازە گوڵاونەی کە بە هاوکاری هەر دوو حکوومەتی دژ بە کوردی ئێران و تورکیاو لەگەڵ حکومەتی ناوندی

ئێراق ئەنجام دەدرێت. مەبەستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕە گرتنەوەی ئەو شوێنە ستراتیژیانەیە کە کوردستان هەیەتی و ئێستا لە بەر دەست گریلا دا هەن، سەرەرای جێگیر کردنی ئسلامیە سەلەفیەکان لە وناوچانە،دەشیهەوێت کە هێزەکانی خۆیشی لەو ناوچانەدا جێگیر بن، چونکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە سەر بەرنامە ناوەکیەکانی بەردەوام بێت، ئەوا ئیسرائیل دەیهەوێت دوای روخانی سوریە هێرشی خۆی بۆ سەر ناوندە ئەتۆمیەکانی ئێران دەستپێبکات.

بۆیە لەو قۆناغە هەستیارەدا، گەلی کورد بە گشتی دەبێت زۆر هوشیار بن و ئاگاهانە و سیاسیانە مامەڵە لە گەڵ رووداوەکاندا بکەن بۆ ئەوەی تووشی رووداوێکی نەخوازراو نەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١١

## نامەیەک بۆ باوکم لە ساڵیادی کۆچیدا!

هەر وادەزانم دوێنێ یە. چاورێم، گریانی من و بەفر کۆتایی بیت، بزەی گەرمی شا باوکێک دووبارە پڕمکات لە قاقاو ئامێزی ساردوو سرم بکاتە پیشکۆی ئاگر. بەلاتەوە سەیر نەبێ نامەیەک بێ ئەوەی سلاوی بەرووحتا بچێنم دەست پێدەکم. خۆت دەزانی دووری تۆ بابە! ماندوو بێزار و بێ تاقەتی کردوومە ومنی کردۆتە ژنێکی یاخی! دەزانم ناپرسی بۆ؟ هەر وەک هەمیشە کە دەم گووت شا باوکەکەم، هەروا دەڵێم دلنیام بە. ئێستا کە لەسەفەرێکی دوورو درێژی بەردەوام چاورێی ئەوەم کە ئێوارەیەک یان سپیدەیەک بەر لە وە خۆر خۆی دەرخات، هەر وەک جاران لەودیوو پەنجەرە کەوە بە چاوە گەرمەکانت بانگم کەیت. دووبارە ئامێزم پڕ کەیت لە سۆزی پاکی دەروونت و ماچ بارانی یەکتێرکەین . ساڵ تێپەرین هەر پێم وابوو رۆژانی سەخت وو دژوار هەر ئەو کاتانەبوون کە لە شاخ لەژێر گوڵەی تۆپ و ترسی مۆتەکەی مەرگ شەو رۆژمان خستبۆ سەریەک. سەیر نیە کە ئارەزووی ئەو کات دەکەم، نەلەبەر ئەوەی کە منیش حەزم نەبوو، وەکو هەموو هاوڕێکانم لەماڵی گەرموو گورو بەسکی تێرو بە پۆشاکی جوان و بە کۆمەڵێ بوکەشووشەی رەنگاوە رەنگەوە منداڵیم پێ بگرێ نا! بەڵکو هەمو ئەو شتانە لە من یاخیی بوون، بەڵام هەر دەڵیم خۆزگەم بەوکات دەزانی بۆ!؟ شا باوکەکەم. چۆن ئەو کات سێبەر دەستەگەرمەکانی تۆ بەسەر سەرمەوە بو وە ئامێز گەرمت ڕق و داخی هەموو ئەو نەبونیانیەن لە بیر دەبردمەوە. ئەرێ! جوانترین باوک، پێم ناڵێی چلۆنە ئەو ماوە دوورو درێژە لە تنیایی ماندوو نەبویت؟ یان لە دیداری وشکەلاتوی تەمەن تاقەتت ناپروکێ؟ چ سەیرە رۆژگار! چەندە بێ حاڵە تەمن لە نێوە وەرزی مەریگدا. ئەری شا بابەکەم ! هەر وادەزانم دونێنێ بوو، لەگەڵ تۆ کات و ساتی سەخت و خۆشم تێپەرکرد، بەڵام هیچ کات و هیچ لە سەختیەکانی ناگاتە ئەو سەختیەی کە لەسەر تەختی بیمارستان دەم دیتی. لەبیرمە دوور لە چاوەکانت فرمێسکەکانم دەسری، بەڵام هەر زووهەستت پێ دەکرد و دەتگوت بۆ گریای، منیش حاشام دەکرد. هەمیشە دەتویست پێم بڵێی کە من باشم وە باشتریش دەبم خەمی منت نەبی، ئاخر بابە باش دەتزانی کە تۆ بۆمن چی بویت، هیوا، خەندە، ژیان مامۆستا وە باشترین هاورێم بووی، لەبیرتەکە دەتگوت من خەمی خۆمم نیە، بەڵام خەمی تۆمە کە دوای من چت بەسەر دێت.ئەوەی بەسەر من هات دوای فرینی رووحی تۆ، بۆ باسکردن نابیت. کە کۆچتکرد، منیش سەرگەردان بووم ونەمدەزانی بۆ کام لەو شتانە شیوەن بکەم، لەهەموویان گەورەتر بۆ باوکایەتیت! وەخت دەبوو، سویێم بێتەوە. ئاخر لە باوکایەتیدا شاکارت نوواند، لیم قەبول بکە، مێهرەبانی تۆ وەک باوک. وای لێ کردم کە ئەژنۆی خەم لە باوەش بگرم، هەمیشە دلسۆزی تۆو خۆشەویستی تۆ بۆ من جێی تێرامان بوو، وە بیرم دەکردەوە کە بۆ دەبێ تۆ لە گەڵ هەموو باوکەکانی تر جیاواز بیت، گەڵێک جاران وام دە گوت پێت، کەچی دەتگوت: نا تۆ ئەوەندە منت خۆش دەوێ واهەست دەکەیت کە هەر من دەتوانم وەزیفەی باوکایەتی بەرێوە بەرم. ئەوە، یەکێک لەو شتانە بوو کە شانازایم پێوە دەکرد و دڵسۆزی تۆ و پا کی و راستگۆیی تۆ هەتا بۆ گەل و نە تەوەکەشت لە ماوەی

خەباتتدا زۆر تایبەت بوو. کە تەنانەت میژوو ناتوانێ خۆی لێ لا دات.

ئەری بابەگیان کۆچی تۆ، ئێوارە پێنجی شەش شەقامی نزیک ماڵمان پڕ بوو لە ژاوەژاو، چاوی بابە بەرەو ئاسمان بە تیژی دەی ڕوانی، قەت دڵی لەرزۆکی بێ تۆیم بیر ناباتەوە، ئەو ئێوارە، ئای کە بێزارم لەپێنجی شەش! خۆزگە هەر نەمدیتبایە. چرکەکانی ئاوابوونی تەمەن لە چاوە گەرمەکانی تۆدا تەنانەت خەندەی وشکە لاتوی سەر لێوەکانت لە کاتی ماڵ ئاوایشدا کە دەتویست پێم بڵێی تۆ شادمانی لەبیرمە پێکانتێم لە ئامێزمدا دەلاواند دەستە کانت گرتم بەهێزی پەنجەکانت دەتگوت نابێ ناڵەی گریانت ببینم، ئاخر دواوشەی تۆم لەیادە، ووتت ئای چەند تینوم قمێ ئاوم پێبدە. هەر وەک جاران چاوەکانت پڕبوون لە هیوا و پیکەنین. چرکەیەک نەیبرد کە ووتت من دەرۆم شتێکم نەماوە بۆ باسکردن ئاخ دوای دیدارت چەند پڕ ژان بوو بابە گیان! بۆ من، بەڵام تۆ هەر بە بزەوە بەرو پیری مەرگ چویت و دوا دڵۆپی فرمێسکی چاوت ئەویش لەگەڵ خەندە دابوو، من هەر نەمزانی بۆ چی بوو؟

شاباوکەکەم ئێستاش هەر کاتێک دێمە دیار گۆرت، چاوەڕێی ئەو گەرمی و تاقەتەی جارانم، کە لە گەڵم بگۆڕیەوە ،بەڵام خەوی قوڵت منی لەبیر بردویەتیەوە، پێت سەیر نیە کە منیش وەکو هەموو ئەوانی دیکە دەنگ و بۆنی سۆزی گەرمی بابەم بویت، ئێستاش بۆنی گەرمی هەناسەی تۆ لە ماڵی ساردو سرم هەست پێدەکەم بەسەر کورسیە چۆڵەکەوە رووحی وشکەلاتوی تۆ دەلاوێنم، حەز بە تەنیایی دەکەم، جارارن کە وام دەگوت زوو بیتاقەت دەبویت و دەتگوت دەبێ وەکو من حەز بە تێکەڵاو بوون بکەیت چت داوە لە تەنیایی، بەڵام ئێستا لە جاران زیاتر حەز بە تەنیایی دەکەم دەزانی بۆ؟ بۆ ئەوەی هەر خۆم بە تەنیا لەگەڵ یادو بیرەوەریەکای تۆ دەست بکەم بە دوان. ئەرێ بابە سەفەر درێژو ژیان دژوار، خۆتۆ هەمیشە دەتگوت گەر لێتان دوور کەومەوە زۆر بیرتان دەکەم ئەی ئێستا! بیر ئیمە نات باتەوە. هەر کاتی دێمە حزورت چرپەی دەنگی مێهرەبانیت بەسەر خۆڵی سەر سینگتەوە دەلاوێنم، دڵنیابە! تۆ هەمیشە لەگەڵ منی بۆ سەبوری و خەمی دڵم تۆ هاودەم و هاورێمی، بە یادی تۆ گوێ دەگرم لە خاڵە سێوەو جار جار لە ژێر سەرت دای دەنێم تا وەک جاران هەر دوو بە دوو گوێی لێ بگرین. منیش حەزدەکم بەردەوام بپرسم لە دایە کە ماڵی تۆ ڕێگای بەرەو کام لایە؟ بەعەسرەتم ئێوارەیەک دەنگی بابە ماڵی دڵم لە خەوی خەم راچلەکێنێت. هەر دوێنێ بوو شا باوکەکەم کە جێت هێشم بە تەنیای لەنێو ئێوارە غەریبەکانی ئێرەدا، تەنیا تر کردمەوە لە جاران، لەیادت دام دلنیابە. هەر ئەو ئاواتەی کەبووت لەیادتە زۆر جار دەتگوت هەر بەو زمانە، تۆ تانە ئێرە وڵاتی غەریبیە!؟ چ خۆشە ئینسان ئەگەر مردیش بگەرێتەوە زێدی خۆی لە سەر لوتکەیەکی بەرز بینێژن تا گەر وڵات ئازدا بوو ئاڵای هەڵ کرا ببینیت. شا باوکەکەم! هیوام ئاواتی وەدی نەهاوتوی تۆ کە بە کۆڵێ حەسرەتەوە خاک بوو بە منزڵگات، بێتە دیو و منیش ئاواتت بگەیەنمەجێ. جوانترین باوک هەر وەک نموونەی خۆراگری و کوردایەتی و پاکیت، شار بەشار ودێ بەدێ شآدت کەمەوە بە زێدی خۆت و باب و باپیرانت. ئەرێ! شا باوکەکە لێرەوە کۆتای بە نامەکەم دێنم هەرچەند دەزانم هیچ جوابێکم پیناگات،بەڵام تەنیا ویستم دوبارە پێت بڵێ مەوە کە

بەردەوام لە دڵی مندا هەیت و زیندوویت، بە یادگارەکانی تۆوە بە خەباتی تۆ بە ژیانی تۆ بە تەمەنی پڕ لە شانازی تۆ منیش شانازی دەکمەوو دلنیا بە لە بیرو هزرو دڵم دا بۆ هەمیشە دەت هێڵمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١١

## خەمۆکی ژنانیماڵدار لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا

ژنـان وەک هەمیشـە کـوتراوە کە نیـوەی کـۆمەڵین، هەروەهـا تەواو کەری پیاویشـن و بەپـێچەوانەش. بەردەوام هەمـوو ئەو گرفتە کۆمەلایەتیانەی کە لە کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدەن لە هەنگاویی یەکەمدا دامێنی ژن دەگرێتەوە. لە درێژایـی مێژوودا، ژنان ئەرکێکی گرینگیان لە سەرشان بووە، ئەویش ماڵـداری و بەخێـوکردنی منـداڵ بـووە، هەمیشە ژنـی بـاش لە کۆنـدا بەوە پێناسە دەکرا کە ماڵداری باش بێت و ئاگای لە ماڵ و منداڵی بێت و لە کار وباری پیاوان خۆ تێهەڵنەقـوتێنێ. هەر چەنـد ئەو پێنـاسەیە لە وڵاتـانی رۆژئاوایی بەرەو کاڵبوونەوە چووە، یان بە واتایەکی دیکە هەر نەماوە. ئێستاکە لەو وڵاتـانە بە پێی یاسا هەموو ئەو مافانەی کە پیاوێک هەیەتی، ژنێکێش هەمـان مـافی پـێ رەوا بینـراوە، بەڵام بە داخەوە لە وڵاتـانی گەشەنەسەندوو و رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئێستاکەش ژن هەر بەو چـاوە سەیری دەکرێت کە لە کۆنـدا پێـی پێنـاسەکراوە. لە کـۆمەڵگە پیـاوسـالاریدا کە کۆمەڵگـای کـوردەواریش لە خـۆ دەگرێت، زۆربەی ژنـان لە زۆر مـاف و حقـوقی خۆیـان بـێ بەش کراون. رێگەی خوێندن و خۆپێگەیـاندنیان لە دەگیرێت و بە جێگەی خۆپێگەیـاندن وکارکردنیان لە دەرەوەی مـاڵەوە، ئەوا لە چوارچێوەی چواردیواریەک زیندانی دەکرێن و تەنیا ئەرکی چێشتلێنـان و بەخێوکردنی منداڵیان پـێ دەسپێرن،کە بەردەوام تـا کۆتـای ژیانیان ئەو کارە دوو بارە دەبێتەوە، کە زۆریان بە هۆی فشار وزەختـی دووبـارە بـوونەوەی کـارکردنی مـاڵەوە تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبن.

بۆ تێگەیشتن لەو بابەتە، ژیان و ئاوەتەکانی کچێکی ماڵـدار لە کـۆمەڵگەیەکی پیـاو سـالار دێنینە بەرچـاو کە لە خێزانـدا بەو هیوایە گەورە دەبێت کە شو بکات، رۆژی شوکردن بۆ ئەو خۆشترین و گەورەترین رۆژی ژیانیەتی. بەڵام ژیـانی هاوبەشی زۆر بە کەمی ئەو شتانەی دێنێتە دیت کە هیـوایەتی بـووە، راسـتی ژیـانی هـاوبەش لە گەڵ ئەو شتەی کە ئـارەزۆی دەکـرد، زەمین تـا ئـاسمان جیاوازە. بە وتەی جێسی برنـارد، ژیانی هاوبەشی لە روانگەی ژن و پیـاوەوە جیـاوازە و پیـاوان بەرهەم و قـازانجیی زیـاتر لە ژیـانی هاوبەشی وەردەگرن.

خەمۆکی لەو ژنـانەی کە شویان کردووە و چونەتە نـاو چوارچێـوەی ژیـانی هاوبەشەوە زیـاتر لەو کچ و ژنـانەیە کە ژیـانی هاوبەشـیان پێـک نەهێنـاو، لە حاڵێکدا خەمـۆکی لە نێـو پیـاوانی خێزانـدار رێژەیەکـی زۆرکەم لە خـۆی دەگرێت. ژنـان لە وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، زۆرتر بە هۆی کێشەی ئـابووریەوە شو دەکەن، چـونکە تەنیـا چارەسـەری و دەستراگەیشـتنیان بە ژیانێکی ئـابرومەند و شرافەتمەندانە لەوەدا دەبینەوە کە بە پیاوێک شو بـکەن و ببـنە کـارکەری مـاڵەکەی. چونکە خـۆی ناتوانێت پارە و بژێوی پێویست بۆ ژیـانی پیدا بکـات. هەروەهـا هەمیشـە ئـاوا بە گـوێی ژنانـدا دەچرپێـت کە ژن و ماڵیـان

گوتووە، بۆیە دەبێت هۆیەک کە ژن لە چوارچێوەی ماڵەوەدا بمێنێتەوە. ئەوەی لەو مامەڵەدا زیان دەکات ژنە، چونکە پیاو کارکەرێکی دەست دەکەوێت کە ئاگای لە خۆو ماڵ و منداڵی دەبێت بێ ئەوەی معاش و پارەیەکی بداتێت، سەرەڕای ئەوەی نیازە غریزیەکانیشی پێدا دەمرکێنێت، لە یەک ووشەدا پیاو قازانجێکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەست دەکەوێت.

کچێک بەو هیوایەی شوکردووە کە لە ماڵی باوکی بچێتە دەرەوە و ژیانێکی ئارام و هێمنی دەست کەوێت، ناخافڵ لەوەی کە دەبێ ئارامی بە پیاو ببخشێت و ژینگەیەکی ئارامی بۆ دابین کات لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا،بۆیە نە تەنیا ئەو هیوایەی ناهێتە دیت بەڵکو دەبێت هۆی کێشە و ئاریشەی زیاتر بۆ خۆی تا ئەو جێگەیە کە پیاو دەرک بەوە بکات کە ژنەکەش مافی بەرانبەری هەیە، بەڵام بە داخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژنان ئەو مافە دەبێت بە خەون بیبینن، زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کە پیاوێک ئەو مافانەی بە خۆی ڕەوا دەبینێت بە ژنەکەیش وەک شەریکی ژیانی بە ڕەوا بزانێت. سەرەڕای ماڵداری و بەخێوکردن وپێگەیاندنی منداڵ، ژنان لە زۆر بواردا یارمەتی هاوسەرەکانیشیان دەدەن، هەر هەموو ئەو کارانەش بە ئەرکی ژنی دەزانن. بە تایبەت لە دێهاتەکانی کوردستان ژنان ئەرکێکی زۆریان دەخنە سەر شان کە لە تاقەت و بەرپرسیاریەتیەکەی زۆر زیاترە. جیا لەو هەموو کارانەش کە دەیخەنە سەر شانی ژنان هیچ سوپاس وپێزانینەک لە لایەن مێردەکەی لێ ناکرێت، بگرە ئەگەر کەمکاری یان کەمتەرخەمیەکی لێ رووبدا بە هەموو خزم و کەس وکاریەوە سەرکۆنە دەکرێت. بەو شێوەیە، ژن لە کۆمەڵگەدا دەبێتە رۆبۆتێک کە پیاو ئاراستەی دەکات بە کەیفی خۆی بێ ئەوەی کوچکترین مافی پێ بدات، دەبێت خەریکی کارە رۆتینیەکانی ماڵداری بێت.

لە ڕاستیدا، خودی ژنانیش لە چەوساندنەوەی پیاو دژ بە خۆیان دەستیان هەیە و ڕێگە خۆشکەریشن کە پیاو بەو شێوەیە مامەڵەیەن لە گەڵ بکات، چونکە سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی هوشیار نەکراوەتەوە، وا دەزانێت هەر شتێک پیاو گوتی دەبێت ئەرکی بێت و ئەنجامی بدات. هەر ئەو فەرهەنگ و کولتورە هەڵەیە و پیاوساڵارانە ڕەگ وریشەی داکوتاوە. لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە هۆی ئەوەی ڕێگە کەمتر دەدرێت بە ژنان کە لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن، ناچار هەر دەبێت لە چوارچێوەی ماڵدا بمێنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوێ کە ژنان لە بواری ئابووریەوە هەمیشە وابستەی پیاوان بن، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ژنانەی کە مجاڵی کاریان پێدراو داهاتیان کەمترە لەو پیاوانەی کە کار دەکەن.

هەمووی ئەو کێشانە دەبنێ هۆی دوور خستنەوەی ژنان لە بەرەوپێشخستنی کۆمەڵگە و هێشتنەوەیان لە پەراوێزەوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی دوورەپەرێزی ژنان و تووشبوونیان بە نەخۆشی خەمۆکی. کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی کاریگەری دادەنێت سەر هەموو کایەکانی ژیان و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین. بە وتەی شاعیر (افسردە دلی افسردە کند انجمنی را). بەو هیوایەی ژنان لە بەدەستهێنانی مافەکانیان هوشیارتر لە جاران هەنگاو هەڵێنن و پیاوانیش هاوکاری پێویستی هاوسەرەکانیان بن لە ئەنجامدانی هەموو کار و ئەرکەکانی ژیان لە هەموو بوارەکاندا. بە هیوای کۆمەڵگەیەکی تەندروست

دروستبکرێت کە مافی یەکسانی بۆ ژن و پیاو وەک یەک دابین بکرێت و بە هاوکاری یەکتر رۆڵیان هەبێت لە پێگەیاندنی جیلێکی ساڵم وپێشکەوتنی خێزان و کۆمەڵگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١١

## پێکهێنانی بەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیەکی هەنوکەییە

گوزەری زەمان، ڕەوڕەوەی بەرەو پێشەوەچوونی کاروانی مێژووی مرۆڤایەتییە. دیاردە مرۆڤایەتیەکان و گۆرانکاری و ئاڵ وگۆریەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە رووداوە سیاسیەکان ڕا بگرە تاکو گۆرانکاریەکانی فەرهەنگی، ئابووری، بیر و را و ئادیۆلۆژیەکان هەر هەموویان لە زەرفی زەمان و شوێنی خۆیدا روویدەدات. سەرەرای ئەوەی کە زەمان و مکان دیاردە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان سنووردار دەکات. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان وەک؛ حکوومەت، سیاسەت، فەرهەنگ، ئابووری و حزب لە ژێر کاریگەری هەڵ ومەرجەکانی زەمان دەچنە ناو ئەو رێرەوەوە. پیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پێویستیان بە رێکخستنە، بەشداریکردنی رۆڵی ئیرادەی هوشیار، لە رێکخستن و بەرێکخراوەیکردنی پێوەندییەکان لە هەر بوارێکدا، پێوانەی بەرەوپێشەوەچوونی شارستانیەت و فیکر و هوشیاری ئەو کۆمەڵگەیەیە.
پارتە سیاسیەکان وەسیلەیەکی بەهێزن بۆ دروستکردنی یەکێتی و بەرێکخراوەکردن ورێکخستنی پیوەندیە تاکەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا.لە رێگەی حزب و تشکیلاتی سیاسییەکانە کە تاکەکان دەتوانن بەرەو ئامانجێکی ئاکامدار و دیاریکراو لە (بە گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی) و یان (رێبەریکردنی حکومەت و سیستەمی سیاسی) رێنوێنی بکرێن و بەرەوپێشەوە بچن.

بە سەرنجدان بە گرینگی بوونی حزب و تشکیلاتی سیاسی لە دروستکردنی یەکێتی و بە رێکخراوەیی کردنی پیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، زۆربوونی پارتە سیاسیەکان دەتوانێت بە پێی پێویستی و زرورەتی کۆمەڵگەکان بن. ئەگەر لە پشت چالاکیەکانی حزب و تشکیلاتە سیاسیەکان هەدەف و ئامانجێکی یەکگرتووی (دەسەڵاتی سیاسی) و یان (بەرێوەبردنی حکومەت و سیستەمی سیاسی) لە بەر چاو بگرین، دەتوانین بە راشکاوی بلێین کە کەمبوونەوەی ژمارەی حزب و تشکیلاتە سیاسیەکان ، نیشانە کاملبوونی روانگەی سیاسی و یەکبوونی چالاکییە سیاسیەکانی کۆمەلگەیە. بەو پێیە کەمی ئەحزابی سیاسی لە وڵاتانی رۆژئاوایی نیشانەی دواکەوتووی سیاسی وڵاتەکانیان نییە، بەڵکو نیشانەی کاملبوونی روانگەی سیاسیەیە یان راهاتین بە فەرەنگی دێموکراسییە لە کۆمەڵگەکانیان. یاخود دێموکراسی لە سەر بناغەی پۆلۆرالیسم، لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا هیچ کات نا بێتە هۆی تێکدانی پیوەندیە رێکخراوە سیاسیەکانی، لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا، دێموکراسی لە گارەنتی ئازادی سیاسی دەبێتە هۆی لێکدابرانی پارتە سیاسیەکان.
هەر چەند لە ماوەی شۆرشی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چەندین حزب سەریهەڵدا، کە کاریگەریان هەبووە لە سەر بە گەڕخستنی ئیرادە و هوشیارکردنەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە،بەڵام نەیانتوانیوە سەرکەوتنی تەواو بەدەست بێنن، جا چ هۆکاری دەرەکی بن یان هۆکاری ناوخۆیی. ئێستاکەش بە هۆی پێکەوە هەڵنەکردنی دێموکراسیانە بە شێوەی مودێرن هەرکام

لە پارتە سەرەکییەکانی رۆژهەڵات بونەتە چەند بەش. ئەو گۆرانکاریانەی کە ولاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتەوە، پرۆسە دێموکراتیزەکردنی ئەو ناوچەیەی بە رادەیەکی زۆر بەرەو پێشەوە بردووە و ئەو نەسیمە ئازادی و دێموکراسی وردە وردە ئەو بەستەلەکە و سیستەمە دیکتاتۆریانە بەرەو تواندنەوە دەبات. ئێرانیش سەرەرای تەئسیری ئەو ئالوگۆریانە، کێشە ناوخۆیەکانیشی بونەتە کاتالیزۆرێک کە رووخانی کۆماری ئیسلامی زیاتر کردووە و گەلی ئێرانیش ئێستا بەدوای هەلێک دادەگرێ کە خۆیان لە ژێر ستەمی دیکتاتۆر رزگار بکەن.

پێکهێنانی بەرە لەو بار و دۆخە ناجێگیرەدا، پێویستیەکی هەنووکەیە کە پارتە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت بە مەسەلەکی جددی وەرگرن، هەر چەند ئەو هەولانە لە سالانی رابردوودا بۆ پێکهێنانی بەرە دراون، بەلام ئاکامێکی لێنەکەوتۆتەوە. بۆ نموونە:لە ساڵی ٢٠٠٥ ، دوو جار هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دراوە، یەکەمیان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ کە دوکتۆر سامان شاڵی {سەرۆکی ئەو کاتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکا} بۆ پێکهێنانی بەرە هەوڵێکی زۆریدا، بەلام بەرە سەری نەگرتو، ئەو کات کە هێشتا حیزبەکانی کۆمەڵەو دیموکرات تووشی ئینشیعاب نەببوونو دەوری سەرەکییان لە پێکهێنانی بەرەدا دەگێرا، هۆکەیان گەڕاندەوە بۆ بەشدار نەبوون یا بەشدار بوونی هەندێ رێکخراویتر.دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٨ یشدا، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرە وروژایەوە، ئەمەش لە کاتێکا کە بەداخەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە گیرۆدەی کێشەی ناوخۆیی هاتبوونو لە ئەنجامدا تووشی دابڕانیش ببوون. بۆیە دۆخەکە بە نیسبەت ساڵی ٢٠٠٦ زۆر جیاوازتر بوو، یانی ئەو کات ئەگەر حیزبەکان لە ڕووی مەسایلی ناوخۆییەوە بە دیسیپلینو یەکپارچەتر بوون، بەلام زەمینەو زەرفیەتی ئەوە نەبوو کە بەرە پێک بێ، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٨دا بە شێوەیەکی ڕیالیتە ناکۆکیو شەڕی ڕاگەیاندنیو... تاد لە نێوان باڵە دابڕاوو ئینشیعابییەکانو با بڵێین حیزبەکانی دایک لە ئارادا بوو ئەمەش هەلومەرجەکەی هەندێ مەترسیدارو سەخت کردبوو، بەلام ئێستا باردۆخەکە تا رادەیەک گۆرانکاری بە سەر داهاتووە بۆیە پێویستەو ئەرکێکی مێژوویە کە پارتە سیاسیەکان خۆیان لە ئاست ئەو مەسەلە بە بەرپرسیار بزانن و خاڵە هاوبەشەکانیان لە بەرچاو بگرن و بەهێزتریان کەن کە بتوانن بەرەیەک پێک بێت کە لە ئاست کێشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دابێت، سەرەرای ئەوەش کە بوونی بەرە سەنگ و قورسای سیاسی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە و جیهان زیاتر دەکات.هەروەها ئەگەر رێکخراوەیەک ئامادە نبوو با پارتەکانی دیکە چاوەروانی ئەو نەبن و ئەو مەسەلەیە چارەنووس سازە لە سەر حیزبێک یان رێکخراوەیەکی سیاسی نابێت راگیرێت، چۆن بە رای من بوونی بەرە لە ئێستادا بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیەکی هەنوکەیی ومێژوویە.لە کۆتاییدا داواکارم با حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرژەوندی نەتەوەیی خۆیان بخنە سەر بەرژەوەندی حیزبەکانیان بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە کە دەرئەنجامی پێکهێنانی ئەو بەرەیە دەسکەوتی زیاتری بۆ دانیشتوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١١

## هەشتی مارس وەک سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

لە مێژووی هەر میللەتێکدا هێندێک رۆژی مێژووی هەن کە دەبنە سیمبولٚ بۆ ئەو میللەتە یان دەبنە رۆژێکی جیهانی لە پێناویادکردنەوە و تازەکردەنەوەی پلان و پرۆگرامەکانی خۆیان،هەروەها بۆ بەرزراگرتنی ئەوو رۆژانە بە جەژن و رێ و رەسمێکی تایبەت یادی دەکەنەوە. ڕۆژی هەشتی مارسیش ڕۆژێکی سیمبولیکە بۆ ژنانی جیهان بەگشتی، ڕۆژێکە بۆ لێ وردبوونەوە و خوێندنەوەیەکی درووست و زانستیانە لە خەباتی ژنان تا بتوانن ژنانی زوڵملێکراو ئازادیخواز لەو رۆژەدا بەپلانی باشترو بیر و بۆچوونێکی سەردەمیانەتر زیاتر لە مافەکانیان هۆشیار و نزیک ببنەوە. هەشتی مارس، واتا ئاوردانەوە لە مێژو پڕ لە فیداکاری و ئازایەتی ژنان لە گۆشەیەکی دوونیادا کە بۆ مەشخەڵ بۆ هەموو ژنانی جیهان، تا وەک سیمبوڵێک یادی بەرز راگرن لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانیان. ئایندەیەکی گەشتر هەمیشە چاوڕێ ئەو کەسانە دەکات کە لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانیان لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک ناسڵمێنەوە و برەو بە خەباتی خۆیان دەدەن تا بتوانن بوونی خۆیان بیسەلمێنین. ئازادی و بە دەستهێنانی مافەکانی هەر کەس و نەتەوەیەک بەندە بە هوشیار بوونەوەیان و هەوڵدانی بێ وچانیان.

ژنان دەبێت لە هەشتی مارسدا پەیمان نوێ کەنەوەو و بوونی خۆیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگە بسەلمێنن و تاکەکانی کۆمەڵگە هوشیار کەنەوە کە ژنیش وەک پیاو مافی ژیانی هەیە، هەروەها پیاوانیش دەبێت لەو پێناودا پشتگیری ژنان بکەن، چونکە گەشەکردنی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە تێگەیشتنی ژن و پیاو لەیەکتر. لێرەدا دەتوانم بڵێم کە پیاو و ژن تەواوکەری یەکن ناکرێ هیچ کام یەکتر لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان یەکتر بچەوسێنەوە و مافی یەکتر زەوت کەن. پیاوان دەبێت لە بەرابەر کەسایەتی و ناسنامەی ژن هەڵوێستێکی ژیرانە بگرن تا مافەکانیان بە دەست بێنن و هوشیارانەش مامەڵە لە گەڵ ئەو دیاردانە بکەن کە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەدا.

بە راشکاوی دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە رێز گرتن و بایخدان بەو رۆژە (هەشتی مارس)، لە کولتوری کوردەواریدا تاکو ئێستا حەقی تەواوی خۆی پێنەدراوە، لە راستیدا، هەشتی مارس بە واتای ئەوە نیە کە تەنها جەژن بگیرێت، بەڵکو یادکردنەوەی هەشتی مارس دەبێت بە کۆڕ و کۆبونەوە سمینار سەبارەت بە مافەکانی ژنان و هوشیارکردنەوە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دوڵە مەند بکرێت، لەیادمان بێ ئەوە غەدرێکی مێژووییە کە سیستەمێکی داهێنا بە ناوی پیاو ساڵاری بە درێژای مێژوو پیاوی کردۆتە باڵا دەست و ژنیش کردۆتە پاشکۆ و پەراوێز لە کۆمەڵگە و بڕیارداندا، کەواتە ئەرکی سەرەکی لە سەر شانی ژنان خۆیانە کە دەبێت شێلگیرانەتر لە رابردوو رووبەرووی ئەو سیستەمە ببنەوە تاکو بتوانن مافە

زەوتکراوەکانی خۆیان بە دەست بێننەوە، پیاوانیش دەبێت لەوە تێبگەن کە ئەو مافانە بگێڕنەوە تاکو بە هەوڵی یەکتر کۆمەڵگە یەکی تەندروست وبێ کێشە بێنە دی کە هەر دوو مافەکانیان پارێزراو بیت. هەروەها، دەبێت لەو رۆژەدا ژنان جارێکی دیکە لە دڵاقەی رامانەوە سەیری میژووی مرۆڤایەتی بکەنەوە لەبەرابەر ئەو ستەمانەی کە بەسەریان هاتووە، دەبێت لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی تێکنۆلۆژی و زانیاریە خاوەن بیرو هەڵوێستی تازە و خۆیان بن بۆ بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵگەیەکی یەکسان کە چیتر ژنان پەراوێز نەخرێن. لە هەشتی مارسدا، خەباتی ژنان دەبێت پەرەی پێبدرێت و رێزی لێنەرێت و رێگە لەبەرابەر توندو تیژیەکانی دژ بە ژنان بگیرێت، رۆژی هەشتی مارس پێمان دەڵێت تا چیتر ژنان وەک پاشکۆ و لەدەرەوەی بازنەی سیاسی و دەسەڵات نەمێننەوە، با لە هەشتی مارسی ئەم ساڵەدا، ئێمە ژنانی تاراوگە نشین ببینە بە هاندەر بۆ هەموو ئەو ریکخراو پیاو و ژنانەی کە کاردەکەن بۆ ئازادی ژن و کەمپینێک رێک بخەین کە بتوانین ستەم و توندو تیژو و سوکایەتی بە کەسایەتی ژن کەم و ریشەکێش بکەینەوە. دەبا هەشتی مارسی ئەمساڵ، جیاواز لەساڵانی رابردوو مێتۆدی بیرکردنەوە و پرۆگرامەمان بگۆرین و هەنگاوەکانمان قایمتر و جددیتر بهاوێژین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانمان لە سەردەمێکدا کە تێکنۆلۆژیا و دەزگاکانی راگەیاندن دەوری سەرەکی دەگێرێن لە هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و دیموکراتیزەکردنی. بەو هیوایەی لە ئایندێکی نزیکدا ژن و پیاو بگەنە ئەو ئاستە هوشیاریە کە رێز لە مافەکانی یەکتر بنێن و خێزان و کۆمەڵگەیەکی تازە بنیات بنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١١

## بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد و بزوتنەوەی سەوز

بە سەرنجدان بە خوێندنەوەیەکی زانستیانە سەبارەت بە بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد وبزوتنەوەی سەوز دەگەینە ئەو ئاکامە، کە ئەو بزوتنەوەیە هەر چەندە داخوازی و داوەکاریەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا قەتیس هێشتۆتەوە، بەڵام رەوتی ئازادیخوازانەی گەلی ئێران چۆتە قۆناغێکی دیکەوە، دروشمی خۆپێشاندەران لە خۆنیشاندانەکانی ئەم جارەدا باشترین بەڵگەن کە رووخانی چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیان کردبۆ نیشانە. رێبەرانی بزوتنەوەی سەوز لە مەحمەد خاتمی را بگرە تاکو موسەوی و مهدی کروبی و هاشمی رەفسنجانی خۆیان لە بازنەی حکومەتدا هێشتۆتەوە، هەر چەندە بۆ دەرەوەی بازنەکە فرێهەڵدراون،بەڵام بەو حاڵەش نەیانهەوێت خۆیان لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی دەرباز کەن. وەک دوو جمکی پێکەوەنووساویان لێهاتووە کە جیابوونەوەیان لە ولایەتی فەقی وسیستەمی دەسەڵاتی دین ساڵلاری بە مەترسیەک بۆ نەمانی خۆیانی دەزانن.ئەوانە بە بێ گۆرانکاری لە بیرو راکانیان هەوڵدەدەن کە بێنەوە ناوەندی دەسەڵات. ئەوان کەسانێکی پان ئیرانیستن و باوەریان بە کەمترین مافی کمینە نەتەوەکانی ئێران نییە،هەرچەند ئێستا لەوانەیە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کەمە نەتەوەکان لە ئێراندا هێندێک دروشم بدەن، بەڵام لە راستیدا لە جەوهەر و ماهیەتیاندا هیچ باوەریان بە مافی کەمە نەتەوەکان لە ئێراندا نییە. سەرەرای پان ئیرانیستەکانی ناو دەسەڵات، هێندێک رەوت و بزوتنەوەی پان ئێرانیستی دیکەشمان هەن کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات دان، وەک مشروتەخوازان و سەڵتەنەت خوازەکان و کۆماریخوازان و هەروەها تەشکیلاتی سەرتاسەری کۆمەنیستی جیا لە بوونی بیروبۆچون و جیاوازی ئایدۆلۆژیان کە هەیانە لە یەک خاڵدا پێکەوە هاوڕاو یەکگرتوون، ئەویش پاراستنی ئێرانی یەکپارچەیە بە هەر هەزینە وبهایەک کە بۆیان مومکین بێت لە گەڵ پاراستنی زمانی فارسی وەک زمانی یەکەم. سەرەرای ئەوەی کە هیچ باوەریشیان بە چەند میللەتی بوونی ئێران نییە.

لە راستیدا، هیچ کام لەو رەوتانە، چ ئەوانەی لە ناو بازنەی دەسەڵات دان یان ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەکەدان، ئامادەی لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوندی یان دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا نین. بۆ نموونە، ئاغای حیشمەتی رەئیسی لە گەڵ داریوشی همایون لە دانیشتنێکدا لە گەڵ رەزا پەهلەوی دەگەنە ئەو ئاکامە کە دەبێت: ئێمە بە هیچ شێوەیەک رێگە نەدەین و نابێت کارێک بکەین کە دەسەڵات لە ژێر دەستی فارس بێتە دەرێ و یان مەترسی هەبێت بۆ پارچە بوونی ئێران، تەنانەت بە زمانیش نابێت ناوی فیدرالیسم بگوترێ. ئەوانە لە هیچ بارودۆخێکدا رازی بە لاوازکردنی دەسەڵاتی فارس لە ئێراندا نین و سیستەمی فارس سازی بە تەواو هێزیان دەیان هەوێت بیبەنە پێش. رێبەرانی بزوتنەوەی سەوزیش ئەگەر لە دوارۆژدا دەسەڵات بگرنە دەست ئەوە باردۆخی فەرهەنگی و سیاسی کەمە نەتەوەکانی ئێران زۆر خەراپتر

دەبێت لەوەی کە ئێستا هەیە.

لە ئێستا دا بۆ ڕێبەرانی بزوتنەوەی سەوز ئاشکرا بووە کە بە بێ هاوکاری کەمە نەتەوەکانی ئێران، ناتوانن ئەو بزوتنەوەیە ببەنە پێش. بۆیە لە سەر حزبە کوردستانیەکانە کە ئەو وزە و پتانسیلەی کە کورد هەیەتی هەرزان فرۆشی نەکەن، چونکە ڕێبەرانی بزوتنەوەی سەوز لەوێ دەگەڕێن کە ئەو ئەنەرژی و وزەی کەمە نەتەوەکانی ئێران بە خۆرای بگرنە دەستیان. هەرچەند نەتەوەی کورد لە خۆپێشاندانانەی کە بزوتنەوەی سەوز تا ئێستا ڕێکیخستوون رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، تەنانەت تا ئێستا چەندین شەهیدیشیان لەو ڕێگەیەدا داوە. بەڵام بەو حالەش تا ئێستا بە ئاشکرا ئەو ڕێبەرانە نایان هەوێت کە ئێرانێکی چەند میللیەتی قەبوول کەن کە میللەتەکانی دیکەی ناوخۆی ئێران مافێکی بەرانبەرو یەکسان وەک نەتەوەی فارسیان هەبێت.

لە کۆتایدا، دەبێت ئەوە بە راشکاوی بڵێم کە بزوتنەوی رزگاریخوازی گەلی کورد دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت وهاوسەنگی سیاسی خۆی راگرێت،چونکە ڕێبەرابی بزوتنەوەی سەوز لە جەوهەری دەسەڵاتدا هیچ جیاوازی لە گەڵ ئێستای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١١

## گۆڕانکاریەکانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستو ئێرانی تامەزرۆی سەرهەڵدان

رۆژهەلاتی ناوەراست و ولاتانی دەوروبەری، هەمیشە لە درێژایی مێژوودا شوێنی ململانی ووشەڕ و ئاژاوە بون، ئەگەر هەمووی ئەو سالانە پێکەوە کۆکەینەوەبە درێژای مێژووی مرۆڤایەتیەوە تاکو ئێستا، لەوانەیە تەنیا دوو سەد ساڵ خەڵکانی ئەو ناوچانە لە ئاشتی و ئاسودەگیدا، دوور لە شەڕو ئاژاوە ژیانیان تێپەرکردبێت. ئەمرۆکە، نابێت ئێمە لە رووداوە خوێناویەکانی میسر، تونس، سوریە و یەمەن و باقی ولاتانی دیکەی عەرەبی سەرمان سوور بمێنێت و بە رووداوێکی دگمەن ناوزەندی بکەین.چونکە ولاتانی عەرەبی لەو سەد ساڵەی کە ئمپراتوریەتی عوسمانی تێکروخاو بۆ هۆی پێکهاتنی ولاتانی عەرەبی، بەردەوام لە باردۆخێکی ناسەقامگیر و ئاڵۆزی سیاسیدابوون.

ئەگەر چاو خشاندنێکی خێرامان بە مێژووی هفتا ساڵەی ولاتانی عەرەبیدا بکەین، دەبینین کە لەو ماوەیەدا چەندین کودەتا و شەڕ و شۆرش تیاندا روویداوە. لە عێراق کودەتایەکی نیزامی کۆتایی بە دەسەلاتی پاشایی هێنا. چەند ساڵ دواتر چەند ئەفسری گەنجی میسری بە هۆی کودەتایەکیان کۆتایان بە رژیمی پاشایەتی میسر هێنا و دەسەلاتێکی لاواز و ناشایستیان هێنا سەر کار بە رێبەرایەتی جەمال عەبدولناسر. لە سووریەش کودەتا دوای کودەتا روویدا تا لە کۆتایدا حافز ئەسەد بە دەسەلات گەیشت و ئێستاش کورەکەی بەشار ئەسەد لە دەسەلاتدایە، بەلام زوڵم و زۆریەکانی بنەماڵەی ئەسەد، بە تایبەت لە سەر نەتەوەی کورد لە سوریەدا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە چی دیکە خەڵکی سوریە ئەو دەسەلاتە ستەمکارە تەحمولْ نەکەن و برژێنە سەر شەقامەکان و پایەکانی دەسەلاتداری بە شار ئەسەد بخنە لەرزینەوە. لە ولاتی لیبی مەحمەد عومەر قەزافی بە کودەتایەک دووبارە دەسەلاتی گرتۆتە دەست و ئێستا چەندین دەهەیە کە لە سەر دەسەلاتە.

سودان هەروەها ولاتێکی دیکەی عەرەبییە کە عومەر بەشیر بە کودەتایەکی نیزامی دەسەلاتی گرتە دەست و ئێستاش هەموو توانا و هێزێکی بە کار دهێنێت کە لە رووخانی ولاتێکەی پارێزگاری بکات.

لە لوبناندا هەرچەند کە کودەتای تێیدا رووی نەداوە، بەلام هەمیشە دەرگیری شەری ناوخۆی و باردۆخێکی ناسەقامگیری سیاسی بووە.حکوومەتی یەمەنیش بە شێوەیەکی دێموکراسی نەهاتۆتە سەر دەسەلات، چونکە چوار دەهە لەوە پێش حکومەتەکەی بە هۆی کودەتایەکی نیزامی دەسەلاتی گرتە دەست.

لە هەموو ناوچەکەدا تەنیا، ئێران و تورکییە تا رادەیەک باردۆخێکی سەقامگیری سیاسیان هەبوە، ئەویش بە هەزینەی سەرکوتی خەڵک و تواندنەوەی کەمە نەتەوەییەکان لە ناو خۆیاندا. هەر چەند باردۆخی سیاسی لە ئێران دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن رەزا شا تا هەڵایسانی شەڕی جیهانی دووەم تا رادەیەک جێگیر بوو، بەڵام دوای وەدەرنانی لە ئێران ئەو باردۆخە تێکچوو لە دەهەی پنجادا کودەتایەک دژی مەحمەدی موسەدیق کرا و دوای سی ودوو ساڵ لەو رووداوە رژیمی خومەینی دەسەڵاتی سیاسی ئێرانی گرتە دەست کە لە یەکەم رۆژیەوە تا کو ئێستا ئاڵۆزیەکی سیاسی و ناجێگیری هێناوەتە بەرهەم. ئەمرۆکە وڵاتی ئێران تامەزرۆی سەرهەڵدانێکی دیکەیە کە هیچ کەس نازانێت کە ڕەورەوەی ئەو رووداوە بەرەو کام ئاقاری دیکە رامان دەکێشێت، ئایا دیکتاتۆرێکی دیکە لە دایک دەبێت ویان رژیمێک، دێتە سەر کار کە تەواو گەلانی ئێران لە ژێریدا ئارام بگرن؟ یاخود سیستیمێک جێیر دەبیت کە هەموو گەلا لە خۆ نەگریت.

بە کورتی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەمیشە لە باردۆخێکی ناسەقامگیری سیاسیدا بووە کە ئێستا لەوانەیە گەیشتبێتە لوتکەی ئاڵۆزی و ناسەقامگیریەکان کە رێشە ئەو گۆرانکاریانە رەگی لە ناو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵاتی خەڵکانی ئەو ناوچەیەدا هەیە.

لە تونس خۆپێشاندانەکانی خەڵک بۆ هۆی رووخانی دەوڵەتی زەین ولعابیدەین. لە میسر خۆپێشاندانەکان نزیکە بگەنە خاڵی تەقینەوە. بێ گومان وڵاتانی دیکە وەک یەمەن و سوریەو ئۆردۆن و...، تامەزرۆیی ئەو تەقینەوانە و گۆرانکاریانەن کە هیچ کەس لە پێشهاتەکانی ئاگادار نییە.

کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو پەری هەوڵ دەدات کە ئەو رووداوانە بە شێوەیەک بە لاڕێ دابەرێت ولە کاریگەری کەمکاتەوە، بەڵام لە راستیدا، ئێستاکە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو پەری ترسی لێنیشتوە کە راستای ئەو رووداونە بەرووی خۆیدا بتەقێتەوە چونکە هەموو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی رژانی خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ سەر شەقامەکان لە ئێرانیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەبیندرێن، یاخود دەتونین بلیی ئەو کیشانیە کە ئەو رۆ خەڵکی لە و وڵاتانە دەخاتە سەر شەقامەکان لە ناوکی کۆماری سیدارەدا لە دایک بوون. بێکاری و هەژاری و گەندەڵی ئیداری وسەرکوت وزوڵم وزۆری، چوار هۆکاری سەرەکی بوون لەو وڵاتانە کە خەڵک برژێنە سەر شەقامەکان. ئەوەش لە دروشمی خۆپێشاندەران بە روونی هەستی پێدەکرا، بەڵام بەرپرسان و دەزگەکانی راگەیاندنی ئێرانی هەوڵدەدەن کە بیر و رای خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی دیکە بەلاڕێ دابەرن و باوەر بە خەڵک بێنن کە خۆپێشاندانی ئەو وڵاتانە هۆکاری مەزهەبی و ئاینی لە پشتە ودژی حکومەتە سکۆلارەکانیان رژاونە سەر شەقام.

لە راستیدا بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو واقعیتە باش دەزانن کە ماهییەت و ناوەرۆکی داخوازیەکانی

خەڵکی ئەو وڵاتانە چییە، تەنیا دەیان هەوێت خۆیان لەو واقعیەتە بدزنەوە و لە راستای بەرنامە وپلانەکانی خۆیاندا بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران بە لاڕێدا بەرن. ئەو رەشەبایەش درەنگ یان زوو بناغە وپایەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەخنە لەرزینەوە.

لێرەدا، پێویستە هێزە ئوپۆزسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەت حیزبە کوردیەکان ئەو راستیە لە پێش چاو گرن و لە ئێستادا ناو ماڵی خۆیان یەکخەن وبەرنەمە و پلانەکیش دارێژن کە لە راستای داخوازییەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان دابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١١

## بۆشاییو درزی نێوان پارتە سیاسیەکانو گەل

بۆشایی و درزکەوتن، بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێوان حکوومەتەکانی توتالیتارو گەل دەبیندرێت، بەڵام ئەو درزە لە وانەیە لە نێوان پارتە سیاسیەکان و گەلیش ببیندرێت، کە ئێمە دەمان هەوێت لەم بابەتەدا هێندێک لایەنی ئەم درزەکەوتنە کە ئێستا لە نێوان گەل و حزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە، بیخەمە بەرباس و لێکۆلینەوە.

سەرتا با بزانین چ پێناسەیەک بۆ کۆمەڵگە پڕ بە پێستیەتی وچاوەروانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە چ ئاستێک دایە و داواکاریەکانیان چیە؟

دورکهایم لەو باوەرەدایە کە کۆمەڵگە، ژینگەیەکە کە تاکەکانی ناو ئەو کومەڵگایە خۆلقێنەری ئەون کە مرۆڤەکان هەستی یارمەتی وخواست وداواکاری بەرانبەریان نسبەت بە یەک هەیە.

ماکس وبر، پێناسەی بۆ کۆمەڵگە بەم جۆرەیە " کۆمەڵگە کۆبوونەوەی تاکەکانە، کە رەفتار وکردەوەکانیان بەردی بناغەی ئەو کۆمەڵگەیەیە و کۆمەڵگە لە گەڵ هەڵس و کەوتی تاکەکان گۆرانکاری بە سەر دادێت". بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگە بە دوای کۆبوونەوەی تاکەکان وگروپەکان و پیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان لە دایک دەبێت و بە هۆی جیاوازی لە پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە بۆشایی کۆمەڵگەدا روخساری هێزو و فەرمانرەوایی و حاکمییەت سەرهەڵدەدات. ئەمرۆکە سەرەکیترین کۆمەڵگەکان، کۆمەڵگەی دەولەت و میللەتە، کە دەوڵەتەکانیش یان دێموکراتیکن یان نا دێموکراتن واتا سیستیمی دیکتاتۆری بەرێوە دەبەن لە جومگەر دەسەلاتتی سیاسیدا.

ئەگەر بمان هەوێت خوێندنەوەمان بۆ کۆمەڵگای کوردستان هەبێت کە لە ژێردەسەڵاتی ئێراندایە، سەرەتا دەبێت خوێندنەوەمان هەبێت بۆ ئەو سیستمانەی کە خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا تێدا ژیاون.

بێ گومان سیستمی سیاسی ئێران لە چەندین جۆر سیستمی توتالیتار و دیکتاتۆر تا کو ئێستا دروستبووە، بەو مانایا کە هەموو هێز و دەسەڵات لە ژێر دەستی کەسێک دابووە کە ویستویەتی و دەیهەوێت خواست و ویستی بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگاکەیدا بسەپێنێت. لە هەر جۆرە حکوومەتێکدا جۆرە هەستێک، پیوەندی نێوان هاووڵاتی و حاکمییەت دیاریدەکات.

لە سیستمە دیکتاتۆرەکان وەک کۆماری ئیسلامی ئێراندا، جۆرە ترسێکە کە هەوێنی مانەوەی پاشا و خەڵکە. تاکی ئێرانی، دیکتاتۆر و مانەوەی ئەو و کردەوەکانی ئەو جۆرە سیستمە تەنیا لە ترسی تێکچۆنی ئاسایشی وڵات قەبووڵ دەکات و رازیشە بە هەموو ئەو کردەوە و کارانەیەی کە بە سەری دێنێت. هەر بەو فۆرمۆڵە کە رژیمی، ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاری دێنێت، بە بەردەوامی خەڵکی ئێران لە ئەمەریکا و ئیسرائیل دەترسێنێت و جۆرە دوژمنێکی بۆ خۆی ساز کردوە بۆ مانەوەی هەرچەند لە پشت پەردە، کە خەڵک لێی بێ خەبەرە، لەوانەیە پیوەندیەکی ئابووری و سیاسی زۆرپێکەوەیان ببەستێتەوە. سەرەرای ئەووە کۆماری ئیسلامی ئێران لەو شێوەیە بۆ ناو خۆی وڵاتەکەشی کەڵکی لێوەردەگرێت، بۆ نموونە ئەمنیەتی کردنی کومەڵگای کوردستان دەچێتە ئەو خانەی رژیمەوە، بێجگە لەوە وڵاتێک کە بەردەوام لە شەڕ دابووە و دەسەڵات، تێیدا دەست بە دەست کراوە چۆن دەتوانێ ئاینده نگرو دوور بین بێت، بەم شێوەیەیە، کە مرۆڤی ئێرانی مەودای بیرکردنەوەی کورتە و روپێو وبازدەیەکی کەمی هەیە.

بەداخەوە کە لە ئێران بە درێژایی مێژوو ئێمە خوومان بەوە گرتووە کە گرووپێکی خۆدکامە بە جێگەی ئێمە بیر کاتەوە، لە خێزاندا باوک لە کۆمەڵگەشدا گرووپێک بە جێگەی ئێمە بیریان کردۆتەوە و بڕیاریان داوە. ئێمەشیان لە بڕیاڕدان و بێرکردنەوە بێ بەشکردوە، حکومەتە دیکتاتۆرەکان هۆکاری ئەو کێشەیە بوون.لە گەڵ بوونی هەموو شۆرشەکان و بەرخۆدانەکان وهەوڵدانەکان، دووبارە هەمان دیکتاتۆر و بە شێوەیەکی دیکە لە ئێراندا لە دایکبۆتەوە.

کۆمەڵگەی ئێرانی بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردەواری لەو کۆمەڵگە، دەگمەنانەن کە فیکرکردنەوەی تاکەکان، بە شێوەیەک بە تاوان ئەژمار دەکرێت. نووسین و خوێندنەوە بە گناە دەزاندرا،تا چەند دەهە لەوەی پێش کەسانێک هەبوون کە وا بیریان دەکردەوە کە چوونە مەدرەسە، دەستپێکێکە بۆ بەکافر بوون.

لەو کۆمەڵگایانەدا بیرکردنەوە بایخێکی نییە و کۆمەڵگەش بە هۆی هەڵاتن لە ئازادی بە باشی دەزانن کە کەسانێکی دیکە، بە جێگەیان بیر بکەنەوە. کە ئەم شێوەیە، هەمێشە زەمینە خۆشکەر بووە بۆ لە دایک بوونی دیکتاتۆر لەو کۆمەڵگایانەدا. بۆیە ئەو ئەحزابەنەی کە ئێستاش لەتاراوگەدا ژیان بەسەر دەبەن، هەڵقولاوی ئەو کۆمەڵگایەن لە سەردەم و زمانی خۆیدا، بەڵام ئێستا بە هۆی پیشکەوتنەکانی تیکنۆلۆژی و دەزگاکانی راگەیاندن ئاستی هوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو هەڵکشان چووە، هەروەها دوورکەوتنەوەی پارتە سیاسیەکانیش لە کۆمەڵگای کوردستان، هەست بەوە دەکرێت کە ئێستا جۆرە درزێک هەیە لە نێوان ئەحزابی سیاسی و کۆمەڵگای کوردستان.

بۆیە دەبێت بە شێوەیەک ئەو درزە پڕ بکرێتەوە، کە لە داهاتوودا بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نەبێتە کێشە.

لێرەدا رۆڵی سەرەکی دەبێت ئەحزابی سیاسی کوردستان ببینن لە هەنگاوی یەکەمیشدا دەبێت خۆیان ئاپدەیت کەنەوە واتە تازەگەری لە پیرەو پرۆگرامەکانیاندا ئەنجام بدەن و ڕێگە بە جیلی تازە بدەن کە بێنە ناو هەیکلّ و سەرکردایەتی حزبەکان،نەک هێندێک کەس هەر بە فیکری سی ساڵ پێش هەموو شتێک لە ئیختیار خۆیان بگرن و ڕێگە بە کەسانی دیکە نەدەن کە بەشدار بن لە سیستمی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان.ئەمجۆرە بیر کردنەوە جۆرێک لە دیکتاتۆری بەرهەم دێنێت.کە ئەوەش لە ناو پارتە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت، چونکە خۆی جیابوونەوە و دابڕانی ئەمجارەی خزبەکانی رۆژهەلات، لە نەبوونی دێموکراسی و پێکەوە هەڵنەکردنی لایەنەکانی بەرانبەر روویدا. لە ئاکامیشدا خودی ئەو دابڕانە لە داهاتوێکی نزیکدا، رەنگدانەوەیەکی قوڵی دەبێت لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان و پیوەندیە کۆمەلایەتیەکانیان و وەهەتا خەڵکی روناک بیرو هۆشمەد.

## بە کورتی:

* وا دێتە بەرچاو کە سیستمی سیاسی ئەگەر لە بەر دەست ژمارەیەکی دیاریکراو دابێت و خۆدکامە بن و ڕێگە بە بیری جیاواز نەدەن بۆ دەوڵەمندکردنی بەرنامە و پلانەکانیان، ئەوا شاهیدی درزێکی گەورەتر دەبین لە نێوان خزبەکان و کۆمەڵگای کوردستان کە ئەگەر ئێستا پێشی نەگیرێت، ئەوا لە داهاتودا چارەسەرکردنی ئەستەمە.

* حزبە کوردستانییەکان دەبێ ڕێگە بدەن بە رێکخراوەکانی مەدەنی لە ناوخۆی کوردستان و پاڵەپشتی تەواویان لێ بکەن وبەهانەش نەدەن بە کۆماری ئیسلامی کە کێشەیان بۆ بنێتەوە، چونکە تەجروبە سەلماندویەتی کە باشترین ڕێگەن بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشای و دەرزە کە لە نێوان پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەدا، رێکخراوەکانی مەدەنین.

* دەبێت باوەرمان بە خۆ بێت وەک باقی گەلانی پێشکەوتووی دوونیا، هەروەها دەبێت ڕێگە بدەین و ڕێگە خۆشکەر بین کە تەک تەکی تاکەکانی کۆمەڵگە، لە چارەنووسی میللەتی خۆمان بەشداریان کەین و باوەرمان بە کاریگەری تواناکانیان هەبێت لە هاوکێشە چارەنووسسازەکانی وڵاتماندا. دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە گەلانی پێشکەوتوو کەسانێک بوون کە تواناکانی میللەتەکانیان ناسیووە و لە راستای بەرنامە وپلانەکانیاندا بە مەبەستی گەشەکردنی وڵاتەکانیان بەکاریان هێناون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١١

## سەربەخۆیی یان فیدرالیزم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟!

گەلی کورد بە پێی سەرچاوەکانی مێژوویی، یەکێک لەو گەلە کۆنانەیە کە بە ووتەی زۆربەی مێژووناسان خاوەنانی یەکەمی میزوپۆتامیا و میان روودانن، هەروەها خاوەن یەکەم حکومت و ئیمپراتوریەتن لە مێژوودا، سەرەرای ئەوەش کوردستان بە گووتەی زۆربەی شوێنەوارناسان لانکەی شارستانیەتە، شوێنەوارەکانی چیا ی نەمروود و قەلای هەولێر و وان و زێویە، فقرەقا، ئەشکەوتی شانەدەر و کەرەفتوو چیای بێستون و گوندی چەرمەوو و هەزاران شوێنەواری دیکە کە ئێستاکە لە دڵی خاکدا شاراون و توێژینەوەیان بۆ نەکراوە گەواهیدەری ئەو راستیەن، بەڵام بە داخەوە لە سەردەمی ئێستادا هەرچەند گەورەترین نەتەوە و کۆنترین نەتەوەن لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵام بێ دەوڵەتن، هەرچەندە لە دوایی شەری جیهانی یەکەم بەڵێنی درا کە وەک باقی گەلانی ناوچەکە کوردیش دەوڵەتی سەربەخۆیی هەبێت.

" گەلی کورد مافەکانی لێ زەوتکراون و بە درێژایی لە هەوڵدابووە کە مافەکانی بەدەست بێنێتەوە،ئێستاش هەلێکی زێرین بۆ کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان رەخساوە بە پێی ئەو هەڵ و مەرجەی کە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێیدا تێپەر دەبێت و ناوچەکەی گرتۆتەوە، بۆیە لەو سەردەمەدا هەرچەند درەنگ بووە، بەلام بەو وتە بەناوبانگەی کە هەیە کە دەڵێن: "ماسی هەر کات لە ئاودا بگریت تازەیە". "

بەڵام بەداخەوە لە لایەن ئیستیعمارگەرانی کوردستان و وڵاتانی بەرژەوەند پەرست ئەو مافە بۆ گەلی کورد بە رەوا نەبینرا. هەرچەندەش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان مافی چارەخۆنووسینی بۆ گەلان بە مافێکی سروشتی زانیوە، بەڵام ئەو مافە بۆ گەلی کورد تا ئێستا دەستەبەر نەکراوە. لەو رە وشەوە، گەلی کورد ماوەی دوو سەدەیە کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی سیاسی و فەرهەنگی و ئینسانی و گرینگتر لەوانە مافی ژیانیان لە سەر خاکی باب و باپیرانیان بەردەوام لە خەبات و تێکۆشانێکی نا بەرابەر و تاقەت پروکێن دابوون بەرانبەر بەو دوژمنانەی خاکەکەیان داگیر کردوە، باوەری ئازادی خوازی کورد و خەباتی ئەوان بۆ بەدەستهێنای مافەکانیان، نیشانەی زیندووی و سوربونی ئەو گەلەیە.

لێرەدا ئەگەر بمانهەوێت، بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد بخەینە بەر باس و لێکۆلینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری بەرچاوی داناوە لە سەر پێوەندە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەت لە سەر ووڵاتانی ئێران و ئێراق و تورکیا و سوریە، سەرەرای ئەوە، بە پیی ئەزمونی میلەتان، سەرهەڵدانی بزوتنەوەکان لە هەرولاتێکدا بەدوای خۆیدا شەر و پێکدادانی هێناوەتە ئاراوە.

دابەش کردنی خاکی کوردستان، بە سەر چەند وڵاتدا بە پێی پیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ و پاشگەزبوونی وولاتانی زلهێز بۆ دانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد، گەلی کوردیان لە مافێکی ڕەوا و سەرەکیان بێبەش کرد. لەو ساتەوە تا ئێستا گەلی کورد بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان و هەوڵدان دایە کە مافە زەوتکراوەکانی بستێنێتەوە.

خەباتی هەر بەشێک لە کوردستان بە پێی بارو دۆخی ئەو ڕژیمانە بووە کە کوردستانیان بە سەر دابەشکراوە.لە ئاکامی تێکۆشانی کوردەکانی باشوری کوردستان ئێستا توانراوە بە هێندێک لەو مافانە لە سایەی سیستمێکی فیدراڵ بگەن، هەروەها خەباتی کوردەکانی باکوور توانیوویەتی ئەو سەهوڵ و بەستڵەکە سیاسیەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر باڵی بە سەر ئەو بەشەی کوردستاندا کێشاوە وردە وردە بتوێنێتەوە و دەوڵەتی تورکیای ناچار کردوە کە دان بە هێندێک لە مافە سەرەتاییەکانی ئەو بەشەی گەلی کوردستان دابنێت. بە پێی چاودێرانی سیاسی ئەگەرگەلی کورد لە باکوور بەو شێوەیە بۆ بەدەستێهێنانی مافەکانیان لە هەوڵدان دابن، لەوانەیە لە ماوەیەکی نزیکدا بە زۆر یەک لە مافەکانیان بگەن.

ئەوەی لەو بابەتە مەبەستمە، ئەوەیە کە بە پێی ئەو باردۆخ و هەل و مەرجە کە لە دوونیا و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتە کایەوە، کام مۆدێلی حکومەت و سیستم بۆ دوا ڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گونجاوترە؟

زۆر یەک لە پارتە سیاسیەکان پێیان وایە سیستمی فیدراڵی سیستمێکە کە دەتوانێت مافە کەمە نەتەوەییەکانی ئێران بە گەلی کوردیشەوە لە ئێرانێکی فیدراڵدا زامن بکات.لێرەدا با بزانین فیدرالیزم چیە ئایا ئەو مودێلەحکومرانیە، جوابگوی چارەسەری کێشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات لە وڵاتێکدا کە بەردەوام خەڵکەکەی لەژێر چەوسانەوەو زووڵم زۆری و ستەمدابوون و شعوری سیاسی خەڵکەکەی تا چەند قەبوڵی وەها سیتمێک دەکات؟ هەروەها کام مودێلی فیدرالیزم شیاوترە بۆ ئێرانێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین؟

لێرەدا ئەگەر باسی فیدرالیزم بکەین دەتوانین بڵێین کە، فیدرالیزم ئەو قەوارە سیاسییە نایەکانگیرەیە کە لەودا، دەسەڵات و هێزی ڕاپەڕاندن، دەستوور دانان و دادوەری لەنێوان دوو ئاستی سیاسی جیاواز، واتە دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان (و هەروەها بەپێی پێکهاتەی فرەنەتەوەیی: لەنێوان دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکانی نەتەوەیی/ هەرێمی) لەلایەک، و هەروەها لەلایەکی دیکەش دەوڵەتێکی تاکانەی یەکگرتووی هاوبەش و نایەکانگیردا دابەش دەکرێن. ئەوە کە دەوڵەتی فیدراتیڤی ناوەندی و هەرێمە فیدراڵەکان تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتیان دەبێ، ئەوە پێوەندی بە فیدرالیزمێک هەیە کە لەو وڵاتەدا بناغەکەی دادەڕێژن. ئەگەر دەوڵەتی فیدراڵی ناوەندی دەسەڵاتێکی زۆری لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمەکەندا هەبێ، بەم پێیە دەسەڵاتی ناوچەیەکان و هەرێمەکانی ئەم وڵاتەش لە کۆنترۆڵ و بەربەستکردن و هەروەها شوێنەواردانان لەسەر دەوڵەتی ناوەندی، بەهۆی ئۆرگانە هاوبەشەکەیان لە ئاستی سەرانسەری و بەتایبەت لە ڕێگەی کاریگەریدانان بۆسەر ناوەڕۆکی دەستوور، زۆر

دەچنە سەرێ. بۆوێنە فیدراڵیزم لە ئاڵماندا خاوەن ئەم کاراکتەرەیە).بە پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، واتە ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدرالی لەپێوەندی لەگەڵ دەستێوەردان لە کاروباری هەرێمەکاندا کەم بێ، ڕادەی شوێنەواردانانی هەرێمەکان لە ناوەندیشدا کەم دەبێ. (بۆوێنە لایەنی تایبەتمەندی فیدرالیزم لە کانادا بەم جۆرەیە).

بەهەرحاڵ، تایبەتمەندی گرینگی سەرەکی فیدرالیزم دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان ئاست و بەشە جۆراوجۆرەکانی ووڵاتە لەسەر بنەمای قانونی ئەوەش بە واتای گەڕانەوەی هێز و دەسەڵاتە بۆ خوارترین و نزمترین پلە و ئۆرگانەکانی حکومەتی. کەوابوو فیدرالیزم لە کۆجێی دەسەڵات لە ناوەندێکی تاکانەدا کەندوکۆسپی بۆ سازدەکا و پێشگیری لێدەکا: لە ولاتێکی دێموکراتیکی ناوەندگەرا، بۆوێنە وەک فەرانسە و تا ڕادەیەکیش ئینگلستان، بە تەنیا دابەشکردنی ئاسۆیی دەسەلات واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەستووردانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری بوونی هەیە. لە کاتێکدا لە سیستەمە دیموکراتەکانی فیدرال، بۆ وێنە لە ئاڵمان، سویس، بلژیک، ئوستورالیا...، سەرەڕای ئەوە، دابەشکردنی ئەستوونی (عمودی) دەسەلات، واتە دابەشکردنی دەسەلات و توانایی لەنێوان دەوڵەتی فیدرال و دەوڵەتە هەرێمەکانیشدا هەیە کە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ خەڵکیتربوونی ئەم سیستەمانە، بەلام ئایا لە ولاتێکی وەک ئێراندا ئەم سیستەمە جوابگویی هەموو نەتەوە و کەمە ئاینیەکانی ناو خۆی ئێرانە؟ ئایا خەڵکی ئێران ئامادەیی قەبوولکردنی وەها سیستمێکیان هەیە؟ ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکەش لەو زەمینەیەدا پێویستی بە لێکۆلینەوەیە و توێژینەوەیە، بۆیە من ئەو باسە بۆ خاوەنان و دیزاینەرانی سیتمی سیاسی دوارۆژی ئێران بە جێ دەهێلم، چونکە پێویستی بە باس و گفتوگۆیەکی زۆر هەیە کە لەو بابەتەدا ناگونجێت. بەلام بە بیرو باوەری خۆم، هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا، گەلی کورد مافەکانی لێ زەوتکراون و بە درێژایی لە هەوڵدابووە کە مافەکانی بەدەست بێنێتەوە،ئێستاش هەلێکی زێرین بۆ کوردی رۆژهەلاتی کوردستان رەخساوە بە پێی ئەو هەڵ و مەرجەی کە رۆژهەلاتی ناوەراستدا پێیدا تێپەر دەبێت و ناوچەکەی گرتۆتەوە، بۆیە لەو سەردەمەدا هەرچەند درەنگ بووە، بەلام بەو وتە بەناوبانگەی کە هەیە کە دەڵێن: "ماسی هەر کات لە ئاودا بگریت تازەیە". بۆیە گەلی کوردیش لە رۆژهەلاتی کوردستاندا دەتوانێت لە بارو دۆخی ئێستا کە هاتۆتە کایەوە بۆ دوا رۆژی سیاسی خۆی داوای سەربەخۆیی بکات و لە ئێستاشەوە ئامادەسازی پێویستی بۆ ئەنجام دەن و خەڵکیش ئامادە کەن کە ئارەزۆی دێرینیانە. سەربەخۆ بونی رۆژهەلاتی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوە کە دەولەتێکی کوردی دابمەزرێت و زمینە خۆشکەریش بێت بۆ باقی بەشەکانی دیکە کوردستان کە لەو مافە رەوایەی خۆیان نیزیک کاتەوە. کە لە داهاتودا شاهیدی چوار دەوڵەتی کوردی بین وەک چون عەرەب و تورک و فارس چەندین ولاتی سەربەخۆ خۆیان هەیە. هەر هەوڵدانێکی دیکەش جگە لەو راستایەدا دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم پرۆسە بۆ چەندین دەهەی دیکە دوا کەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١١

## زیاد بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و دژوار بوونی کیشەکان

ئەوەی کە زۆر گرینگە ئێمە دەبێ لە بیرمان بێت ئەوەیە، کە هیچ کات خەبات و تێکۆشان لە تەمەندا خولاسە نەکەینەوە، واتا هەر تەمەنی ریکخراو نەبێتە پێوانە بۆ جێکردنەوەی ئەو ڕێکخراوە لە ناو کۆمەلگاو خەلکی خۆیدا. بە باوەڕی من هەلسەنگاندن لە باری فەرهەنگی و کولتوری سیاسی زۆر گرنگە، پاشان ڕەنگدانەوە ئەو خەباتە کە ئامانجی چیە و دەیهەوێت کام ساختارە بگۆڕێت؟ زۆرگرنگە کە ریکخراوەیەک بتوانێ میتۆدی کار کردنی بە شێوەیەک ریکخات کە بتوانێ بەرنامە وپلان و ئامانجی ریکخراوەکەی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست و هەوادار و ئەندامی زۆر تر بۆ لای خۆی راکێشێت، ئەوەش بە بوونی بەرنامەیەکی تۆکمەو سەردەمیانە و زانستی دێتە پێش کە ڕێکخراوەکە بتوانێت پرۆتۆکۆلی کاری لە چوار چیوەی ئەو کۆمەلگاییە دابینێ و هەر لەوێوە هەوڵ بدات کە دەست بخاتە سەر ئەو برینە و کەم کۆریانە کە کۆمەلگا و بە تایبەت ژنان تووشی کیشە دەکات.

بەداخەوە لە کۆمەلگای ئێمەدا لە باشووری کوردستان بە تایبەت بە سەدان ڕێکخراو بە ناوی داکۆکی کەر لە مافی ژنان و ئافرەتان هەن، بەلام ئەوە ی هەمیشە من نیگەران دەکات و دەمخاتە دلە ڕاوکێ ئەوەیە کە، سەرەرای بوونی ریکخراوی ژنان چ ئەوانە کە سەربەخۆن و چ ئەوانە کە پاشکۆی حیزبەکانن، نەیانتوانیوە هۆشیاری پێویست ببەخشنە ژنانی ولاتەکەم لە بواری مافە کولتوری و کۆمەلایتیەکانیان و...، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی بەو ژمارە و قەبارەیەی کە ڕێکخراەکانی ژنان هەیانە، نەیانتوانیوە بە پێی پێویست کاریگەریان لە سەر کۆمەلگە هەبێت؟ ئایا ئەوان کار دەکەن بۆ مەسەلەی هۆشیارکردنەوەی ژنان لە کۆمەلگەدا؟ ئایا تا ئێستا ریکخراەکانی ژنان توانیویانە چ بکەن بۆ ئەوەی کێشەکانی ژنان کەم کەنەوە ئەگەر نەشتوانی بنبڕی کەن؟ ئەدی بۆ ساڵ لە دوای ساڵ کوشتنی ژنان، سوکایەنی بە ژنان، توندو تیژی دژ بە ژن، دور پەرێزخستنی ژنان لە کایەکانی ناو کۆمەلگا لە زیاد بوون دایە!!؟ هۆکاری کەم نەبونەوەی ئەو گرفتانەی کە روبەرو ژنان دەبنەو چن؟ هەمیشە باس لە کولتوری کۆمەلگا دەکرێت وە باسی لە ئەو شتانە دەکەن کە بە داب و نەریتەوە گرێدراون. زۆر جار ئەو ڕیکخراوانە دروشمی یەکسانی و گۆرینی سیستەمی یەکسانی هەلدەگرن؟ ئەوەش لە حالێکدایە کە زۆربەی ئەو ژنانە کە لەو ریکخراوانە چالاکی دەنوینن گرێدراوی ئەو دابونەریتەن و نەیانتوانیوە خۆیان لەو دابونەریتە کە سەردەمی بەسەر چوە دەرباز بکەن! یان ئەوەی نەیانتوانیوە کە بەندەکانی مافی مرۆڤ بە بەراورد لە گەڵ کولتور و دابونەریتی کوردەواری بگونجێنن.

بێ گومان ئێمە ژنانێکی باش و چالاکمان هەن کە بە حەزێکی خۆڕسکانە هەوڵ دەدەن کە کێشەکان لە کۆمەلگادا کەمکەنەوە

و چارەسەری تایبەتیشیان بۆ بدۆزنەوە بۆ بنبڕکردنیان. ژنی کوردیش دەیهەوێت وەکو هەموو ژنانی جیهان لە ئارامی دور لە ترس و دڵەراوکە دا بژین، ڕێکخراوەکانی ژانان دەبێ جەوێکی وا بخوڵقێنن کە ئەو ژنانەی کە تووشی کێشەیەک دەبنەوە و پەنایان بۆ دەێنن، هەست بە ئارامی بکەن و هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکانیان بهاوێژن، سەرەرای ئەوەی کە دەبێ ژنانیش لە مافەکانیان ئاگادار و هۆشیار کەنەوە. ئەو ڕیکخراوانە کە بۆ ژنان کار دەکەن دەبی بپرسن کە لە کوێن؟ چونکە بێ گومان لە هەر بەشێکی کوردستان یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، ڕێکخراوەکان بەپێی قانونی ئەو شوێنە ڕیگەیان پیدەدریت کە هەنگاو بنێن. ژنان دەتوانن بە پێی هەڵ و مەرجی ناوچەکە و باردۆخی کۆمەڵگەکا رۆژ بە رۆژ بچنە پێش و لە مافەکانیان نزیک ببنەوە.

بە رای من دەبێت ڕێکخراەکانی ژنان بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان گوتارێکی هوشیار کردنەوە و فەرهەنگی هاوبەشیان هەبێت تا کۆ زیاتر بتوانن کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا و حکومەت هەبێت بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە کایەکانی ژیان و سیاسەتدا.

ژنان دەبێت بە مانای ووشە خۆیان بناسن و سەبارەت بە مافەکانیان هۆشیار بکرێنەوە، ئەوە نەک بە تەنیا ڕێکخراوەکنی ژنان دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵکو هەموو ژنێک لە هەر شوێنێکی کوردستان بە پێی باردۆخی دەتوانێت هەنگاو بنێت. ئەو کارەش میکانیزمی پێویست بە خۆی هەیە کە لە هەر ناوچەیەک ژنان دەتوانن بە پێی بار و دۆخیان ئەو میکانیزمە بدۆزنەوە بە مەبەستی بەرەو پێشەوە چوونیان لە هەموو بوار و کایەکانی ژنانیاندا.

ژنان دەبێت تازەگەری لە فیکر و بەرنامەکنیان دابکەن و بە پێی سەردەم هەنگاو بەرەو دوار ۆژێکی پرشەنگدار باوێژن. ژنان نابێ ببنە پاشکۆی پیاوان بەرنامە و پرۆگرامەکانی وان چی بەجێ بکەن، بۆ نموونە، با نیوەی ئەندام پەرلەمانانی کوردستان ژن بن کە بەهەموویان نەتوانن مافێکی یاسایی بۆ ژنان دەستەبەر کەن چ لەمەسەلەکە دەگۆرێت؟

ژنان دەبێت فێری کاری گرووپی بن چونکە تەجروبە سەلماندویەتی کە هێز لە کۆدایە، هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان دەتوانن ساڵانە چەندین جار کۆ ببنەوە بە مەبەستی میکانیزمی کاردکردن و کاریگەری زیاتریان لەسەر کایەکانی ژیاندا. هەر کات ژنان توانیان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان هۆشیار ببنەوە ئەو کات دەتوانن کاریگەریان هەبێت لە سەر کایەکانی کۆمەڵگە و سیاسەت.

زیادبوونی ریکخراوەکانی ژنان بە بێ میکانیزم و گوتارێکی رۆشنبیری و هۆشیارکردنەوەی ژنان لە هەموو بوارەکاندا، بێجگە لەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. هیچ کاریگەریەکیشی نابێت لە سەر پێشەوەچوونی کۆمەڵگە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی

دەزانم کە هەموو ڕێکخراوەکان چ ئەوانەی سەربەخۆن و چ ئەوانەی پاشکۆی حیزبەکانن و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت کار دەکەن، کۆبنەوەیەکی گشتی ببەستن بە مابەستی دارشتی پلانێکی گشتگیر و زانستی سەبارەت بە هەموو ئەو مافەنەی کە ژنان دەبێ وەک تاکیکی کۆمەڵگە هەیان بێت. هەروەها دەبێ بتوانن میاکنیزمی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامە و پلانەکانیان هەبێت بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشەوەچوونی ژنان لە جیهاندا بە جێ نەمێنن و دوا نەکەون. دووشت کە زۆر گرینگە بۆ بەرەو پێش چونی خەباتی ژنان یەکەم بزوتنەویەکی یەکگیرتو دووهەم بیرکیردنەوەی ژنانە، خۆدامالین لەو بیرکیردنەوەیە بە باوەری من خۆ دۆڕاندنە جا هەر هۆکارێک بکرێت بە پاساو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٢

## نامەی چوارەم

ئەمڕۆ یادم لە گەڕان بە نێوە پڕێسکە و یادگاریەکانی ڕۆژانی رابردوو دەکردەوە، لە یادداشتەکانەوە دەستم پیکرد، تاخۆم بەسەر ئەواندا دوبارە تازە کەمەوە. لە مالێکی چۆڵە وە لەپشتی پەنجەرەێکی تەم گیرت و لەزستانێکی سەخت وسۆڵ و بە باو زریان دەڕوانم و بیر لەوێ دەکەمەوە کەچەند تاڵە ژیان لێرە! کاتێک لەماڵێکی چۆڵ لەگەڵ یاد گارو بیرەوەریەکانی رابردوو دەکەویتە دوان. غوربەتی دەم گرێ و فرمێسکە قەتیسکراوکانم بە ناچاری پەردەی پیلوەکانم دەپچکرنێت و خۆی دەخاتە سەر گۆناکانم و بەدوای بەهانەیەک دەگەڕێم کە لەو باردۆخە غەمناکە دەرم بێنێت،لە نێو بیرەوەریەکانم و دەفتەرە پەرپەر کراوەکانم، ئەوە دەخەنە یادمەوە و بیرم تازە دەکەنەوە وەک تیشکی هەتاو دوای باران کە بۆن دەبەخشێت بە خاکەوە، وام لێدەکات بە عەشقەوە بە ناو ئەو لاپەرانەدا بگەرێم و یادگاری ڕۆژانی ئەوێندەر بێنمەوە بیرم. لە کاغەرە کانەوە دەست پێدەکەم.

لای تۆ کاغەرە لول دراوەکان پڕن لە نامەو شێعری ژان گرت و یادی تاڵ و سوێر، لای منیش هەمان شت لەگەڵ خەمی نیشتیمانێکی هەتیودا بەسەر تنۆک تینۆکی وشەکاندا خۆ چۆڕاندۆتەوەو.

بیرەوەری لەگەڵ تۆو ئەواندا وەختە گیان لە روحم هەڵفرێنی. سەیرە منیش بەهەمان ڕێگەدا ڕەت دەبم بەلام بیری من لای خرمە خرمی ئەو سێوە لا سورانەیە کە پیشئەوەی دەست کەم بە خواردنیان تیر تیر بۆنم پێوە دەکردن، هەتا بۆنی نیشتیمانێکی بەش بەشکراو لە ناویاندا بدۆزمەوە.

لە ناو یادەوەریەکاندا، هەموو ئەو ووشانەم دۆزیەوە یان هاتەوە یاد کە ساڵانێکی دوور دریژە لەگەڵم گەورەبوون، هێندێک تال و هێندێکیان خۆش. جار جار قاقای پیکەنیت مەستم دەکا برێک جاریش لە پرپەی گریانی خۆم رادەچلکێم، ئاخر ناحەقم نیە ژیان هێندە دژوار بوو کە تەنگی پێهەڵچنیبووین، ڕمبە رمبی تۆپ و ترسی مەرگ، هەمیشە لە گەڵمان بوو، زۆر جار بەدەم ڕێگاوە بابۆلەیەم لولدەدا و بیرم لە ژیانی تاقەت پروکێن و نیشتیمان و تەنانەت تۆش دەکردەوە، زۆر جار ڕێگە هیندە دوور و درێژ دەبۆوە تا پەنایت بۆ خۆحەشاردان بدۆزمەوە، دەستم دەکرد بە بژاردنی ئەستێرەکان. دەزانی! لەو کاتیشدا هەر لەگەل تۆلە بۆنی خاکیش جیا نەدەبومەوە، هەستم بە خەیال گەرم و دەرکەوتنی ئاسۆی روون دەکرد، بەلام زۆر جار گیانم هەتا تۆشم بە مەرگ دەسپارت ئەوە لەوکاتەدا بوو کە دەگەیشتمە خاڵی کۆتای بیرکردنەوەم.

لەبیرمە، ئەرێ زۆر جوانم لە یادە!! هەرچەندە لە نێو ئەو پۆلە کاغەرە کاڵ بۆوەدا ئەوەم بەر چاو نەکەوت، بەڵام قەت لەبیرم ناچیتەوە، ئەو ئێوارە کە تازە لە کونە تەیارە گەرابومەوە لە ترسی تۆپ بارانەکەی ئەو رۆژە. جوان لە یادمە کاتێک لەو خۆمان پەنا دابوو، خەڵکێکی زۆر هەتا ناو کونەتەیارەکەش بە جۆرێک هێندێک کەس جێیان نەدەبۆوە، ڕایان دەکرد بۆ شوێنێکی دیکە، ناو کونەتەیارە ئای چەندە ترسێنەر و خەفەت هێنەر بوو. کونێک بوو بەر تەسک و تاریک چاو چاوی نەدەدیت، شۆقی فتیلە تیدا دەبریسکایەوە و دەنگی گریان و نوزە نوزی منداڵ و هەراو هۆریان خەڵک بێ دەنگی تاریکیان دەشکاند و بۆنی نائومێدی و مەرگیان بڵاو دەکردەوە.

ئەو کاتیش بیرم لە بۆنی خۆشەویستی و گەرمایی ئامیزی تۆ و دایک و نیشتیمان دەکردەوە، ناو گوند بێدەنگ بوو، تەنانەت لەبەر ترس و لەرز هەتا چراکانیش کز کرابوون، بەدەم ئێوارەوەیەکی درەنگەوە شەماڵ جارو بار هەڵی دەکرد و دڵمی فێنک دەکردەوە و دەی دا لە بەژنی دار بیەکان و دوای بەسەر مندا گەڵای ژیانی دەوەراند، خەیاڵ مێشکی تەنیبووم، بیرم لەخۆم و تۆ دەکردەوە، تۆ باسیت لە ئاسمانی ئەوێندەر وبۆنی دوکەڵ و نم نمی باران دەکردەوە، منیش هەر ئەونەم نەمەی بارانە زۆر جار هەلی دەگرتم، بەڵام خۆ ترسی مەرگ لەزەتی تنۆکە بارانەکانی لە بیر دەبر دمەوە. ئای ترسی ژیان لای من و ترسی ئەوی کە تۆبلێی من چاوم بە زێدو روحم بە تۆ شاد بێتەوە، وەک زەردەواڵە دەوری دابووم وجێی نەدەهیشتیم، ئەو خەیاڵی ترسە!

ئیستا، کات درەنگ بووە و بیرم لای ئەو چرکە ساتانەیە کە تۆ پێیدا تێدەپەریت، بەدەم ملوانکەیەک خەیاڵی سەوزەوە دەرۆیت خۆت خستۆتە سەر لەپی دەست و ژیان بەرێدەکەیت، منش هەمان شت، بەڵام من بیر لە بۆنی چای ناکەمەوە، بەڵام بیر لەو سێوە لاسورانە دەکەمەوە کە هەموو پاییزێک وەرمان دەگرتن، ئەوان لە ئەودیوە و دەهاتن بۆیە بۆنیان هێندە خۆش بوو، دڵم نەدەهات کە گازیان لێ بدەم تاوێک بەدیاریانەوە مشتم لی پڕدەکردن. تۆ باسی پیربوونی هەموو ئەوانە دەکەی، بەڵام بیری ئەو خەمەی نیشتیمان ناکەیت کە چۆکی داکوتاو و وەک شاخ وەستاوە. لەڕستیدا هەردەموسیت ئەوەت بیر بخەمەوە و پێت بڵیم کە هەر هەموو مان لێرە باڵ و پەڕ دەگرین لە نێودەسی گەرمی خاکێکدا کە پڕە لە حەسرەتی گەڕانەوەی ژیان، کە لێورێژە لە خۆشەویستی، بیری ئەو کات دەمرفێنێت، بەڵام لە یادت بێت کە بیری تۆش دەکەم لەگەل خاک. بیریت نەچێت من دڵنیام ئەو ڕۆژە دێ، هەو من و هەم تۆ دەگەڕێنەوە بۆ ئەوێندەرو ڕوحمان بە سروشتی جوان و هەناسەمان بە سروەی شەماڵی سەر دار بیەکان فێنک دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٢

## نامەیەک
## لە بەر خۆری دەم سپێدە

لای تۆ ئێوارەیە و، لای منیش تازە بە تازە سیلەی ڕۆژ لە پێش تاقەداری قەراخ کانیەسووتاو سەر دەر دێنێ. مشتێ پڕ لە گزینگی درەوشاوە و، پەنجەکانی بە بۆنی ڕۆژێکی نوێ تەڕکردووە. بەدەم هەڵاتنی سپێدەوە، چاوم بڕیوەتە ڕێگە و، دڵی پڕ لە یادگار و بیرەوەری بە سەر پشتی ڕۆژدا هەڵدەخەم. هەر بەیادی تۆوە، ئەو ڕۆژە من و کۆمەڵێ یادەوەری دەچینەوە ژێر سێبەری بەژنی کانی و چرکە لە گەڵ چرکە جوانتر شۆڕ دەبینەوە بە ناخی تۆدا . تۆیەک! هەر وەک دەنگێک لە پشت پەردە تەنکەکەوە خەیاڵ ڕات دەژێنێ. ئەو ڕۆژە هەتاوییەی لە بیر تۆدایە، لای منیش زیندووە، لە یادمە ڕۆژێکی بەهاری ئەو بۆنەی کە دەیلێی، لە خۆمان ئالاند و پێی مەست بووین. بۆنی بەهار و خۆرەتاو، سوێسن و بۆنی ئاو، وەنەوشە. خەیاڵی تۆ بەسەر سروە بایەکی فێنکدا و، هی منیش بەسەر لەنجەی درەختی بیرەوەریی ئەو کاتەی تۆدا سەمای دەکرد.

ئەو لەنجەی کە منی گرتە خۆی، بۆ هەمیشە جەستەی ماندوومی لەئامێزی فێنکدا هەڵگرت. بیرم ناچێت ئەوکات، یەکەم دیدار، یەکەم ژوانی بن تاقەدار کە پەنجەکانم بەسەر پرچی خورمایی نەرمتا هێنا و، پەنجەکانم لەنێو تاڵ تاڵی مووەکانتا هەڵوەرین، چ پڕ لەزەت بوو. ئەو بەیانییە لە تەمەنی مندا گوڵێکی زیندووە و، تا ڕوح لە جەستەی ماندوومدا بمێنێ، یادی ئەو ڕۆژانەم ون نابێت. چلۆن ون بێ، هەرچی نیگای گەرم وهەناسەی فێنکە لە بەژنی ئەو ڕۆژە نوێیەدا هەڵوەریێن بەسەر لەشی وشکەڵاتوی مندا و، سەرلەبەر بوومەوە بەو ژنەی کە چاوی چاوەڕوانی و حەسرەتی هەڵێنا.

من وتۆ هەر ماوین. لای سێبەری تاقەدار، دەستەکانمان بەسەر پرچە سەوزەکانیەوە جێهێشتووە. یادەوەری، خۆی دەخافڵاند، - هەر وەک دەڵێی - لە پەنایەک سیلەی چاوی بڕیوەتە دەورو پشتی خۆی.

خەیالی تۆ دەڕۆیشت بۆ ئەوکات کە هەر دوو بە دوو لەژێر سێبەری ئەو دارەوە، ڕوحمان تێر ئاو دەکرد. خەیاڵی من لەدەوری دەشت و شاخ و تۆدا گرمۆڵە ببوو، بۆ ساتێکیش ئەوێندەرێی جێ نەدەهێشت.

تۆ لەوێوە، لەگەڵ ڕازی نەهاتی من دەدوێی، مینش ڕازی بێ تۆیی لەگەڵم، بۆ ئەو سەفەرە دەردەبڕم. ئای چ تاڵە سەفەر بێ یاد و یادگر و ڕوحی تەڕی تۆ!

تۆ بیرت هەر لای ڕەنگی کانی و وردە بەردەکانی کانییە، چۆن ئەوکات لەسەر لێواری ئەو کانییە دووبەدوو بەردۆچکەی ورد وردمان دەخستە ناو کانی بۆ شانسی هەردووکمان دەدواین.

تۆ دەڵێی "پێی بڵێ، بەو بڵێ"! توخوا تۆش کە چوویت بەو بڵێ:

قەدەرە حەیامێکە ئەو ونە، وەک مانگێک لەپشت هەوردا گیر بووە. پێی بڵێ با بێ تۆ لە دەشت و سەوزایی و ئەوینم دانەبڕێ. با بێت و تۆزقاڵێک گەرمایی بە ڕوحی تەزیوم ببەخشێ، با وەکوو من، خەیاڵی، یا بۆنی خۆم و خۆی، لە پشتی پەردە لادراوە کەوە بەرلەوەی خۆر ماڵاوایی بکات بێتە دەر ، دەست بخاتە سەر شانی ماندووم و ڕوحێکی تازەتر بدا پێم.

پێی بڵێ دەم زانی هەر ئەوکات کە ڕیشەی لەگەڵ خاک هاتووە و، بە ڕیشەی خاکەوە من وئەو بیرێک دەمان گرێ.

کە بینیت بیناسە: ئەو ڕەنگی لە ڕەنگی گەڵایەکی سەوز و،

بۆنی وەک شلکە ڕیحانە و،

قژی نەرمی ماش و برنجی و،

دەستی ئاوریشمی و،

خاڵێک لەسەر ڕووی ئەو،

بەژنی وەک ڕۆژ درێژە، بۆنی باخەڵی وەک دیۆر حەوت کۆڵان هەڵدەگرێ. تیشکی چاوی تیژ تیژ. ئەگەر ئەوت دیت، توخوا پێی بڵێ من لەبەر خۆری دەم سپێدە چاوەڕێم، من بەدیار ئەوەوە سەر لەڕێم. تۆ دڵنیام دەی ناسییەوە. ئەو وەک باران تەڕ، پێی بڵێ لەسەر کانی من چاوەڕێم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیوێری ٢٠١٢

## رۆڵی ژنان لە کایەکانی ژیاندا

هەر کۆمەڵگایەک لە ناوەندێکی بچوک و زۆر گرینگ کە خێزانە دروست دەبێت. پێکهاتەی سەرەکی خێزان لە ژن و پیاوەوە پێکدێت. هەر کۆمەڵگایەک بە پێی داب و نەریت و ئەو باگراوندە کولتوری و فەرهەنگیەی کە هەیەتی، تێڕوانین جیاواز بۆ ژن دەکرێت. نزار قەبانی گوتەنی هەڵبژاردنی چەمکی ژن کارێکی ئاسان نیەکە لە بارەیەوە بدوێیت، چون تۆ لەگەڵ چەمکێک ڕوبەڕو دەبیتەوە کە پرە لە بڤەو حەرام و ووشەیی قەدەخە کراو. دەکرێ بگوترێ هەر کەسێک لە کۆمەڵگادا لەسەر کێشەو گرفت و هەست و خەباتی ژنان بدوێت وەک ئەوە وایە کە یاری بە پیشکۆی ئاگر بکات. رەنگە ئەوە نەتەنها بۆ پیاوان سەخت بێت، بەڵکوو بۆ ژنانیش زۆر سانا نیە کە بێن لە مێژوی سەرهەڵدانی خەباتی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە تایبەت ئەگەر کۆمەڵگاکە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاًر بێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بکرێنە ئامانجی تانە و تەشەر لێدان لە لایەن تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

مێژوی کۆنی ژن پرە لە کارەسا ت و نەهامەتی و هەست دەکری بە هۆی ئەوەی کە مێژوو نووسانی ئەو دەم زیاتر پیاوان بوو تەنانەت لە نوسینەوەی مێژووشدا تا رادەیەک ژن لە پەراوێز خراو ن و زوڵمیان لێکراوە. ژن لە فکری کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر رەنگ و سیمایی دەگۆردرێت، لەگەلێک شوێنی کۆمەڵگادا پێگەی ژن وەک دایکە یان خوشک و بەس، بەلام لە هەندیک شوێنی دیکەدا ئەرک و پێگەی ئەو ئاڵوگۆری بەسەر دا دێت.

ئەگەر چاوێک بە خەباتی ژناندا بگێرین کۆمەڵی چەمگی گرینگ لەسەر مێژوی ژنان بە دی دەکرین کە لەهەر یەک لەمانە ژن دەوری خۆی هەبووە، پۆلێن کردنی ژن لە کۆمەڵگادا دەکری بخریتە چەندین خانەوە یان رۆڵی ژن لە ئەرکەکانی بە چەند شێواز دابەش بکرێت.

ئەوەی کە لێرەدا من دەم هەوێ زیاترجەختی بخەمە سەر، ئەوانەن: ژن لە سیاسە تدا، ژن لە نوسیندا، ژن لە شەردا، ژن لە نیوان کیشە کۆمەلایەتەیان دا، ژن و ئازادی.

بێ گومان ژن لە هەر یەک لەو کارو چالاکیانەدا دەوری خۆی بووە و بەهەموو سەختی و ڕێگریەکانی کە لە بەردەمی ساز کراون کە دەکری زۆر جار کولتوری بوبن یان فەرهەنگی وای خواستووە کە ژن تەنیا ژنێکی ساکارو دایکی بێدەنگ بێت بێ ئەوەی داوای مافی خۆی بکات، بەڵام ئەو سەرەرای هەمووو یەخسیر کردنێک توانیویەتی بێتە مەیدان و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

ئەگەر باسی دەوری ژن لە ئێران بکەین دەگەڕێتەو بۆ پێش کۆماری کوردستان یان کۆمەڵەی ژێکاف یان خود دوورتر بڕۆین بۆ سالی ١٩٣٨ واتا سەردەمی ڕەزاشا کە کۆمەڵێ قانون هاتنە ئاراوە کە ژنانیش بێبەش نەبوون، بۆ یەکەم جار یاسایەک پەسند کرا کە ژن پەچە و عەبا فڕێداو بێت مەیدان. هەر چەند ئەو یاسایە لە نێو چینی هەژارو کەم دەرامەتدا کەمتر بەڕێوە چوو، بەڵام ئەو یاسایا وای کرد کە یاسای دیکە بە دوای خۆی بێنێت و ژنان بێنە ناو بوارەکانی فەرهەنگی و کایەکانی دیکەی ژیانەوە کە وای کرد کە ژنان بە ئاگا و هوشیارانەتر داوای مافە زەوتکراوەکانی دیکەی خۆیان بکەن. کاتێک ئێمە باسی لە ژن لە سیاسەتدا دەکەین، دەوری ژن لە رۆڵی پیاو کەمتر نەبووە، بەڵام بە داخەوە ژن لە کۆمەڵگە پیاوسالارانەکانەوە، هەمیشە لە گوتاری ستراتیژی سیاسیدا وەک ئامراز بە کار هاتووو، هەم لە سیاسەتی کلاسیکدا وهەم ئێستاش، بەو مانایە کە دەسەڵاتی سیاسیە کە دەخوازێ زیاتر بیرو هزری پیاوانە دابرێژێت و ژنیش بەڕێوەی بەبات ،نەک بەو شێوە رێگەی پێدرا بێت کە وەکو ژنێک خویندنەوەی خۆی لە سیاسەتدا هەبێت.

بە دورستکردنی رێکخراووە و ناوندەکانی ژنان لە ئێران، ژنان توانیان چاکتر و چالاکتر بێنە مەیدان و خۆیان سازماندەدەن و رێکخەن. تەنانەت لە زۆر بواردا وەک گۆرەپانی شەڕ ژنای خەباتگێر پیدا بوون کە شان بە شانی پیاوان چەکیان هەڵگرت و لە تێکۆشاندا بوون، بەڵام لێرە پرسیارێک دێتە گۆرێ ئایا ژن لە سیاسەتدا توا نیویەتی باوەرو فکر خۆی لە پێناو کۆمەڵگەیەکی یەکساندا تا ئەمرۆ دەستە بەر بکات و بەدی بێنێت؟ بەدڵنیایەوە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی نا! بۆ نموونە، ژنمان هەیە لە کوردستان پەرلەمانتار و وەزیرە یان لە زۆر شوێنی گرینگی دەسەلاتدا دانراوە، بەڵام تا چەند توانیویوتی و یان رێگەی پێدراوە کە کار بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی بکات و ژنانەش تێروانینی بۆ کار و باری حکوومی بێت.

ژن لە نووسیندا، بەداخەوە لەو بوارەشدا هەر وەک مێژووی سیاسی بەهۆی ئەو هەڵ مەرجەی کە کۆمەڵگە پێدا تێپەر بووە و بێ ئیمکاناتی و رێگە نەدان بە خوێندنی ژنان لە قوتابخانەکاندا نەیتونیوە شوێن پەنجەی خۆی دابنێت لە بوارەکانی ئەدەبی، ئەگەر هەش بووبن ئەوە تەنیا لە قامکەکانی دەست تێپەر ناکەن. ئەگەر ئاورێ لە مێژوو بدەینەوە دەبینین کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هێندێک لە ژنان چالاک بوون و وتاریان بۆ رۆژنامەی کوردستان دەنووسی. بەڵام ئەگەر بە گشتی چاوێک بە میژوو ئەدەبیاتدا بگێرین چ رۆژ ئاوا چ رۆژهەڵات دەبینین کە ژن لە ئەدەبیاتدا بوونێکی ئەو توی نەبووە، ئەگەر هەش بوویێت زۆر کەم رەنگ بووە کە هۆکاری دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ئیمکاناتە و ئازادییەی کە بۆ پیاوان فەراهەم بووە ئەو کات بۆ ژنان بوونی نەبووە، بۆ نموونە شکسپیر ئەگەر ئەو ئیمکاناتەی بۆ شکسپیر هەبوو بۆ خوشکەکەی هەبایا، بێ گوومان ئەویش دەیتوانی بگاتە ئەو ئاستەی ئەو، نەک ناچار بکرێت لە نەبوونی ئەو فەزایە کە نەگاتە هیواو خوڵیاکانی، خۆی لە پەنجەرەی ماڵەکەی فرێداتە خوارێ و کۆتای بە ژیانی بێنێت. هەر ئەوە نیشانمان دەدات و پێمان دەڵێت کە هەر لە سەرەتاوە ئەدەبیات بە زمانێکی پیاوانە نووسراوە و ئەو ژنانەی کە لەو بوارەدا کاریشیان

کردووە زوو چوونەتە ژێرهەژموون و ساختاری ئەدەبیاتێکی پیاوانە. بەڵام لە نووسیندا ئێستاشی لەگەڵدابیت ئەوە فەزایە هەر بەسەریاندا ماوەتەوە.

لە بواری هونەریدا، ئەگەر سەیر بکەین لەو نێوەشدا ژن هەر ئەو دەورانەی پێدەدرێت کە لە فیلم و ڕۆمانەکاندا کەسایەتیەکی لاواز و شکەست خواردووی هەیە. کاتێک باسی نووسینی ژنان دەکرێ تەنیا لەو چوارچێوەیەدایە کە باس لە عەشق و ماچ و ئامێزو سیکس و غەرێزە حیوانیەکان دەکرێت. توریل مۆی، یەکێک لە نووسەرانی نۆرویژی لە کتێبێکدا لەژێر ناوی یەک ژن چیە لەوێدا باسی لەوە دەکات کە ژن بوون بەومانایە نییە کە خۆی رووت بکاتەوە، یەک ژنی ڕوت ژنێکی بە واتا ژن نیە، لەبواری نوسیندا ژن دەبێ خۆی بێت و دەست لەسەر ئەو کەم و کوریانەدا دانێت تا بتونێت باشتر و زووتر بە ئامانجەکانی بگات.

لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا ژنان شان بە شانی پیاوان لە هەوڵدابون، بۆ نموونە لە خەباتی چەکداریدا ژنان دەورێکی سەرەکی هەبووە و بە سەدان وهەزار ژن لەو ڕێگەیەدا گیانیان بەخت کردوە. ژن لە بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی ماڵدا هەمیشەو ئێستاشی لەگەڵ دابێت دەورێکی گرینگی بووە و هەیە و توانیویەتی بە باشترین شێوە ئەرک و کارەکانی راپەرێنێت،ئەگەر پێنج قۆناخەکانی ژیانی مرۆڤ بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ژنان لە هەموو قۆناغەکاندا رۆڵێکی گرێنگ و کاریگەریان بەرێوە بردووە، بەتایبەت لە قۆناغی پیشە سازیدا.

ژنان بە هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانیان دەتوانن ئازادی خۆیان بە مانای وشە بە دەست بێنن. بەڵام بەداخەوە ئێستا ئازادی ژنان لە کۆمەڵێک شتی بچوک و لاوەکیدا کورت و سنووردا کراوە، ئازادی ژن دەبێت لە خودی خۆیدا بێت ومانای بە خۆی و بە ژیان ببەخشێت، واتا جەستە، قەلەم، فیکروهزرو بیرو رادا.

ئازادی کۆمەڵگە بەندە بە ئازادی ژنانەوە، بەڵام ئازادکردنی ژن پەیوەستە بە رادەی هەوڵدان و تێکۆشانی کە تا چەند دەتوانێ ئەو وێنەیە بگۆرێت کە پیاو بۆ ئەو وێنای کردووە کە واتا ئەوە ئەرکی سەرەکی هەموو ئەو ژنانەیە کە باوەریان بە خۆ و ئازادی و یەکسانی هەیە تا کو لە ژێر هەوڵکانیاندا بتوانن کۆمەڵگایەکی یەکسان بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا برەخسێنن کە مرۆڤ تێدا هەست بە ئاسودەیی بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢ی جانێوێری ٢٠١٢

## زیاد بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و دژوار بوونی کیشەکان

ئەوەی کە زۆر گرینگە ئێمە دەبێ لە بیرمان بێت ئەوەیە، کە هیچ کات خەبات و تێکۆشان لە تەمەندا خولاسە نەکەینەوە، واتا هەر تەمەنی ڕیکخراو نەبێتە پێوانە بۆ جێکردنەوەی ئەو ڕێکخراوە لە ناو کۆمەڵگاو خەڵکی خۆیدا. بە باوەڕی من هەلسەنگاندن لە باری فەرهەنگی و کولتوری سیاسی زۆر گرنگە، پاشان ڕەنگدانەوە ئەو خەباتە کە ئامانجی چیە و دەیهەوێت کام ساختارە بگۆڕێت؟ زۆرگرنگە کە ریکخراوەیەک بتوانێ میتۆدی کار کردنی بە شێوەیەک ڕێکخات کە بتوانێ بەرنامە وپلان و ئامانجی ڕێکخراوەکەی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست و هەوادار و ئەندامی زۆر تر بۆ لای خۆی راکێشێت، ئەوە ش بە بوونی بەرنامەیەکی تۆکمەو سەردەمیانە و زانستی دێتەپێش کە ڕێکخراوەکە بتوانێت پرۆتۆکۆڵی کاری لە چوار چیوەی ئەو کۆمەلگاییە دابینێ و هەر لەوێوە هەوڵ بدات کە دەست بخاتە سەر ئەو برینە و کەم کۆریانە کە کۆمەڵگا و بە تایبەت ژنان تووشی کیشە دەکات.

بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە باشووری کوردستان بە تایبەت بە سەدان ڕێکخراو بە ناوی داکۆکی کەر لە مافی ژنان و ئافرەتان هەن، بەڵام ئەوە ی هەمیشە من نیگەران دەکات و دەمخاتە دڵە ڕاوکێ ئەوەیە کە، سەرەرای بوونی ریکخراوی ژنان چ ئەوانە کە سەر بە خۆن و چ ئەوانە کە پاشکۆی حیزبەکانن، نەیانتوانیوە هۆشیاری پێویست ببەخشنە ژنانی ولاتەکەم لە بواری مافە کولتوری و کۆمەلایتیەکانیان و...، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی بەو ژمارە و قەبارەیەی کە رێکخراەکانی ژنان هەیانە، نەیانتوانیوە بە پێی پێویست کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگە هەبێت؟ ئایا ئەوان کار دەکەن بۆ مەسەلەی هۆشیارکردنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەدا؟ ئایا تا ئێستا رێکخراەکانی ژنان توانیویانە چ بکەن بۆ ئەوەی کێشەکانی ژنان کەم کەنەوە ئەگەر نەشتوانی بنبڕی کەن؟ ئەدی بۆ ساڵ لە دوای ساڵ کوشتنی ژنان، سوکایەنی بە ژنان، توندو تیژی دژ بە ژن، دور پەرێزخستنی ژنان لە کایەکانی ناو کۆمەڵگا لە زیاد بوون دایە!!؟ هۆکاری کەم نەبونەوەی ئەو گرفتانەی کە روبەرو ژنان دەبنەو چن؟ هەمیشە باس لە کولتوری کۆمەڵگا دەکرێت وە باسی لە ئەو شتانە دەکەن کە بە داب و نەریتەوە گرێدراون. زۆر جار ئەو ڕیکخراوانە دروشمی یەکسانی و گۆرینی سیستەمی یەکسانی هەلدەگرن؟ ئەوەش لە حالێکدایە کە زۆربەی ئەو ژنانە کە لەو رێکخراوانە چالاکی دەنوینن گرێدراوی ئەو دابونەریتەن و نەیانتوانیوە خۆیان لەو دابونەریتە کە سەردەمی بەسەر چوە دەرباز بکەن! یان ئەوەی نەیانتوانیوە کە بەندەکانی مافی مرۆڤ بە بەراورد لە گەڵ کولتور و دابونەریتی کوردەواری بگونجێنن.

بێ گومان ئێمە ژنانێکی باش و چالاکمان هەن کە بەحەزێکی خۆڕسکانە هەوڵ دەدەن کە کێشەکان لە کۆمەڵگادا کەمکەنەوە

و چارەسەری تایبەتیشیان بۆ بدۆزنەوە بۆ بنبڕکردنیان. ژنی کوردیش دەیهەوێت وەکو هەموو ژنانی جیهان لە ئارامی دور لە ترس و دڵەراوکە دا بژین، ڕێکخراوەکانی ژانان دەبێ جەوێکی وا بخوڵقێنن کە ئەو ژنانەی کە تووشی کێشەیەک دەبنەوە و پەنایان بۆ دەێنن، هەست بە ئارامی بکەن و هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکانیان بهاوێژن، سەرەرای ئەوەی کە دەبێ ژنانیش لە مافەکانیان ئاگادار و هۆشیار کەنەوە. ئەو ڕیکخراوانە کە بۆ ژنان کار دەکەن دەبی بپرسن کە لە کوێن؟ چونکە بێ گومان لە هەر بەشێکی کوردستان یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، ڕێکخراوەکان بەپێی قانونی ئەو شوێنە ڕیگەیان پیدەدریت کە هەنگاو بنێن. ژنان دەتوانن بە پێی هەڵ و مەرجی ناوچەکە و باردۆخی کۆمەڵگەکا رۆژ بە رۆژ بچنە پێش و لە مافەکانیان نزیک ببنەوە.

بە رای من دەبێت ڕێکخراەکانی ژنان بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان گوتارێکی هوشیار کردنەوە و فەرهەنگی هاوبەشیان هەبێت تا کۆ زیاتر بتوانن کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا و حکومەت هەبێت بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە کایەکانی ژیان و سیاسەتدا.

ژنان دەبێت بە مانای ووشە خۆیان بناسن و سەبارەت بە مافەکانیان هۆشیار بکرێنەوە، ئەوە نەک بە تەنیا ڕێکخراوەکنی ژنان دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵکو هەموو ژنێک لە هەر شوێنێکی کوردستان بە پێی باردۆخی دەتوانێت هەنگاو بنێت. ئەو کارەش میکانیزمی پێویست بە خۆی هەیە کە لە هەر ناوچەیەک ژنان دەتوانن بە پێی بار و دۆخیان ئەو میکانیزمە بدۆزنەوە بە مەبەستی بەرەو پێشەوە چوونیان لە هەموو بوار و کایەکانی ژنانیاندا.

ژنان دەبێت تازەگەری لە فیکر و بەرنامەکنیان دابکەن و بە پێی سەردەم هەنگاو بەرەو دوار ۆژێکی پرشەنگدار باوێژن. ژنان نابێ ببنە پاشکۆی پیاوان بەرنامە و پرۆگرامەکانی وان چی بەجێ بکەن، بۆ نموونە، با نیوەی ئەندام پەرلەمانانی کوردستان ژن بن کە بەهەموویان نەتوانن مافێکی یاسایی بۆ ژنان دەستەبەر کەن چ لەمەسەلەکە دەگۆرێت؟

ژنان دەبێت فێری کاری گرووپی بن چونکە تەجروبە سەڵماندویەتی کە هێز لە کۆدایە، هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان دەتوانن ساڵانە چەندین جار کۆ ببنەوە بە مەبەستی میکانیزمی کاردکردن و کاریگەری زیاتریان لە سەر کایەکانی ژیاندا. هەر کات ژنان توانیان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان هۆشیار ببنەوە ئەو کات دەتوانن کاریگەریان هەبێت لە سەر کایەکانی کۆمەڵگە و سیاسەت.

زیادبوونی ریکخراوەکانی ژنان بە بێ میکانیزم و گوتارێکی رۆشنبیری و هۆشیارکردنەوەی ژنان لە هەموو بوارەکاندا، بێجگە لەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. هیچ کاریگەریەکیشی نابێت لە سەر پێشەوەچوونی کۆمەڵگە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی

دەزانم کە هەموو ڕێکخراوەکان چ ئەوانەی سەربەخۆن و چ ئەوانەی پاشکۆی حیزبەکانن و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت کار دەکەن، کۆبنوەیەکی گشتی ببەستن بە مابەستی دارشتی پلانێکی گشتگیر و زانستی سەبارەت بە هەموو ئەو مافەنەی کە ژنان دەبێ وەک تاکیکی کۆمەڵگە هەیان بێت. هەروەها دەبێ بتوانن میاکنیزمی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامە و پلانەکانیان هەبێت بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشەوەچوونی ژنان لە جیهاندا بە جێ نەمێنن و دوا نەکەون. دووشت کە زۆر گرینگە بۆ بەرەو پێش چونی خەباتی ژنان یەکەم بزوتنەویەکی یەکگیرتو دووهەم بیرکیردنەوەی ژنانە، خۆدامالین لەو بیرکیردنەوەیە بە باوەری من خۆ دۆڕاندنە جا هەر هۆکارێک بکرێت بە پاساو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٢

## ژن لە ئەدەبیاتدا بەگشتی و لە شیعری کوردیدا بە تایبەتی (ژنی ڕۆژ هەڵات)

**پێرست:**


- پێشەکی
- مێژوی ئەدەبیاتی کوردی.
- رۆڵی ژن لە ئەدەبیاتدا بە گشتی
- ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە تایبەت لە شیعردا
- پوڵێنکردنی شیعر کوردی ژنانە (تاراوگە)
- خۆدۆزینەوەی ژنی کورد لە شیعردا
- سەرچاوەکان


### پێشەکی:

جیا لە رابردووی دور و درێژی مێژووی مرۆڤایەتی کە شا ژنمان هەبووە و دەسەڵاتی سیاسی بە دەست ژنانەوە بووە لە قۆناغە جیا جیاکانی مێژوودا و کاریگەریشی هەبووە لە سەر بوارەکانی دیکەی ژیانیش، بەڵام بە گشتی زۆرتر قۆناغەکانی مێژووی پیاو هەمە کارە بووە و دەسەڵات بەدەست پیاوە بووە و پیوەندی ژن وپیاو بۆ بەدەست گرتنی دەسەڵات بەردەوام لە هەوراز و نشێو دابووە.

پیاوان سەرەرای ئەوەی کە هێزێکی زۆر جەستە یی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیان نسبەت بە ژن هەبووە، هەروەها توانایی و ئیمکاناتی خۆپێگەیاندن و فێربونیشیان زیاتر بۆ رەخساوە، بەشێوەیەک کە پیاوان زیاترین چینی خوێندەواری کۆمەڵگەکەیان پێکدەهێنا. مێژوو و ئەدەبیاتیش هەروەها بە نوکی خامەی وان هاتۆتە بەرهەم و نوسراوەتەوە. شتێکی ئاشکراو روونیشە کە لە کۆمەڵگا پیاوسالارەکان ئێستاشی لە گەڵ بێت ئەوە پیاوە کە پێگەی ژن لە ئەدەبیاتدا دیاری دەکات. لەهە مان کاتدا ئێستاشی لەگەل دابێت هزری پیاوان بەسەر زۆریک لە نوسینی ژناندا زاڵە.

"جانسۆن" رەخنەگر و نووسەری ئینگلیزی سەدەی هەژدەی زاینی دەڵێت:" چونکە پێشەی نووسین زیاتر هونەرێکی پیاوانە

بووە، تاوانی ئەوەی کە کێ ژیان تاڵ دەکات؟ ئەوە خراوەتە ئەستۆی ژنەوە. لە ئاکامدا ئەوەی کە پیاوان لە سەر ژنانیان نووسیوە بەری نییە لە زاڵبوونی غەرەز و باوەرو بۆچوونی پیاوانە.

## مێژوی ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی

بە پیی سەرچاوەکانی مێژوویی، بوونی مێژوویی ئەدەبیاتی کوردی لە زۆر یەک لە گەلانی ناوچەکە کۆنترە. بۆ سەلماندنی ئەو راستیە ئەو دیکۆمینت و بەڵگانەن کە لە کتێبخانەکان و لە سەرچاوە ئەدبیەکان دەست دەکەون. بە پێی ئەو بەڵگانە لە ناو زاراوە کوردیەکاندا، زاراوەی هەورامی بەکۆنترین زاراوە دێتە ئەژمار کە شیعر و ئەدەبیاتی پێ نووسراوەتەوە. ئەگەر چاوێک لە ئەدەبی گەلانی ناوچەکە بکەین بە تایبەت لە ئیرانی کۆندا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوە دەقە ئەدەبی کوردیانە بە دەیان ساڵ پیش دەقە فارسیەکان دەگەریتەوە.

بۆ نموونە، یەکەم دەقی شیعری کوردی شیعری هۆرمۆزگان کە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچی دەگەڕێتەوە کە باس لە ژیان و دۆخی شڵەژاو وە کارەساتباری ئەوکاتە دەکات. لە حاڵێکدا کە شیعر فارسی بۆ سەدەی سێهەمی کۆچی دەگەریتەوە. لە نێوە دەقی هەورامیەکاندا دەتوانین ئاماژە بە دەقەکانی پیر شاڵیار و دەقە پیرۆزەکانی کتێبی پەیرەوانی ئایینی یارسان بکەین. دوای گەشەسەندنی زاراوەی هەورامی دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٨، زاراوەکانی دیکە کوردیش بە پێی بارودۆخ و سەردەمی خۆیان گەشەیان کردووە و کتێب و شیعری پێ نووسراوە. گواستنەوەی ناوەندە ئەدەبیی و خوێندن لە مزگەوت، حوجرە و خانەقاکانەوە بۆ سیستیمی خوێندنی قوتابخانە و زانستگاکان کاریگەری زۆری دانا لە سەر گەشەسەندنی زمانی نووسین.

## رۆڵی ژن لە ئەدەبیاتدا بە گشتی

کەم نین ئەو ژنە ناودارانەی کە لە جیهانی ئەدەبدا بەشێوەیەکی جوان و بەشێوازێکی زۆر ساکار باس لە ژن بوونی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا کردووە. ئەوانەی بەرهەم گەڵێکی بەپێز و شایستەیان لەدوا بەجێماوە و کە تا هەنووکەش بەرهەمەکانیان جێگەیەکی تایبەتیان هەیە و خوێنەری خۆشیان هەیە. لێرەدا دەتوانم ئاماژە بەو نووسەر و شاعیرانە جیهان بدەم: سیمۆن دۆبۆڤوار، مارگرێت دۆراس، ڤیرجینیا وولف، ئیمێلی و شارلوت کۆمەڵێکی تر... هتد.

لە مێژووی ئەدەبیاتدا ژن بەردەوام بوونی هەبووە و لە ناو دەقە ئەدەبیەکاندا وەک شیعر و رۆمان و دراما و...، رۆلی خۆی لە چوارچێوەی دایک یان خۆشەویست و دڵدار خۆی نواندووە، بەڵام دەبین کە دوای سەرهەڵدان و هاتنە ئارای رەخنەی

فیمینسی ژنان بەرە بەرە هەڵی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە بەشداربن لە ئەدەبیاتدا، ڤیرجینیا باس لەوە دەکات کە دەڵێت: "

چلۆنە لەسەر دەمی فیکتۆریادا واتا سەدەی هەژدە هیچ دەقێکی ژنانە بەدی نەدەکران و ئەوەی بووە بە قەڵەم و بیر و هزریی پیاوانەوە نوسراوە. بارو دۆخی ڕۆژگاری زوو جۆرێک بووە کە ژنان نەیانتوانیوە زۆر بە جیدیی و شێلگیرانە بەهۆی ئەو نۆرم و فەرهەنگەی کە زاڵ بووە بە سەر ژناندا رۆڵیان هەبێت وخۆیان لە بوارەکانی ئەدەبیاتدا بە پێی پێویست بدۆزنەوە و بەشداریان هەبێت لە ئافراندنی دەقە ئەدەبییەکاندا. فەزا و جەوێکی داخراو بۆ ژنان ئەوکات وای کردووە کە هەتا خوێندن و خوێندنەوەش زۆر بە گرینگ نەدەزاندرا و زیاتر ژنان هان دەدران کە هەر زوو ژیانی هاوبەش پێکبێنن، بۆیە ژنان هەمیشە کەمتر مەجالی خۆ پێگەیاندن و خۆنواندنیان هەبووە لە بوارەکانی ئەدەبیات و هونەردا.

لە کوردستانیش ژنان لە سەدەی بیستەمەوە بە شێوەیەکی جیدی هاتنە ناو ئەدەبیاتەوە، بەڵام رۆڵی ژن لە ئەدەبیاتدا لە رابردوودا تەنیا ئەو رۆڵە بووە کە پیاوان لە دەقە ئەدەبییەکاندا پیان بەخشیوە، چ لە رۆمان و دراماکاندا و یان لە پەخشان و شیعر و هونەردا. ژنان لەو سەردەمانداهەمیشە وەک ئامرازێک لە دەقە ئەدەبییەکاندا بەکار هاتووە کە نووسەر بۆ هەوێنی کارەکەی و دەوڵەمەندی کردنی دەقەکەی بەکاری هێناوە.

## ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە تایبەت لە شیعردا

شیعر هەمیشە رۆڵێکی گرینگی هەبووە لە گێرانەوەی هەموو ئەو رووداو بەسەرهاتانەی کە روویانداوە، زۆر جار دەتوانین لە شیعرێکدا دونیایەک شت هەڵێنجین و شیکردنەوەمان هەبێت بۆ ئەو سەردەمەش کە ئەو شیعرەی تێیدا نووسراوە. زمانی شیعر، زمانێکی ناسک و پاراو و سەرنج راکێشە. ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەدەبیاتیش دەبینین سەرەتا و بناغەی بە شیعرەوە دەست پێکردووە.(ژنی کورد لە دەیەکانی ٨٠ کە بە شیوەیەکی بەر بلاو دەستی پی کرد بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە لە پێشدا ژنان لە ئەدەبیاتدا نسبەت بە پیاوان زۆر کەمرەنگ و بەرچاو بوون لە ئەدەبیاتدا، بەڵام بە خۆشیەوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە ئێستادا رۆڵی ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەرچاوە و جێگەو پیگەی باشی پێ دراوە لە ناو دەقە ئەدەبییەکاندا لە لایان پیاوانەوە و جیاوازیشە لە دەقە ئەدەبییەکانی رابردوو. لە زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکاندا ژن بوونی بووە و هەتا ئیستا ش لە بایخی کەمنەبۆتەوە.

لە ئەدەبی کوردیدا لەنێوە ئەفسانەکانەوە را بگرە تا چیرۆک ژن لە ناویاندا وەک کاراکتەری سەرەکی بوونی هەبووە، وەک چیرۆکی مەم و زین، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، یوسف و زلەیخا، بەڵام چون ژن بۆخۆی ئەو هەلەی بۆ نەرەخساوە نەتوانراوە هزریکی ژنانە لە کارەکاندا بێنێتە کایەوە و کەمتر باس لە هەست و کێشەکانی ژنان کراوە چونکە بە هەست و

قەڵەمێکی پیاوانە نووسراون.

### پۆلێنکردنی شیعری کوردی ژنانە

بە گشتی لە هەموو قۆناغەکاندا، ئەدەبیاتی کوردی رەوت بە رەوت هاتۆتە پیش و گەشەی کردووە. ئەگەر بمان هەوێت قۆناغ بە قۆناغ ئەو رەوتانەو و گەشە سەندنی ئەو رێبازە ئەدەبیانە پولێن کەین، کارێکی سەختە و بە تەنیا بە کەسێک ناکرێت، چونکە لە راستیدا پولێنکردنی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی زۆرە، بەڵام من بۆ ئەو بابەتەم دەمهەوێت چاو خشاندنێکی خێرا بە سەرئەو نووسەر و شاعیرە ژنانەدا بخشێنم کە لە گەڵ مێژووی میرنشینەکان سەریان هەڵداوە.

یەکەم شیوەزارو کە لە کوردیدا شیعری پێنوسراوە زاراوەی هەورامی بووە ئەویش بە هۆی ئەوەی ئاینی یارسان بەو زمانەوە بووە و زۆربەی پیرەوانیشی لەو ناوچەیە بوون، دەتوانین بلێین کە سەردەمێک شێوەزاری هەورامی زمانی رەسمی کورد بووە، لە دیارترین ئەو ژنانەی کە شێعریان کە بەو زاراوەیە شیعریان هۆنیوەتەوە، رێحان خان، نەرگس خانمی شارەزووری بووە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە دیکبووە و سەربە قوتابخانەی یارسیە:

| | |
|---|---|
| ساقی لە جەم بادە دەدا | دەرسی رێگەی جادە دەدا |
| مێردان هەموو لەدەور پاشا | پێمان دەکەن گشت تەماشا |
| قەومێ بە من نەیبێ باوەڕ | نەیەت بۆ جەم یاری یاوەر |

سەرەرای ئەوە شاعیری دیکەی ژنیشمان هەبوون لەو سەردەمەی کە ئاییینی یارسان بە هێز بووە و دەسەڵاتی هەبووە وەک "بیبی فاتیمە " کە دەڵێن: خوشکی بابەتەهیرە، دواتر ریحانە و... و ... پاشان دوای ئەوان بەناوبانگترینیان کە دوای فاتیمە و ئەوانی دیکە دێت خاتو مەستورەی کوردستانیە کە لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلان لە دایکبووە.

هەر وەک شیرینم وەلێ غەمگینم،<br>
شاپوور هاڵە کوێ هەتا بیبینم<br>
خەسرەو ساوەرە بێرە سەرینم<br>
بەڵکوو سارێژ کەی زامی برینم<br>
هەر وەکوو شیرین منیش نازارم

نازانم بۆچی لە ژین بێزارم
ئەز من شیرین و تۆش کە خەسرەویی
ئەبێ هەتاکەی بدەی ئازارم

هەرچەند شاعیرانی ژن ئەو دەم تەنیا دەتوانین بە قامکی دەست بیانژمێرین، بەڵام ئەوانە لە سەردەمێکدا لە دایکبوون کە بایخی تایبەتیان هەبووە لە مێژووی ئەدەبیاتی ناوچەکەدا بە گشتی و لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە تایبەتی.

هۆکاری نەبوونی زۆری ژنی نووسەر و شاعیریش لەو کاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی فەرهەنگی کۆمەڵگا و نەخوێندەواری کە ئەو کات مەسەڵەی خوێندن زۆر کەم باو بووە تەنانەت بۆ هەر دوو رەگەزی ژن و پیاو(وەئەوە تەنها لە نیو کوردندا باو نەبوو بەڵکوو لە ئەدبەی رۆژ ئاوایشدا بە هەمان شێوە، هەتا گەر چاولە ئەدبەی رۆژ ئاوا بیەک زۆر ژن کە دەیان نوسی بەناوی خۆیان بلاویان نەدەکیردەوە هەتا ئەو پیاوانەی کە خوێندەوار بوون زیاتر لە عوجرەی فەقێ و مزگەوتەکاندا فێر بوون واتا سیستیمی مەدرسە نەبووە، کە ئەوهەلە بۆ ژن برخسێنێت، بۆیە دەکرێ کاتێک باسی لە رۆلی ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەکرێت، زۆر سەختە کە بتوانین بە بەفرەوانی وەک شاعیری پیاو باسی لێوە بکەین، ئەگەر ئاماژە بە مەستورە بکەین ئەوە بووە کە مەستورە لە باردۆخێکی جیاوازدا دەژیا و جیاواز بووە لە ژنای سەردەمی خۆی، لە بەر ئەوەی خۆی لە خێزانێکی میریدا لە دایکبوو و پیگەیشتبوو.

دوای مەستورە بە هۆی ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان کاتی ویستووە تا شاعیرێکی ژنی دیکە لە دایک بێت، بۆیە دوای ئەوە شاعیرانی ژنی دیکە وەک مریم خان و ژیلا کە هەر دووکیان لە سەردەمێکی جیاوازتر لە مەستورە پێ دەنێتە سەر گۆرپانی ئەدەبیات و شیعر.

نموونەیەکی شیعری "مریم ئەحمەدی" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە لە رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمەدا چاپ بووە."مریەمی ئەحمەدی" کە خەڵکی شوێنێک بووە بە نێوی 'ئارنە" شیعرەکەی لە ژمارە ٥٣ی ڕۆژنامەی کوردستان دا ٤ی ژوئەنی ١٩٤٦).

سڵاوت لێ بێ ئەی ڕۆژی کوردی — هەوسانی پێشت رۆین بە توندی
ئەوجار بەجارێک شوعلەت بڵاو کە — لە کوردەواری دوو جار سڵاو کە
لە کوێستانەکان بەفرت بە ئاو کە — دێمەکارانت یەکجار بەراو کە
هەر ئەتۆی چرات تاریکی شەوی — بولبولی باغان هەمقاسپەی کەوی

کەس خەفەت ناکات ئەگەریش خەوێ — هەر بەرزت دەکەن لە ئێرە و ئەوێ
ئەی چرای کوردی بە باڵاتەوە — بە سێ ڕەنگەکەی بە ئاڵاتەوە
بە ئاغریداغ و ئاڕاراتەوە — هەمووی گەیشتن بە ئاواتەوە

### ئەدەبیاتی ناوخۆو ئەدەبیاتی تاراوگە

زۆر جار شیعر یان دەقێکی ئەدەبی لە ژێر کاریگەری جوگرافیا و فەرهەنگی زاڵی نووسین و خوێندنی ئەو ناوچەیە کە شاعیر یان نووسەر تێیدا دەژیت، بەڵام زۆر جاریش وا هەڵدەکەوێت کە لە یەک ناوچەدا دوو شاعیر بوونیان هەبێت کە بە یەک سەبک بنووسن، لە حاڵێکدا هیچ کامیان ئاگایان لە یەکتر نەبێت. زۆر جار ئەو شاعیرانەی کە بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیان کردووە بە هۆی ڕەخساندنی زیاتری بواری نووسین و ئازادی زیاتر شیعر و دەقە ئەدەبیەکانیان جیاوازترە لە و دەقانەی کە لە ناوخۆی وڵات دەنووسرین بێ ئەوەی کاریگەری ئەدەبی بێگانەیان لە سەر بێت.

### خۆدۆزینەوەی ژنی کورد لە شیعری کوردیدا

بە بیرو رای من بە هۆی ئەو باردۆخە داخراوەی کۆمەڵگە، ژنی کورد نەی توانیوە وەک پێویست یان وەک ئەوەی کە خۆی دەیهەوێت ئەو بەربەست و تلیسمانە بشکێنێت بە هەر هۆکارێکەوە بوو بێت،کاتێک ژن وەک ئامرازێک لە لایان پیاوانەوە بۆ هەوێنی دەقە ئەدەبیەکان بکار دێت. ئایا دەتوانێت وەک ئەو دەقە بێت کە ژن دەینووسێت و خۆی تێدا دەبینێتەوە. دیارە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیانیشدا، ژن کەرەستە بووە بۆ شاعیران. ئەڵبەت لە بوارە هونەرییەکانی تریشدا هەروا بووە. لە نیگارکێشان، سینەما...، بەڵام ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی ئەمڕۆ بکەین دەبینین کاتێک کە ژن قەڵەم بە دەستەوە دەگرێت، لەو چوارچێوەیە دەرباز دەبێت. هەرچەند ئەمە زەمانی دەوێت تا ژنان بتوانن خۆیان بە بێ سانسۆڕ بنووسن. راستە ژنی کوردیش نەیتوانیوە لەو چوارچێوە بێتە دەرەوە و بە داخەوە شیعری گۆرانی ئەو ژنە گۆرانیبێژانەش کە ڕەچەشکێنی تێدا دەبینین، پیاوان نووسیویانن. هەرچەند خۆشبختانە ئەمڕۆ بە هۆی ئەو تەوژمە فیمنیستیەی کە جیهانی گردۆتەوە ، پیاوان لە شیعر و دەقە ئەدەبیەکانیان بە سەر ژناندا لە پێهەڵدان بە سەر لەش و لاری ئافرەت کەمکردۆتەوە، هەروەها ئەو ژنە شاعیرانەش کە خۆیان لەو چوارچێوەیە هێناوەتە دەرەوە، شیعرەکانیان پڕە لە گلەیی و دەتوانم بڵێم کاریگەری رەوتی فێمینیزمی لەسەرە. ئەمە تەنیا ژنی رۆژهەڵاتی ناگرێتەوە، بەڵکوو ژنانی وڵاتانی تریشی تێدا جێ دەبێتەوە. بۆ نموونە شیعرەکانی "سیلڤیا پلات"ی ژنە شاعیری ئەمەریکی، کە تەنانەت یاداشتەکانیشی پڕە لە گلەیی و ناتەبایی. ئەمە ئەوە دەردەخات کە نە تەنیا ژنی کورد، بەڵکوو ژنانی وڵاتانی تریش پاش تێپەڕبوون لە کەرەستەبوون. هەرچەندە کوردستان شیوازێکی تازەی گرتووە، بەڵام بە داخەوە گەشەی زۆری لایەنی رۆشنبیری و فکرییەکەی ژنی نەگرتۆتەوە، بڕوا ناکەم ژنان

زۆر بخوێننەوە، کە کاریگەری هەیە بۆ سەرهەڵدان و سەرکەوتنی ئەو شتانەی لە ناخیاندا هەیە، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بێتە ناو کایەکەوە کە کایەیەکی فراوانە، وڵاتێکی وەک سعودیە تا ئێستاش بڕیار نەدراوە ژن وەک فرۆشیار کار بکات، بەڵام لە بواری راگەیاندن و ئەدەب و شیعردا لەو کایەدا ئیش دەکەن، زۆریشیان لەو بوارەدا پێشکەوتوون و کاریگەری زۆریشیان داناوە لە سەر بواری ئەدەبی وڵاتەکەیان . بەڵام بە داخەوە ژنانی کورد بە هۆی ئەو ئازادییە نسبییەی کە توانیویانە بە دەستی بێنن، بەڵام بە پێی پێویست نەهاتونەتە ناو ئەو بوارە و پەرە بەو بوارەی ژیان بدەن، بەڵام بە داخەوە سەرەرای ئەوەی کە پیاوانی نووسەر و شاعیر لە ئۆبجێکتی سێکسی کە بەسەر ئافرەتیان هەڵدەگووت کەمتر بۆتەوە بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، هێندێک ژن هاتوونە ناو بواری نووسین و هونەر کە ئازادی خۆیانیان لەوەدا دەبینەوە و ئۆبجێکتی سێکسیان زیاتر لە ناو دەق شیعر و هونەریەکانیان رەنگدەداتەوە. بۆیە ژنی کورد دەبێت خۆی لەو سنوورانە دەرباز کات و زیاتر خۆی بە بواری پەروەردە و فێرکردن بدات، ژنان گەورەترین ئەرکیان لە سەرشانە چونکە ئەوان ئەگەر بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بێنە ناو بوارەکانی ئەدەب و بوارو و کایەکانی دیکەی ژیان گاریگەریەکی بەرچاویان دەبێت لە گۆرینی کۆمەڵگا. چونکە ژنان وەک دایک ئەرکی ماموستایەکی گەورەیان لەسەر شانە و منداڵ پەروردە دەکەن. منداڵانیش داهاتوسازی هەر وڵاتێکن. توریل مۆی( ژنانە نوسین لە کتێبێکی بەناو ژن چیە زۆر جوان باس لە لایەنە دەکات و پێی وایە ژن بۆ نیشاندانی ژن بونی خۆی نابی فوکوس لەسەر ڕوت بونەوەی جەستەی بکات، وە دەڵێ ڕووت بونەوە یان باسی لە جەستە ژن مانایی ژن بون ناگەیەنێ، دەکرێ ژنان زیاتر لە سەر ئەو خاڵە لاواز و ئازار و نارەحەتیانە هەڵوێستە کەن کە ساڵانێکی زۆرە پێوە دەناڵێنن و خالی سەرەکین بۆ دەربازبوونی ژن لەو بار و دۆخە ناهەموارەدا، بۆیە ژنانی کورد خۆیان ئەو کۆسپ و تەگەرانە دەبێ تێکبشکێنن کە دێنە سەر ڕێگەیان و ئازیانەو کۆڵنەدەرانە، فۆکۆس لە سەر هەموو ئەو کەم و کوریانە و خاڵانە بگرن کە پەیوەست بە ژن و کۆمەڵگە و بورەکانی دیکەی ژیان. ژنان لە ئێستادا بە هۆی سەردەمی گۆلۆبالیزەیشێنەوە ئاسانتر دەتوانن خۆیان لە هەموو بورەکاندا بنوێنن بە تایبەت لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا کە داتوانرێت بەو ئامرازانەوە، ژنی کوردیش وەک باقی ژنانی جیهان دەست و پەنجەیان دیار بێت و کاریگەریان هەبێت لە سەر هەموو بوارەکانی ژیان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٢**

## تێکچونی شیرازەی خێزان و هۆکارەکانی!

بێ گومان خێزان ناوندێکی بنەرەتی و بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەویش بەندە بە پەروردەکردنیان لە خێزاندا. بەو مانایا کە خێزان بەربەرەپشتی هەر کۆمەڵگەیەکە. بێ گومان هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی بار و دۆخی سیاسی و کولتوری خۆی قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە و هەر قۆناغەش کۆمەڵێ شت لەگەڵ خۆی هێناوە. بوونی گرفت و کێشە لە هەر خێزان و کۆمەڵگەیەک شتێکی سروشتییە، بەڵام دوای شورشی تێکنۆلۆجیا و زانیاری ئەو کێشانە پەرەی سەندوو ودەبینین کە رۆژ لەگەڵ رۆژ کێشە کۆمەلایەتیەکان ڕویان لە زیاد بوندایە، لەوانە تەلاق کە تاڵترین و ترسناکترین دیاردەی کۆمەلایەتیە کە بناخەی خێزان لێک هەلدەوەشێنێ و کۆڵەکەی ژیان لە ژێر ئەو میچەدا بەرەو رووخان دەبات، ئەوکات کاردانەوەی خراپ لەدوای خۆی جێدێلێت وە رەنگە هەندێک کەس خودی دیاردەی تەڵاق بە چارەسەر بزانن بۆ چرەسەرکردنی کێشەکان. بەرای من یەکێک لەو دیاردانە کە ئەمرۆ دەتوانم بڵێم وەک کێشەیەکی زەقی کۆمەلایەتی دەبینرێت وە بەردەوام سال لەدوای ساڵ ڕێژەکەی ڕوی لە زیاد بوندایە، دیاردەی تەلاق یان جیابونەوەیە.

### پێناسەی تەڵاق!

ئەگەر بمان هەوێت وشەی تەڵاق پێناسە بکەین دەتوانین بڵێین کە تەڵاق لە ڕووی مانای وشەوە واتە دەرباز بوون و لە زاراوەشدا بە مانای کۆتایی هێنان بە ژیانی هاوبەشە لە لایەن ژن و مێردەوە، یاخود تەلاق واتا هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندیە کە لەنێوان ژن و مێردا هەیە بەپێی شەرع ئەو تەلاقە باتل نابێ تا ئەو قەرار دادە هەلنەوەشێتەوە. بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی تریش باسی بکەین و پێناسەیەکی تریشی بۆ بکەین، بەو شێوەیە کە تەلاق تەنها جیابونەوە یان هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان نییە، بەڵکوو پەرتەوازەبوونی ئەندامانی خێزان وئاڵۆزتربوونی کێشەکانی کۆمەلگایەک بەدوای خۆشیدا دەهێنێت، بەهۆی ئەوە پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەک لە خێزان پێک دێت. هەر دیاردەیەک کە روبەروی کۆمەلگا دەبێتەوە بێگومان هۆکار و بەکگراوندی خۆی هەیە، لەو نێوەدا دیاردەی تەلاق کە بەدلنیایە وە هۆکار خۆی لەپشتە. ئەگەر سەیری کۆمەڵگای خۆمان واتا کوردستان بکەین دەبینین ڕیژەی تەلاق زۆر زیادی کردوە چ لە رۆژهەلاتی کوردستا و وە چ لە باشور کوردستان، ئەگەر سەیری رێژەی تەڵاقدان لە ساڵانی رابردوو بکەین واتا پێش شەری عیراق ئێران ڕێژی تەلاق زۆر کەم بووە، هەروەها ڕێژەی تەلاقدان ساڵان لە گوندەکاندا هەر نەبوو بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زۆر پەرەی سەندوە. بەرزبونەویە ڕێژەی تەلاقدان دەکرێ زۆر هۆکاری لە پشت بێت لەوانە کەم تەرخەمی و نەبوونی هۆشیاری

پێویستی تاکەکان و هەروەها پرۆژەو پلانی پێویست لە لایان حکومەتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بژێوی ژیان بۆخۆی یەکێکە لەو گریفتانە کە لە زیادبونی تەلاق یاخود جیابونەوە بێ تەئسیر نییە. نەبوونی هۆشیاری و زانیاری دروست بۆ پێکهێنانی خێزان بە کێشەی سەرەکی جیابوونەوە ئەژمار دەکرێت. ئەگەر سەیری باشوری کوردستان بکەین دەبین کە ئەو ناوەند و رێکخراوانەی کە هەن یان دروست بوون بۆئەوەن کە پیشتیوان و هاوکاری و پشتگیری ئەو خێزانانە بن کە لەگەڵ ئەو کێشانە ڕوبەرو دەبنەوە. هەروەها دەتوانن بە پێی ئامانجەکانی رێکخراوەکانیان کاری پێویست بۆ وەدیهێنانیان بکەن. کار و چالاکییەکانی ئەو رێکخراوانە، بەرای من لە ئاستی پێویستدا نییە بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٤ لیژنەیەک بە ناوی فەتوا پێک هات ئەو لیژنەیە کە پێک هاتبوو لە ١٠ تا ١١ کەس. ئەرکیان هاوکاریکردنی ئەو ژن و پیاوانە بوو کە تووشی گرفت و کێشەی خێزانی ببونەوە و پێشکیریان دەکرد لەوەی ئەو ناوندە تێکبچێت. بەڵام بەداخەوە ئەو لیژنە هیچ پیشتیوانیەکی لە لایان حکوومەت و پەرلەمانەوە لێناکرێت وە هیچ کەسی خۆی لە بەرانبەر ئەو گریفتانەدا بە بەرپرس نازانی. دەبین ڕێژەی جیابونەی ڕۆژ بەرۆژ زیاد دەبێت و کۆمەڵگا تووشی قەیران و کێشە دێت. کاتی کێشەیەکی ئاوا روبەروی خانەوادەیەک دەبێتەوە، بێگومان ناخۆشەو سەرلێشیواوی و ئاڵۆزی بۆ هەمووی ئەندامانی دروست دەکات. گەر ئیمە سەیری جیهان بەگشتی بکەین وە دەبینین کە لە وڵاتانی ئوروپای تا کۆتایی سەدەی نۆزەی دیاردەی تەلاق لە کلیساکاندا نەبوو، بەڵام دوای شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندی لایەنی کۆمەلایەتی ئەو دیاردە زۆر زیادی کرد، بە پێی بۆچونی کۆمەلناسان فاکتەری سەرەکی بۆ بەرز بونەوەی ڕێژەی تەلاق ئازادی تاک و سەربەخۆیی لە بواری ئابوری ژنان بوو، پاشآن کەمبوونەوەی عادەت و تەقالیدی کۆمەڵایەتی لەسەر ژنی تەلاقدراو و وەلانانی نۆرمە کۆمەلایەتیەکان بەتایبەت چەمکی (بێ وەژن) یان (ژنی تەلاقدراو) زیاتر پەرەی بەو دیاردەیە دا. ئەگەر سەیری کوردستاننیش بکەین لەو روانگەیەوە، دەبینین کە دیاردەی تەڵاق لە هەموو کون و قوژبنێک ئەو کۆمەڵگایە هەیەو ڕوی لە زیادبوونە و دەکرێ کۆمەڵناسان خوێندنەوەی پێویستی بۆ بکەن و لە هۆکارەکانی بە شێوەیەکی زانستی بکۆڵنەوە. ئەو خوێندنەوە خەلەتەی کە بۆ کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ تەلاق و جیابونەوە ژنی تەلاقدراو دەکرێت لە کەمترین کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەیبینین، بۆ نموونە لە کۆمەلگایەکی غەیرە کورد، ژن ترسی دوای تەلاقی لێ نانیشێ و ناکەوێتە بەر توندو تیژی بە کەم سەیر کردن و نابوودکردن، یاخۆ زۆر جار هەر بەهۆی تەڵاقەوە دیاردەی سەرشەقام و لەش فرۆشی و ئالۆزبوونی لایەنی دەرونی لیدەکەوێتەوە. زۆر جار دەپرسم وەڵام ئەوەیە کە پەیوەندی بە کولتور فەرەهەنگی ئێمەوە هەیە ئەو شێوە خوێندنەوە بە رای من هەڵەیە، ئایا دەکرێ هەر شتیکی لە نێوە کولتوری ئیمەدا بوو سەردەمی نەماوە و بەسە چووە و بەردەوام پەیرەوی بکەین و هەوڵ بدرێت و چ بۆ وچ بیگوازیەوە، بێ گومان نا. بەداخەوە زۆرن ئەوانەی کە ناتوانن لەئاست ئەو دیاردەیەدا، بە جوانی و پۆزۆتیڤیانە بیرکەنەوە تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەن کە کێشەکە ئالۆزتر کەن و ژنان ریسوابکەن و کێشەکان قوڵتر کەنەوە.

من لێرەدا دەچمە لایەنێکی دیکەی ئەوباسە ئەویش، ئەو جیابونەوەو تەڵاقانەیە کە لە تاروگە دا روو دەدەن. بێ گومان

زۆرمان لەسەر ئەوە بیستووە، یەکێک لەو کێشانە کە من پێم وایە خەڵکی یان تێگەیشتنی تاکی کورد لەسەر ئەو باسە، ئەو تەلاق و جیا بونەوانەن کە لە نێوە ژن و پیاوی کورد ڕوودەدات لە هەندەرا ن و تاراوگە، دەستبەجێ قەزاوەتی خراپی لەسەر دەکرێت کە ئەویش زوو بەلای ژنەدا دەشکیتەوە، کە دەڵێنن ژنەکە تێکەڵ بە فەرهەنگ و کولتوریکی جیاوازبووەو روبەروی کۆمەڵگایەکی ئازاد بۆتەوە بۆیە ڕێز لە مێرد ناگرێ و منداڵی بۆ گرینگ نیە هەروەها زۆر جار شتی زۆر ناشیرین بە دوای ئەو ژنانەدا دەخرێت کە تووشی ئەو حاڵەتە بووێن کە دەڵێن حەزی لە بەرەڵایی و بێ بەندو بارییە. ئایا ئەوە راستە، بەراستی هەموو ئەوانە جیادەبنەوە، حەزیان لەو شێوە ژیانەیە واتا ژیانی تەنیای و پڕلە خەم لە ژیانی غوربەتیدا، بێگومان نا، بەداخەوە نەبووە کەسێک بەشیوەکی دروست بیر لەو مەسەڵەیە بکاتەوە وچارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

من پێم وایە زۆری ئەو جیابونەوای کە رودەدەن بەشی زۆریان کێشەکان لە تاراوگە دروست نەبوون بەڵکو کێشەیەکە بناغەکەی لە کوردستان داکوتاوە یان لە کوردستان هەبوو چارەسەر نەکراوە داوی گواستنەوەی شوێنی ژیان و نیشتە جێبونی ئەو ژن و مێردە هەمان کیشەو گرفت لەگەڵ خۆیان بار دەکەن بۆ هەندەران. لێرە لەم وڵاتە تازە کەهەموو شتێکی بگرە ئاو و هەواشی تازە یە بۆ ئەو کەسەی کە تازە روو لەو وڵاتانە دەکات، کێشەکان زەق دەبنەوە بە هۆی ئەوەی ئازادی زیاتر هەیە لە بورای تاکە کەسیدا. کە واتا دەکرێ بڵێین کە هۆکاری زیادبونی گرفتی جیابونەوە زۆرن هەر وەک لەسەرەوە ئیشارەم پێکرد، بەلام ئاسان کاری بۆ جیابونەی ژن و مێرد لە دەرەوەی کوردسان ئاسانتر لە وڵاتی خۆمان. هۆکارەکان زۆرن بەڵام لایەنی ئابووری دەوری سەرەکی دەگێرێت، بەتایبەت ژنان واهەست دەکەن کە ئەگەر بێتو لێرە جیاش بیتەوە نە لە لایەنی مادی و نە لە لایەنی توندو تیژ روبەرو روبەروی گرفت نابنەوە، بۆیە بریاری ئەوەدەدا کە ئەو گرفتە و کێشانەی کە چەند سالە لە گەڵیەتی زەفتری بکاتەوە و بریار جیابونەە بدات، کەواتە دەکرێ بڵێین کە جیابونەوە یان تێکچونی شیرازەی خێران شتێک نیە کە بلێێن تەنهاو لەو خانەوادانەدا رودەدا کە لە دەرەوەی کورستانن. ئەگەر سەیری ئامارەکای جیابونەوە بکەین. لەوانەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە لە کوردستان رێژەی زۆر زیاترە تا شوینی تر. ئەگەر سەیر ئامارەکان بکەین دەبین کە رێژەکە سال لە دوای سال روی لەزیاد بوونە و هەڵوەشانی خانەوادە لەبەر یەک هەر دیت و بەرفراونتر دبێت. ئەگەر خەم خۆرێک نەبیت لەو نێوەدا بێگومان جیابونەوە دەبیتە کوڵتورێکی زەق لە کۆمەڵگای ئیمەدا. ئامارەکان کە هەن بەو شیوەیە لە ٦٠% رێژەی تەلاق لە عیراق بەدی دەکریت و بێگومان لە کوردستان.

## هۆکارەکانی جیابونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان

بە بیروورای کارناسان هۆکارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاویان لە زیاد بوونی ڕێژەی تەڵاقدا هەیە. بە بۆچوونی ئەوان سەربەخۆی ئاوبوری کە ئافرەتان لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ دەبن ئاماری تەڵاقیش دەچێتە سەرێ.

چونکە لە گەڵ زیادبوونی داهات ئیتر ئافرەتان ناچار نین بارودۆخی نالەبار و دۆزەخ ئاسای ژیانی هاوبەش لە پێناو دابین بوونی نیازە سەرەتاییەکانی ژیان قەبووڵ بکەن، پاشان هۆکاری تر هەن لەوانە، لێک تێنەگەیشتن، زوو بڕیاردان بۆ ژیانی هاوبەش، توندو تیژ، دڵ پیسی، لایەکی ئابوری، بێگومان هۆکار زۆرن بۆ جیابونەوە، وەک نەبوونی دیالۆگ لەنێوان ژن و مێردا کاتی روبەروی کێشە دەبنەوە، هەڵسوکەوتی خراپ لەهەر دوولاوە، تەکنەلۆژیا. پاشان باش یەکتر نەناسین کچ و کور کە بەهۆی فەرهەنگی کۆمەڵگا دەرفەتی ئەوەیان پێنادرێت کە باش یەکتر بناسن و بەشیوەی ئاسایی رۆژانە یەکتر ببینن. هەر کام لەوانە کە باسمان کرد گرفتی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ تا جیابونەوە بێتە ئاراوە، زۆر جار لێک وەرەز بوون و نەبوونی عەشق و عەلاقە دەتوانێ هۆکار بێت بۆ ئەمە.

### زیانەکانی تێکچووونی شیرازەی خێزان!

ئەگەر بە وردی چاو بەو مەسەلەیدا بگێرین دەبینین کە ئەوەی لێرەدا زەرەر مەند دەبێت و زیانی پێدەگات، هەموو ئەندامانی خێزانن، بەڵام بەتایبەتی ئەوەی کە خەموو نیگەرانی و ئالۆزاوی و سترێس توشی دەبێت منداڵە، کەواتا قوربانی یەکەمی دیارەدەی جیابونەو یان پچرانی شیرازەی خێزان منداڵە کە زۆرترین زیانی لە باری ڕوحیەوە پێدەگات، بەتایبەت ئەو منداڵانە کە فام دەکەنەوە گەیشتونە تەمەنێکی وا کە بیر لە دابران و ئالۆزی پەیوەندەییەکان دەکەنەوە، بۆیە گەرئەو حالە هاتە پیش زۆر گرینگە من نالێم دایک و باوک خۆیان بکەن بە سوتەمەنی لەبەر منداڵەکە، بەڵکوو دەبێت بە شێوەیەکی دروست هەڵسو و کەوت بکەن هەمو هەوڵی بۆئەوە بدەن کە روونەدات، بەڵام گەر روویدا با ژیرانە بێر کەنەوە و لەژێر تەئسیری حەساسیەت و عادەتی کۆمەڵایەتی پیوەندی نەپچکرێنن و پەیوەندی بەیەکەوە بکەن، لەبەر ئەوەی منداڵەکە تووشی خەمۆکی نەبێت.

لە کۆتایدا دەتوانم و بە پێویستی دەزانم کە دەبێت ڕێکخراوەکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو ڕێکخراوانەی پیوەندیان بەو دیاردەیەوە هەیە، کۆنفراسێکی گشتی ساز بکەن بۆ ئەوەی گۆتارێکی رۆشنبیری بەهێزی لێبکەوێتەوە. داوا دەکەم کە هەموو ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی ژنان و منداڵان و ... دەکەم کە فشار بهێنن بۆ سەر لایانە پەیوەندارەکان،

هەروەها دەبێت، بە جیدی پێشگرتن لەو کێشە کۆمەڵایەتیانە بکرێت کە کاریگەری لە سەر خێزان دروست دەکات، هەروەها مەرکەزی کۆمەڵایەتی مۆدێرن تایبەت بە منداڵان هەبێت، بۆ ئەوەی چیتر نەبنە قوربانی و نەکەونە سەرجاددەکان و لە لایەن باندە جۆراو جۆرەکان بۆ مەبەستی تایبەت بەکار نەهێندرێن یان بە تاوانی گەورەکان مەحکوم بە چوار دیواری زیندان نەکرێن.

ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگایاندن دەتوانن پێکەوە کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بکەن، چونکە لە دونیای مودێرندا ئەو دوو شتە کارتێکەری زۆر لە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دەنێن، بۆیە نابێت ڕۆشنبیران و کۆمەڵناسان و دەروناسان کە پیوەندیان بەو دایرەدیە هەیە لە ئەرکیاندا کەمترخەم بن و دەبێت هەوڵی تەواو بدەن و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەگادا بگێرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## ٢٥ی نۆڤەمبەر و ئاورێک لە مەینەتیەکانی ژنان

بێ گۆمان هەموو ساڵێک لە ٢٥ نۆفەمبەردا بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو سێ ژنەی کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان گیانیان لە دەستدا، کۆمەلێک لە ژنانی چالاکوان لە هەر وڵاتێکدا بە چالاکی جۆراوجۆر یادیان دەکەنەوە و رێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرن. تێکۆشانی ئەو ژنانە و یادکردنەوەشیان لە کۆمەڵگای کوردی و مێدیای کوردی رەنگی داوەتەوە.

هەرچەندە ژنان لەو سەردەمەدە بە هۆی شرشی تێکنۆلۆژیا تا رادەیەک لە پێناو دەستەبەرکردن و داخوازی مافەکانیان هوشیار بوونەتەوە، بەڵام ئایا بەراستی لە ماوەی ئەو چەندە ساڵەی کە لەلایان ژنانی چالاکەوە رێز لەو رۆژە دەگیرێت و بۆ مافەکانیان تێدەکۆشن تا ئیستا هیچ گۆرانکاریەک لە کەمکردنەوەی رێژەی توند و تیژی دژ بە ژنان کەم بۆتەوە و یان بەرەو زیاد بوون چووە.

مێژوی سەر هەڵدانی ٢٥ نۆڤەمبەر ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە بە هۆی نەبوونی کولتوری دێموکراسی و دەسەلاتی دیکتاتۆری توانیویەتی زۆر بە ئاسانی حوکمی خۆی بکا و گیانی ئینسانە ئازادی خوازەکان بخاتە ژێر دەستیەوە. گەر ئاورێک بدەینەوە لە رابردوو واتا بۆ ساڵی ١٩٦٠ و بۆ وڵاتی دۆمینیکان، بنەماڵەی میرابل وە ئەو سی خوشکە واتا (پاتریا، ماریا ترزا و مینروا) دیتەوە بیرمان کە لەژێر ئەشکەنجەو ئازارد لە لایان دەسەلاتی پاوانخوازی ئەو کات گیانیان لە دەستدا.

ئەشکەنجە و ئازاری ئەوان لە لایەن دەسەلاتدارانەوە بە تاوانی چالاکی سیاسی دژی حکوومەتی " تروجیلو بوو کە لە دژی حکوکمی دیکتاتۆریانە لە ئارا دابوو ئەو کات. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت واتا ساڵێک کە حکومی تروجیلو رووخا هەر سێ خوشک بە پەپولەکان ناسرا، ئەوان بونە هیمای خۆراگری و بەرخودان لە دژی دەسەکاتی دیکتاتۆری. ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا ئەو رۆژە وەکو رۆژی خەبات دژی توندو تیژی یان نەهیشتنی توندو تیژی دەستنیشآن کرا، پاشآن لە ساڵی ١٩٩١ لە رێکەوتی ١٧ ی دیسەمبەر لە لایان ریکخراو نەتەوە یەکگرتەوەکان وەکو رۆژی جیهانی لە دژی توندو تیژی راگەیەندرا.

کاتێک بە نێو یادەوری یان مێژووی سەرهەڵدانی ٢٥ی نۆوەمبەردا دەچینەوە ئەو راستیە مان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە بەرانبەر ژنانێک کە بیری ئازادی خوازی یەکسانی و کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک ئاواتیان بوو روبەروی توندو تیژی بوونەوە، بەڵام گەر چاو لە یادو بەرز راگرتننی ئەو رۆژە بکەین لە لایان ژنانەوە دەبین، هەوڵەکان لەو ئاستە دانەبوون کە کوشتنی

ژنان بە بیانوی ناموس و شەرەف پەرستی کەم کاتەوە یان توندو تیژی دژی ژنان ریشە کێش بکات، بێ گومان توندو تیژیەکان زۆرن وهۆکاری زۆر یان لە پیشتەوەیە، دەکرێ لایەنی رۆشنبیری، ئابووری، کولتوی هەر کۆمەڵگەیەک، هۆکار بن بۆ بەردەوامی توندو تیژی و نسبەتی ئەو توندو تیژیانە سەبارەت بە ژنان.

پاشان ئازادی ژنان لە کۆمەڵگا پیاو سالاریەکاندا رەنگ و رویەکی وای پۆشیوە کە هەر رۆژە لە ژێر سێبەر ئەو ئازادیە یان ئەو خەباتەی کە ژنان دەی کەن، ژن تووشی توندو تیژی دەبنەوەو دەکوژرێن و بیسەرو شوێن دەکرین، ئایا بەراستی ئەوە چ چەشنە ئازادیەکە؟

لە لایەکی دیکە، خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەلگایەنی یەکسان و ئازادی خوار دەبێ لە ئەندیشەو پلانی خودی ژنان خۆیان دابێت، کەواتا بزوتنەوەی ژنان دەبێ دور لە دەسەلاتی سیاسی حیزبی بێت تا بەپێی ئوسلوب و پرینسیبی تەشکیلاتی ئەو حیزبە هەوڵکانیان قاڵب نەگرێت و لەو چوراچێوەیەدا قەتیس نەمێنێتەوە، بە بۆچوونی من دەبێت تەواو دەستی کراوە و سەر بەخۆ بێت، تا بتوانی میکانیزمی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی هەوڵەکانیان لە پێناو ئامانجەکانیان بدۆزنەوە. بۆ کەم کردنەوە توندو تیژی لە هەرکۆمەڵگایەکدا دژبە ژنان دەبێت لە چوارچێوەی دروشم بێتەدەر و پراکتیزە بکرێت. با بزوتنەوە ژنانی ئازادی خواز و سەر بەخۆ دروست بن و هەوڵەکانیان بۆ بەرفراوان کردنی بیری ئازادیخوازی ژنان و بە هیز کردنی لایەنی رۆشنبیری و هۆشیاری ئەوان چر کەنەوە. ژنانی چالاک و هۆشیار و خاوەن بیر و ئیرادەی خۆی، بە ئاسانی ناتوانرێت زوڵمیان لێبکرێت و بچەوسێتەوە، هەروەها روبەروی ئازارو مەینەتی و سوکایەتی ببنەوە،. با خەبات بۆ سڕینەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان بە تایبەتی و بە مرۆفایەتی بە گشتی بکەینە ئامانج هەوڵ نەدرێت تەنها شوعارو هەوڵەکان لەو پێناوەدا لە ٢٥ی نۆفەمبەر بەرز کەینەوە. خەبات لەو پێناوە دا لە بیرو هۆشماندا هەموو کات و ساتیک گەشەبکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## ژن لەگێژاوی تەم ومژی پیاوسالاری و ڕەشەکوژیدا

ئاشکرایە ئەوانەی لە کۆمەڵگادا توشی زۆرترین توندوتیژی و کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەبنەوە ژنانن. ژنانیش هاوشێوەی پیاوان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون بۆ دەستەبەرکردنی ژیان وگوزەران، لە چوارچێوەی ئەو فەرهەنگ و کولتورانەی کە لە کۆمەڵگاکانداهەبووە ،ئەگەر بە لەبەر چاوگرتنی ئەو مێژوەش بێت کە دەسەڵاتی پیاو نوسیویەتەوە، دیسانیش جێ پەنجەی ژنان دیارە و بەرچاو و حاشا هەڵنەگرە. ئەمە لە کاتێک دایە کە ژنان زۆربەی کاتەکان ڕووبەرووی توندو تیژی و ترس و هەرەشە و پەراوێز خستن و شکاندنی دەرونی بونەوە، بە لام سەر باری هەموو ئەوانە لە هەنگاو نان بۆ بە شدار بوون لە کایەکانی ژیان و گۆڕانکاری لە ستراتیژی و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا هیچ کاتێک درێغی نەکردوە!

### ژنان لە کۆمەڵگای کوردی دا:

ژن لەکۆمەڵگای کوردیدا هەمیشە دوو ئەرکی لەسەر شان بوە هەردوکیشیانی بە ئەنجام گەیاندوە ،یەکەم ئەرکی دایکایەتی، پەروەردە کردن و گەورەکردنی منداڵ، دوهەم کارکردن و وەبەرهێنان بەدەست هێنانی بژێوی ژیان، هەروەها بەشێکی زۆریش لە ژنان بەهۆی هەستکردنیان بە ستەمی ناتەوایەتی و بیری ئازادی خوازیان تێکەڵ بە شۆڕشەکان بوون لەهەموو بوارەکاندا هەمیشە بەشێوەیەکی زۆر لەخۆبوردوانە بەشداریان کردوە وەک ئابوری، سیاسی، پەروەردە، فریاگوزاری، هەروەها لەبواری شەڕی پارتیزانیشدا هەمیشە ژنان یەکەیەکی ئەساسی بوون دەوری کاریگەریان هەبوە لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر دوژمنان لەدەیان نەبەردی قارەمانانەدا ژنان بەشدار بوون و قوربانیشیان داوە. بەڵام سەرەڕای هەبونی ئەو ڕاستیانەو بە هەزاران ڕاستی دیکە کە گرنگی ڕۆڵی ژنان لە مێژوی کۆمەڵگایەکەماندادەسەلمێنن، دیسانیش ژنان بەگشتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری فەرهەنگی و حقوقی دا بە ئاشکرا زوڵمی لێدەکرێت، دیسانیش ژن وەک زەعیفەیەو نیوەی پیاوێک ئەژمار دەکرێت، پیاو چۆنی بوێت وا هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکەی دەکات، یان وەک لە زۆر شوێن ئیشارە بەوە دەکریت کە بە دەلیلی ئەوەی کە ژن پەراسوی راستی پیاوە! هەر بەو پێیە پیاو مافی تەواوی بەسەر بەشێک لە جەستەی خۆیدا هەیە کە چی لیبکات چۆنی هەڵس و کەوت لەگەڵدا بکات! لە لایەکی دیکەشەوە چونکە ژن وەک شەرەفی خۆی دەبینێ هەمیشە هەوڵ دەدات کە بە هەموو هێزو توانایەوە بیخاتە ژێر فکرو بیرکردنەوەی خۆی غەیری ئەوە هەرئاکارو کردەوەیەک بکات دەبێ لەژێر ڕەزامەندی ئەو واتا مێردەکەیدابێت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ژن بێ ئەمری مێردەکەی کرد ئەوە ژنێکی بەرەڵاو سوک و ڕسوایە، هەموو ئەوانەبەهۆی ئەوەوەیە کە ژن شەرەفی پیاوە! بەداخەوە ئەو کردەوە ناڕەوایانە کە لەدژی ژنان دەکرێن کاریگەری زۆرنەگەتیڤیان لەسەر بەشێکی یەکجار زۆر لە ژنان هەبوە وای کردوە بەشێکی زۆر لەژنان

کەسـایەتیەکی لەرزۆک، دەرونێکـی لاواز، نائومێـد لە ئاییـنـدە، بێدەسـەڵات لە بەرامـبەر چارەنوسـی خـودی خۆیانـدا، هەنگاوسست و بـاوەڕ بەخـۆ نەبـون بـۆ هەر کردەوەیەک کەبیـانهەوێ بیکەن و زۆر حـاڵەتی تـریش. ژنـان لە کۆمەلگاکـانی وڵاتـانی رۆژ هەڵاتی نیوەراست ژیان و گوزەران وەهەتا کەسایەتیان جیاوازە لەگەل کۆمەلگاکـانی تـری وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر مێژ وو کولتور، بیر وبـاوەڕی مەزهەبی،هەروەهـا ئەقڵیەتـی پیاوسـالاریش بە داخەوە تـا ئێستەش ڕیشـەیەکی قـایمی لەوکۆمەلگایـانەدا داکوتـاوە. لە پەراوێـزی ئەو نابەرابەریـانەدا و لەدەرئەنجـامی ئەو بیرکـردنەوە کۆنە پەرستانەیەدا ژنان دەبنە قوربانی!

یەکیک لەو دیـاردە دزێـوانە کە زۆر بە بەربلاوی رودەدات  کوشـتینی ژنـانە! ژن کوشـتن بـۆ پاراسـتنی شـەرەف! شـەرەف لە کۆمەڵگای کوردی لە بیر و ئەقلیەتـی  کۆمەلگای پیاوسالاریدا لە کۆش و داوێنی ژندایە، لێرەدا ژن کەسایەتی خۆی لەدەست دەدات وژن دەبێت بە سێبەری پیـاو و هەڵگری شەرەفی پیاو! هەرکاتێکیش ژن نەیتوانی پارێزەری ئەوئامانەتە بێت کە پیـاو لایداناوە ئەوە ژن دەکرێت بە پەڕۆی پیس و هەموو ئێعتبارێک لەدەست دەدات کە پێی دراوە.

فەرهەنگـی (ژن کوشـتن لە ژێـر نـاوی نـاموس پاراسـتن دا) نەک تەنهـا لە کوردسـتان بەڵکـو پیاوسـالارانی تاراوگەشـی گرتۆتەوە. ماوە ماوە ئەو نیوە دێڕەی سەرەوە دەبێتە سەر دێڕی ڕۆژنامەو دەزگای ڕاگەیاندنەکان لە وڵاتـانی ڕۆژئاوایی!.

کوشتن ژنان واتە هاوسەرەکانیان واتە دایکی جگەر گۆشەکانیان! کاتیـک دەست دەبەن بـۆ کـارێکی ئـاوا قێـزەون نە تەنهـا خۆیـان ڕسوا دەکەن بەڵکو ناسنامە و کولتوری میلەتێک دەهێننە ژێر پرسیار. کوشتنی هاوسەرەکەت بۆ چی؟! چ دەسکەوتێکی دەبێت بێجگە لە مـاڵوێرانکردنی خـۆت بـێ دایـک کردنـی منـداڵە خێرانەدیـوەکەت! ئەوە پڕسیارێکە کە زۆر جـار ئـیمە لە خۆمانی دەکەین کاتێک گوێبیستی ئەو هەواڵە دڵتەزێنانە دەبین.

کوشـتنی ژنـان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕو لە زیـاد بـون دەکـات، ئەمە لە کاتێک دایە کە لەم دوو سـاڵەی دواییـدا ڕێکخراوەکـانی ژنـان ڕویان لە زیاد بون کردوە و چالاکانی بوارەکـانی مـافی ژنـان زۆرتـر بـوون و قسـە و باسـی زۆر لە سـەر ژن و مافەکانیـان وە توندو تیـژی لەدژیـان دەکرێت، بەڵام بە داخەوە  هیچ کـام لەوانە نەیتوانیـوە تەئسیر لەسـەر کۆمەلگـا دانێ و هۆشـیاری بکاتەوە.

بەداخەوە هەموو ئەو کێشە کۆمەلایەتیانەی کە ڕوبەڕوی ژنان دەبنەوە، رۆژ بە رۆژ رەنگ و رویـان پڕتـر دەبێت بە تـایبەت کوشتنی ژنان لە ژێر بیانوی جۆ راو جۆر.

بەباوەڕی من کوشتنی ژنان لە تاراوگە بە بیانوی پاراستنی شرف یان هەر بیانویکی تر ئەوە دەسەلمێنی کە تاکی کورد تەنانەت دوای چەند ساڵ تاراوگە نشینی و تێکەڵبون و ئاوێتەبوونی لەگەڵ فەرهەنگ وکولتور وە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی هێشتا نەیتوانیوە لە ئەقڵیەتە دواکەوتو و ڕەزالەتیە و بیری تەسکی پیاوسالاری خۆی داماڵێت، وابەستە بونی بەشێک لەپیاوانی کورد بەو کولتورەسەقەتە ناسەردەمیانە لە ئوروپاش هەر بەردەوامە.

بەبڕوای من بەهێز ترین و کاریگەر ترین ڕێگا بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو ئەوفەرهەنگە قێزەوونە لە کوردستان و لە هەر شوێنێکی تر سزایەکی توندی یاسییە، دەسەلات دەبێت سزای ئەوکەسانە بدات و بە ئاشکراش سزاکەیان لە رۆژنامەو دەزگا هەواڵگریەکان ڕابگەندرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٣

## لە نیشتیمانی مندا چەندە بێمانایە مرۆڤ بەتایبەت تۆیی مێینە!!!!!!!

لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا بە تایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە هوشیاری تاکەکان لە ئاستێکدا نییە کە بتوانین رۆڵێکی گرینگیان هەبێت لە کایەکانی ژیاندا، هێندێک جار هەواڵی دڵتەزێن و ناخۆش گوێ بیست دەبیین کە دەبێتە هۆی تێفکرین و نارەحەتی بۆ هەموو کۆمەڵگە. یەکێک لەو هەواڵانە کە تازە گوێبیستی بووین لە راگەیاندنەکانی کوردستان، دەستدرێژیی سێکسی بوو، بۆ سەر کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە لایان ٦ گەنج لە هەولێر. ئەو هەواڵە کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی شۆک کرد بە تایبەت چینی خوێندەوار و رۆشنبیر کە کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگەیان لە سەر شانە و هەلوێستیان هەیە سەبارەت بە دیاردە نامۆکان. بە دڵنیاییەوە ئەو کردەوەی ئەو شەش گەنجەش لە نووبوونی هۆشیاری تاکی و کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە چون گەنج ناتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا نیازە غریزی و سروشتییەکانی بە شێوەیەکی تەندروست مارسە کات لە ئەنجامدا دەبێتە ئەوەی گەنج ئەو ئەنەرژی و عوقدانەی بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژ و بە رێگەیەکی دوور لە چوارچێوەی عورف و یاسا دەرداتە دەرێ. بێ گومان ئەو کردەوە یەکەم کردەوە و ئاخرین کردەوە نابێت لە گەنج لەو کۆمەڵگەیانە روو دەدات لەوانەیە زۆر خەراپتریش بقەومێت ئەگەر رێکخراوەکانی مەدەنی لە گەڵ حکومەت و هەموو ئە کەسانەی کە دەتوانن بە شێوەیەک کاریگەریان هەیە بۆ سەر کۆمەڵگە، بەرنامە و میاکنیزمی پێویستیان نەبێت بۆ هوشیار کردنەوەی گەنج و فەراهەم کردن و دەستەبەرکردنی نیاز و خواستەکانی گەنجان بە شێوەیەکی تەندروست. حکومەت دەتوانێت لە رێگەی وەزارەتی پەروەردە هوشیاری ببەخشێتە هەموو قوتابی و خوێندکاران هەر لە سەرەتای خوێندن تا دەگاتە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندن. لە نیشتیمانی مندا لەوانەیە بە هۆی بەربەست و سنووری زیاد لە رادەی خۆی هەموو شتێک شێوەی راست و سروشتی خۆی لە دەست دابێت و تەنانەت ژیانی مرۆڤەکانیش بە تایبەت نرخ و گیانی ژن بێمانا بوو بێت. ئەگەر سەیری چاوپێکەوتنی بەرپرسی پۆلیس شاری هەولێر بەڕێز عەمید عەبدولخالق بکەین کە بەو شێوەیە باسی ئەو تاوانەی کرد دوای دەسگیرکردنی تاوانباران: "بەخۆشیەوە هەر شەش کەس کە دەست درێژی سێکسیان کردە سەر کچە گەنجی تەمەن شانزە ساڵ دەسگیرمان کردن، پاشان کچەمان رەوانەی نەخۆشخانەکرد. بەخۆشیەوە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەویت کە پەردەی کچێنی هەر ماوە." لە پەیامی ئەم بەرێزەدا چیمان بۆ دەردەکەوێت من پێم وایە لە نیشتیمانی مندا زۆر بێمانایە مرۆڤ، بە تایبەت منی ژن، تۆسەیر ئەو ئەدەبیاتە، تۆ مرۆڤ بیر لەوە ناکەیتەوە کە ئەو گەنجە تا ئەورۆژەی گیان دەدا، لە پەنجەکانیەوە بگرە کە پڕن لە بۆنی تاریکی، هەناسەی کە بە بۆنی پیاوە نەخۆشەکانی ئەوی ئالودە بوە، هەنگاوەنی کە شل و بێئومێد، نیگای لە دووبارە بونەوە ئەوان، هەر هەموو ڕوح و وجودی لە ترس، کە ئاسەواری هەموو ئەوانە وای لێدێت کە ببێتە مرۆڤێکێ گۆشەگیر و خەم بار و پەرێشان، بۆت گرینگ نیە، تەنهاو تەنها ئەویە لای تۆ گرینگە کە بەخۆشیەوە پەردەی کچێنی ماوە، بەلام خۆی خاڵی بۆتەوە لە ئاوامی و خۆش و

پێکەنین و ژیان. چۆن دەتوانین تەفسیر بکەین ئەو رووداوە یان ئەو قسەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی ئەدەبی بۆچون و لێکدانەوەمان هەبێت ئەوە هیچ شتێک لەو پەیامەیدا بەدی ناکرێت لە بواری نرخیشەوە بۆ بەرپرسی پۆلیس تەنیا پەردەی کچێنی گرنیگە چونکە کۆمەڵگە ئەو مانایەی پێ بەخشیوە، وە هەر کاتیکیش لەو مانایە بەدور بوو کەواتا ئەو وەک قاوغە شقارتەیەکی خاڵی لێدێت. بەداخەوە بیر لە نرخی ژنبوونی ئەو کچە ناکرێتەوە کە لە بواری دەروونی چ ژانێکی چێشتووە و ئاسەواریش لەوانەیە تا دەمرێت هەر بەسەریەوە بێتهەرچەندە ئەو تاوانبارانە بە هۆشیاریی پۆلیسەوە گیراون و ئێستا لە ژێر لێکۆلینەوەدان و جێگەی دلخۆشیەوە کە بە پێی یاسا بە سەزای تاوانەکەیان دەگەن.، بەڵام دەبێت ئەو کردەوانە کۆمەڵگە بە ئاگا بێنێتەوە و رێکار و میکانیزمی پێویست بۆ بنبر کردنی ئەو کردەوانە لە کۆمەڵگەی کوردستان بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٤

---

## ئاڵۆزی و ناکۆکیەکانی کاربەدەستانی ئێران پێش هەڵبژاردن

خەڵکی ئێران لە بەهاری ئەمساڵدا یازدەهەمین هەڵبژاردنی دیاریکردنی سەرۆک کۆماریان لە پێشە، هەڵبژاردنی دیاریکردنی سەرۆک کۆمارنوێی ئێران هاوکاتە لە گەڵ چواردەهەمین هەڵبژاردنی شۆرای شارەکان. بەر لە کۆتا هاتنی خولی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژاد لە بەهاری ئەمساڵدا لە ناو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هێندێک گرژی و ئاڵۆزی بەدی دەکرێ، هێندێک لە سیاسەتوانان وای دەبینن کە ئەوە مانۆڕێک یان سیاسەتێکی خودی رژیم بێت بۆ ئەوەی بەو شێوەیە جارێکی دیکە خەڵک راکێشی هەڵبژاردنەکان بکەن. هێندێکیش پێیان وایە کە ئەو ناکۆکیەی ئەم جارە شەڕی بە دەسەڵات گەیشتنی باڵەکانی رژیمە.

بێ گومان هەرچی لە هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمین سەرۆکۆماری نزیک بینەوە، ئاڵۆزی و ناکۆکیەکانیش زیاتر پەرە دەستێنێت. ئاشکرا کردنی نهێنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن یەکترەوە درزی نێوانیان قوڵتر دەکات. هەروەک شاهید بووین کە ئەحمەدی نژاد زۆر راشکاوانە پەردەی لە سەر گەندەڵی بنەماڵەی لاریجانی راماڵی. ئەو کردەوەی ئەحمەدی نژاد بێ بەرنامە نەبوو، بەڵکو ئەحمەدی نژاد زۆر سیاسیانە دەیهەوێت ئەو کەسانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرێت لە هەڵبژاردنی ئەمساڵ خۆیان کاندید بکەن لە گۆرەپانی هەڵبژاردنیان دوورخاتەوە. عەلی لاریجانی بەرپرسی پەرلەمانی ئێران یەکێک لەو کەسانە بوو. لە قاودانی ئەو گەندەڵیە تا ئەو جێگەیە چۆ پێش کە دەنگی عەلی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی دەرهێنا. لە قاودانی گەندەڵیەکی دیکەی کاربەدەستانی رژیم لە زاری سەرۆک کۆمارەکەی بیروڕای گشتی بەرەو خۆی راکێشاو لێکدانەوە و شرۆڤەی زۆری لێکرا و جارێکی دیکەی ئەو قسەی ئەحمەدی نژادی خستەوە سەر زاران کە دەڵێت:" بێگەم، بێگەم".

سەرەرای هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کە رووبەروی کۆمەڵگای ئێران و کاربەدەستان حکومی بۆتەوە، پروپاگەندەی هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە دەتوانن جلەوی ئەو سیاسەتە ناسەردەمیانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران بەورەو پێش بەرن هەر بەردەوامە، لەو نێوەدا کاربەدەستانی ئێران هەلبژاردن بەخاڵێکی زۆر گرینگ و هەستیار دادەنێن و پێیان وایە لەگەڵ هەر هەڵبژاردنێک کە دەکرێت کەسانی بە ئەزموون و باش بۆ خزمەت بە کۆمەڵگا و خەڵکی ئیران دێنە ناو سیستمەوە، هەروەها پێیان وایە کە وڵات بەرەو پێشەوە دەبەن. بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین رێک پێچەوانەی هەموو ئەو هەڵبژادنانەیە کە لە وڵاتانی دیکە ئەنجام دەدرێت، سەرەرای ئەمەش گرژی نێوخۆی کاربەدەستانی تەنیا سیناریۆیەکە تا جارێکی دیکە ئەفکاری خەڵک بەرەو لارێدا بەرن و وا نیشان بدەن کە لە ئێراندا

جۆرێک دیمۆکراسی هەیە.

چوونە سەر سندۆقەکانی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوە نیشان نادا کە لە ئێران هەڵبژاردنی ئازاد هەی، بەڵکوو هەڵبژاردن لەئێران بە شێوەیەکی نادێموکراتیک و دوور لەپرنسیپەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتیک بەڕێوە دەچێت. خەڵکی لەژێر فشاردا ناچاردەکرێن بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن.

هەرچەند هێندێک لەو کەسانە کە ئێستا لە پەراوێزی دەسەڵات دان و پروپاگەندەی هەڵبژاردنی ئازاد دەکەن، لەوانە دەتوانین رەفسەنجانی بۆ نموونە ناو بەرین. تەرفەندێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەمساڵی ئێرانە.

ئەوەی رون و ئاشکرایە کە لە ماوەی ئەو هشت ساڵەی سەرۆککۆماری، ئەحمەدی نژاد هەموو هەوڵێکی خۆی تاقی کردوە تا متمانەی خەلک بەدەست بێنێت. دابەشکردنی پارەیەکی رەمزی بەناوی یارانە بەسەر خەڵکدا نە تەنیا خزمەتی بە خەڵک نەکرد، بەڵکو بۆ هۆی هەڵاوەسانی نرخی خواردن و شتە ئەساسیەکان. ئەو کارەی ئەحمەدی نژاد لە لایەن هێندێک خەڵکی ئێران بە کارێکی پۆزێتیڤ لە قەڵەمدرا، لەوانەیە لە رەوالەتدا شتێکی باش بێت، بەڵام وەک دەرکەوت ئاکامە نیگەتیڤەکانی زۆر زیاتر بوو لە پۆزتیڤیەکان.

ئەحمەدی نژاد لەو ماوە کورتەی سەرۆک کۆماری کە ماویەتی هەموو تەقەڵای ئەوەیە کە یەکێک لە کەسە نزیکەکانی بێنێتە سەرکار، بە بیرو بۆچوونی زۆربەی توێژەرانی بواری سیاسەت ئەویش کەسێک نییە بیجگە لە رەحیم مەشایی.

ئەحمەدی نژاد بە پلانێکی رێک و پێک هەموو ئەو کەسانەی کە بەربەست و رێگرن لە بەردەم هەڵبژاردنی مەشایی وردە وردە دەیهەوێت کەرامەتیان بشکێنێت و لە هەڵبژاردنەکانیان دوور خاتەوە. رێکەوتنی دۆسیەی تێرۆری بۆنس ئایرۆسی ئارژانتین یەکێک لەو پلانانەی ئەحمەدی نژادە، کە دەیهەوێت بەو رێکەوتنە لەو کاتەدا هەمووی ئەو کەسانە وەک عەلی فەلاحیان و رەفسنجانی و... لە گۆرەپانی هەڵبژاردن بخاتە دەرێ.

هەرچەند هەڵبژاردن لە ئێراندا لە سیناریۆیەک زیاتر شتێکی دیکە نییە، هەموو شتەکان لە ژێر ئیختیاری وەلی فەقی واتا عەلی خامنەیی دایە وهەرکەسێک بێتە سەرۆک کۆماری ئێران دەبێت پەیرەوی فەرمانەکانی ولایەتی فەقی بێت دەنا ناتوانی بەردەوام بێت. بۆیە نابێت چاوەروانی ئاڵوگۆریەکی بنەرەتی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دابین لە هەڵبژاردنیەکانی ئەمساڵدا.

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی "بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستان وکورد" وەک رێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

## پرسی ژن یا خود کێشەی ژن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگای کوردی.

**دیمانە: رەحمان نەقشی**

**پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟**

**کوێستان عومەرزادە:** سەرەتا سپاس بۆ ئێوە، تێکەڵ بوونم بە کاروچالاکی سیاسی دەتوانم بڵێم کە بەویست ومەیلی خۆم بووە، بە هۆی ئەوەی کە من بەرلەوەی لە دایک بم بنەماڵەکەمان تێکەڵاوی کار و باری سیاسی بوون. بێ گومان دوای ئەوەی لە دایکبووم و دایک و باوکم بە هۆی باردۆخی ناهمواری سیاسی ئەو سەردەمە بەردەوام لە جێ گۆرکێ دابوون سەردەمانێک لە شاخ وسەردەمانێک لەشار. هەموو ئەو رووداوانە کە بۆ من لە سەردەمی منداڵی دەهاتە پێش، منی دەخستە تێرامانێکی قوڵەوە. هەر ئەو رووداو و پێشهاتانە وای لە من کرد کە زۆر پرسیارم بۆ درووست بێت. لێرەدا زۆر بە راشکاوی دەتوانم بڵێم کە من راست و چەپی خۆم لە شۆرش کاتێک لە شاخ بووین و دایک و باوکم دژی نابەرابەری و داگیرکاری لە خەباتدابوون ناسیمن. وەک تێکەڵ بوون بە شێوەیەکی جیددی بە پرۆسەی سیاسی وکار و چالاکی لەو بوارەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە هەستم کرد ناهاوسەنگیەک هەیە لە نێوان چاوەروانی و کاراییە بەهاییەکانی دەوروبەرمدا، بەو واتایا کە خۆم بە شایانی ژیان لە هەڵ و مەرجێکدا دەزانی کە دەورووبەر و باردۆخی سیاسی ئەو مەجاڵەی بۆ من نە دەرەخساند.
ئەو کاتەیە کە زیاتر مرۆڤ هەست بە وە دەکات کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە لە ناخیەوە هەستی پێدەکات لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت. کاتێک تۆ لە ناختەوە هەست بەوە دەکەیت کە ناعەداڵەتی و ستەم هەیە، ناتوانی چاو بنوقێنیت ئەگەر کەسێکی بە هەست و بە ویژدان بیت. هەر لەو قۆناغەدایە کە مرۆڤ تەواو ئەنەرژی و وزەکانی دەخاتە گەڕ بۆ لادانی ئەو بێ عەداڵتی و ستەمکارییە. هەرلەو کاتەوە تۆ دەیتە ناو گۆرەپانێک کە پێی دەڵێن مەیدانی خەبات یان چالاکی. هەمیشە هەوڵمداوە کە چالاک بم و بە دوای بنج وبنەوانی کێشەکاندا بچم و لە هۆکارو دەرئەنجامەکانیان بکۆڵمەوە و بۆچوونی و تێروانینی خۆم سەبارەت بەو کێشە و پێشهاتانە دەرببرم. هاتنمان بۆ دەرەوەی وڵات و ژیانکردنم لە سیستمێکی وڵاتێکی ئازاددا، ورەی زیاتری پێبەخشیم کە زیاتر شێلگیرتر بم لە جاران لە هەموو بوارەکانی ژیان بە تایبەت بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

**پرسیار: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کوێستان عومەرزادە**: پرسی ژن یا خود کێشەی ژن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگای کوردی. من کە وەک پرسێکی جیهانی سەیری دەکەم ولە ئاست هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕێگای خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی ئینسانی خۆیان، بەداخەوە بەربەست زۆر هەن و زۆر جار کۆسپی زۆر قوڵ لەبەردەمیان لێدەدرێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێی نەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی دڵنیام دەبێ بە دیدێکی دیکەوە و لە روانگەیەکی جیاوازترەوە چاو لە پرسەکە بکەین. هەر بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی تا کو ئەمرۆ کە باس لە پرسی ژن و گرفتی ژنان دەکەین دەبینی مێژویەکی دوورو درێژ و پڕ لە نا عەداڵەتی تۆمارکراوە ئەوە نە تەنها لە کۆمەڵگای کوردی بەڵکو گەر بە دیقەتەوە سەیری مێژوی گەلانی تریش کەین بە هەمان شێوەیە، بەڵام بە هۆی جیاوازی فەرهەنگ و کوڵتوری و بە پانتایی جوگرافیایی گرفتەکان و تێروانین بۆ چارەسەرکردنیان جیاوازیان هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نە بەحوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی دواکەوتو و خێڵەکییە، کێشە بۆ ژنان هەیە. نا، بەداخەوە زۆر کەس گرفتەکانی پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ئەو هۆکارە ناسەردەمیانە دەگێرنەوە. خۆئەگەر ئەمە وابێت دەبێ ئێمە چاو لە کێشە و پرسی ژنان لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان بکەین. بۆ نموونە ئەگەر سەیری رووداوەکانی سەدەی ١٦، ١٧ لە وڵاتانی رۆژ ئاوایی بکەین دەبینین کە لەو سەردەمەشدا کە بەردەوام لە گەشەسەندندا بوون، کێشە و گرفت بۆ ژنان بەردەوام هەبووە. نەچوونی ژنان بۆ قوتابخانەو گۆشەگیریان لە ماڵ و هاندانیان بۆ ژیانی هاوسەری و نانەوەی وەچە دوا کەوتوی بوبێت ئەو کات، ئەوە ئەو فەرهەنگە لە سەردەمی پێش فیکتۆریا لە بەریتانیا لە سەدەکانی ١٧ بوونی هەبووە. ئەو کات عەقلیەتی مرۆڤ ئەوەندەی گەشە نەکردووە کە بە چاوێکی یەکسانی چاو لە مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بکات، بەڵام دوایی بە پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژی و پیشەسازی مرۆڤ ناچارکرا کە زیاتر سەبارەت بە هەموو بوارەکان بیر کاتەوە، پێشکەوتنی هەر بوارێکی ژیان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری دادەنێتە سەر بوارەکانی دیکەی ژیانیش.

کۆمەڵگای کوردی بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگایەکی سونەتیەو ژنان تا ئەندازەیەک گرێدراون بەو سونەت و یاسایانەی کە لە کۆنەوە بوونیان هەبووە، جوانی و کاراکتێر و کەسایەتی بۆ ژنان بە پێی سونەت دارێژراوە. ئەگەر پرسی ژن بەراوردی بکەین لەگەڵ ١٠ ساڵی رابردوو، ئەوە هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکەین سەبارەت بە هۆشیار بوونەوەی ژنان لە بەدەستهێنای مافەکانیان، ئەوەش بەو مانایە نیە کە ژنی کورد تەواو هۆشیار بۆتەوە ودەزانێ کە ماف و حەقی ئەو چیە؟ و چۆن دەبێ بەرگری لەو شتانە بکات کە لێی زەوت کراون یان دەکرێت. روو بە دنیایی دەرەوە ئاگا بوون لە کۆمەڵگاکانی دەور بەرەو هەڵسەنگاندی پرسی ژن یان بینی ژنان لەمەیدانی کاردا و بردنە سەری ئاستی هۆشیاری ژنان، زیاتر هاندەرێن کە ئەوان لە کوێی ئەو کۆمەڵگایەدان؟ و دەبی چ میکانیزمێک بگرنە بەر؟ تا بتوانین ژیانی یەکسان و دور لە چەوسانەوە و توندوتیژی بەسەر بەرین. ژنی کورد زۆر ئەوەندە لە رابردوودا چەوساوەتەوە و زوڵمی لێکراوە بە هۆی هەموو ئەو نۆرموو تابۆیانە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە زۆریان بەو ژیان و ستەم وتوندو تیژیە رازین و پۆشینی جلی و بەرگی رازاوە و هەڵواسینی خشڵ و زێر بە خۆیانەوە بە دەسکەوتی هەرە مەزن دەزانن.

**پرسیار**: چ لە ڕێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**کوێستان عومەرزادە**: لە نێو حیزبەکاندا راستە ئێستا ئەگەر لەگەڵ ساڵانی پێشو بەراود بکریت جیاوازە، ئەو جیاوازیە بەمانی ئەوەنا کە بیر و خوێندنەوە و فەرهەنگی سیاسی ژنانیان قەبوڵ بێت یان ڕێز لە بۆچوون وپێشنیاراتی ژنان بگرێن. من زۆر بەراشکاوانە دەتوانم بڵێم کە بەداخەوە زۆربەی ژنان لە پلە و پایەکانی دەسەلات و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردی هەروەک بوکە شووشە یان رۆبۆتێک وان، حیزبەکان تەنیا لە بەر ئەوەی نیشانی بدەن کە یەکسانی خوازن و ڕیز لە مافی ژنان دەگرن و باوەیان بە بوونی هەر دوو رەگەز واتا نێر و می هەیە ئەوە ژنان لە ناوند و ئۆرگانەکانیان جێگە دەکەنەوە.

بەداخەوە لەنێوە حیزبەکاندا ژنانێک دەبینین کە لە ناوندەکانی بریاردان دان ،بەلام تا چەندە ئەو کەسانە دەتوانن کاریگەر بن لە سەر پێشەوەچوونی پرسی ژنان. من پێم وایە کە مەیدانی کارکردن و هەنگاونانی ژنان لە حیزبە کوردیەکاندا سنوردارە، ئەوەش بە هۆی ئەو ساختارە کۆمەڵایەتیە یە کە زۆر جار ڕێگە لە خوێندنەوە پیاوانی رۆشنفکریش دەگیرێت. ئەو بەحوکمی ئەوەی کە ژنە وکەم لە کارو باری سیاسیدا مەشۆرەتی پێدەکرێت کە گوایە ناتوانێت بڕیا بدات یان توانی سیاسی کەمەوە لە ڕیزبەدنی کردنی ئەلف و بێی سیاسی تێناگات. کە ئەوە گەورەترین هەڵەیە بە باوەڕی من.من پێم وایە هەوڵی ژنان نابی تەنها لەو ڕوانگەوە بیت کە بکەونە کۆشی دەسەلات نا بەلکو هەول بدەن بە بیری و فکری سەردەمیانەی خۆیان هەول بدەن کە بنبڕی هەموو ئەو بیرە سونەتیانە بکەن یان بیرێک کە نزک بێت لە خوێندنەوەیەکی پیاوسالارانە لە رەگو ڕیشەی بەرین، دەبی ئەوەمان لەبیر و پیاوانیش دان بەو راستە دابنێن کە خەباتی گەلی کورد بە هەمووکەندو کۆسپەکان و قوربانیەکانیەوە ژنی لەگەڵ دابوە نابی ئەوە لە بیر بکرێت.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**کوێستان عومەرزادە**: ئەوەی کە ژنان خۆیان مەیل و ئارەزۆی ئەوەیان نیە کە بەدوای مافەکانی خۆیاندا بچن و هەوڵ نادەن، تا ئەندازەیەک رەنگە وابێت، بەلام ئەمە بەشێکی کەمی ژنان دەگرێتەوە. ئەوەمان لە بیر بێت کە بۆ بەدەستهێنانی ماف دەبێ هەنگاو بنێین و هەموو ئەو کۆدانە کە لەبەر دەستماندان کە دەرگا داخراوەکانی پرسی ژنانیان پێدەکرێنەوە بەکار بێنین، بەلام خۆئەگەر مەیلیشت بوو لە لایەک ،پیاوان ڕێگر بوون کە تۆ هەنگاو بنێی بۆ دۆزینەوە ئەو کۆدوو رەمزانە کەواتە ئەوە بۆ خۆی گرفتە، هەن کۆمەلی ژن کە وەک لەسەرەوەش ئیشارەم پێدا کە ژیانکردن لە چوار چێوەی ماڵ رازین و بریاردان لە چوار چێوە ماڵ بە کافی دەزانن و پێیان وایە نا بێ لە شۆرشی ژناندا بەشدار بن. بەلام پێم وایە ئەو

شێوە ژیانکردنە ئەمرۆ کەم کەم کاڵ دەبێتەوە، ژنی کورد هوشیار تر لە جاران بیر لە خۆی و کێشەکانی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە و بەروی دوونیا دەرەوەدا دەروانێ و هەنگاو دەنێ.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

**کوێستان عومەرزادە**: بەڵی وایە نەک تەنها ئەو ڕێکخراوانەی کە پاشکۆی حیزبەکانن، بەڵکو ئەوانەی بە ناو سەر بەخۆشن. بەداخەوە نەیان توانیوە شێوازی کارکردنیان لە گەڵ کۆمەڵگای ئەمرۆدا بگونجێنن، ئەگەر ئێمە پێمان وابێ ئەو ڕێکخراوانە بە هەردوو بەشەکەی واتا حیزبی و غەیرە حیزبی تەنها ئەوەبێ کە لە چوار چێوە ئەو حیزبەی کە تێدان بەرنامەو چالاکی خۆیان گەلالە بکەن هەڵەیە. گرفتی سەرەکی کە من دەی بینم بەدوادا نەچوونی ئەو کێشە و گرفتانەی کە مۆغی کۆمەڵگایان ژەهراو کردوە، پاشان دەپرسم بەراستی لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕیکخراوانە کە تایبەت بە ژنانە، ئایا ( کوشتن، سوکایەتی، توندو تیژی، ژن بە کەم زانین، کام لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان کەم بونەوە، پاشان ئەو ڕیکخراوانە نەیان توانیوە خاڵی دیاریکراویان بێت تا وەک پێویست هەنگاو بنێن. لە هەمانکاتدا من پێم وایە نەک تەنها لە ڕێکخراوەکانی حیزبیدا، بەڵکو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانیش بە شێوەیە تێنەکۆشاون بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. ئەگەر بێتو ڕێکخراوەکانی ژنان بە شیوەیەکی جیدی و بە پێی میکانیزم هەنگاو بنێن وبیری ژنانە خەباتیان بەرەو پێش بەرن، ئەوا دەکرێت کە ئاسۆیەکی روون بۆ پرسی ژنان بەدی بکرێت. من ئەو ژنانەم قابلی قەبوڵ نین کە تنها بیر لە پۆست و مەقام بکەنەوەو لە لایەک هاورەگەزەکانیان لە ژێر ئازار و ستەمی کۆمەلایەتیدا بسوتێن. ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی بواری ژنان سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی ژن کە ببێتە هۆی ئەوە کە سەرنجی ناوندەکانی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆیان راکێشین زۆر لاوازن، بە هۆی ئەوی کە کارو چالاکی ئەوان کەمتر روبەدونیای دەرەوەیەو نەیان توانیوە کە کیشەکە بە جیهانی بکەن و ئەو چوار چێوە تەسکە سنوورەکانی ببەزێنن، کاری هاوبەش لە نێوە ڕیکخراوکانی ژنانی کورد کە بتوانن یارمەتیدەر بێت و دەنگی ژنی کورد بگەیەنێتە دەستە خوشکانی دەرەوەی کوردستان زۆر کەوە.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**کوێستان عومەرزادە**: لە کۆتایدا هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو مرۆڤێکی ئازادی خواز، بۆ هەموو ژنێک کە بە بیرێکی ژنانە و روحێکی پر لە هەستی ژنانە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و بەدەستهێنانی مافەکانی دەنێت و بیر لە ئاینده و

داهاتووی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە، پێم خۆشە ئەوەبلێم کە ئەگەر بمان هەوێت کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرین دەبێت هەموو دام دەزگاکان لە گەڵ ریکخراوەکانی حکومی و ناحکومی لە هەوڵی چارەسەری پرسی ژنان بە شێوەیەکی جیدی و زانستی دابین. چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە پێشکەوتنی ژنان. ئەگەر ژنێک لە کۆمەڵگەدا رۆشنبیر بێت ئەوا خانەوادەیەک دەتوانێت رۆشنبیر بکات و بە پێچەوانەش. ژنان رۆڵێکی گرینگ لە کایەکانی ژیاندا دەگێرن، بۆیە گرینگە کە ئاوڕێکی جیدی لە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بدەریتەوە. بە هیوای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو بۆ کوردستان.

دووبارە سپاس. کوێستان عومەرزادە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٣

## لە نیشتیمانی مندا چەندە بێمانایە مرۆف بەتایبەت تۆیی مێینە!!!!!!

لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا بە تایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە هوشیاری تاکەکان لە ئاستێکدا نییە کە بتوانین رۆڵێکی گرینگیان هەبێت لە کایەکانی ژیاندا، هێندێک جار هەواڵی دڵتەزێن و ناخۆش گوێ بیست دەبیین کە دەبێتە هۆی تێفکرین و نارەحەتی بۆ هەموو کۆمەڵگە. یەکێک لەو هەواڵانە کە تازە گوێبیستی بووین لە راگەیاندنەکانی کوردستان ،دەستدرێژیی سێکسی بوو، بۆ سەر کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە لایان ٦ گەنج لە هەولێر. ئەو هەواڵە کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی شۆک کرد بە تایبەت چینی خوێندەوار و رۆشنبیر کە کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگەیان لە سەر شانە و هەلوێستیان هەیە سەبارەت بە دیاردە نامۆکان. بە دڵنیاییەوە ئەو کردەوەی ئەو شەش گەنجەش لە نووبوونی هۆشیاری تاکی و کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە چون گەنج ناتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا نیازە غریزی و سروشتییەکانی بە شێوەیەکی تەندروست مارسە کات لە ئەنجامدا دەبێتە ئەوەی گەنج ئەو ئەنەرژی و عوقدانەی بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژ و بە رێگەیەکی دوور لە چوارچێوەی عورف و یاسا دەرداتە دەرێ. بێ گومان ئەو کردەوە یەکەم کردەوە و ئاخرین کردەوە نابێت لە گەنج لەو کۆمەڵگەیانە روو دەدات لەوانەیە زۆر خەراپتریش بقەومێت ئەگەر رێکخراوەکانی مەدەنی لە گەڵ حکومەت و هەموو ئە کەسانەی کە دەتوانن بە شێوەیەک کاریگەریان هەیە بۆ سەر کۆمەڵگە، بەرنامە و میاکنیزمی پێویستیان نەبێت بۆ هوشیار کردنەوەی گەنج و فەراهەم کردن و دەستەبەرکردنی نیاز و خواستەکانی گەنجان بە شێوەیەکی تەندروست. حکومەت دەتوانێت لە رێگەی وەزارەتی پەروەردە هوشیاری ببەخشێتە هەموو قوتابی و خوێندکاران هەر لە سەرەتای خوێندن تا دەگاتە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندن. لە نیشتیمانی مندا لەوانەیە بە هۆی بەربەست و سنووری زیاد لە رادەی خۆی هەموو شتێک شێوەی راست و سروشتی خۆی لە دەست دابێت و تەنانەت ژیانی مرۆڤەکانیش بە تایبەت نرخ و گیانی ژن بێمانا بوو بێت. ئەگەر سەیری چاوپێکەوتنی بەرپرسی پۆلیس شاری هەولێر بەرێز عەمید عەبدولخالق بکەین کە بەو شێوەیە باسی ئەو تاوانەی کرد دوای دەسگیرکردنی تاوانباران:" بەخۆشیەوە هەر شەش کەس کە دەست درێژی سێکسیان کردە سەر کچە گەنجی تەمەن شانزە ساڵ دەسگیرمان کردن، پاشان کچەمان روانەی نەخۆشخانەکرد. بەخۆشیەوە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەویت کە پەردەی کچێنی هەر ماوە." لە پەیامی ئەم بەرێزەدا چیمان بۆ دەردەکەوێت من پێم وایە لە نیشتیمانی مندا زۆر بێمانایە مرۆڤ، بە تایبەت منی ژن، تۆسەیر ئەو ئەدەبیاتە، تۆ مرۆڤ بیر لەوە ناکەیتەوە کە ئەو گەنجە تا ئەورۆژەی گیان دەدا، لە پەنجەکانیەوە بگرە کە پڕن لە بۆنی تاریکی، هەناسەی کە بە بۆنی پیاوە نەخۆشەکانی ئەوی ئالودە بوە، هەنگاوەنی کە شل و بێئومێد، نیگای لە دووبارەبونەوە ئەوان، هەر هەموو ڕوح و وجودی لە ترس، کە ئاسەواری هەموو ئەوانە وای لێدێت کە ببێتە مرۆڤێکێ گۆشەگیر و خەم بار و پەرێشان، بۆت گرینگ نیە، تەنهاو تەنها ئەویە لای تۆ گرینگە کە بەخۆشیەوە پەردەی کچێنی ماوە، بەلام خۆی خاڵی بۆتەوە لە ئاوامی و خۆش و پێکەنین و

ژیان. چۆن دەتوانین تەفسیر بکەین ئەو روداوە یان ئەو قسەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی ئەدەبی بۆچون و لێکدانەوەمان هەبێت ئەوە هیچ شتێک لەو پەیامەیدا بەدی ناکرێت لە بواری نرخیشەوە بۆ بەرپرسی پۆلیس تەنیا پەردەی کچێنی گرنیگە چونکە کۆمەڵگە ئەو مانایەی پێ بەخشیوە، وە هەر کاتیکیش لەو مانایە بەدور بوو کەواتا ئەو وەک قاو غە شقارتەیەکی خاڵی لێدێت. بەداخەوە بیر لە نرخی ژنبوونی ئەو کچە ناکرێتەوە کە لە بواری دەروونی چ ژانێکی چێشتووە و ئاسەواریش لەوانەیە تا دەمرێت هەر بەسەریەوە بێتهەرچەندە ئەو تاوانبارانە بە هۆشیاریی پۆلیسەوە گیراون و ئێستا لە ژێر لێکۆلینەوەدان و جێگەی دلخۆشیەوە کە بە پێی یاسا بە سەزای تاوانەکەیان دەگەن.، بەڵام دەبێت ئەو کردەوانە کۆمەڵگە بە ئاگا بێنێتەوە و رێکار و میکانیزمی پێویست بۆ بنبر کردنی ئەو کردەوانە لە کۆمەڵگەی کوردستان بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٤ی جانێویری ٢٠١٤

## با شتە جوان و پڕ بایخەکانی رۆژ ئاوا بکەینە کولتور لای خۆمان

ئێمەی کورد بە درێژایی مێژو لە خەبات و قوربانیدانیدا بوین، هەوڵەکانی دوژمنانی کورد بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی ئێمە بەردەوامە و بە وا تایە دوژمن ئەوەی بۆی کرابێ و لەدەستی هاتبێت بۆ سرینەوە ی ناسنامەی نەتەوەی و کولتور و خاکمان دریغی نەکردوە و دەستی لە وێرانکردنی شوێنەوار و فەرهەنگمان نەپاراستوە.

جیا لەوە دوژمنانی کورد بەوەش نەوەستاون و دەستیان هەبووە لە سرینەوەی فیزیکی رێبەرانی کورد تا کاروانی خەباتی نەتەوەیمان ئەگەر نەشتوانن بە تەواویی لە ناوی بەرن بۆ ماوەیەک پەکی خەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئێمە چمان کردووە و چ دەتوانیین بیکەین بۆ درێژەدانی رێگەی ئەو تێکۆشەرانە.

ئەوەی کە من تا ئەو رۆکە لێی تێگەیشتووم ئێمە کەمتر رێز لە سەرکردوەو رابەرەکانمان دەگرین لە کاتی ژیاندا، بەڵام دوای کۆچی دواییان، دەکەوینە تەعریف و پیهەلاگوتینیان. خۆزگە و ئارەزو دەخوازم کە ٥٠% ئەوە پێهەڵاگوتنانەو رێزگرتنە لەو کەسایەتیانە پێش مردنیان بایە. تا بزانین کە ئیمە ریز لە کەسانی خۆمان دەگرین و ئەو فیداکاریانە و زەحمەتانەیان بە هەند دەگرین و بەسەر کردەی خۆمایانی دەزانین. میللەتی ئێمە بەداخەوە کە لەو بوارەدا دەستیکی کەمی نیە کە کەمترین بەها بۆ هەموو ئەو بیرمەندو سەرکردانەی کە بە گیانیکی گەرمەوە خەباتیان دەست پێکردو بە بیرێکی سیاسیانەی سەردەمییەوە بەرەو پیری چارەسەی کیشەکان چون. ئەگەر سەیری وڵاتانی رۆژ ئاوای بکەین دەبین کە ئەوان لەو بوارەدا کوڵتوریکی زۆر تایبەتیان هەیە. لەوڵاتانی رۆژ ئاوا، کاتێک کەسایەتیەکی سیاسی و شاعیرو نوسەرو تیئۆریسین لەدەست دەدەن، جگەلەوەی کە دوای مردن دەیانکەنە سەرمایە گەورەی نیشتیمانی و لەهەمانکاتدا، وادەکەن کە گیانی ئەوانە هەمیشە لە مێژودا زیندو بێ و زیاتر وردەکاریەکانی ژیانیان بەخەڵکانی غەیرە خۆیان دەناسینین. کاتی ساردانی مۆزەخانەکان دەکەین تەواو ئەو حاڵەتە دەبینی وەک یەکەم تابلۆی رازاوە. ئەو دەم ئیحساسێک لات دروست دەبێ کە ئێمە کورد چەندە کەمتەرخەمین لە بەرانبەر پاراستنی کەلوپەل و ئەرشیڤی کەسانی بلیمەت و بەتوانا. کاتی موزەخانەی شکسپیرم دیت وەک ئەوەی کە فیلمێکی ژیانی ئەو ببینم، تەواو سەردەمی ئەو مرۆڤە گەورەیە هاتە بەر چاویم، کە چی لەبەرکردوە، چی بەکار هێناوە، لە چیدا خەوتوە و کام ئاوێنەی گرتۆتە دەست و چ خەڵاتێکی وەر گرتوە هەتا چ دوگمەیەکی بە کراسەکەیەوە بووە، هەمان شت لە مۆزەخانەی هینری ئیبسن هەمان جوانی بە دی دەکەین، هەتا ئەو موکێش و ئاوێنە و شانەوە ئەو تەختەی کە گیانی لەسەر داوە لە شوشە گیراوین. ئەوەی وەفا داری بۆ گیانی ئەوانە. هەتا لە مۆزەخانەکانیشدا تەواو ئەو کەلو پەلانە کە بەکاریان هێناو لە چوار دیوارێکی شوشەدا دانراون و دەپارێزێن. ئەو نیشانانە

ئەووەمان پیدەڵێن کە دەبا ئێمەش لە رۆژ ئاواوە شتی باش فێر بێت. هەوڵ بدەین کەل و پەلی سەرکردەکانمان ئەوانە تا ئەمرۆ گیانی بۆتە قور بانی و شەهید بوون راگرین و لەو پێلاوانە کە بەکاریان هێناوین تا ئەو قەلەم و کتێب و پرتوکانەی کۆیان کەینەوە سەر یەک و بیانپارێزین با بە کەسانی غەیرە خۆمانیان نیشان بدەین کە سەرکردەکانی کورد لە کوێ ژیاون و چیان پۆشیوە چیان بە کار هێناوە. با نەوەکانی داهاتومان هەروەها فێربن کە رێبەرانی کورد بە چ شێوەیەک ژیانیان بە سەر بردوە. ڕەنگە زۆر کەس ئەمە بە کەم تەر خەمی نەزانین بەهۆی ئەوەی کە کوردی کیانێکی سەربەخۆی نیە بۆیە کورد نەیتوانیوە ئەو کارەبکات، بەڵام ئەگەر نەشتوانێت کە مۆزەخانەی تایبەتیان بۆ بکریتەوە دەبێ لە هەوڵ ئەوە دا بین کە کەلوپەلەکان لە شوێنێک بپارێزین تا ئەو کات ئیمکانی ئەوە دەرەخسێ کە ئەو کارە ئەگەر تا ئێستا نەکراوە بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠١٤

---

## شکاندنی تابۆکانی بێ دەنگی

ڕووداوی ئەم داوایەیی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان کە لە شاری مهاباد ڕویدا، دەکرێ وەک سەرهەڵدانێکی نوێی خەڵک و چالاکی مەدەنی سەیر بکرێت کە لە لایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی وەرێخرا. ئاشکرایە کە هەر ڕاپەرینێک کە ڕوودەدات یان ئامانجی سیاسی و یان کۆمەلایەتی تەنانەت کولتوریشی لە پشتە کە لە لایەن کۆمەڵێک خەڵک ڕێکدەخرێ و هەوڵی بە دی هێنانی هێندێک ئامانجی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە. هەروەها دەتوانین بلێێن کە ئەو ڕاپەرینانە دەکرێ وەک بزوتنەوەیەکی سەر تاسەری چالاکانی مەدەنی یان نارەزایی خەلک بێنە ئەژمار. ڕاپەڕینی ئەم جارە بە گیانی فەریناز ڕوسور دەستی پێ کرد و چالاکوانان و لاوانی شارەکانی مەهاباد و سەردەشتی و چەند شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هێنایە سەر شەقام. هەر ئەو ڕاپەرینە لە ڕۆژهەڵات قەتیس نەمایەوە ،بەلکوو کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە کوردان لە پارچەیکانی دیکەی کوردستانیش هاو غەم و پیشتیوانی یەکن.

جێگەی خۆشحالییە کە گەنجانی کورد هەستی نەتەوەی و ئاستی هۆشیاریان بەرزە بۆ تەوە. ئەگەر بە دیقەتەوە سەیر دواین خروشانی خەڵک لەو بەشەی کوردسان بکەین بی گومان هەم هۆکار و هەم ئامانجی ئەم نارەزایە دەبینین. بە باوەری من هۆکارەکەی تەنها لە بەر مەسەلەی شەرەف و کەرامەتی کیژێک نەبوو بەلکو ئەوە خۆی بیانوێەک بوو تا خەڵکی ئەم شارە هەستنە سەر پێ و دەنگی نارازیان بەرزکەنەوە ئەو دەنگەی کە چەندین ساڵە بە هەموو شێوازێک سەرکوت دەکرێت.

ئەوە ڕون و ئاشکرایە کە ئەو ڕاپەرینەی ئەم دوایە پەیوەندیەکی تەواوی بە بارو دۆخی سیاسی و ڕامیاری ئەو ڕۆکەی ئێرانە و کوردستانەوە هەیە، بەهۆی ئەو سیاسەتە ی کە کۆماری ئیسلامی لە ماوە ٣٥ ساڵ لە ئیراندا بەڕیوەی دەبات، وەک هەستکردنی خەڵک بە نا عەدالەتی و سیستەمی حوکمرانی نەبونی ژنانێکی ئاسایی و زۆر شتی تر.

بێ گومان ئیمە لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی دەیان ڕووداو و کارەساتی ناخۆش بووین کە ڕووبەڕوی خەڵکی ستەم لێکراوی ئەو بەشەی کوردستان بۆتەوە، بەڵام دەکرێ گیان لەدەست دانی فەریناز وەک دەسپێکێکی گرینگ بێت بۆ سەر هەڵدان و شۆڕشێکی نوێ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ئەو سەرکوتانەی کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێت. گیانی فەریناز کردنەوەی هەموو ئەو پەنجەرانەیە کە چەندین ساڵە لە نەبوونی هەوایەکی ئازادو گیانێکی پر لە سەر بەستیدا خەریکەخەفە بکرێت، مەرگی ئەو کیژۆلە

رووسووره بوو هۆی ئەوه کە تابۆی بێدەنگی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بشکێت.

گڕوتینی ناڕەزایی و هەست وئیحساسی ئەو خەڵکە، هەزاران مانا و ئاماژه لە خۆدا هەڵدەگرێت هەم بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و هەم بۆ پارتە سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران کە خەڵک چیدیکە لە ئاست داخوازییەکانیان بێ دەنگ نابن.

ئەو توندو تیژیانە و ستەمانەی کە روبەرووی مرۆڤەکان دەبێتەوه لە لایەن رژیمە دیکتاتۆرەکان لە ئەنجامدا دەبنە مایەی سەرهەڵدانێکی بەرین هەر وەک چەند مانگ و ساڵ لە مەوه پێش لە ئەفغانستان کە بەگیان لە دەستدانی فەرخونده و ئەو لاوه کە لە تونس جەستەی خۆی کرده رۆشنایی رێبازی دێموکراسی لە ولاتانی عەرەبیدا. بەو هیوایە کە ڕاپەڕینی ئەم جارەی مەهاباد بتوانێت گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئامانجەکانی نزیک کاتەوه.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠١٤

**ئایا ئێوە خۆتان بە فێمینیست پێناسە دەکەن، ئەگەر نا بۆ و ئەگەر نا بۆ؟**

مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی بە شتێک پێناسە بکات، سەرەتا پێویستە کە زانیاری پێویستی سەبارەت بە دەورو بەری هەبێت تا کو بتوانێت شناختی پێویست وەرگرێت. کاتێک مرۆڤ توانی شناختی هەبێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانە کە ژیانی پێوە بەندە ئەودەم دەشتوانێت و حەزیش دەکات کە خۆی پێناسە بکات بە ئەوەی کە کێیە. کێشەکە ئەوەنیە کە چلۆن خۆت پیناسەدەکەی بەڵکو ئایا ئەو پێناسەکردنەی کە بۆخۆت داتناوە یان خۆتی تێیدا دەدۆزیەوە، دەتوانی هەر لەو دەربیجەوە یان سۆنگەوە هەنگاو بنێت، هەدەفی ئەسڵی من ئەوەیە، کافی نیە ژنێک خۆی بە فیمینسیت بزانی یان پێمان وابێ هەرچی ژنە دەبێ روانگەیەکی فیمینیستی هەبێ .

زۆرگرینگە کە ئەو کەسانەی روانگەی فیمینیستانەیان هەیە، تێبکۆشن بۆ ئەو ئامانجانەی کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی فیمنیستی دایە. لە وڵامی پرسیارەکەتان کە ئایا من روانگەی فمینستیم هەیە یان نا دەتوانم زۆر بە راشکاوی بڵێم کە من فیمێنیست نیم، ئەوەش بەو مانایە نیە کە گرفتم لەگەڵ چەمگە هەبێ، بەلام بەکار هێنانی ئەو چەمگە لە لایان کۆمەڵی ژنەوە باداخەوە وای کردوە کە خۆم لە خانەی فیمینیست بە دور بگرم، بەڵام خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکسان و هەوڵدان بۆ دروستبوونی ژینگەیەکی تەندروست وسالم، دوور لە هەرجۆرە هەڵاوردنێک لە نێوان پیاو و ژندا ئاوات و ئارەزووی منە.

بێ گومان دەتوانم ئەوە بلێم کە من خۆم وەک کەسیاتیەکی فمینیست پێناسە ناکەم، هەرچەندە رەنگە هەوڵەکان و نوسینەکانی من زۆر کەس وا بیرکەنەوە کە روانگەیەکی فیمینیسیانەیان لە پیشتە، بەڵام من باوەرم بە بزوتنەوە و خەباتی ژنان هەیە و هەمیشە لەهەر شوێنی بۆم رەخسابێت و پێویست بوو بێت بە پێی توانای خۆم بۆی تێکۆشاوم. هەوڵەکانم لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەلگایەکی یەکسان و دوور لە توندو تیژی هەر لەو راستایە دابوون کە فیمینیستە نوێخوازەکان بۆی تێکۆشاون، بەڵام هیچ کات تا ئەو کاتەی خۆمم وەک کەسێکی فیمینیست پیناسە نەکردووە بە هۆی ئەوەی کە بەداخەوە چەمکی فیمینیستی لەلای ئیمە زۆر بەهەڵە مامەلەی لەگەڵ دەکرێت و بەهەڵە لەو چەمکە گەیشتوون. زۆریەک لە ژنان پێیان وایە لە تێگەیشتنی چەمکی فمینیستی بەو مانایا دێت کە جێگۆرکێی پێگەی ژن و پیاوە بێت کە بە بروای من هەڵەیە. فیمینیست لە روانگەی منەوە هەست کردن بە پێگەی ژن و دان پێدانانە بەو واقعەیە کە ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا مافی یەکسان و بەرانبەریان هەیە لە تەواو بوارەکانی ژیاندا، هەروەها هەدووکیان تەواوکەری یەکن. بەداخەوە، زۆریەک لە ژنان پێیان وایە فیمینیست واتە دژە پیاو یان بەو مانایەی کە دەبێت ژن باڵادەست بێت کە ئەوە زۆر هەڵەیە چون ئەو چەمکە دەتوانێت هەموو ئەو ژن و پیاوانە بگرێتەوە کە بۆ یەکسانی جەندەر تێدەکۆشن.

لە کۆتایدا دەتوانم ئەوە بلێم کە هەرچی ژن بوو خوێندەوار و رۆشنبیر بوو فێمێنیست نییە. بەڵام ئەرکی هەموو ئەو ژن و پیاوانەیە کە لە هەرشوێنێک کەم کۆریەکیان دیت بە مەبەستی مافی یەکسانی بۆ هەر دوو رەگەز لە کۆمەڵگەدا دریغی نەکەن و بەردەوام لە تێکۆشان دابن تا بتوانن ژینگەیەکی ساڵم بەرهەم بێت کە هەر دووکیان هەست بە ئارامی بکەن و هیچکام یەکتر لە پێناو دەستراگەیشتنی زیاتر بە دەسەڵات یەکتر نەچەوسێنەوە. بەکورتی هەوڵەکانیان لە پێناو تەواکەری یەکتر دابن نەک سرینەوەی یەکتر.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦**

# هونراوەکان

## ونم لە رووحی پیاوێکدا

پێ بە پێی با دەڕۆم!!!
تا بگەمە ئەو سەر کۆڵان.
توند توند شاقەلی با دەگرم،
تا فریا بکەوم حەیارانە،
چاوم پڕکەم لە رۆژ.
من بە سەر پشتی باوە،
بیری ئاوێزان بوون دەم چۆڕینیت،
لەرووحی پیاوێکدا.
لە گەڵ دەستە نەرمەکانی.
بیریی.....
تاڵ تاڵی قژە ئاڵتونیەکانی،
مەستم دەکات
کە!!!
شەلاڵی کردم بە لە زەتی ماچەکانی.
ونم لە خەیاڵی گەیشتن،
بە!!!!!
پەنجە وون بووەکانی بەفر.
بە گەرمی ئامێزی ئەو،

شڵەژاوە لەزەتی عەشقم.

خۆم نادۆزمەوە لە رووحیدا.

۱٥ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۰

---

## بەسەر بەژنی پێنج وەنەوشەی نیشتیمان دا

چ بێدەنگە کازیوەی شار

پەتی قەنارە بە ڕێوە،

بۆ وەرینی بۆنی هەناسەی کۆترەکان،

چەند پەشێوە.

لەرەی مەرگ

لە ولاتی سێدارەدا،

بەسەر تەمەنی بەهاردا

شۆر بۆ تەوە.

بەسەر بەژنی پینج وەنەوشەی

نیشتیماندا.

هەتاو وەرین لە گزنگی

چاوەکانیان کە وتۆتەوە.

پەنجەی مەرگ

ڕوحی سپی ئەوپێنج کۆترەی،

بەسەر پەتی قەنارەدا

لار کردەوە.

لەدواین ڕۆژی هەفتەدا

هەر پێنجیانی کاڵ کردەوە.

ئەوان نامرن، هەناسەیان
لەگەڵ هە نیسکی نیشتیمان
لە بەردەم تیشکی ئاسۆدا
تێکەڵ دەبێ.
بەیانی زوو،
لە دواین ڕۆژی هەفتە دا
میلی کاتژمێرێکی تاساو
خۆی پڕدەکا!!
ئێستاخەمی ئەو کۆترانە
لە ئاسمانی پڕ لە تاسەی،
نیشتیماندا وەک ئەستێرە
گزنگ دەدا.
من نازانم
زامی وەرینی ئێوە،
بێدەنگی نیگای نیشتمان
لە گەڵ تاسەی ئەم بەیانیە،
چلۆن؟
لەبالای شێعرێکمدا بهۆنمەوە.
وشە لە ئاست گەورەییتا
نادۆزمەوە.
ئێوە نامرن
لە ولاتی بێ خۆرەتاو
لە ولاتی ( ئێرانی سێدارەی ئیسلامی)
دەنگی فەرزاد،
بۆنی شیرن،
هێزی عەلی،
روحی فەرهاد،
بالای میهدی،

لەژێر پەتی سێدارەدا

ترس هەر گیز نا یان ناسێ

ڕۆڵەی کوردبون!! سێدارەش لێیان دە تر سا.

ئەوان دایان لە شەقەی باڵ

چرا خانیان بۆ نیشتیمان داگیرساند.

گەورەیتان لەدڵماندا

نا توێتەوە.

ئێوە نامرن،

هە ستو تاسەی ئازادیتان

ناسڕێتەوە.

١٢ی مای ٢٠١٠

---

## پاییز!

دڵم خەریکە بپیشێ،

هەناسە لەگیانما باڵ بگرێ.

پاییز!

بەرگی خەمگین ترین قەسیدەی

کردە بەرم.

ڕەنگی کاڵی قژەکانیدا لە سەرم.

باران!!!

وشک وشکی کردمەوە لە دڵیا.

جێیان هێشتم

لەژێردرەختێکی بە باڵ وپەردا.

خەیاڵە گەرمەکانی

خۆم نا دۆزمەوە.

لەژێر تاڵە تەزیوەکانی خۆر!!!!
هەست بە توانەوە دەکەم،
لە ئامێزیی سپێدەدا،
چەندە گوناح باریت،
چەندە بەتاڵ بویەوە لە دڵمان.
پێخەفی یادەکانی من
بەسەر پشتی ئەم رووبارەدا،
جێبێڵە ئیتر بەسە!!!!
من حەزم لە فرین و سەماکردن،
بەسەر چوو.
دڵی خاڵی تۆ لە ئاوێنەی تەمەنما
نابینم.
دەستە سەرما بردووەکانی با
ناخەمە سەر شانم.
تۆ ش!!!
هەر گیز نا بەخشم، نا.

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

---

## نیشتیمان!

ماندوێتیم بشکێنە،
ئەی با!!!
دام پۆشە بە ئەرخەوانت.
شادم کە بە لەنجەی
نازی نیگات.

یادی دووری، لە خەیاڵما بپەڕێنە!!!

تا منیش وەک نیشتیمان،

باڵا بگرم،

هەنگاوەکانم!

بۆ ئازادی گورج و تۆڵ کەم.

تەنیام مەکە پاییز!!!

مەم بەخشە بە چرا کزکراوەکان،

لە دڵتدا،

من!

ترپەی دڵی ئەو گەڵایانە دەبیستم،

کە لە ووشک بونەوەی رووباردا

فرمێسکی دایکی نیشتیمان،

دەدوێنن.

دەستم گیرکە لە قژەکانت،

ئەی با!!!

مەم ترازێنە لە رووت

دام پۆشە بە جوانترین سروەت.

من دەمێکە

گەرەکمە ببمە،

کانی!

تا فرمێسکی ئاسمانی ئەوێندەر بڕژێتە

دڵمەوە.

من لە خەیالی سەوز بونەوەی تۆ

ئەی زێد!

رووحم، دەبێتە پارچەیەک لە خۆر

پەنجەم تاڵ تاڵ لە تیشکە کانی

دەگرم،

لەسەر گۆنای ئەوان دەنووسم

من نیشتیمانێکم گەرەکە
پڕ لە دڵاقەی هیوا،
تیشک پرژێنێتە بەرەو ئاسۆ.
دوور لە شەڕی مانگ و ڕووناکی،
تا دڵی پارساکان ئارام بگرێ،
دوور لە خوێن!!!!!
من خۆرگەی بایەک دەکەم،
کە دام پۆشێ و بمتاوێنێ
بەگەرمای تاڵە سپیەکانی
ئازادیی!
تا بمباتەوە ئەو نیشتیمانەی
تەنیایە،
وەک خۆم!

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١١

---

## بۆ تۆیی!!

چاوم لە سەیرکردنی باخچە،
تێرنابێت.
لەباخەڵی باراندا،
ووشەم پڕە لە بزەی نەرم.
ئەم ئێوارەیە،
گۆرانیەک دەم خاتە،
ئامێزی تەزیویی تۆو،
وەرزێک لە خۆم،

دورئەخاتەوە.

فنجانێک قاوە،

لەیادەوەریەکانی مندا مەست دەبێ.

هەموو تەمەنم لە دڵی ئەودا،

لەبیر چوو!!!!

ئەو ڕژاوەتە سەر جەستەم.

لێم جیا نابێتەوە.

چ گوناحە!!

ژیان بەدەم باڵی

پەرەسێلکەیەکەوە.

چەندە کاڵە،

پێکەوەبوون لەم سەردەمەدا.

چ وێرانە خەیاڵ،

بەسەر ڕووناکی شەودا.

ئێستا،

خۆم بۆ بێ تۆیی نۆژەن دەکەمەوە،

کەچی گەرمایی هەناسەت

لێم جیا نابێتەوە.

چرپە چرپی وشەکانت،

نایەڵێ،

تەنیایی داگیرم کا.

لە چاوە گەرمەکانی تۆدا،

باخچەم دەدواند،

ئێستا نیگام لە سەیر کردنی تێر نابێت.

تۆ لە چاوی باخچەدا وشک نابیت،

من لە تۆدا سەوز دەبمەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١١

## پڕم لە ئاڵۆزی با

پڕم لە ئاڵۆزی با،
لە حەسرە تی دارهەنار بەدەم وەرێنەوە.
لە سێبەری نیگەرانی،
بەسەر پرچی ئاڵۆزاوی تەمەندا.
من هەر خۆم
بۆ میهرەبانی باران،
ڕووحم خستۆتە سەر سێبەری
باخچەو،
بۆ پڕبونەوەم لە گەرمایی هەناسەی،
هەرچی چرۆ بێ دەیبەخشیم.
ئای چ لەرزۆکە نیگام،
بێ چاوە گەرمەکانی
چەند ماندوە ئامێزم بی ئەو!!!
چاوی شەو زیزە لێم.
ماڵی دڵی داگیر کردوم،
تیشکی کزی چراکان.
من عادەتم بە عەشقی ووشیک هەڵاتویی
ئەو پیاوە خەواڵوە گرتوە،
پەنجەم لە نێو ئێوارە خۆڵەمێشیەکاندا
بەدەم وەرینەوە سەمادەکات،
من بە سۆزی لە رزۆکی تۆوە
ژنێکم لێوڕێژ لە خەونی سپی،
هەموو سپێدەیەک گوڵ دەکەم،
داری خۆزگەم بەسەر بەژنی،

هەتاودا لەنجە دەگرێ.

من پڕم لە ئاڵۆزی با،

تەڕ تەڕم لە سۆز

فێنکم وەک هەنگاوە کانی شەماڵ،

خاڵیم لە پەشیمانی،

بێ تۆ لە بێدەنگی مانگ توڕەو،

لە ڕوخساری دەریا ماندو.

هەمیشە،

لەپەکانم پڕن لە تنۆکی باران.

٨ی ئاگۆستی ٢٠١١

---

## قەندیل

ئەم جارەیان،

دڵم بەرەو قەندیل دەفڕێ.

ئارەزوومە،

پێ کانم بخەمە شوێنپێی کچانی قەندیلەوە،

بەسەر پرچی ئاوریشمی ئەواندا

لەشی لەرزۆکم داپۆشم،

چاوم بە رەنگی نیشتیمان

تەڕکەم.

کچانی قەندیل،

رەمزی ژیان و هەتاو و ئەوین،

لە بەرگری وەتەندا،

دەبینین.

خەزاڵەکانی قەندیل،
زەماوەندە لەگەل مەرگ دەکەن،
ئەوان بۆ جەستەی رووناکی رۆژ،
دلۆپ دلۆپ خوێنی دڵیان،
دەبەخشن.
کیژە رەنگ خۆڵەمیشیەکانی
بنار،
بزە لەگەڵ گەزینگی بەرە بەیان
دەهۆنەوە.
ئەوان چرکەی کات ژمێر،
دەخەنە سەر پەنجەی شەو،
تا تاریکی رابکات
لە ئاسمانی نیشتیمان.
ئەوان خۆشەویستی لەگەڵ،
چیا دەکەن،
ئەوان!!

کچانی قەندیل. ٢٦ی جوولای ٢٠١١

---

## نیزیک بە لێم

ڕوحم سارد سارد،
دڵم لەژوانی بەفر تێر نابێت.
بەسەر ئاڵۆزی ڕۆژدا،
هەموو سپێدەیەک،
نۆژین دەبمەوە.

نزیک بە لێم،

خەونەکانم پڕن لە بۆن

خۆشم ڕۆچومە نێو،

ووشە نەبیسراوەکان.

ئێستا وەک کلۆ بەفرێکی

سەرما بردوو دەچێ،

جەستەم!!!

خاڵیم لە ڕووناکی.

نزیک بە لێم !!!!

تا بە لەنجەی باڵات،

سێبەری خەیاڵەکانم،

داپۆشم.

نزیک بە لێم،

ئەی دۆست!!!

من ژانی تەم لێنیشتوی

ئازادیم،

بەسەر نیشتیماندا دەتوێمەوە.

بمگرە خۆت!

تا لە چاوە نێرگزیەکانتەوە،

ئێوارەیەکی گەرم دەستم بگرێ

بۆ سەما کردن.

تا ئەرخەوانی رووحم

داپۆشی،

تا پایزم بۆنی

عەترو، مێخەک و، وڵات و تۆ

بگرێ،

نزیک بە لێم ئەی دۆست.

٢٣ی جوونی ٢٠١١

## بێ ئەو!

پڕم لە ئاڵۆزی با
لە حەسرە تی دارهەناری بەدەم وڕێنەوە.
لە سێبەری نیگەرانی،
بەسەر پرچی ئاڵۆزاوی
تەمەندا.
من هەر خۆم
بۆ میهرەبانی باران،
ڕووحم خستۆتە سەر سێبەری
باخچەوە،
بۆ پربونەوەم لە گەرمای هەناسەی،
هەرچی چرۆ بێ دەبەخشم.
ئای چ لەرزۆکە نیگام،
بێ چاوە گەرمەکانی
چەند ماندوە ئامێزم
بێ ئەو!!!!
چاوی شەو زیزە لێم.
ماڵی دڵی داگیر کردوم،
تیشکی کزی چراکان.
من عادەتم بە عەشقی ویشک هەڵاتوی
ئەو پیاوە خەواڵوە گرتوە،
پەنجەم لە نێو ئێوارە خۆڵەمێشیەکاندا
بەدەم وەرینەوە سەمادەکات،
من بە سۆزی لە رزۆکی تۆوە
ژنێکم لێوڕێژ لە خەونی سپی،

هەموو سپێدەیەک گوڵ دەکەم،
داری خۆزگەم بەسەر بەژنی،
هەتاودا لەنجە دەگرێ،
من پرم لە ئاڵۆزی با،
تەڕ تەڕم لە سۆز بۆنە و
فێنکم وەک هەنگاوە کانی
شەماڵ.
خاڵیم لە پەشیمانی،
بێ تۆ لە بێدەنگی مانگ تورەو،
لە روخساری دەریا ماندو.
هەمیشە،
لەپەکانم پڕن لە تنۆکی باران.

۱۳ی جوونی ۲۰۱۱

---

## یار

خۆم بەسەر پشتی باوە جێدێڵم
ڕوحم بەسەر ئێوارە هەناریەکاندا
هەڵدەخەم.
کەچی هەر هەموو باڵندەکان
لە ڕەنگی پێستم دەپرسن،
لە لەرەی دەنگم ڕادەکەن،
لە فڕین دەمشارنەوە.
تێبگە لێم ئەی یار!
وەڕەزبووم

لە وشک بوونەوەی باران
لە پرچە ئاڵۆزاوەکانی تەمەن
لە تەنیایی شەو
ئەو سێبەرە منم من.
ژنێک توڕەتر لە با،
بە سەر بەژنی سنەوبەرێکی
پڕ لەنازدا،
خۆی چەماندۆتەوە
بۆ بەخشینی ماچێک
بە گەرمایی دڵی یار
سەوزایی چناری لێ دەتکێ،
ئەو ژنە منم
تا سەرئێسقان شەیدای بۆنی دەستەکانت و
تامەزرۆی گوشینی پەنجە خوێناویەکانی عەشقم.
لەباخەلی تەمەندا
بەدەم ڕۆیشتنەوە
هێدی هێدی،
ڕەنگی کراسەکەی بەرت و
بزە گەرمەکانی ڕوحت
دەدوێنم
دەگەرێم
بۆ ڕازی چاوەکانت
بۆ سۆزی باران، بۆ رەنگی خودا.
هەموو شەوێ ئامێز پڕ دەکەم
لە خەونی سەوز و
نیگام لە لەنجەی دار سێوێک داڵێنم.
بەیادی یار
دەگەرێم

بۆ سێبەری مانگ

تا خۆمی لە ژێردا ون کەم

بۆ

ئێوارەیە پڕ بە بەژنی ڕووناکی دامگرێ

فێنیکی هەناسەی.

ویستم چاوم بە دیدارت

بسپێرم.

کەچی دەستم لەنێو نیگای رۆژدا شکا

ڕوحم بەسەر ڕەنگی غەریبیمدا

هەڵوەری

١١ی مای ٢٠١١

---

## بێزارم

بێزام لە تەنیایی مانگ

لە لەرەی دەنگی با، لە رەنگی ئاو.

لێرە من

بۆ شەوێک دەگەڕێم،

تا

دەستەخوێناویەکانی نیشتیمانی

تیا پاککەمەوە.

بۆ باخچەیەک

تا جێبێڵم ڕەنگی کراسەکەی بەرم،

بەسەر سێبەری پیرە درەختێکدا.

بێزارم من،

لە هۆنینەوەی قژە کانی هەتاو،

لە نێو دەستە شێ گرتوەکانی

ئەنفالدا

لە وتەمەی بێدەنگی دەبەخشێ

بە ئێوارە هەناریەکانی گەرمیان.

بێزارم لە گوللەی تفەنگ،

لەبۆنی جەنگ!!!!

لە دەستە تەزیوەکانی تۆڵە

لە خۆڵەمێشی دەم با

بێزارم،

لە ناڵەی ئەوێندەر کە بەشێکە لە ڕوحی من.

لەو وێنانەی چاوی شار پردەکەم لە ڕق

بێزارم!!!

لەدوبارەبونەوەی  تەنیایی ڕۆژ

من بێزارم

لە بێدەنگی ئەو،

لە دەستە وشک هەڵاتوەکان ژیان،

لەئامێزی سڕیی

ژنە ئاڵتونیەکانی وڵات،

بێزارم.

١ی مای ٢٠١١

## ماندووم،

ماندووم

لە دووبارەبونەوەی تاریکی.

لە دەستەکانم،

بەسەر پشتی هەورێکی توڕەوە.

ماندووم،

لە بۆنی ئاوارەیی،

لە وشک بوونەوەی ئازادی

لە پێڵاوە شڕەکانی رۆژ.

ماندووم،

لە درزی ئاوێنەی تەمەن.

دەمێکە من ماندویەتی،

دەمپیشێنێ،

ئارەزوم دیداری مانگ دەمخوسێنێ.

لەخودا دەپاڕیمەوە،

بۆ رووتبوونەوە لەبەر شەوقی پەنجەکانی ئازادی،

بۆ وەرگرتنی

ماچێ لە سێبەری لێوەکانی

چرۆکانی تەمەن دەبەخشم.

بۆ دەستە گەرمەکانی ئەو!!

پی بە پێی با دەرۆم،

بۆ گوشینی پەنجەی خەیاڵ دەگەرێم

تا چاو پر کەم لە تۆ.

بۆ تۆ بۆ کەزیە سپەییەکانی ژنێتیم

بۆ بەژنی قەف قەف کراوی نیشتمان،

کە بەسەر دەستە سڕەکانی
ئەستیرەیەکی نەزۆکەوە
خۆی لە لەزەتی تاریکی گیر دەکات
بەحەسرەتم.

**١٠ی ئەپریلی ٢٠١١**

---

## نەورۆز ناکەم!

نەورۆز ناکەم!
فەنا نابم،
لەباوەشی نەورۆزیساڵ،
بێ بۆنی هەناسەت!!!!
پەنجەرەی رووناکیم لێ مەگرە،
تۆ ڕەشەبا!!!!!
تا نەرمە نەسیمی نیگایی،
یار ببینم.
من لە مڕۆوە،
دڵم ساردە وەک دەستە سڕەکانی،
بێوەژنێک.
وەک بیستو یەکی سێیی تەمەنی باوکم،
لە سۆی دەستە گەرمەکانی
وشک، وشک بومەتەوە.
قژەکانم لە خۆی ناگرێ!
لەنجەی هەتاو.
ئۆقرە ناگرم،

بێ شنەی هەناسەی ئەو،
بهارم بۆنی پایزی گرتوە.
ئەم نەورۆزە تینی ئاگر
لەشی لەرزۆکم داناگرێ.
بۆنی نەورۆز مەستم ناکا
بەبی تۆ.
نەورۆز ناکەم!
بێ دەستە گەرمەکانی بابە،
بێ سێبەری مانگ، بێ ژوانی ڕووناکی
نەورۆز ناکەم!
بێ دەنگی پێیەکانی باوکم.
ئەمساڵ کۆڵان چۆڵ و هۆڵ،
کەس نابینم!
دەرگا قفیڵ.
نەورۆز ناکەم بی ئامێزی پرلەزەتی ئەو
بێ سەمایی لەدایک بونی باوکم.

۲۲ی مارچی ۲۰۱۱

---

## دیداری مانگ

دوێنێ شەو بوو
مانگم بینی.
لەسەر پیشتی هەورێکی تەڕ
ڕاکشابوو.
ڕووت ڕووت ببۆوە!!!

جەستەیی.

لەدایکم دەچوو،

لەجوانیدا.

دەستی ژنێکی ئاڵی لێ نیشتبوو،

لە پاکیدا.

هەر دەت گوت دایکمە

پڕ لە ناسۆرەی خەم!!!!

لە چاوەگەرمەکانی نیشتیمان،

دەچوو....

لەگەورەیی دا.

لەبێدەنگیدا شێوەی،

لە تۆی دەدا

لە ئاوابووندا هەر دەتگوت،

سێبەری دەسەت وشکە ڵاتوەکانی

باوکمە،

لە ڕێرەوەی ژیاندا.

سۆمای چاوەکانی تیژتر لە جاران

بەدوای من و تۆ و قژە سپیەکانی دایکم

دەگەرا،

هەر دەت گوت ئەوە، باوکم!

مشتی پر بوو لە سۆز،

دڵی پڕ بوو لە ڕاز.

دیدرا مانگ لە و دەچوو،

لە باوکم.

١٩ی فێبریویری ٢٠١١

## من پیاوێکم خۆش دەوێت

پیاوێکم خۆش دەوێت لە ڕەنگی

ئاو!!!!

وەک باران تەر، وەک شاتوو شیرین،

وەک ئاوریشیم نەرم.

وە ڕوحی خودا بێگەرد.

پیاوێک،

لەوسەری دونیاوە

گەرم گەرم دەنیشێ،

بەسەر لەشوولاری ووشکەڵاتوی

ژنێتیمدا.

من پیاویکم خۆش دەویت،

وەک ڕووبار فڕی خاوی،

پشکۆی ئاگر خەندەی گەرمی.

من ماڵێک

بۆتە وێسگەی حەسانەوەم،

هەموو شەوێ دەرگا قفڵوو،

کلیلیش وون

لەپیشت دەرگا چاو تێر دەکەم.

پیاوێکم خۆش دەوێ هەناسەی فێنیک،

وەک بەهار

دل زەریف تر لە روناکی.

من چاوەری ئەو دە کەم،

لە باخەڵی سەحەرێکی!!!!

تینوودا.

پیاوێک ئاڵتر لە ڕۆژ نیگایی.

من چاوەڕێی ئەودەکەم

تا...

ئاوابونی ژیان،

تا

دەستە کانم دەبن بە دووباڵ بۆ فڕین.

٤ی جانێویری ٢٠١١

---

## خەونێکی سەوز

خەو بە دووگیانبوونی خۆمەوە

دەمگرێ،

بە سەوز بوونەوە

لە باخەڵی فێنکی تۆدا،

بە بۆنی ئاو.

خەیاڵ

بە نەرمیی دەستە ئاوریشمییەکانی تۆوە

دەمخاتە سەر دڵی باخچەیەکی

تەڕ، تەڕ.

گیانم مێرگی سۆز دەگرێ،

لەژێر تریفەی گۆناتا.

ڕوحم بەسەر قورسایی،

پێخەفی شەوێکی تاردا،

چراکان دادەگیرسێنێ،

من و هەموو جەستەم،

لە ئامێزی گەرمتا،
خەو بە تۆ و، سەوزایی و، ئاوەوە دەبینین،.
گەر تۆم هەبێ،
بە ئەسپایی بە کۆڵانە تەسکەکانی شاردا،
ڕەت دەبم؛
چراکان هەڵدەکەم،
گەر تۆش ون بی،
هەر چی ڕووناکیی مانگە،
دەیخەمە ژێر هەورێکی چۆڵ.
تۆ دەزانی خەیاڵی من هەر تەنها تۆی!
خۆزگە لە کاتی گیانەڵادا
پەنجەت لێک بنێ پەلکەی چاوم
ئەوسا بیرم ناچێ
کە ئاسمانم بە تاریکییەوە جێهێشت

١٧ی جانێویری ٢٠١٢

---

## ژن و عەشق

ژن و عەشق
لە شارێکدان،
لە کۆلانێکدا ڕووبەڕووی یەک،
هەموو عەسرێک چاو دەبڕنە سێبەری خۆر،
تۆزێ شەرم دایان دەگرێ،
چاو شارکێ دەکەن بە دزی.
بەسەر سەمای باوە،
هەوەسی دڵیان هەڵدەخەن

لەنجەی پڕ نازیان دەوەرێنن.

ئێرە شارێکی تاریکە،

پڕە لە دەنگی شەم شەمەو،

غەریبە لە کراسی ژنان و،

لەڕەنگی سێوی عەشق.

هەموو وەرزێک،

لێرە ژن و عەشق، بانگ دەکرێن.

هەموو شەوێک ژنێک دەنگی ون دەکرێ،

پرچەکانی دەڕنن ، لێوەکانی بە ماچ شەق دەکەن.

ژیان لە ڕوحی دەوەرێنن..

هەموو وەرزێک،

ژن وعەشق دەبەنە دادگا،

بە گوناهبار دەستە کانیان،

دەقرتێنن

ئەم ولاتە بۆنی مەرگی ژن و،

ڕەنگی بۆنی هەناسەی عەشقی ئەو

خنکاندوویە.

لێرە،

ژن و عەشق

پەپوو، لە دڵیان دەخوینێ،

تامی هیچ میوەیەک نا چێژن

بۆنی میخەک لەم وڵاتە بەسەر

سێویکدا پڕ دەبێ،

لێرە.

کەس دڵی ناسوتێ بە ماڵی چۆلی ژن و،

ڕەنگی خۆڵەمیشیی عەشقی ژن.

ئێرە وڵاتێکە ژن نە دەتوانێ دەستە کانی تیا،

پڕ کات لە مرواری و،

نە باڵەکانی هەڵخا بەسەر هەتاودا.

لێرە هیچ جریوەیەک ناکەوێتە سەر باڵەکانی،

ئێرە وڵاتی منە،

ژن بۆتە مۆتەکەی ناو ئاگر و

عەشقیش هێشوویەکی سیس،

گەر باڵی ژن و عەشقی لە من بمرێ.

هیچ سپێدەیەک من ناکەومە سەر تەزووی خۆر.

١٧ی فێبریوێری ٢٠١٢

## لە نێو دەستەکانی تۆ

ئای کە چەندە بیری،

بۆنی باخەڵی بایەکی عەیار و،

بارانێکی تەڕ و،

هەتاوێکی نەرم و

شەوێکی پڕ لە شەهوەتی ماچ دەکەم.

خەو بە سنەوبەرێکی ئەوێندەر،

دەمبا،

کە بە سەوزایی،

لەشی لەرزۆکم داپۆشێ.

تا لە ژێر سێبەری مانگەشەو ،

سەیری بەژنی ڕاکشاوی خۆم بکەم.

بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوان

من و ئەو،

تا چیتر خەونەکانم تێک نەشکێن،
تا چاوی باخچە بەسەر گوڵی تەمەنما،
دانەخرێ.
خۆم لە هەتاو مارە دەبڕم.
هەر هەموو بۆ دۆزینەوەی چاوەکانی عەشق و
دەستەکانی تۆیە.

٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٢

---

## بەر لە شانزدەی سێ!!!

من بەر لە شانزەی سێ،
هەموو بەیانیەک لە خرمە خرمی سێو
لە بۆنی عەتری نێرگزدا دەخنکام
بسکی نەرمی خۆرە تاوم شانە دەکرد
بە بۆنی سێو گیانم پڕ دەبوو لە لەزەت.
هەموو کات بەر لە شانزەی سێ تەمی پەنجەرەی ژورەکەم
بە دڵۆپە بارانی سەوز
ئاوڕشێن دەکرد.
بۆ بەژنی فێنکی با دەگەرام.
کەچی لە شانزدەی سێ بەولاوە
باوەشم پڕ بوو لە هەناسەی سەرمابردوو
لە ڕوحی هەڵوەریو و،
لە پێڵاوی جێماو
لە جامی پڕ ئاو.
لە نیگای خنکاویی شار.

به جانتایەک پر لە بۆنی سێوی ڕزیو
بە ئێوارەیەکی خەم بار
بە ڕەنگی گۆڕاوی خۆرەوە.
کۆلانە چۆلەکانی شآرم بە پێی پەتی
بێ ئاوردانە لە دایکم،
لەکەس
لاشەیی ساردی شارم
خستە قەسیدەی شێعرەوە.
من لەو ساوە
پێناسەی مەرگ لە چاوە کزەکانی شانزەی سێدا
دەنووسمەوە
بەسەر پەیژەی شێعری مندا
ژانی گەرمی ئەو باخچە سوتاوە
دەدوێ.
دڵم پرە لە بۆنی پێنج هەزار پەپوولە
لە شانەی جێماوی ژنان لە قژی وەریوی هەر هەموو بەسێکان.
لە دەمی پڕ لە گۆی مەمکی دایکان
لە پیاسەی وەستاو، لە ووشەی نەگوتراو،
لە چاوەروانی گەرانەوەی ماڵ
لە ئاوارە بوونی رۆژ!!!!
هەر وەک جاران.

١٥ای مارچی ٢٠١٥

## یەکی چوار!!!!!!

نیگام پڕە لە بێدەنگی
بایەکی توند!!!!
خستمیە سەر شانی ماندوی ئەو.
شەلاڵ بوم بە ڕێژ نەی ئەو ماچانەی،
بەسەر توێی پەنجەرەی دڵمەوە
چەندین ساڵە
ماونەتەوە.
شانەکام قورس و سارد
کراسەکەی بەرم
کون کون!!!!
ماڵەکەم پڕ بوە لە بۆ نی غەریبی
لە هەتاوی دڵگرانی ئەم شآرە.
ئومێد دەکەم بارانێت بێت
هەرچی گوناهی جەستەم
بیشواتەوە
(بایەکی غوباری تەمەنم هەڵوەرینی و)
ڕازە حەرام کراوەکانی دڵم
پاکاتەوە.
چاوەڕێم پڕ بە دڵ
دوای یەکی چوار،
هیچ تەزوی ئەوینێ دەر نەجێ لە گیانم.
من ئیتر لەمڕۆوە
لە هیچ هەتاوی خۆش نابم
بە بێ تین دەست بخاتە سەر شآنی باخچەکەم.

دلی خۆی پڕ بکا لە تریقەی پێکەنین
خەونەکانم لە بار بەری،
هەر چی هەمە بیخاتە دەفری چاوەروانی،
ڕێگە نادەم
لە وسێگەی رامانم هەڵ گرێ.

١ی مای ٢٠١٥

---

## چاوەڕوانی

لەکۆڵانەکانی دڵمدا
ئیتر چاوەڕێی هیچ ناکەم.
ڕازی هیچ سپێدەیەک ناشارمەوە،
تەنهاو تەنها چاوەکانم
بۆ ئامێزی گەرموو گوڕت
بۆ دەستە گەرمەکانی ئێوارەی باڵات
هەڵدەهێنم .
کەی بێیتەوە، منیش هەر وەک مناڵانی ئەو دیو کۆڵان
بە نازی بابە گەورە بم
بە سۆزی تۆ بەژن ببڕم
بەدەنگی تۆ سەمای بەخت بم لاوێنێ.
من دەزانم دڵت نایە
ڕوحی وردم بە جێ بێڵی
لە بێ تۆیدا بخنکێنم
هەر دێیتەوە دڵنیام من
بۆ ئامیزم!!!!!.

دڵت نایە چاوەکانم لە ژێن زیزکەی
پێکەنینم بتۆرێنی
وشەی بابە لە سەر زمانم هەڵوەرێنی
من دەزانم تۆ دێیتەوە
چاوەڕوانیم دەبەیتەوە

٢٧ی جوولای ٢٠١٥

---

## ئێوارە!!!!!

کەمی لە خەڵوەتیم پێ بدە،
تا هەرچی خەیاڵی ڕوحمە
بەسەر پەڕەی بیرەوەری فێنکی تۆدا
بە جێی بێڵم.
تۆزێک لە هەنگاوەکانی ڕووناکی
بخەرە سەر ئەژنۆکانم
تا تۆزێک پشوو بدەم.
دەستم بگرە،
ڕازی ئەم هەموو بێدەنگیەم فێرکە!!!
کە وا لە بەژنیت ئاڵاوە.
ئەم بێدەنگیە،
کە لە سەر تاڵە گەرمەکانی تۆوە
دێ و،
هەرچی ساماڵی ڕۆژە دەی چنێ
بەدوای خۆیدا.
بمەخەوە هەمان شوێن!!!!

هەمان سێبەر، هەمان کراس بکەرە بەرم

تا بە دڵێکی سەوزەوە

بەسەر گزینگی بەر لە ئاوابوونی تۆدا

بچمە باوەشی شەو،

تۆ و خۆم و هەرچی لە هەگبەی شانمایە

هەڵی گرم و بڕۆم،،،

بڕۆم

لە ئێوارووە بۆ ناو تاڵ تاڵ لە ڕوناکی شەو

تا بەرلە دەرکەوتنی مانگ

ئێمەش بگەینە ئەوێ

ژوانێکی گەرم بمان با،

هەرچی پەرەی زەرد هەڵ گەراوی گیانمانە

لە بیری کەین

لە توانەوەی خەمەوە تا فڕینی گریان،

بەسەر باڵە سڕبوەکانی شەودا

لە بیر کەین.

دەرۆین من و ئێوارە و وڕوناکی

تا نهێنی دڵی ئێوە ئەو پیاوانە بدۆزینەوە

کە ڕقیان لە فەقیانەی نەنکم و بسکی دایکم و،

بەژنی سنەوبەرو

کەزیە سپیەکانی بەفرە،

تا پێیان بڵێن

ئێوە بەو هەموو ڕقە

ڕەنگی گەرمی پێکەنینتان

لەبیر چووە.

فریای ئاوردانەوەی ژیان ناکەون

بەسە ئەم ئێوارەیە دەست هەڵگرن.

١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## دەست پێک!!!!

لێم گەڕێ با ببمە سێبەر ئەم پەڵە هەورانەی
بەسەر بەژنی پایزەوە دووگیان دەبن!!!
پڕ دەبن لە ڕەنگی سوور.
لە نیگای نەرم نەرم.
لە بۆنی سێویی وەریوو
من و تۆ دەمێکە بە یەکەوە
جامی بادەی هیچ شەڕابێ نۆشی نەکردوین،
پێکی هیچ ساقیەک نامان دۆزێتەوە.
نەتۆ لە خەیاڵی پە پولە هیچ دەزانی و
نە منیش لەبێدەنەگی تۆ
ملوانکەیە دەهۆنمەوە
من و تۆ هیچ کاممان
توانای گوێ گرتنی دڵۆپە شەونمەکانی بارانمان نیە
ترپە ترپی هیچ کامیان نا دۆزینەوە
لە کۆلانە چۆڵەکانی ژیاندا من و تۆ
غەریب ماوینەوە!!!!
تۆ خۆت و هەناسەت لە بیر کردن
منیش مشتم پڕ کرد لە خەونی ئەرخەوانی
و بە پێی پەتی دەر چووم.
چاوەڕێم بارانێکی شیرین بباریّ
بەسەر گیانی وشکەلاتوی من و ئەودا
تا لەم تەمە چڕە ئاوا بین
تالە دەسپێکدا بە کراسێکی هەناری سەوزەوە
بکەوینە ڕێ!

هەر جی بە سەر ساباتی دڵماندایە،،،
لە ئەویندا شەلاڵی کەین
لە ماچدا بیخنکێنیین
دڵمان پڕ کەین لە یەکتر.

٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

---

## ئێرە کوێیە!

ڕوحم بەناو ڕوخساری ئەو ئێوارە بێدەنگەدا،
دەچۆڕێتەوە.
گیانی بارانێکی شێدار!!!!
بەخۆیی و مشتێ هەوەسی سەر شێتەوە
بەسەر پەڵە هەورەکانی ئاسمانی چاوەکانی ئەودا!
گوزەردەکا،
هەناسەی ئەوین لە ڕوح دا کاڵ دەکاتەوە
من لە بیر یار دەباتەوە.
--------
ئێرە کوێیە
من نازانم لانەی دڵی تەنهای منە
یان هەرێمێکە بۆ هەڵاتینی خۆر.
ئێرە کوێیە !!
پڕیە لە گیانی وشکەڵات و مرواری پساوو.
ئێرە هەمان ڕێگەیە
کەخەونی پشکوتنی ئەوینی لێ کەو تە خوار،
کە من بوم بە ژنێکی بەژن درێژ پڕ لە ژان

لێرە بەسەر جەستەی هیلاکی مندا

تنۆک تنۆک دەچۆڕێتەوە

باران.

بەسەر شانە ماندوەکانی تەمەندا،

پڕ بوم لە تریفەی مانگ سێبەری سەوزی.

---------

ئێرە کوێیە

هەرێمێکە هەموو سپێدەیەک لە ژانی ژنانی روباردا

پێدەکەنێ!!!!

بە بۆنی خوێنی ئەوان

بی زوو دەکا

بە جەستەی ئاڵۆزاوی کچانەوە

باڵای دەگرێ،

سەما بەسەر روحی کوژراو ئەوانەوە

شێت شێت دەبێ.

لێرە لە ماڵە چکۆڵەکەی مندا بە دزیەوە

چاو شارکێن لەگەڵ ماچ و ئامێزی گەرمی یار تێکەڵ دەبن.

--------

لێرە

لە پشتی دەرگاکەوە

لە کۆڵانەکانی شاردا

هەرچی تەمی ژەنگ گرتویی ژانە، دەکەوێتە سەر

هەنگاوە ماندوەکانی ئێمە.

هەناسەمان نامۆدەبێ

بۆنمان رەنگی مردنێکی ئاڵ دەگرێ،

چاوەکانمان کز کز دادەگیرسێن

ترس بەسەر دوگمەی کراسی بەرمانەوە

ڕەنگ دەگرێ،

بێ مرووەتی لێمان نابێتەوە
ئێمە لە ترسدا پیر دەبین و
جانتای مردند دەکیەن شان.
ئێرە کوییە
هەرێمێکە بۆ ڕەهابوون.

۲۰ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۵

---

## بۆ باوکم

لە بری بۆنی ئەو
خەیاڵ بە سەر باوە دەم با
فێنک فێنک دەبێتەوە
تەزووی گیانم.
بەڕەنگی چاوەکانی با!!!
لە بری تۆ!!!
جەستەم بۆنی هەوری گرتوە،
ڕێژنەی باران هەموو گیانمی
داگرتوە،،،،.
من بیر لە هاتنی کەسێک دەکەمەوە
کەلەسەر ئاوێنەی دڵم،
بۆ هەمیشە بەدی دەکەم
بیر لە ئەو کات کە من و ئەو
لە سەوزاییدا ڕوحمان خنکابوو
لە گەرماییدا پڕ ببوین لە تریفەی مانگ
لە تۆ بابە،

تۆ دەزانی!

لە چاوەکانتەوە فێری فڕین بووم.

دوای وەرینی گزینگی چاوەکانت

باڵەکانم لە فڕین کەوتن!!!!

گیانم لە ژاوەژاوی ئەو ئێوارە خۆڵەمێشیەدا

ووشک بوە

بی تۆ چەند ماندون چاوەکانم

چ بێ بەژنە پێکەنین،

لە ماڵە چکۆڵەکەی دڵی مندا

ئای کە تاسەی گەڕانەوەت دەکەم

بابە.

دەوەرەوە

با ئاوەدان بێتەوە دڵم،

با بۆنی شیلەی هەنگ بگرمەوە

بگەرێەوە

با چیتر کەزیەکان لە چاوەڕوانیدا

نەهۆنمەوە

با چیتر بەدیار تەمەنی پڕ لە حەسرەتەوە

هەڵنەوەرم.

تۆ دەزانی ژیانی هێشتا بۆنی تۆی لێدێ

منیش بۆنی لەدەست دانی تۆ

بەسەر کراسەکەمەوە هەر ماوە.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٥

## دڵی من

ماڵێکی بێ پەنجەرە!!!!!
باخچەیەکی بێ سێبەر،
گیانێکی زەردهەڵگەڕاوەدڵی من.
ئەم هەرێمە کزکز
نیگای منیش لە بێمرادی باراندا دەتلێتەوە.
لەنجەی با!!!!
لە ئاوابووی ئێوارەی عومرتدا،
سوێی بۆتەوە.
لە بێ تۆییدا تەمەن سپی بوو
خەونەکانم فێری گەڕیدەیی بوون.
گیانم پشکۆی بێدەنگی دەرکرد،
تۆ ناگەڕێیتەوە
من لە هەڵوەریندا،،،
هەنگاوەکانم بەدوامادێن
لە بی تۆیدا فێری گریان بوم،
لەگەرانی ئاودا ڕێگەی کانیم ونکرد
لە سێبەری شێعرا هەتاوی چاوەکانتم هەڵخست
کەچی هەر بی تۆ ماوە دڵی من، لە بێ تۆیدا.
بەژنێکی شکاو بەسەر مندا سەما دەکا،
ترسێکی گەورە بەسەر چەتری سەرمەوە ماوەتوە
ترسی ونکردنی تاسەم
ترسی شکانی ئاوێنەی نیگام
بەسەر دەریای خەیاڵتا،
ترسی من لە نەمانی،

پەلکەزێڕینە و نەمانی بۆنی، تۆیە.

۱٦ای جوونی ۲۰۱٦

---

## نا کەومە سەر تەمی پەنجەی ئەو!!!!!

چەند غەمگینە ئەم شێعرەی من
پڕە لە بەژنی هەڵوەریوی ئێوارەو،
خەیاڵی بەر تریفەی مانگ
و!!!!
تەرمی مەرگ.
ئەم شێعرەم پڕە لە هەنیسک و گریانی باران،
و!!!!
سێبەری هەڵوەریوی خۆر.
من و ئەو پڕ بوین لە ئەو،،
من و شیعر لە وردە چرپەی دەمی ئەو.
ئەو
وەک خۆر دەربەدەر وەک سپێدەیەکی بی سۆز،
وشکەڵاتوو لاسار
وەک گیلاسێکی ڕوح کڕ!!!!
وەختە لە حەسرەتا
بکەوێتە بەردەم با.
من لە هەر هەووو خیاڵێکدا دەکەومە شوێن پێکانی!!!!
وەلێ حەیف
من خۆم هەڵدەخەم لەبەر تریفەی نیگایی
حەیف پڕ نابم لە ڕەنگی ئەو

کاڵ بونەوە نا تەکێ لێم.

من

لە بی میهرەبانی ئەو دا

گیانم تەزوی بی مروەتی دەگرێ.

ئەو هیچ بەڵەد نیە

لە حومری مانگ و، لە گریانی خۆرو، لە گەرمایی دڵی من،

هیچ نازانێ

ئەو سێبەری هەتاوی خۆش ناوێ،

کەچی من و شێعر

توێژاڵ توێژاڵ بۆنی ئەو هەڵدەدەین

کەچی ئەو!!!

ئەو خۆی بەسەر مشتێ تریفەی لەرزۆکدا

خاڵی دەکاتەوە

تەمەن بەرەوە ئەبەدیەت گوزەردەکا.

ئەو!!!

نە لە چراخانی شێعر دەگا،

نە لە تەمی سەر پەنجەرەی هیچ نیگایە

چاو پڕ دەکا،

من نا کەومە سەر تەمی پەنجەی ئەو...

ئەو لە مانادا ڕەنگ ناگرێ.

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## لە بیرت چۆتەوە

تۆ لە بیرت چۆتەوە
لە بیر!!!
کە لە تەنهاییدا منت دەنووسیەوە
لەو شوێنەی جانتاکەت پڕکرد لە رەنگی
چاوەکانی من،
تویێ دڵ و پێکەنینی سەوزت بەسەر پەنجەرەی روحما هەڵوەراند.
لە بیرت چۆتەوە
ئەوکاتەی
دەتگوت بێ تۆ شار چەندە تاریکە،
رۆژ چەندە ئاڵۆزە
خەیاڵ بۆ هێندە شپرزەیە لە ونبونتا.
بێ تۆ
دڵم بەدیار غەریبییەوە هەڵدەوەرێ و
بارانێکی غەمگین تەڕم دەکا لە بۆنی تۆ.
لە بیرتە کە دەتگوت
هێندە لە هەتاو دەچی تۆ
من خەریکە
خۆم بەسەر سێبەری هەتاودا لە بیر دەچێ!!!
بۆ حەسرەتی نیگات خۆم بەسەر بەژنی ئێوارەیەکی خۆلەمێشیدا
هەڵدەخەم،
لەوێوە دەست بە دۆزینەوەت دەکەم.
لە یادتە!!!
تریفەکانی مانگی نیگات بەسەر تەنهاییمدا
دەهۆنەوە

دەتگوت
من لە تۆدا هەمیشە بەختم لێدالێ
گیانم پشکۆی سۆز دەگرێ و
روحم هەنجن هەنجن دەبی لە ئەویندا.
لە بیرت چۆتەوە!!!
لە هەڵاتنی مانگا قژی منت شانە دەکرد
تریفەکانی خۆت دەخستە سەر تۆڕی کراسەکەم
دەتگوت من و تۆ روناکی خۆرین،
دەستی گەرمی باخچەیەکین من و تۆ،
تۆ شەوانە دێی و بە دیار چرا کزکراوەکەی روحتەوە،
تەمەنی من دەنووسیەوە
پڕم دەکەی لە هەگبەی پێکەنین
لەرەی دڵی تۆ بەسەر پەنجەرەی ئومێدما
هەنیسکی تەم دەسڕێتەوە
لە بیرت چۆتەوە تۆ لە بیر.
کە من بەشێک بووم لە تۆ و تۆش لە من.

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## لێرە ماڵیک هەیە!!!!

نە چاوەکانی ڕوناکی نە تاڵە نەرمەکانی،
خۆر
نەسەفەری هیچ بایێ دەی گرێتەوە.
هیچ فرینێ باڵەکانمان نادوینێ،
بەهار نایە نێرگزێک بکاتە ملوانکەی گەردنمان

چرۆکانی تەمەنمان هەمیشە زەرد هەڵگەراو.

پێکەنینمان تۆراو

هەناسەمان بی مروەتی دەردەکا لە گیان.

ئیمە سێبەری خوێناویترین جەستەین

بۆنی پیرترین خەممان لێدێ.

دڵۆپێ خۆشەویستی مان ناگاتێ.

مشتی بون ناکەوێتە سەر پەنجەرەی ژورەکەمان

ئێمە هەر هەموومان لە بی هودەییدا پیر دەبین

دەبینە جنسی با لێرە!!!!!

لێرە ماڵێک هەیە

پرە لە هەنسکی ماندو، لە بۆنی غەریب، لە جانتای سەفەری دوور

لە شووشە حەتری کچان لە گزنگی ڕوناکی،

ئێرە هەر درەختی نێر و هەتاوی نێر دەی گرێتەوە

لە هەموو ئێوارەکانی مانگی سێدا

ئێمە پڕ دەبین،،

لە کەرەسەی شێعری گەرم و، ڕستەی سەوز و

هەر دەڕۆین و خەم درێژ تر و درێژ تر دەبیتەوە

تەنها لە مانگی سێ دا سێ!!!!

تارمای خەمی ئیمە لەسەر شوشەی دڵمان لادەدەن

ژانی ئیمە دەهۆنەوە،

تەنها ئەو کات رەنگی ئیمە دەنگی ئێمە دەدۆزنەوە

شەونمی گۆنامان دەبینین تەنها ئەوکات

ماڵی ئیمە دەبینەوە

لێرە ماڵیک هەیە

ای مارچی ٢٠١٧

## هەڵەبجە!!!!

ئەمڕۆ لێرە ژنێک لە دایک بوو،

تەڕتەر لەباران.

فێنکتر لە بای دار ئاوس.

باخەڵی پڕپڕ لە بۆنی سێو،

ڕووحی لەنێو بسکە ئاڵۆزەکانی ڕۆژدا،

سەمای دەکرد.

ئەو نیگای،

لە چاوە تەم گرتوەکانی هەڵەبجە دەچوو.

پێکانی خاو، هەناسەی توند،

تەزوی مەرگ دای گرتبوو.

من!!

چلۆن بتوانم پەنجەکانم،

لەنێوە بسکی ئاڵۆزاوی خۆرەتاوی هەڵبجەدا،

بدۆزمەوە، تۆ پێم نالێی

کە ئەو ژنە دەبینم من،

دەنگی خنکاوە، ئامێزی پساوە لە

گەرەکە خنکاوەکانی ئەوێدا،

چلۆن دەنگی ئەم گریانە هەڵوەرێنم،

مەمکی دەم بالا لەبیرکەم،

کە لە باوەشدا سارد بۆتەوە،

ئەمە مەرگی پڕ ژاکاوی ئەو

ژنەیە،

کە لە سپێدەی خەواڵوی هە ڵەبجەدا لەدایک بوو.

ئەمە دەنگی ئەو گۆرانیەیە کە

لە دوای هەنیسکی شاردا پێی گرت

ئەمە ئەو ژنەیە کە پێکانی وون

ڕەنگی کراسەکەی بەر ئاڵ،

ئەو!

هەڵەبجەیە.

١٦ای مارچی ٢٠١٧

---

## ئەنفال

لەم ئێوارە هەناریەدا

هاتوم.

پڕ بەگەروی وڵاتێکی

دڵ بریندار هاوار بکەم و

پێو بڵێم.

چەپکێ تریفەم لەگەڵ کازیوەی

خەونێکدا بۆ بنێرن

بۆ من و ژنە ئەنفالەکانی،

ئەم دەشتی کاکی بە کاکیە

تا چاوەڕوانیمان هەڵوەری،

چیتر دڵمان کون کون نەبێ.

با چیتر چاووی پەنجەرەی خەیاڵمان

بەرەو گەرمیان تار نەبێ.

ئێـــمە بیستو چەند ساڵە،

هەر هەموو کۆترە بێ وەژنەکان،

شەودەخەینە جامی مەستی سپێدەو،

لەبەردەم پەنجەوەی ڕوانیندا

قژی تەمەن شانە دەکەین.
لایە لایەو نمەی بارانی گەڕانەوەی
هەرهەموو هەناسەکان،
دەوەرینین.
ئێمە ژنە بی وەرزەکانی ولات
مارە بڕاو بە،
پەچەی ڕەش و عەبای ڕەش و
وەرزی ڕەشەوە،
بەدوو ئەژنۆی ئاسنین
بەدوو چاوی پڕ لە حەسرەت،
چاوەروانین،
دوبارە
هەتاو بمان دۆزێتەوە
بەهار ئاشت بێتەوە لەگەڵمان.
چاوەروانی
گەرانەوەی
جەستەی خەزانە وەرزێکی
ئێوەین،
تا گەڵاکانی تەمەنتان
دوای وەرینیش
کۆکەینەوە.
دەوەرنەوە
بادەنگی گریان چی تر
ڕوحمان لە ژێر سێبەر ئیوارەدا،
نەباتەوە.
دەوەرنەوە
با چیتر
تەزوی ئەنفال،

دڵمان شەقار شەقار نەکا

با باهۆزەی ئەنفال

لەبیر کەین،

بێ مروەتی بەسەر پشتی

ڕوباردا شۆڕکەینەوە.

دەوورنەروە

با بانگی سەڵاتی ئەنفالم ڕۆ،

لەفەرهەنگی ئەم ولاتە

بێ خۆرەدا بسڕینەوە.

١٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

---

## لە هەیوانی دڵی مندا

هەمیشە ژنێکی غەریب، پێکەنینێکی نامۆ،

سێبەرێکی شەرمن!!!!!

مشتی هەناسەی سواو، سواو لە ئۆغرکردندا

پرچی ئاڵۆزاوی بایەکی هیلاک هیلاک

چاوشارکێ لەگەڵ ڕووناکی هەتاودا دەکەن،

ماچ دەخەنە ئاوێنەی نیگای خۆر

دڵ پڕ دەبی لە خاڵی بوونەوە، گیان ون دەبێ...

دەم هەوێ لەبیر خۆم بچمەوە من

لەدڵی ئەویشدا بڕزم!!!!!!!!!!

ژنبوون لە تەزووی ڕوحێکی گەرمدا بهۆنمەوە.

تاسەی خەیاڵی ژنانەم

لەفەقێیانەی کراسەکەمدا کۆکەمەوە
لە هەیوانی دڵمدا من، چەندە حەزدەکەم
ئاو ڕەنگ بگرێ، گریان بزە ڕاموسێ...
کەچی
تاریکی دێ، دەستەکانی دەخاتە سەر شانم،
من ڕەنگی بارانێکی پەشۆکاو ، گەڵایکی زەردهەڵگەڕاو
نیشتووە لێم،،،،،
بۆنی وەرزێکی غەمگین دەگرم من.
لەگەڵما دێ تا ئەوپەڕی ئاوابون،
خەم!!!
لەگەڵیا دەبم تا کەناری دۆزینەوە،
نیگای گەرمی چاوە ماندوەکانی
هەتاو!!!!
لەگەڵما دەبێ ژن بوون تا لێواری گوڵ کردن،،
تا گەیشتن بە ئەبەدیەت
لە هەیوانی دڵی مندا
جریوەی دێ بەهار لەگەڵ ئەودا
عەتری مانەوە دەردەکا ژیان
بەدیار ڕووناکیی چرایەکەوە
بە خۆم و کراسێکی ڕەنگ ژنانەوە
دەڕۆم تا نیگای پڕ لە ئەوینمان
بدۆزمەوە،
تا هەیوانی دڵم ئاوڕشین کەم

١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## زامی قەڵا

لە برینی کام لا بدوێم،
ژانی کام پەنجەم سارێژ کەم.
هەستم، دەستم بیر و هۆشم هەر لای پیرە قەڵای دێموکراتە
چاک بزانین!
گەرگیانیشمان هەڵوەرێنین،
بەژنی قەڵاش بڕوخێنین،
قەت ناتوانین
ورەی بەرزو هەستی پاکی نیشتیمانمان
لێبستێنین.

***

ئەمن قەڵای دێموکراتی کۆچی سوری پاییزانم
لە ساباتی پڕلە برینی ئەم جارەمدا،
بەسەر خاڵ و خۆڵی هەڵتەکاودا
جارێکی تر چرۆدەکەم دەژێمەوە
وەک گوڵاڵە سورەی هەمیشە
لەبن بەژنی تەوارەکانی ئازادی دەمێنمەوە.
من ئیرادەی شۆرشێکم
سەدان هەزار جۆگەلەی خوێنی داوە
من خەیاڵی قەد بڵیندی ڕێبازێکم،
لەناو قورگی هەژاراندا
ڕەگ و ڕیشەی لە خاک ناوە.

***

من لاوێکی ڕێی خەباتی دێموکراتم

من سێبەری بەژنی قەڵای سورخەڵاتم،
نە تانک نە تۆپ نە سێدارە
ئەژنۆی باوەڕم لەرزناکا
لە خەباتدا کزم ناکا

***

من لاوی سەربڵیندی دێموکراتم
من قەلای قەد بڵیند و پڕ لە هیوای
ڕۆژهەلاتم،
من برینی درەوشاوەیی ئەم پاییزەم
گەرچی زامم گەلێ قووڵە
بەلام خاکم وڵاتم ورەی بەرزە و بە سەبورە.

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## زامێکی هەمیشە سەوز!

کات چ زوو پیر دەبێ و ساڵ چەندە بە پێی پەتی بە دەورماندا دەسورێتەوە، ڕەنگ و سێبەری تەمەن هەڵدەکشێ، بەلام زۆر برین و زامی دڵ تا هەڵوەرینی ڕووحی مرۆڤ لەگەڵمان دەمێنەوەو چرۆیان هەمیشە سەوز و تەڕ دەبێت.

لەبیرمە وەک یەکێ لە زامدارترین بیرەوەریەکانی ژیانم، بۆیەکەم جار تام و بۆنی مردنم چێشت، ڕەنگی مردنم لەسەر چاوە پڕ هیواکانی تۆ دیت، بۆنی مردنم لەناو دەستە ئاڵتونیەکانی تۆدا هەست پێدەکرد. قەدەرێکی سەیر بوو سەیر. هەر ئەوکات باوەڕم کرد کە مردن هەیەو مرۆڤ دەتوانی ئازیزترین کەسی ژیانی بسپێریت پێی، بەلام ئەوەندە دەزانم هیچ بۆن و بەرامێ بەقەدەر بۆن و بەرامێ مردن وێران ناکا، ژیان و خەیاڵ و تەمەنی ئینسان هەڵ نا پڕوکێنێت، لەگەڵی ڕادێین بەلام چ راهاتینی قەت پیر نابێ ئەم وەرزی مەرگە، هەمیشە بە سەوزی دەمێنێتەوە، ئەم زامە ١٠ ساڵ لەمەوبەر چاوەڕێ نیگای کزو پڕ هیوات بووم، لەو دیو پەنجەرەکەوە لەپشت پەردەکەوە بەدزیەوە سەیرم دەکردی کە ئاخۆ تۆ کە دەزانی ئیتر

دەچیتە خەوێکی قوڵەوە چۆن دەروانیە ئاسمان و ژیان، ئەوکات نیگا ت لەهەموو کات و سات هیوای بڵیند تر بوو، چەندە قوڵ بوو ئەم زامە هەمیشە سەوزە و هەمیشە پڕ ئێشە.

کاتی پێڵاوەکانتیم گرتنە دەست، لەبیر مە وتت نامهەوێن نا ، منی خانە وێران لەم وشەی تۆ خۆم دەدزیەوە نەم دەویست کە تۆ باوەر بە من بێنی ئیتر تۆ جارێکی تر پێیەکانت ناخەیتەوە سەرزەوی کەسی من.

دوا فرمێسک لەبیر مە، لە چاوی چەپیت قەتیس مابوو، دوا جار وتیت قومێ ئاوی ساردم دەیە، لەگەڵم پێکەنی وتوند تود دەستیت گوشیم، دەزانی وتیت چی، نەچی بگری ئەمە قەدەرە، ئای لەو قەدەرە جەرگ برە.

تۆ لە ئێوارەیەکی وەک ئەم ئێوارەیە، لەسەر تەختی نەخۆشخانە ورد ورد سارد بویەوە، دوا باوەشیت دەت کوت کلوو بەفری زستانی قەندیل سرو خۆراگرە، هیوا بە ژیان و ڕزگاری زێدەکەت هەر لە سیلە ی چاوەکانتا هەڵنەوەریبوون، لە دوا ساتی ژیان تێرادەمای بە مشتی بزەو کۆلی هیواوە یەک یەکەمانت دەدواند.

بابەگیان ئەمرۆ یادی مالاوایی تۆیە لەدوای خۆت گەورەترین سەرمایەیی ژیانت، واتا خەباتی پڕ لە ئیرادە، شۆڕشگێر و ئیمانت بۆ ئێمەو هەزارانی وەک ئێمە جێ هێشت. بیرەوەریەکانی تۆ شایەدیی ئەو ڕاستیەن کە ئێمە پێیان سەر بڵیندین، چەندە هەست بە شانازی دەکەم کەتۆ باوکی من بووی ،تا بڵێی کوردو نیشتیمان پەروەر بوویت، پڕ لە بیر کردنەوەو خەیاڵی جوان، مرۆڤێ بە مانای وشە ئازادی خواز، یەکسانی خواز و دێموکرات.

ڕوحت شاد پیاوە هەمیشە سەوزەکەی ژیانم، ئارامگەت ئارام باوکە جوان و میهرەبانەکەم، گۆڕت پڕ لە نور مامۆستا خوێن شیرین و قسەخۆشەکەم.

تێبینی.

کتێبی بیرەوەریەکانی باوکم کە بە هاوکاری هەموو لایەک، بەتایبەتی ئالانی براو خۆشەویستی باوکم چاپ بوو، سپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە بیرەوەیەکانی باوکماندا هاوکارمان بوون تاکو کۆیان کەینەوە و دوای خۆی تەمنی زێرینی ئەو و بەشێک لە بیرەوەریەکانی بخەینە سەر خامە.

مالاوا شاپەری باڵی خەیاڵم،

مالاوا بالندە کۆچەریەکەی من،

مالاوە ئەی دۆستی هەمیشە میهرەبانم بابە گیان.

٧ی جوونی ٢٠١٨

---

## گیرانی مانگ

خەرمانێک خەم کەوتە سەر توێی ئەم ئێوارە و نەرم نەرم بەسەر شاردا چرۆی دەرکرد. چرۆی ژانێکی توند شاری تەنی. ئەم تەمە تەمی ئەم ژانە توندە بەژنی گرتوو تا کەشکەلان ڕانەوەستا کەوتە سەر بەژنی مانگ.

کە مانگ گیرا هەرچی ئەستێرە و گزنگ بوو ڕەش داگەران، بزە و تریفە و خەیال هەلوەرین، کۆلان و شار چرای نیگایان کزکرا، چاوەڕێ بوون ئەم ئێوارە بەسەر بچێ و چرۆی ڕۆژێکی نوێ بەسەر شووشە دلیانەوە دابگیرسێ، شەو تا بەیان مۆتەکەی ژان لە ئاسمانی چوارچرادا سەمای دەکرد. هێشتا مابوو گزنگی بەربەیان چاوەکانی بتروکێنێ. هێندەی نەبرد لە چوارچرا هەر لەو شوێنەی ڕەنگ و بۆنی ئالای کوردانی لێ هەلدرا، پەتی سێدارە هەلواسرا. مۆتەکەی ژان بەردەوامە، لە سوێبان و کوچە و کۆلانی چوارچرا ماتەمین و خۆل پێوانە، شار شلەژا. گەنج و لاوی شاری قازی خەو لە چاویان زرا. مانگی گیراو بە مشتێ ئەستێرەی سەوزەوە ڕووەوە مەیدانی شار ئاپۆرای مەرگی بۆ کرا دەگێڕنەوە ئەوانەی وێ بە زمانێکی پڕ پڕ لە سوێ!

بەیانی بوو. بەرلەوەی خۆر پرچی ڕەشی بژاکێنێ، بەر لەوەی خالەسێوە دەنگی نەرمی بلاوێنێ و بلێ ئەوە سەحەرە گەلی برادەرینە سەحەر سەدایە منی غەریب؛ شار مات، کۆلانەکان کزکز بێدەنگییان گرت و مانگی گیراوی دوێنێ شەو بە ئاسمانی خەیالی ئەم شارەوە دەدرەوشایەوە بە بێ ڕووناکی. مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەلوەدا بوو. مەکۆ مەکۆی خەلکی شار لێرە و لەوێ مال بە مالی ئەم شارەی داگرتبوو. یەکێ لێرە و یەکێ لەوی ئەویان بۆ ئەویان دەدوێ. یەک دەلێ چ ڕووی داوە؟

ئەوی تریان چ قەوماوە؟ بۆ نازانین لە چوارچرا پیشەوامان لە دار دراوە؟ مانگی گیراوی دوێنی شەو لەم مەیدانە هەلواسراوە؟ یەک دەلێ سپێدەی زوو هەر لەو شوێنەی چرۆی کۆمار تیا پشکووت، لەهەمان شوێن جەستەی مانگیان لە

ئاسمان جیا کردەوە.

بەیانی بوو هێشتا ئێوارە و ڕۆژ لە خەوندا بوو. ژاوەژاو قوڵپەی گریان و ترس و خۆف لە کۆڵان کۆڵانی شاردا دەگەڕا. لە دوورەوە جەستەی مانگ و چەندە ئەستێرە بەدەوریە لە لانکەی مەرگا دەلاوان. بەژنی ئەم مانگە پێشەوا بوو بە پەتی سێدارەوە هەڵواسرابوو. پێیەکانی ئەو لە تەپڵی سەری دوژمنم بەرزتر و هیوا و بڕوای پیرۆزتر بوو...

بەرێکەوتن پۆلێ لە خەڵکی شار بۆ ژێر نیسێی مانگی کوردان. مانگ لە جەستەی گەرموگوڕدا دابڕابوو، هەڵیان گرتن بەرەوە قەبران بە کۆڵێ خەم و تاسە و ژان. یەکیان دەڵێ بە پیشەوا، پێشوازیی تۆ لەم مردنە، لەم پەت و سێدارەی دوژمنە بۆتە مایەی سەر بڵیندیی نیشتیمانم. بەڵین دەدەم هەتاکوو هەم نە پەتی سێداری دوژمنم، نە هیوا و هێز و بڕوای تۆ لە بیر نەکەم؛ بیکەم بە سەر مەشقی گەلم، بەڵێن دەدەم لەبیر ناکەم سێبەری پەتی سێدارە، هەموو وەرزێک دەستەکانم پڕ دەکەم لە نمەی باران و ئاوڕشێنی ڕوحت دەکەم. گەر بێمەوە بۆ نیشتیمان، ئەم جارە لە پشت زەریاکانەوە بە جانتای ئۆمێدەوە ڕووەو کۆشکی قە بڵیندی لانکەکەی تۆ گوڵی سووری لێ دەچێنم تا دەروازەی شاری بۆ سەرکردەی ئەم نیشتیمانە بێ لانە.

منیش دەڵێم کزکز دەمرم بەیادی پەتی سێدارە، ئەوسێدارەی بوو بە سیمبولی مانەوەت، ئەو مردنە بە سەربەرزی بە بێ ترس، بە دوو پێی ئاسنینی و توند بەرەوە پیری بەرێکەوتی و نیشتیمانت سەربڵند کرد. تۆ نامری، ڕەمزی هەردەم سەرکەوتنی.

تۆ نامری چاوەکانت، هێز و بڕوات بوونە پۆلێ پەپووڵەی سپی و بە ئاسمانی نیشتیمان سەما دەکەن. بەڵین دەدەم کە یادی تۆ خەیاڵی تۆ و ڕێبازی تۆ دەکەمە خەونی سپێدەم، دەیدەم لە گەردنی شێعرم، گیرانی مانگی دوینی شەو لەبیرمە هەتا دەمرم.

لە ژمارەی ٧٢٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

## لە هیچیان ناچێت...

ئەو لە هیچیان نەدەچوو!
بەژنی پڕ بو لە یاقوتی ژیان، چاوەکانی لە خەیاڵی ئەرخەوانی،
وشەکانی لە نەبات،
هەنگاوەکانی لە بەفرێکی گەرم گەرم!
سپێدەی لە مەستی خۆرەتاو
ئێوارەی لە یاسەمین
ئەو لە هیچیان نەدەچوو، نا...
هات سێبەری هەر هەموو سەوزاییەکانی ڕاو کرد
بۆنی عەتری باخەڵی هەر هەموو ئێوارەکانی ئەم شارەی
خستە فەقیانەکەی
چرپە چرپی باخچەی کۆکردەوە ژێر چەترەکەی
بێزاری بەسەر شانی مردندا
لار کردەوە
لە هیچیان نەدەچوو ئەو!
هێندە جوان و گەرم بوو
دەتگوت تەوارە خەم لێنیشتوەکەی نیشتیمانی منە
لە باوەشی خەیاڵدا ون دەبوو...
ئەو چەندە جیاواز بوو
جیاواز!
لە فڕیندا ڕەنگی لە هیچ پاسارییەک نەدەچوو
شەقەی باڵی دڵی دەلەراندەوە
گیانی دەخستە سەما
ئەو لە هیچیان نەدەچوو
لە تارمایەکی سپی دەچوو ئەو

بەسەر هێشووەکانی ئەویندا

چاوی دەتروکاند

وەک شەوێکی تەنها و درێژ!

لە سێبەری بایەکی پڕ نمە باران دەچوو

لە فرمێسکی ڕوانینێکی نەرم

ئەو بۆنی مەراقی من و تۆ و دایکم

دەخاتە جانتاکەی

پڕدەبێ لە شەکری پیکەنین

ئەو!

شەو تا سپێدە هێشووی نوور دەهۆنێتەوە

بەناو بەلەمە شکاوەکاندا

خەیاڵی دۆزینەوە ژیان دەبینێ

ئەو لە هیچمان ناچێ و لە هەر هەمووومان نزیک!

لەگەڵ هەر هەموو بێدەنگیەکاندا

لە هیچیان ناچی لە نۆژن بونەوەدا

لەماڵی هەتاودا هەمیشە خەم دەتوێنێتەوە

نائومێدی بە ڕێژنەی باو

غەریبی بە سەراب دەسپێرێ

لە هیچیان ناچێت...

لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

## وەرە با بەیەکەوە بمرین

وەرە با بەیەکەوە بمرین
بەر لە مردن گیانمان بسپێرین بە یەک!!!
لەنێو ئێوارەیەکی ئەرخەوانیدا
دەست بکەینە گەردنی یەک!!!!
چی دەبێ با ببێت
بە قەولی نەنکم دەیگوت
لەدوای خۆت هەرچی دی
هەر تۆزێ دەم بایە و نا نیشێ
وەرە با بەیەکەوە بفڕین،
بچینە هەرێمی گوڵچنین
لەوێ ماڵێک بۆ دڵی لاساری ئەوینمان
هەڵچنین
بەرلەوە بگەینە وێسگەی مەرگ
با ڕوحمان لەنێو هەناوی یەکتردا،
هەڵواسین!!!!
ئەوساکە کە هەردوو نیگامان
بەسەر نیسێی یەکتردا لەبیر کەین
چ باکمان مردن و وەرینە،
کە بێت و مەچەکی هەردوکمان،
ڕاکێشێ

خەمی چیتە خەمی چیم
کە تۆ وا لە هەمان تابوت و

لە هەمان ئاپۆرا و شیوەندا
لە لامی و لە لاتم شێتە گیان
چ باکمان کەوتنی بارانە کە هەر دوو بۆ یەکتر
چەتری سەر و تاجی خۆشبەختی هەڵ دەگرین
سەوزای لە بەژنی هەردووکمان گرمۆلە بۆتەوە
وەرە با بەیەکەوە بمرین
بۆنی عەتری باخەڵی یەکتر
بخەینە هەناسەوە
چ باکمان گیرانی مانگ و ئاوابوونی
خۆر نشینە
وەرە با بەیەکەوە بمرین!!!!!

٢٤ی جووڵای ٢٠١٩

---

## ژنان لە نێو نووسیندا چەندە ڕەهان

ئەگەر بە هەڵسەنگاندنێکی وردبینانەوە بچینە نێو ئەو باسەوە، بەبێ ئەوەی ترسمان لە دەربڕین و دەرەنجامی باسکردنی ڕاستییەکان بێ، ڕەنگە بە ئەنجامێکی باش بگەین کە ئاخۆ ئێمە وەکوو ژن کاتێک لە هەر کام لە ژانرە ئەدەبییەکاندا یا خود باسە سیاسییەکاندا دەنووسین، چەندە هەست بە ڕەهابوون یاخود خۆ دۆزینەوە یان خۆبوون لە نێو دەقەکاندا دەکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە نێو مێژوو چاوێک لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بکەین هەمان دیاردە بەدی دەکرێ بۆیە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتە سەرنج بدەینە شێوازی سەرکەوتنی ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەمەڕ خۆدەربڕین و خۆدامالینیان لە هەر چەشنە سنوور و ئاستەنگێک. سروشتییە مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بژی، زیاتر شارەزایی لەمەڕ کولتوور و دابونەریتییەوە هەیە، بۆیە ئێمەش بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوەکانمان زیاتر لەسەر کۆمەڵگەی خۆمان بووە. بە باوەڕی من ژنانی ئێمە کەم و زۆر هەمیشە کێشەیان بۆ دێتە پێش لە دەرەنجامی دەربڕین لە نووسینەکانیاندا، ژنان

نەیانتوانیوە بە هۆی ئەو دابونەریت و نۆڕمە کۆمەڵایەتییانەی هەن، خۆیان بن و لەنووسیندا خۆیان ڕەها کەن. بۆنموونە ئەگەر چاوێک بگێڕین بە مێژووی نووسینی ژنانی وڵاتی بریتانیا پێش سەدەی ١٩ ژنانێکی زۆر بوێر و باوەڕبەخۆ کە دەیاننووسی بەو پێیە کە نووسینی ژنان وەک پێویست لە لایەن کۆمەڵگەوە وەرنەدەگیرا، نە تەنیا لە میدیادا بەڵکوو لە گۆڤار و چاپەمەنییەکاندا بەشێکی زۆر لە ژنانی نووسەری ئەو کات بە ناوی پیاوانەوە بابەتەکانیان چاپ دەکرد و بڵاو دەکرایەوە، یاخود پێشەکیی کتێب و ناملیکەکانیان لە لایەن پیاوانەوە دەنووسران لەبەر ئەوەی وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، نووسین لە لایان ژنانەوە زۆر باو نەبوو و نووسین لەلایەن ژنانەوە بە کولتوور و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە زۆر نامۆ بوو. بۆیە ژنان ناچار بوون ئەو کات کە نووسراوەکانیان بە ناوی پیاوانەوە بڵاو بکەنەوە، تاکوو هەم لە کۆمەڵگەدا باش وەرگیرێن و هەم ڕێگە بدرێ بۆیان چاپ بکرێ. بەڵام دوای سەر هەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیستی و شەپۆلەکانی ئەم بزووتنەوەیە خوێندنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنان گۆڕدرا، نووسینی ژنان و ژنانی نووسەر ئەو کات چووە قۆناغێکی نوێوە. کەوابوو بە پێی سەردەم و ئەو گۆڕانکارییانە لە کۆمەڵگەدا درووست دەبێ، دەتوانێ تەئسیر و گۆڕانی لەسەر ژنانی نووسەر و ڕووناکبیر هەبێ.

ئەگەر باس لە نووسینی ژنان لە ئێستادا بکەین کە ئایا ژنان چەندە ڕەهان لەو پەیامەی کە دەیانهەوێ بیگەیەنن، ڕەنگە هەر یەکە و لە سووچێک و بە تێڕوانینی خۆی، لەسەر ئەم باسە بدوێ. بە باوەڕی من نووسینی ژنان ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەمیشە پڕ لە دیقەت و ترسێکی یەکجار زۆرە.

نووسین لەهەر لایەنێک بێ دەبێ ڕەها بێ جا چ سیاسی یاخود ئەدەبی، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم ئێمە وەکوو ژن تا ئێستاش بە گشتی نەمانتوانیوە خۆمان لەو چەقبەستووییە ڕزگار بکەین. لە وتارە سیاسییەکاندا کاتێ قەڵەمی ژنێک دەبینی وێنەیەک بەدی دەکەی کە بە دیقەتێکی پڕ لە ترسەوە دەدوێ واتا ترس لە چاوی ڕەخنە و ترس لە جێگە پێ لەنگبوونی ئەگەر لە حیزبێکی سیاسیدا بێ.

من پێم وایە نووسین کە ڕەها بوو کاڵ و کرچی و ناکاملی پێوە دیار نابێ و دەتوانێ تەعبیر لە ژانی تۆ بکا، ئەویش کاتێک دەبێ کە زەمینە بەرفراوان بێ کەرەستەت زۆر بێ لە نووسیندا و دیدگا و خوێندنەوە و تێڕوانینی دوور بیێکێ، کە لەو خاڵەدا بەداخەوە ئێمەی ژنان زۆر جار کەمی دێنین. ئەوەش نەک بەو مانایەی کە ناتوانین، بەڵکوو لە بەرامبەر ئەو کولتووری نووسینەی بەسەرماندا فەرز کراوە، هەرچەندە زۆر جار هەوڵ دەدەین کە تەسلیم نەبین. من پێم وایە نووسین بەو کەرەستە و خەیاڵ و بۆچوونانەوە قەد دەگرێ کە لای تۆیە وەکوو نووسەر ئەگەر تۆش ترست بوو لە بەکار هێنان و هۆنینەوەیان ترس و خۆفێکت لا درووست بوو نەتتوانی بۆچوونی خۆت لە دەقێکدا بە ڕەهایی دابڕێژی و بیگەیەنی کەواتە نەتتوانیوە خۆت بی، کاتێک ناتوانی خۆت بی کەواتە نووسینەکەی تۆ ئامانجی تۆی نەپێکاوە.

بەداخەوە کولتوور و فەرهەنگ و دابونەریت، ئایین و هەموو ئەوانە تەئسیریان هەبووە لە هەست و بەیانکردنی ژنان و نووسینی ژنان.

ڕەهابوون لە نووکی قەڵەمە، ڕەهابوون لە فیکر و خەیاڵە کە دەتوانێ مەبەست و ئامانجەکانی تۆ بپێکێ، ئەگەر تۆ وەک خۆت لە بەرفراوانکردنی خەیاڵەکانت ترست بوو لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی نووسین بە پارێزەوە گوێبژێرت کرد ئەوە تۆی کە زوڵمت لە خۆت کردووە، دەبێ مرۆڤ وا بنوێنێ کە من کەسێکی ڕەهام و لە نووسیندا ڕەهاتر لەوەی کە خۆم دەمهەوێ، نابێ نووسینەکان و خوێندنەوەکانی تۆ بە پێی شوێنی ستراتیژ و کولتووری بێ بەڵکوو دەبێ بەپێی فیکری تۆ بێ کە چیت.

ڕەهابوون باوەڕ بە خۆبوونێکی بەهێزی دەوێ، ڕەنگە زۆر کەس پێی وا نەبێ ژنان زەعفی لە باوەڕبەخۆبوون لە بەیانکردن و دەربڕینی هەستەکانیاندا هەیە ئێمەی ژن بەبێ ترس و بەبێ خۆف و بە ئازادی لە دایک بووین، هەر وەک (سیمۆن دۆبووار) لە کتێبی ڕەگەزی دووهەمدا باسی کردووە کە هیچ شتێک لەگەڵماندا لە دایک نەبووە، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵگە و کولتوور و هەلومەرجی جوغرافییە ئێمە دەکا بە ژن و هەست و خەیاڵمان موتوربە دەکا.

ژنانی نووسەر بۆ خۆ دۆزینەوە زیاتر لەو مەیدانە دەبێ بوێرتر و ئازایانەتر بە قەڵەمەکانیان ژان و زامەکان بنووسنەوە لە بەکارهێنانی هیچ خەیاڵ و فیکر و کەرەستەیەک سڵ نەکەن، هەستی خۆیان چۆن ئارام دەگرێ و پەیامی خۆیان بە چ شێواز و میتۆدێک گوڵ دەگرێ دەبێ ئەوە بن.

٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## نۆڤەمبەری پڕ هەنیسک

تریفەکانی ژیان توێی مانگ

دەخەنە سەر گوڵی کراس و،،،

سوخمەی ئەنجن ئەنجن کراوی خەم!

ئەوان هەموو ٢٥ی نۆڤەمبەرێک،
بە لەشی ماندوو،
کەزی بە خوێن و
چاوی پڕ لە ژانەوە
پرچی سپی لە بەردەم
ئاوێنەی شکاوی محەبەت
شانە دەکەن
تریفەکانی ژیان
هەنیسکی ترس
گریانی ژیان بەدەم فنجانێ چاوە
دەخۆنەوە!
نۆڤەمبەری پڕ لە سێبەری تریفەکان
بەدیار پەنجەرەی تەمەنەوە
بێزوی ئازادی و
ئێلنجی سەوزایی دەدەن
ئەوان، لای ئەوان هەموو فەسڵێک
لێک دەچێ
هەموو ماڵێک وێک دەچێ!
لە هەندێ ماڵ
شووشەی پەنجەرەی شکاو
قفڵی دەرگا
چەقۆی نووک تیژ
مێخەکی یادیان دەپسێنین
نۆڤەمبەری پڕ هەنیسک
ڕەنگی چاوە ماندووەکانی
خستۆتە سەر شانی ڕاستی و
نیسێ دەخاتە سەر
ڕوخساری هەر هەموو

تریفەکان.

۲٥ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۰

---

## ژنێک دەبینم هەمیشە

لە پشت دەرگاکان..

لە و دیوی توێی هەموو پەنجەرەیەک
لەسەر سەکۆی هەموو ماڵێک
ژنێک دەبینم هەمیشە!
ژنێک موتوربەکراو بە ژانەوە.
لەناو گوڵدانی ژوورێکی غەریبدا
دەبینم ڕەنگی ئەو شکۆفەی گرتوە،
ئەو نیگای پڕ خەم و تاسەی تینووی،
لە فەقیانەی کراسەکەیدا هەڵگرتوە،
ژنێک بۆ ڕامووسینی دەمی دڵبەرەکەی
بۆتە بەژنی خەیاڵێکی سەرشێت،
ئەو پیر پیر بوە لە حەسرەتی
گوڵە بەڕۆژەیەک
کە بەری خۆرەتاوی چاوەکانی
بگرێتە نیسێی خۆی.
ئەو لەناو بای هەوەسێکی تووڕەدا
پرچە ئاوریشمییەکانی جێ دەهێڵێت

ئەو ژنە خۆی و مشتێ پڕ لە ئەوین
دێنێتەوە بۆسەر کۆشکی بیرەوەری.
لێرە!
ژنێک وەک سێبەری نیشتیمانێکی دزراو
بۆن بە دڵی خۆرەتاوەوە دەکا
ژنێک بە کۆڵێ ژان و جانتایەک بیرەوەریی ناو ئەم سێبەری نیشتیمانە
لەناو خۆیدا
پیر پیر دەکا.
ئەو دیو ملوانکەی شێعرێکی خەمگین
دەکاتە مل.
لێرە من ئاوای دەبینم ژن
ئای
ئەوە چ وەهمێکە لە ناو گریانی مانگەشەو
بەسەر تۆڕی کراسەکەی ئەودا،
پەڵەی داوە.
من خەیاڵم بە ترۆپکی سەر بەژنی ئەو ژنانەوە هەڵواسی
کە بۆ ژانی ڕووح
پێیەکانیان گورج،
دەستەکانیان توند
لەسەر ژیان گیر کردوە.
من ژنێک دەبینم لێرە
هەموو ئێوارەیەک
پەردەی دڵی لادەدا
تا ژیان بیناسێتەوە.

٢٧ی جانێوێری ٢٠٢٠

## ئەم هەموو تابوتی مردنە بۆ؟

پێدەچێ ژیان گۆرابێ،
خۆر بەسەر پشتی زەویدا
لار و لاواز بۆتەوە
باران وسڵی ئەم غەدرە
لە گیانی دەر دەکات
غەدری تابوتی ئەم فەسڵەی
مێینە کوشتنە!
لە قامووسی کام وڵاتا
جێی بۆتەوە
جگە لێرە
لە نیشتیمانی قەتڵ...
پێدەچی هەموو شتێ گۆڕابێ
تینوێتی بە یەخەی تەمەندا سەوز بووە،
شەرم لە با نابێتەوە
چ گۆڕانێکی سەیرە
ئاوێنە خاڵییە لە ڕوانین،
لەسەر تەمی پەنجەرەکانەوە
بیر لە ئەو دەکەمەوە
پەنجەکانم لەرزیان گرتووە
چاوم پڕ بووە لە تابووتی ئەم مردنە،
ڕوحم لە پشکۆی ئاوابوون
ئەمە چ خاڵیبونەوەیەکە
لە کفری مانەوەی
دوعای هەڵوەرین

لە نیشتیمانی قەتڵا هەموو سپێدەیە
گوڵێک لە یەخەی شار
هەڵدەوەری
خەونێک لە نەزۆکیدا
پیر دەبێ
بیر لە خۆم دەکەمەوە
بەم هەموو بێ مروەتی و خەمەوە
کوا لێر جێم دەبێتەوە
من!

٢٦ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---

## لە ژوورێکی پڕ لە خەیاڵ

لە ژوورێکی پڕ لە خەیاڵ
لە شارێکی تەمگرتووی پڕ لە ژان،
ملوانکەی گەردنی
شەوێکی شکاوی پاییز
دەهۆنمەوە!
بەیادی تۆ
ئەم جارەیان
بەدەم شێعرێکی پڕ لە نووری
چاوەکانت،
نەرم نەرم تاسەی ئازادی
دڵی تۆ دەدۆزمەوە!
تۆ خوڵقاوی دەشتی خەم و

مەملەکەتی چاوەڕوانی
کاروانی ڕێی بەرخودان بووی،
هەرچیت دەکرد هەرچیت دەگوت
باڵی ئەوانت هەڵدەگرت!
دەتدا لە شانی پڕ خەیاڵی
بێمرادیی نیشتیمانی پڕ قوربانی.
تۆ لە شاردا گڕت دەگرت!
ڕوحت لەناو چیا و ژانی ئەم خاکەدا
چرۆی دەگرت.
تۆ لەوێ بووی، لەوێ بوون شوێن پێکانت!
دەنگ و قاقای سەوزی شێعرەکانت
لەناو دڵی پڕ لە ژانی ئازادیدا
باڵیان دەگرت
تۆ نامری
وزەی شێعرو دەنگی نەرمی چاوەکانت
بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

---

## ژنانی پێشمەرگە

کەم نین ئەو ژنانەی بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی گەل خەبات دەکەن، ڕەنگە ئەوانە تەنها لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا خۆ نەبیننەوە، یاخود تفەنگ لەشان نەبن، بەڵام بە خۆشیەوە ئێرادەی ژنی کورد بۆ بەدستهێنانی مافی نەتەویی و مافی خۆی، هەمیشە و لە درێژایی مێژوودا، لە هەموو شۆرش و بەرخۆدانەکانی گەلەکەمان شوێن پێی دیار و بەرچاو بووە. ژنانی پێشەنگ و خاوەن ئەزمون ئەرکیان قورسترلە پیاوان بووە. ئەوان لە یەک قۆناخدا چەندان ئەرکیان

بەرێوە بەردووە لە هەموو بوارەکانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و رامیاریدا. فیداکارانەش لە گەڵ برا پێشمەرگەکانیان لە سەنگەری خەباتدا دژ بە دوژمن و داگیرکەر وستاون و لە بوون و ناسنامەی گەلی خۆیان بەرگریان شار و شاغدا ڕەنگی داوەتەوە. ژنی پێشمەرگە یاخو پێشمەرگەی ژن بە ئیرادەیەکی گەرم و باوەرێکی بەرزەوە خەباتی کردووەو دەکا. ژنانی خەباتکار، سمبوڵی شکانی هەموو ئەو تابۆو نەریت و ئایدۆلۆژیا و فیکرانە بووە کە هەوڵیان داوە ئەوان لە بازنەی داخراوی خێزان وکۆمەڵگەدا قەتیسیان کەن، هەروەها ئەوان خاوەن باوەر و هێز و موتوربە ی بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگە دا بوون. بۆیە لێرەدا دەتوانم لە چوارچێوەی هەڵبەستێکدا، رێز و پیزانینی خۆم بۆ هەموو ژنانی خەباتکار کە هەمیشە لە هەوڵ و بەرخۆدانداندان بۆ رزگاربوون لە ژێر دەستی نەتەویی و کۆمەڵایەتی دەرببرم. لەناو سپێدەی تەمەنی ئەواندا خەیالی ئازادی هەڵدێ، لەناو بیرو هزری پڕ هەستیان، کۆرپەی سەربەخۆویی و بوون بە دایکەوە دەبینێ. خەونی ئەو، هەمیشە بەسەر هەڵمی پەنجەری ژیاندا هەنیسک دەگریٚ... خەیاڵی ئەو بەسەر ڕەنگی جامانەی ملی و تفەنگی دەست و باوەری گەرمی دووگیان دەبێ!!!! ئەو پێشمەرگەیە، هاوسەرە، هاوسەنگەرە، هاوخەمە. ئەو دایکە. دایکی کۆرپە لەوو نیشتیمانە ئەو خەم خۆری گشت دەردانە!!!

٩ی جانێوێری ٢٠٢١

---

## ماندوو نابم!

من لە کۆلانی بەرینی عەشقا

هێشوی ماچم گرتبوو!

لەناو باغەڵی کۆترێکی غەمگیندا

کراسەکەی بەرم پرکردبوو لە خەیاڵی

سەوز سەوز!

گیانم پر بوو لە وردە مرواری

ڕوحی ئەو،

دەستەکانم بۆنی هەناوی تۆیان

گرتبوو، تۆ!

نیگام پر کردبوو لە رەنگی چاوەکانت،

کەچی تۆ

چۆڵ و هۆڵ بوو باوەشت

بۆم،

چ قەدەرێکی سەیر بوو

من شێتانەناوی تۆم

بەسەر هەڵمی پەنجەرەی ژورەکەمدا

دەنووسی،

تۆ پێکەنینت دەهات

بە سێبەری پەنجەکانم.

پێم دەوتی

من باخچەیەکم گەرەکە

پربێت لە عەتری پێکەنین،

پێم دەوتی

من ماندوو نابم لە خواردنەوەی، قاوەیەک

بەدەم زکری خێرتەوە!

پشکۆی ئەوین ئینجن ئینجن دەکا

سیلەی ڕوح، بۆت

ماندوو نەبووم ئەوکات!

من،

دەزانم ماندو نابی لەبیرکردنی

تەمەنی بێدەنگی تۆ

لە خەونی شکۆفەدا

لەناو وەرزی ژیاندا

ماندوو نابم

ماندوم مەکە

لە ناو خەیاڵی بەساڵداچوی

ئەویندا!

ماندوو نابم لەناو کۆڵانەکانی

بیرەوەریم!

۱۳ی جانێوێری ۲۰۲۱

---

## دڵدارییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ!

ئەوکاتەی یەکەم جار یەکیان بینی سەرەتایەکی جوان بوو، چاویان بڕیە یەکتر و بۆ ماوەیەک لێک ڕامان. هەر ئەو ڕامانە بوو بە دەستپێک بۆ ئاشنابوون لەگەڵ یەکدا و گۆڕینەوەی هەستی خۆشەویستی.

ئەو بە چاوەکانی پێی دەوت: "من دەبمە هێلانەی ئەوینی تۆ، لەنێو توێی ڕوحما دەتگرمە خۆم هەتا گیان بمێنی تۆم خۆش دەوێ و بەڵێن دەدەم کە نە تەنیا نیگام، ڕوحم گیانم لە پێناو خۆشەویستی تۆ دادەنێم. وەرە با یەکمان خۆش بوێ!!!!"

کاتێ دولبەر گوێی لە قسەکانی بوو موچورک لە بنی پێی تا تۆقی سەری دەر دەچوو، جوانی و خۆشەویستییەکی سەیری لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە. ئەو سەرەتا بەو شێوەیە نەبوو لە خۆشەویستی ئەودا هەمیشە لە دەستنیشانکردنی پیاوی نێو خەونەکانی زۆر دەترسا. خۆشەویستییەکی پر لە ترس لەنێو هێلانەی تەمەنیا بچێنێ، هەموو ئەو پێشبینییانەی ئەو دەی کردن وابوون. هەموو کات بیری دەهاتەوە کاتێک کە منداڵ بوو واتا نەوجوان، ترسێک لە ڕوحیا هەبوو، هەر ئەو ترسە دەبووە هۆکار کە خۆی لە خۆشەویستی و سۆزی پیاو بەدور بگرێ. نەنکم هەمیشە نەسیحەتی دەکردم و دەیگوت: "ڕۆڵە دەبێ زۆر ئاگات لەخۆت بێت. تا لەسەرەخۆ و شەرمبەخۆ بی کەمە، نەچی بەدەم کەسەوە پێ بکەنی، با نەڵێن کچی فلان کەس حەیای ڕژاوە و شەرم و شکۆ نەماوە. نەت بیستووە دەڵێن: ژنی شەرمن شارێک دێنێ. ئەو کەسەی کە دێتە نێو ژیانتەوە، هەروەها دەبی زۆر شتی لێ قەبووڵ کەی، تۆ ژنی هەموو شتت لێ حەیبە."

لەگەڵ ئەوەی ئامۆژگارییەکانی نەنکی هەمیشە لە بیر بوون، بەڵام ئەوینی ئەو وا چوبووە دڵیەوە مەگەر هەرخودا بزانێ.

کات هات و چوو، کەوتنە داوی یەک، ئیتر ئەو ئەوینە کامڵ بوو، پڕ بوو لە خەیاڵی گەرم و خەونی ئەرخەوانی. ساڵانێکی زور تێپەڕین. ئەوان لەنێو خۆشەویستی یەکدا گەورەتر دەبوون، تا دەهات چرۆی سەوزترین خەون لە دڵی ئەواند لەدایک

دەبوو. سەختی ڕۆژگار تا دەهات ترسی زیاتری دەخستە دڵەوە، ئەویش لە چاوەکانی دڵبەرەکەی ڕادەما و ڕوحی پڕ دەکرد لە ژیان، ئارەزووی بینینی ئەو، ژوانێکی گەرم. هەمیشە خەیاڵی ماڵێکی خنجیلانە بوو لە سوچێکی ئەم کوێرەدێیە. هەموو سپێدەیەک لەسەر دەستەکانی ئەو بەنازی دڵی پڕ لە خۆشەوستی ئەو چاوی هەڵدەهێنا و بۆ یەک دەژیان. بە خەیاڵ دەفرین سەمایان دەکرد و ماچیان دەگرتە یەک، لەترسی زمانی ژنانی گەرەک بەدزیەوە چاویان دەبڕییە یەک.

ئەو هەمیشە بە تاقانەی دڵ بانگی دەکرد، خۆشەویستییەکی گەرم هەمیشە لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، بەڵام دوڵبەر لەگەڵ ئەوەی یارەکەی زۆر خۆش دەوێ هەمیشە ترس و دڵەڕاوکی هەنگاو بە هەنگاو شوێنی دەکەوت. ترسی لە تووڕەبونی یار یان سارد و سڕی لەگەڵی، یان ڕۆژێک بێ دڵدارەکەی جێ بێڵێ. کات هات و ئەو ترس و مۆتەکەیە بوو بە سێبەرێکی نگریس و کەوتە سەر پەنجەرەی دڵی. دوڵبەر وەک ژنێکی وەفادار بە خۆشەویستەکەی پێی وابوو هەمیشە دەبێ ئارام بگرێ و هەرچی خۆشەویستەکەی دەڵێ دەبێ بڵێ وایە، نەوەک خۆی تووڕە و گرژ بکا و دەنگی بەسەردا بەرزکاتەوە.

بیری دەهاتەوە کە زۆر جاری دیکە نەنکی ئامۆژگاری دەکرد و پێی دەگوت: "ڕۆڵە تا لێرەی بە ڕووسووری دانیشە و بەحەیا و حەدەب بە. ئەو پیاوە هەرچی دەڵێ و دەیکا جوابەجەنگی لەگەڵ مەکە، ئەو پیاوە و هەموو شتی لەدەست دێ،" دەیگوت قسەکانی نەنکم زیاتر وایان لێ دەکردم کە سەبر بگرم.

دوڵبەر هەستی دەکرد دڵدارەکەی وەک جاران ڕوی تێ ناکا و گوێی پێ نادا. دەیبینی کە وەک جاران خەیاڵەکانی لەگەڵ ناگۆڕێتەوە و باسی داهاتووی پێکگەیشتن و ژیانی پێکەوە بوون ناکا. زۆر خەمی بەوەوە دەخوارد و بیری دەکردەوە بۆ ئاوای بەسەر هاتووە. لەبری خۆشی و کەیف و خۆشەویستی دایم شەڕ و دەمەقالێیان بوو. ئەو خۆشەویستییە تا دەهات کاڵتر دەبووە. ئەوەی دولبەری زۆر دڵگران دەکرد ڕەفتارە سارد و سڕەکانی یار بوو.

زۆرجار لەگەڵ خۆی دەکەوتە دەردەدڵ، خودایە من ئەوم خۆش دەوێ، دەمرم بۆی، گەر ساتێ نایبینم دەست و پێی خۆم ون دەکەم. دەزانم و لێم ڕوونە وەک ڕۆژی ڕووناک کە دایکم قەت بەوە ڕازی نابێ، من بە دڵدارەکەم بگەم. بەیەکەوە ئەو خەونانەی هەمانن، بیانهێنینە دی و تا کۆتایی بەیەکەوە بژین.

دەم زانی ئەویش، وەک من بیر لە خۆم و خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی هەمیشە منی دەخستە دڵەڕاوکێوە، ترسی لەدەستدانی ئەو و ترسی دایکم و زمانی ژنانی گەرەک بوو،

دەمزانی بە حوکمی ژن بوونم، هەر دەبێ من فیداکاری بنوێنم و لەسەرخۆ و لێبوردە بم، بەڵام نازانم و تێناگەم کە ئەرکی

من وەک ژنێک کە لێواولێوە لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ دەبێ هێندە قورسە و گران بێت، ترس و دڵەراوکێی لەدەستدانی یار و پچڕانی شیرازەی خۆشەویستی، یەخەی کراسی من و هەزارانی وەک من بەرنادا!!

۱۵ی مای ۲۰۲۱

## هەڵوەرینی خەیاڵ

لە وەرزی هەڵوەرینی ڕەنگدا،
سەمایەکی نارنجی
توێی خەیاڵم دەگوشێ
ئەوکات
مرواریی ڕوحم دەدرەوشێتەوە
هەرچی پەلی درەختی شارە
دووگیان دەبن.

من، بە ڕووناکیی ئەم وەرزەوە
بە چرپەچرپی گەڵاکانی
گیان پڕ دەکەم لە مروەت
سیلەی نیگاکانم
بۆن بە هەناسەی
یەک بە یەکی ئەو پەلانەوە دەکەن
مێرگی ئەوین دەهۆننەوە.

من و ئەم وەرزە لێک دەچین
ئەو سێبەری بەسەر تارمایی گۆڕستان و

کۆلانە چۆلەکانی شاردا
بیر دەچێ،
کەچی من خەیاڵم،
لەناو دەستە هەڵگەڕاوەکانی ئەودا
ون دەکەم.
ئەو
دل تێکەڵهاتنێکی سەیر
ماندووی کردووە
من ڕشانەوەیەکی قووڵ.

قەرزداری ئەم تەمەنەی ڕابردووم،
کە گیانمی لە بێ مروەتیدا
هەڵگرتووە.

سەیرە لێرە!
هەر ڕەنگە و پەلی خەیاڵێکم دەگوشێ
هەر ئێوارەیە و، پەنجەرەی رووناکییەکم
بیر دێنێتەوە،
لەهەر چرکەیەکدا، خۆمم بیر دێتەوە
کە لەناو دەستە وشکهەڵاتووەکانی
تۆدا،
لەسەر کورسییە ژەنگگرتووەکەی ئەم پاییزەدا
کۆشێک خەیاڵم جێهێشتووە.

من و ئەم وەرزە لێک دەچین.

١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## خەیاڵ

لێرەم وەک لێرەنەبوونێکی هەمیشەیی!!!
خەیاڵم لەنێو جامی مەستی بادەدا
سەرەو لێژەو،
بیرم لای پشکووتنی خەونی
تۆیە!
ئەوەی منی دڵگران کردوە
چاوەروانیی تۆ و،
خۆشاردنەوەی خۆمە!
لەچیرۆکە تەواو نەکراوەکانی
ژوورەکەت.
چی بکەم تا پەلی ئەم دڵخۆشییە
بگرم و تۆ شاگەشکە بکەم
باوانم
چی بکەم تا ئەم دڵتێکەڵاتنەم بکەمە
هۆنینەوەی تازەترین هەڵبەست!
چی بکەم تا شکۆفەی تەمەنت
پەل بگری ماندووبوونی چاوەکانت
بشارمەوە!
من
ماندووم لە تەمی سەر پەنجەری ژورەکەم
لە پێکەنینی وشکەڵاتووی
ڕوح،
لە تاسەی بێ مروەتی
سپێدە!

لێرەم و مشتم پڕە لە
وردە بزەی تۆراو!
لێرەم و گیانم دەکوڵێ بۆ ئەم خەیاڵە سەوزەی تۆ و
ئەو حەسرەتە بەساڵداچووەی خۆم!

٨ی جانێوێری ٢٠٢٢

---

## خەیاڵی ڕوح

دێ بەلامدا!
خەیاڵێکی نوێی تۆ
دەگرێ
فەقیانەی کراسەکەم
لەخۆیدا ڕامدەوەشێنێ
سەرشێتانە
ونم دەکا
لەهەرچی وردە نیگای
ئێرەیە!
توند توند دەم گوشێ بەخۆیەوە
لە مندا ئەو گوڵ دەگرێ و
من لەنێو قژە ئاوریشمیەکانی
ئەودا
بێزوو دەکەم...
بێزوو بە دووبارەبونەوەی
گیانێکی تر، شادەمارێکی تر
بە دەلاقەی نیگامەوە

هەڵدەواسم
خەونێکیتر  کە من ون دەکا
لەهەرچی پرشوپەلاشە
دڵتەنگیمە
دەمگرێ بە خۆیەوە تا تەزووی
هیچ بایەکی ئەم کۆلانە تەسکانەی
ئێرە
نەمناسنەوە
من ئیتر ڕاهاتووم
تا توێی ئەم خەیاڵە بەرنەدەم
خۆم ناخەمە سەر  شووشەی دڵی خۆر
دەزانم سەختە
تا خەیاڵی ڕوح
لەمندا شکۆفە دەگرێ
هەموو سپێدەیەک
دڵۆپی نیگا و
هەموو ئێوارەیەک
شەونمی سەر گۆنای
ڕادەموسم
تا دەگا پێم
تا خۆم و ئەو خەیاڵە ڕەنگ ئەرخەوانیە
ئاویزانی یەکتر دەبین!

٢٠ی جوونی ٢٠٢٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## بۆ یادگارەکەی کۆمار



خەمی ئاوابونی ڕۆژ چەندە گرانە بەسەر توێی نیشتمانەوە

لەچی بدوێم، بەکام وشە، بە زامی کام گۆرانی، بە سروەی چ بایەکی نەرم نەرم بێم و دڵۆپێ لە تەمەنی ڕووناکیت بخەمە سەر خامەی سڕم،

لە هەر گەڕەک و شارێک، لەبن پەنجەرەی هەر ماڵێک ناڵەی ژانی بێتۆیی بەژنی گرتوە و یەک بە یەکی دڵی زامدارانی نیشتمانی سڕ کردوە،

ئاخر مامە ئەم کۆچ و هەوار تێکنانە کوا لە شان و قەڵافەتی تۆی فریشەئاسا جێی دەبێتەوە، تۆ خۆت ڕەمزی هەر مان و نەسرەوتن بووی، پشوو درێژی و ئیرادەی پڕ نەسرەوتن لە تۆدا بەژنی گرتبوو، تۆ ئیلهامی باوەڕ و بەژنی هەرمانی ئازادی بووی. تۆ بووی یەک بە یەکی جوانییەکانی ژیانت لەنێو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا هەڵگرتبوو، تۆ بڵێ کام وشە لە ئاست ناوت، لەبەردەم تەمەنی زێرین و پڕ نوورتا شەرم نەی گرێ و بێتە دوان.

لە مێژوویی عومری تۆدا ڕەنجی وڵات، خەباتی شاخ، ملوانکەی ئالتونیا کردە مل، تۆی سەرمایەی بست بە بستی نیشتمانی. تۆ پێم ناڵێی، ناڵەی قەندیل، زامی هەڵگورد، ژانی ئەم زێدە مەزنە، ڕەمزی کۆمار دەخەیتە سەر شانی کام قەسیدە، بۆ کوێ هەوارت چۆڵ دەکەی؟

نەرمە هەنگاو و باوەڕت لەکویی ئەم مێژوە لەنگەر دەگرێ، تۆ باوەڕت بە وەستان و هێزی ماندووبون نەبوو، لەژێر ناوی تۆدا دەسنویژی باوەڕمان هەڵدەگرت، پیرۆزیی تۆ لە سورەتە پیرۆزەکانی ئاسمان کەمتر نەبوو بۆ هەمووومان، تۆ هەریەکی و نابی بە دوو، تۆ گلێنەی کۆمار و بەژنی بەرزی دێموکراتی. تۆ مامی هەموو کوردان، پشت و پەنای خۆرهەڵاتی، خۆت دەتزانی هێز و باوەڕی تۆ شکۆفەی دەخستە چاوی شەو و وتە و کردارت، گفتی شیرین مایەی فەخر و شانازی بوون بۆ لاوانت.

بۆکوێ دەچی بگەڕێوە با نیشتمان بێناز نەبێ، ئەم سپێدە چاو بکەرەوە بست بە بستی ئەم وڵاتە چاوەڕێی هاتنی تۆن، چاویان بڕیوەتە ڕووناکی!

ئای مامە هەر هەمووومان لەم سپێدە شووم و غەریبەدا چاوەڕێی شنەی با بکەوێتە سەر تویی ژیان و سەر لە نوێ ئەم سەحەرە پڕ بێتەوە لە تریفەی ئومێد و دیداری ڕۆژ.

نە تەنیا من، هەموو زێد برینی سەرتوێ نیشتمان، قەسیدە تەواو نەکراوەکانی مێژوو، بەژنی ئازادی، قەڵافەتی پڕ لە هیوای دێموکراسی چاوەێی گەڕانەوەی هەناسە گەرمەکانت بووین.


ئای شەشی مانگ چ مۆتەکەیەکی پڕ غەزەب و چ وێرانییەکی ژیان و پێکەنین هێنا.
تۆ لەو خەیاڵە بەرز و بەژن درێژانە بووی لەگەڵ چرۆی کۆماردا ئازادیت کردە ئامانج و زێد و ئاڵا و باوەڕی پڕ لە ئیمان و نەسرەوتنت کردە سەرمای ژیان.

مامە گیان لە تۆدا درەوشانەوەی ئازادی و قەڵافەتی پڕ لە هیوای دێموکراسیم دەهۆندەوە،

لە وتە و گفتی شیرینت ئومێدی پڕ حەسانەوەی نیشتمانم دەخوێندەوە، کۆچت تەمە و ماتەمی بار و قورس وگرانی خستە سەر دڵی نیشتیمان، کۆچت هێندە بێ مراد و بە بێدەنگی، بەبێ نازی، بێ هەنیسک و شین و گریان خرایتە نێو تابوتی مەرگ و لە گۆڕستان بە ڕەنگێکی چەندە غەریب لەبەر چاوان ون کرای.
تۆ مامۆستا و تۆ ڕیبەر و تۆ بێشکەی حەسانەوەی ئازادی بووی. تۆ تاجی سەر و یادگاری پڕ لە حەسرەتی کۆمار بووی.
تۆ دەزانی و باوەڕ دەکەی گەر گلێنەی چاویشم بای هەر هێندە خۆشم دەویست، تۆ هەر یەکی و نابی بە دووان.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ باوکم



له بری بۆنی ئەو

خەیاڵ بە سەر باوە دەم با

فێنک فێنک دەبێتەوە

تەزووی گیانم.

بەڕەنگی چاوەکانی با!!!

لە بری تۆ!!!

جەستەم بۆنی هەوری گرتوە،

ڕێژنەی باران هەموو گیانمی

داگرتوە،،،،.

من بیر لە هاتنی کەسێک دەکەمەوە

کەلەسەر ئاوێنەی دڵم،

بۆ هەمیشە بەدی دەکەم

بیر لە ئەو کات کە من و ئەو

لە سەوزایدا ڕوحمان خنکابوو

لە گەرماییدا پڕ ببوین لە تریفەی مانگ

لە تۆ بابە،

تۆ دەزانی!

لە چاوەکانتەوە فێری فڕین بووم.

دوای وەرینی گزینگی چاوەکانت

باڵەکانم لە فڕین کەوتن!!!!

گیانم لە ژاوەژاوی ئەو ئێوارە خۆڵەمێشیەدا

ووشک بوە

بی تۆ چەند ماندون چاوەکانم

چ بێ بەژنە پێکەنین،

لە ماڵە چکۆڵەکەی دڵی مندا

ئای کە تاسەی گەڕانەوەت دەکەم ....

بابە.

دەوەرەوە

با ئاوەدان بێتەوە دڵم،

با بۆنی شیلەی هەنگ بگرمەوە

بگەرێەوە

با چیتر کەزیەکان لە چاوەڕوانیدا

نەهۆنمەوە

با چیتر بەدیار تەمەنی پڕ لە حەسرەتەوە


هەڵنەوەرم.

تۆ دەزانی ژیانی هێشتا بۆنی تۆی لێدێ

منیش بۆنی لەدەست دانی تۆ

بەسەر کراسەکەمەوە هەر ماوە.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٦




ئەری بابەگیان کۆچی تۆ، ئێوارە پێنجی شەش شەقامی نزیک ماڵمان پڕ بوو لە ژاوەژاو، چاوی بابە بەرەو ئاسمان بە تیژی دەی ڕوانی، قەت دڵی لەرزۆکی بێ تۆیم بیر ناباتەوە، ئەو ئێوارە، ئای کە بێزارم لەپێنجی شەش! خۆزگە هەر نەمدیتبایە. چرکەکانی ئاوابوونی تەمەن لە چاوە گەرمەکانی تۆدا تەنانەت خەندەی وشکە لاتوی سەر لێوەکانت لە کاتی ماڵ ئاوایشدا کە دەتویست پێم بڵێی تۆ شادمانی لەبیرمە پێکانتێم لە ئامێزمدا دەلاواند دەستە کانت گرتم بەهێزی پەنجەکانت دەتگوت نابێ ناڵەی گریانت ببینم، ئاخر دواوشەی تۆم لەیادە، ووتت ئای چەند تینوم قمێ ئاوم پێبدە. هەر وەک جاران چاوەکانت پڕبوون لە هیوا و پیکەنین. چرکەیەک نەیبرد کە ووتت من دەرۆم شتێکم نەماوە بۆ باسکردن ئاخ دوای دیدارت چەند پڕ ژان بوو بابە گیان! بۆ من، بەڵام تۆ هەر بە بزەوە بەرو پیری مەرگ چویت و دوا دڵۆپی فرمێسکی چاوت ئەویش لەگەڵ خەندە دابوو، من هەر نەمزانی بۆ چی بوو؟

کوێستان عومەرزادە

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٢ی کوردی - جوونی ٢٣١٧ی زایینی